# یادەوەرییەکانی ژێرزەوی

**فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی**

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# یادەوەرییەکانی ژێرزەوی

## فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

hewalname.com/ku/

ڕەووف بێگەرد

لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨١٩)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.info**

**سەرچاوە:**
یاداشت های زیر زمینی
فیودور میخائیلوویچ داستایوسکی
مترجم: رحمت الهی
تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی ١٣٧٩

hewalname.com/ku/

■ **یادەوەرییەکانی ژێرزەوی**

نووسینی: فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

وەرگێڕانی: ڕەووف بێگەرد

بابەت: ڕۆمان

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٢٤)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# ئاماژە

فیــۆدۆر دۆستۆیڤــسکی (١٨٢١ - ١٨٨٢) لە نووســـەرە گەورەکـانی دنیـایە. گەلێـک نووسـەری نـاودار و داهێـنەری وڵاتــانی تــری دەرەوەی ڕووســیا، لە بەرهەمە ئەدەبیــیە ناوازەکانیانـدا، کـاریگەریی دۆستویڤسکییان لەسـەرە، خۆیـان نەک نکوولی لەوە ناکەن، بەڵکو شانازیی پێوە دەکەن. هەروەها لە بـواری فیکـر و فەلسەفەیـشدا زۆرن ئەو بیرمەنـدانەی بـۆ چەسپاندنی ڕا و بۆچوونە تیۆرییەکانیان پەنایان بۆ بەرهەمی ئەو بـردووە. دۆستویڤـسکی لە ڕووسـیای سـەدەی نـۆزدەدا ژیاوە، کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکرییەکانی ئەو سـەردەمە، چ لەسـەر ئاسـتی خـودی ڕووسیا، یان ئەورووپـا بەگـشتی، نـاوەڕۆکی سـەرەکیی کـارە ئەدەبییەکـانیەتی. ئەم سەدەیە لە ڕووسیادا بە مانای سەردەمی دەسەڵاتی تزاری کە خۆی لە سیستمێکی بەرژەوەندخواز و ستەمکاردا دەبینییەوە، چینەکـانی کۆمەڵگـە، بەتـایبەتی جوتیـار و کۆیلەکـانی زەوی و چیــنە هەژار و بێدەســەڵاتەکانی خــوارەوە، لە مەرگەســاتدا دەژیـان و لەژێـر بـاری قورسـی چەوسـاندنەوەدا دەیانناڵانـد. بیـری پێشکەوتنخواز و ئـازادیی ڕادەربـڕین و لەمـافیرەوادوان بەسـترابوونەوە بە قـایلبوونی دەسـەڵات و بەرژەوەنـدیی چینە باڵاکـانەوە. نووسـەرە دیارەکـانی ئەم سـەردەمەی ڕووسـیا بـۆ

نموونه (گۆگۆل و چیخۆف و دۆستویڤسکی و تۆلستۆی و تۆرگنێف) لە کاری ئەدەبییاندا بەرەوڕووی ئەو دیاردە ناجۆرانە بوونەتەوە و شەرمەزاریان کردووە. بۆیە زۆر جار لە لایەن ڕژێمەوە تووشی بەتەنگهێنان و سانسۆرکردنی بەرهەمەکانیان بوونەتەوە (خودی دۆستویڤسکی بە تۆمەتی بەشداریکردن لە ڕێکخراوێکی چاکسازیدا فەرمانی گوللەبارانکردنی بەسەردا درا، پاشان بەر لێبوردنی گشتی کەوت و حوکمەی کرا بە زیندانیکردن لە سیبریا لەگەڵ کاری قورسدا)، هەرچەند باوکی دۆستویڤسکی پزیشک و خاوەن زەویوزارێکی زۆر بوون، بەڵام ئەو لە بەرهەمەکانیدا زۆر جار ململانێکانی جەماوەر لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکاتە بابەتی سەرەکی. جگە لەوەیش، کارکردنی لەسەر سروشتی تاک و قووڵبوونەوە و کۆڵین لە شێوازی بیرکردنەوە و تەنگژەی دەروونی و ڕەفتارە نادروستەکانی مرۆڤەکان، بە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەوە دەبەستێت کە سیستمی فەرمانڕەوایی ڕۆڵی سەرەکیی تیا دەبینێت. خودی مرۆڤیش بەگشتی و تاکەکانی بەتایبەتی تەوەری سەرەکین لە قووڵبوونەوە و هەڵکۆڵینە سایکۆلۆژییەکانیدا، هەروەها ئەو چالاکی و کارانەیش کە بەرئەنجامی ئەو پێکهاتە دەروونییە جۆراوجۆر و ناکۆکانەن. ڕەنگە دۆستویڤسکی یەکەمین نووسەری دنیا بێت لە دەستبردن بۆ ئەم لایەن و شەنوکردنانەدا.

لە ڕۆمانی (یادەوەرییەکانی ژێرزەوی)دا، نووسەر بێپەردە و ڕاشکاوانە و بە وردی چووەتە ناو قووڵایی ڕۆحی مرۆڤێکەوە. وەک خۆی لە دەقەکەدا دەڵێت، ئەم مرۆڤە پاڵەوانێکی ئاسایی ناو چیرۆکێک نییە، بەڵکو دژەپاڵەوانە. ئەم کەسە بێناوە (ڕەنگە دۆستویڤسکی هەر بە ئانقەست ناوی لێ

نەنابێت بۆ ئەوەی هەموومان خۆمانی تیا ببینینەوە، نەک ڕەنگە، بەڵکو هەر وایە) وەک خۆی زۆر جار دەڵێت، کەسێکی: سووکوکوچرووک، بێبار، دووفاق، پەست، نائومێد و بێسەرەوبەرەیە. ئەو خۆی بە هیچ ئایدیایەکەوە نەبەستووەتەوە، لە بۆشاییەکی ڕۆحیدا، یان لە گۆشەیەکی تاریکی ژێرزەمینێکدا بە تەنیا دەژی، کە جگە لە خۆی، هەموو ئەوانی تر (کە دیالۆژی لەگەڵیاندا هەیە) دروستکراوی خەیاڵیی ژێرزەمینەکەن. بەڵام ئەو کارەکتەرانەیشن کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا، لە هەموو جێگەیەکی ئەم سەرزەمینەدا بوونیان هەیە و کارایشن. ئەم کەسە، یان ئەم نووسەری یادەوەرییانە، لە ململانێ و هەڵچوونی بەردەوامدایە: لەگەڵ خۆی، باوک و دایکی، کەسوکار و دەوروبەری، لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانی قوتابخانەیدا، لەگەڵ خودی قوتابخانەکەیشیدا کە بە زیندانێکی زۆر سەختی دەزانێت. ئەو ئاسوودە نییە، بەڵام خۆی بە دەوری نائاسوودەییدا دەگەڕێت. یادەوەرییەکان باس لە پێکهاتە جەوهەرییەکەی مرۆڤ دەکەن بە هەموو دژوازی و ناکۆکی و ئۆقرەنەگرتنەوە. مرۆڤێکی دوودڵ و ڕاڕای پڕ لە گومان و پرسیار بەرانبەر بە خۆی و ژیان بەگشتی و خودی تاکەکان بەتایبەتی. مرۆڤێکە هەمیشە لە گەڕاندایە و خۆی بۆ نادۆزرێتەوە. لەبەر ئەوەی خۆدۆزینەوە گرنتییە بۆ خۆشویستنی خەڵک و کارکردن لەپێناوی مانەوەیەکی شەرافەتمەندانەی سەرجەم مرۆڤایەتیدا.

**ڕەووف بێگەرد**

**٤ - ٨ - ٢٠١٦**

hewalname.com/ku/

# بەشی یەکەم
## (تاریکی)

- ١ -

من کابرایەکی نەخۆشم... کابرایەکی بەدفەڕم... کابرایەکی نەفرەتلێکراوم. ڕەنگە تووشی نەخۆشیی جگەریش هاتبم. لێ تا ئێستا نەمتوانیوە بە باشی لەم نەخۆشییە تێبگەم و بزانم چییە. بەڵێ، کە چاکتریش لێی ڕادەمێنم هەر نازانم نەخۆشییەکەم چییە، یان کامە ئەندامی جەستەمە کە بەڕاستی نەخۆشە. هەرچەندە ڕێزی زۆرم بۆ زانستی پزیشکی و خودی پزیشکە هێژاکان هەیە، بەڵام هێشتا هیچ هەنگاوێکم بۆ تەندروستی و چارەسەرکردنی خۆم نەناوە. لەگەڵ گشت ئەمانەدا، من کابرایەکی گەلێک کۆنەپەرستم. ڕەنگە یەکێک لە بەڵگەکان ئەوە بێت کە هەرچەند زۆر ڕێز لە زانستی پزیشکی دەگرم، کەچی لە هەمان کاتدا ئەو پشتگوێخستنەیشە کە بۆ تەندروستی و میزاجی خۆمم هەیە. دیارە دەبوو من وا پەروەردە کرابم کە کۆنەپەرست نەبم، بەڵام وەک وتم من کۆنەپەرستم. نا بەڕێزان، کە من دەبینن چ دەستپێشخەریەک بۆ تەندروستیی خۆم ناکەم و سەر لە پزیشک نادەم، تەنیا لەبەر ئەوەیە من

کابرایەکی شەڕئەنگێزم و هیچی تر. باشە، بۆ نموونە من بێگومانم ئێوە لەمە تێناگەن، ئەی خۆم؟ خۆم زۆر باشی تێدەگەم. لێ ناتوانم تەواو بۆ ئێوەی ڕوون بکەمەوە کە بەم شەڕئەنگێزی و بەدفەڕییەم دەمەوێت زیان بە کێ بگەیەنم و ئازاری کێ بدەم. من باش لەوە تێدەگەم کە پزیشکە بەڕێزەکان هیچیان لەکیس ناچێت ئەگەر بۆ چارەسەرکردنم سەریان لێ نەدەم. هەڵبەت... خۆم لە هەر کەسێکی دی باشتر ئەوە دەزانم کە ئەم شەڕئەنگێزییەم تەنیا زیان بە خۆم دەگەیەنێت و کەسی تر نا، تەنیا خۆم. لەگەڵ ئەمانەیشدا، کە چارەسەری خۆم ناکەم، یان هەر نەبێت ناتوانم بیکەم، تەنیا لەبەر ئەوەیە من شەڕئەنگێزم، کەواتە با جگەرم ئازار بچێژێت، با بیچێژێت، زیاتر بیچێژێت!

ماوەیەکی زۆرە وا دەژیم، بیست ساڵە، ئێستا تەمەنم چل ساڵە. پێشتر کارمەندی دەزگایەکی دەوڵەت بووم. ئێستا بێکارم، کارمەندێکی نارەسەن و بەدفەڕ بووم. بەدکارییەکانم دڵخۆشیان دەکردم. لەبەر ئەوەی بەرتیلم لە کەس وەرنەدەگرت و مووچەیەکی زۆر کەمم هەبوو، دەبوو بە دیوێکی تردا خۆم قایل بکەم. هە، چ گاڵتەجاڕییەکی بێمانایە! بەڵام ئەمە لە بیر خۆم نابەمەوە و خەتی بەسەردا ناهێنم. هەنووکە کە ئەوەم دەنووسی، وام دەزانی گەلێک قووڵ و بەنرخ دێتە بەرچاو، کە دووبارە گەڕامەوە سەری، بینیم گۆبەندێکی گەوجانەیە و هیچی تر. لێ نایسڕمەوە و خەتی بەسەردا ناهێنم.

ئەو کاتانەی لەپشت مێزی نووسینگەکەوە دادەنیشتم و بۆ نموونە خەڵکانێک بۆ ئەنجامدانی کاروباریان دەهاتن، کە زۆربەیان داواکارییان هەبوو، یان پێویستیان بە

ڕوونکردنەوەیەک بوو، ئیتر هەر کەسێک بوایە، بە تووڕەیی و ددانکرۆشتنەوە دەمکردە دەرەوە. لەو کاتەدا زۆرم هەست بە ئاسوودەیی دەکرد، واتا هەر کاتێک سووکایەتیم بە کەسێک بکردایە، یان بمترساندایە، بە تەواوەتی هەستی ئارامی و ئاسوودەییم تێدەگەڕا (تا ڕادەیەک هەمیشە لەمەدا سەرکەوتوو دەبووم) دیارە ئەوانەی داواکارییان هەیە و بۆ ئەو مەبەستە سەر لە نووسینگەکانی دەوڵەت دەدەن، کەسانێکی تەمەڵ و ترسنۆکن. بەردەوامیش پەڕەیەکی داواکارییان بە دەستەوەیە، بەڵام جارێک ئەفسەرێک لەنێوانیاندا دەرکەوت کە بەتایبەتی و زیاد لە هەر کەسێکی تر لێی بێزار بووم. بە هیچ جۆرێک نەدەترسا. مامزەکانی[1] بەدەنگ دێنا و بە تووڕەییەوە بێشەرمانە دەهاتە پێشێ. هەر لەبەر خاتری مامزەکانی، ساڵ و نیوێک لەگەڵیدا کێڵام. لە ئەنجامدا بەسەریدا سەرکەوتم و مامزەکانیم لەدەنگ خست. ئەمە ڕووداوێکی سەردەمانی لاویم بوو.

لێ بەڕێزان، ئایا دەزانن جەوهەری تووڕەیی و ناڕەحەتییەکەی من لە چییەوە بوو؟ هەموو خەم و بەدبەختییەکە لێرەدایە. لەم بابەتەدا، بەتایبەتی لەم بابەتدا. من لەو چرکەساتەدا کە جامی ڕقەکەم بەسەریاندا دەڕشت، لای خۆمەوە بە شەرمەزاری و ملکەچییەوە دەرکی ئەوەم دەکرد کە بچووکترین شەڕئەنگێزی لە سروشتی مندا نییە. هەرگیز مرۆیەکی ناجسن و بەدکار نیم. تەنیا ترسێکی بێهوودەم هەیە... لە ڕاستیدا بە دەربڕینی ئەو تووڕەییە دەمویست خۆم ئاسوودە بکەم. لە تووڕەییدا دەمم کەفی دەکرد، بۆیە ئەگەر

[1] مامز، مامزە، پارچە ئاسنێکی نووکتیژە بە پاژنەی چەکمەوە دەبەسترێت. لە کاتی ڕۆیشتندا دەنگی دێت.



hewalname.com/ku

لەو ساتەدا بۆ نموونە بووکەشووشەیەکیان بۆ بهێنامایە، یان کلۆیەک شەکریان پێ بدامایە، زۆر بە سادەیی هێور دەبوومەوە و تەنانەت وەک مۆم دەتوامەوە. هەرچەندە دوای ئەوە دەمویست خۆم تیکەتیکە بکەم. بە مانگ لە ناڕەحەتی و شەرمەزاریدا شەوانە خەوم لێ نەدەکەوت و لەبارەی ڕابوردووەوە خەیاڵم چێ دەکرد. بەڵێ، من ئاوام.

هەرچۆنێکە، ئەوەی پێشتر وتم کە کارمەندێکی بەدفەڕ بووم، درۆم کرد! لەبارەی ناڕەسەنیی خۆمەوە درۆم کرد! ڕەفتارم بەرانبەر بە وانەی سەردانی نووسینگەکەیان دەکرد و ئەو ئەفسەرە مامزەدارەیش تەنیاوتەنیا بە هۆی خۆپەرستی و لاسارییەوە بووە. بە هەقیقەت هەرگیز من شایانی ئەوە نەبووم کە ناڕەسەن بم. ئەگەر بیشمویستایە بەو جۆرە بم، هەر لەو چرکەساتەدا و بەرانبەر بەوە سۆز و ئارەزوویەکی فراوان لە بوونی مندا سەری هەڵدەدا. هەستم دەکرد ئاسەواری ئەو گۆڕانە دەروونییە چووەتە ناو سەرانسەری بوونی منەوە و تیایدا دەجووڵێت. مەبەستم هەمان ئەو سۆز و ئارەزووەیە کە کاریگەریی جیاوازیان هەیە. دەمزانی ئەو خواست و ئارەزوانە بە درێژایی ژیان کاری تێکردووم و لە مندا ڕەگاژوون. لە هەمان کاتدا داوایان لێ دەکردم فڕێیان بدەمە دەرەوە و خۆم لە شەڕیان ڕزگار بکەم، بەڵام وازم لێ نەهێنان. بە ئانقەست نەمکردنە دەرەوە، نەمدەویست بچنە دەرەوە، دەستبەرداریان نەبووم. ئەوان ئازاریان دەدام، شەرمەزاریان دەکردم، تا ئەوپەڕی تووڕەییان بەکێش دەکردم و... ئای خودایە! چەند زیانیان پێ گەیاندم، تەواو بەدەستیانەوە گیرم خوارد. لە خۆم بێزار بووم، ئێستایش بەڕێزان، ڕەنگە وا بزانن من لە هەموو ئەم شتانە پەشیمانم، یان شەرمەزاری

hewalname.com/ku

بەردەمی ئێوەم و تەریق دەبمەوە، یان لەبەر هەر هۆیەک بێت لەم بارەیەوە داوای لێبوردنتان لیٚ دەکەم... من بێگومانم و تەواو لام ڕوونە کە ئێوە بۆچوونێکی واتان هەیە، بەڵام سوێندتان بۆ دەخۆم، لە ئێستادا هیچ لام گرنگ نییە چۆن بیر لە من دەکەنەوە.

من نەک تەنیا نەمدەزانی دەبێت چۆن شەڕئەنگێز بم، بەڵکو هەر نەمدەتوانی لەوە تێبگەم کە دەبێت چۆن بم؟ چاک بم، خراپ بم، داوێنپاک بم، بەدکار بم، چی بم؟ نا، نەمدەزانی، نا، نەمدەتوانی نە قارەمان بم و نە مێروویەکیش. وا ئێستا، لەم گۆشە تەنگەدا، لەم کەلاوەیەدا، زیندووم و خەریکم خۆم دەکەمە گاڵتەجاڕ، بە خۆم دەڵێم نارەسەن بووم. لەڕێی ئەم دڵدانەوە بێجێیەوە دەمەوێت خۆم ئاسوودە بکەم.

مرۆڤی ئاقڵ (ئەمە بەڕاستی دەڵێم) ناتوانێت ببێت بە (شت)، تەنیا ئەوانەی لە خەو و خەیاڵدا دەژین دەبن بە (شت) و دەتوانن ببن بە (شت)، مرۆڤی سەدەی نۆزدە دەبێت... بەڵیٚ دەبێت، بەم (دەبێت)ە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تا ڕادەیەک لە ڕوانگەیەکی ئاکارییەوە ئەرکی مرۆڤە... کە بە تەواوی مانا وجوودێکی نارەسەن و بێخەسڵەتی هەبێت. ئەمە ئەزموونی تەواوی چل ساڵەی تەمەنی منە. وتم ئێستا تەمەنی من چل ساڵە، بەڵام چ چل ساڵییەک! تەمەنێکی زۆرە. دەبێت ئەمە بە دوا تەمەن دابنرێت. دوای تەمەنی چل ساڵە، درێژەدان بە ژیان کارێکی گەمژانەیە، قێزەون و بێمانایە، وەڕزکەر و دووبارەیە. ئیدی لەم سەردەمەدا کەس لە چل ساڵ زیاتر تەمەن دەکات؟ کیٚ؟ چاکە، وەڵامم بدەنەوە. خۆم هەنووکە پێتان دەڵێم ئەو کەسانە کێن کە دوای چل ساڵ هێشتا بەردەوامی بە ژیان دەدەن. ئەوانە گەوج و خوێڕییەکانن کە دوای چل ساڵ تەمەن،

هێشتا زیندوون. من ڕووبەڕوو ئەمە بە هەموو پیرەکان دەڵێم. لەسەر قسەی خۆمم بەرانبەر بە هەموو پیرە بەڕێزەکان، پیرە سەرسپییە هێژاکان. بەرانبەر بە هەموو دنیا، ڕووبەڕوو ئەمە دەڵێم! بەڵێ، من هەقی ئەم قسەیەم هەیە، چونکە خۆم تەمەنم شەست ساڵە. لەوانەیە تا تەمەنی هەشتا ساڵیش بمێنم.

ڕاوەستن! کەمێک خۆتان بگرن! هەناسەم توند بوو... تکایە با هەناسەیەکی تازە بدەم. بەڕێزەکانم. ئێوە بە تەواوی لەو بڕوایەدان کە من ویستبێتم بتانهێنمە پێکەنین. ئەگەر وا بزانن زۆر هەڵەن! من کابرایەکی هێند ساز و بەکەیف نیم وەک ئێوە بۆی دەچن. ڕەنگە چەنەبازییەکەم هەراسانی کردبن؟ لەوانەیە وا بێت. هەندێکیش تووڕەن. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە لێم بپرسن بەڕاستی من کێم. زۆر چاکە. نامەوێت وەڵامی پرسیارەکەتان نەدەمەوە. من سەرۆکی نووسینگەیەکی ئارشیفیم. بۆ ئەوەی نەمرم بووم بە کارمەندی دەوڵەت! تەنیا لەبەر ئەوە و هیچی تر، بەڵام ساڵی پار، یەکێک لە خزمە دوورەکانم مرد و شەش هەزار ڕۆبڵی وەک میراتی بۆ بەجێ هێشتم. منییش بێ سێ و دوو وازم لە کارەکەم هێنا و خۆم خزاندە ئەم سووچەوە. پێشتریش هەر لێرە دەژیام. بەڵام ئیدی بۆ هەمیشە لەم سووچە تەریکەدا دەژیم. ژوورەکەم هێلانەیەکی شووم و دزێوە. ژنێکی دێهاتی بەرپرسی پاککردنەوەیەتی. پیرێژنێکە لە گێژی و دەبەنگیدا هەمیشە تووڕەیە، جگە لەمە بۆگەنیشە. پێم دەڵێن ئاووهەوای پوترۆزبۆرگم پێ ناکەوێت. بۆ من ناسازگارە و بەم نەدارابییەمەوە گەلێک گران لەسەرم دەکەوێت. من ئەمانە زۆر چاک دەزانم. سەد جار لەوانە زیاتری لێ دەزانم کە خۆیان زۆر بە هزرمەند و خاوەن ئەزموون و پەندبێژ و دڵسۆز

دەزانن. بەڵام هەر لە پوتروزبۆرگ دەمێنمەوە و بۆ هیچ جێگەیەکی دی ناچم. بۆیە سەفەر ناکەم کە... باشە... لە ڕاستیدا لام یەکسانە: سەفەر بکەم یان نا. کەچی؟ ئێستا کە مەسەلەکە گەیشتە ئێرە، با پرسیارێک بکەم. مرۆڤی ئاقڵ و تێگەیشتوو، لە بارەی چ بابەتێکەوە کە بێتە پێشێ، دەتوانێت تەواو بە ئارەزووی خۆی قسە بکات؟ وەڵام: لە بارەی خۆیەوە. باشە، کەواتە منیش دەربارەی خۆم دەپەیڤم.

hewalname.com/ku/

- ٢ -

بەڕێزینە، دەمەوێت ئێستا لەبارەی خۆمەوە قسەتان بۆ بکەم (مەبەستم نییە گوێم لێ بگرن یان نا) بۆ من نەمتوانی ببمە مێرووەیەکی بێبەها؟ بە ڕاشکاوی ئەمەتان پێ دەڵێم. من چەند جارێک ویستم ببمە مێرووەیەکی ناچیز و بۆم نەکرا. بەڕێزینە، من ئەمە بەڕاستی دەڵێم، سوێندتان بۆ دەخۆم کە زێدەڕۆیی لە هۆشیاریدا جۆرێکە لە نەخۆشی، نەخۆشییەکی ڕاست و دروست، بۆیە بۆ بەڕێکردنی پێویستییەکانی ژیان، هۆشیارییەکی ئاسایی بۆ مرۆڤ ئەوپەڕیەتی، واتا نیوە یان سێ لە چواری ئەو هۆشیارییەی کە کەسێکی خوێندەوار و پێشکەوتوو هەیەتی. بۆ مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە نەگبەتە، واتا سەدەی نۆزدە، ئەو ئەندازە هۆشیارییە زۆرە دەبێت بە هۆی بەدبەختی و نەگبەتییەکی دووقات و سێقات، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لە شارێکی وەک پوتروزبۆرگدا بژی. پوتروزبۆرگ واتا ئەبستتراکترین و هونەریترین شاری دنیا (شاری هونەری و ناهونەرییش هەیە) بۆ نموونە کەسانی سەرسەخت و کارامە، کەسانی چالاک و لێهاتوو. من گرەو دەکەم کە ئەو برە هۆشیارییەی هەیانە، بۆ ژیانی ئەمڕۆ سەروزیادیانە. بێگومان ئێستا لە دڵی خۆتاندا دەڵێن ئەمانەی دەیانڵێم لە ڕوانگەی خۆپەسەندییەوە دەیانڵێم و دەیاننووسم، دەمەوێت گاڵتە بە کەسانی چالاک و خاوەن ویست و توانا بکەم، بەڵام ئەم فیز و خۆپەسەندییە تەنیا گەوجایەتییە.

-جەناب هەقی چیت بەسەریەوە هەیە؟ با مامزەکەی هەر بزرنگێتەوە، وەک ئەفسەرەکەی لەمەڕ خۆمان، بەڵام بەڕێزینە، ئاخر کێ لەپای تاوانێک کە کردوویەتی، سنگی دەکاتە سپێر و شانازی دەفرۆشێت؟... بەڕاست چیم دەوت، چی دەڵێم؟ هەموو کەسێک وا دەکات: هەموو شانازی بە تاوانەکانی خۆیانەوە دەکەن! منیش، بە لای خۆمەوە لە هەموو کەس زیاتر ئەم کارە دەکەم. گشتمان لەسەر ئەمە هاوڕاین. پاساوەکەی منیش هێند ناشیرین و بە تەشەر نییە. باشە، لەگەڵ هەموو ئەم قسانەیشدا، بە تەواوی بەو ڕاستییە گەیشتووم کە نەک تەنیا هۆشیاریی زۆر، بەڵکو تەنانەت هەر جۆر و هەر برە هۆشیارییەک، لایەنی تاوان و نەخۆشیی خۆی هەیە. نەخێر... من بڕوام بەمە هەیە و لێی پەشیمان نیم.

با ئەم بابەتە بخەینە لاوە و قسە لەسەر شتێکی تر بکەین. ئێوە بیڵێن، با بزانم چی دەبێت، بۆ نموونە من لەم چرکەساتەدا، بەڵێ، هەر لە ئێستادا کە ئامادەگییەکی زۆری لایەنی ڕۆحیم بۆ دەرککردنی هەموو شتە جوانەکان هەیە، واتا هەموو "جوانی و مەزنی"[1] هەر لە هەمان کاتدا، بیرم لە زۆر شتی پیس و قێزەون دەکردەوە. نەک تەنیا تێگەیشتن و ناسین، بەڵکو کاریشم پێ دەکردن. ئێستا پێتان دەڵێم ئەو کارانە چی بوون. شتگەلێک کە... باشە، بە کورتی شتگەلێک بوون هەموو کەس دەیکردن. بەڵام کارەکان لە هەلومەرجێکدا لە لایەن منەوە ڕوویان دەدا، کە تەواو ئەوەم لا ڕوون بوو نەدەبوو لە هیچ کەسێکی تر بوەشێنەوە. چەند زیاتر لە هۆش و گەوهەری چاکە "جوانی و مەزنی" قووڵتر دەبوومەوە، بە هەمان ڕێژە

---

[1] دەستەواژەیەکی فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئەمانوێل کانت)ە، لە بارەی چەمکی جوانی و مەزنییەوە.

زیاتر دەکەوتمە ناو قوڕ و لیتاوی بوونی خۆمەوە و تیایدا نقوم دەبووم. هەر بە هەمان ڕێژەیش ئامادەگیم تیا بوو بە تەواوی لەو زەلکاوەدا بمرم. لەگەڵ ئەمانەیشدا، ئەوەی زیاتر لەم ڕوونکردنەوەیەدا دێتە بەرچاو و سەرنجی منی بە لای خۆیدا ڕادەکێشا، ئەوە بوو بە هیچ جۆرێک ڕەفتاری من بەپێی ڕێکەوت و لەناکاو نەبوو، بە پێچەوانەوە، ئەوەی ڕووی دەدا لە واقیعدا دەبوو هەر ئاوا ڕووی بدایە. پێدەچوو ئەو کارانە بەرئەنجامی باری سروشتی و ئاسایی من بووبێت، نەک بەرئەنجامی نەخۆشی و گەندەڵی. من وردەوردە بەرانبەر بەو ئابڕووچوونانە توانای بەرەنگاریکردنم لەدەست دا. گەیشتمە ئەو باوەڕەی -ڕەنگە بە تەواوی لەسەر ئەو ڕایە بووبم- کە ئەم جۆرە ژیانە هەمان حاڵەتە ئاسایی و سروشتییەکەی منە. ئێوە نازانن چۆن لە سەرەتاوە تووشی چ کێشمەکێش و ئازارێک هاتم. بڕوا ناکەم کەس وەک منی بەسەر هاتبێت. من لە هەموو تەمەنمدا ئەو نهێنییەم شاردووەتەوە. خەجاڵەتیم دەکێشا، ڕەنگە ئێستایش هەر وا بم. پاشان، وا کەوتەوە کە جارێکیان دوای ئەوەی ناخۆشترین شەوم لە پوتروزبۆرگدا بەسەربرد، کە گەڕامەوە ئەم گۆشە تەریکە، حاڵەتێکی سەیرم بەسەرهات... چۆنی بڵێم. جۆرێک لە تاموچیژێکی نائاسایی و بێفەڕ. جۆرێک لە ئازار و ئەشکەنجە کە بەزۆر خۆم ناچار بکەم و لێبڕاو بم کە ئەمڕۆیش تووشی ئابڕووچوونێکی تر هاتووم و ئەویش دەچێتە سەر ئەوانی تر. لێ ئەوەی ڕووی دابوو بە هیچ جۆر نەمدەتوانی حاشای لێ بکەم، یان هیچ نەبێت بە نەبووی دابنێم. نا، چی دەبوو با ببێت. پاشان و هەر لەبەر ئەوە لە ناوەوەی خۆمدا دەکولام و ئازارم دەچەشت. وەک ئەوە وا بوو گاز لە جەستەی خۆم بگرم و خوێنەکەی

بمژم و خۆم لەناوبەرم. وردەوردە وای لێ هات تاڵییەکانم بۆ شیرین بوو، وەک شادییەکی بەئازار و شووم. سەرئەنجام بوو بە جۆرێک لە چێژ و خۆشییەکی ڕاستەقینە. بەڵێ چێژم لێ وەردەگرت. لەسەر وشەی "چێژ" هەڵوێستە دەکەم و دەوەستم. ڕایەکەم ناگۆڕم و دەڵێم: چێژم لێ وەردەگرت.

لە ڕاستیدا هەر لەبەر ئەمەیە کە ویستم قسە بکەم، چونکە دەمەوێت بزانم ئاخۆ ئەوانی تریش هەستیان بەو خۆشی و چێژە کردووە، یان نا؟ کەمێک بوەستن تا بۆتان ڕوون بکەمەوە.

ئەو چێژەی لێرەدا ئاماژەم پێ کرد، چێژێکە بەرئەنجامی هۆشیارییەکی زۆر و سەرنجڕاکێشە کە بەرانبەر بە سووکوچرووکیی خۆمان هەمانە، واتا کاتێک لەوە دەگەین کە ئیدی گەیشتووینەتە دوا سەنگەر و دیوار. تێدەگەین ئیدی بچووکترین ڕێگەیەک نەماوەتەوە بمانگۆڕێت. مەحاڵە لەمەی ئێستامانەوە ببین بە کەسێکی تر، تەنانەت ئەگەر کات و بڕوایش دەرفەتمان بداتێ، هێشتا بێسوودە. ئیدی مەحاڵە ببین بە کەسێکی تر: قابیلی گۆڕان نیین. چەندیش بمانەوێت، ناتوانین. ڕەنگە مەسەلەکە بەم جۆرە بێت کە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ببین بەو، لە ڕاستیدا لەوانەیە خۆی هەر وجوودی نەبێت. لە هەموو ئەم توێژینەوە و ڕوونکردنانەوە شتی سەرەکی ئەوەیە کە هەموو ئەمانە بەپێی یاسای سروشتی ڕوو دەدەن کە ئەویش لەسەر پایەی هۆشیارییەکی ڕاستەقینە دامەزرابێت، هەروەها بەپێی بەرئەنجامێکی لۆژیکی کە بەردەوام سوودی لەو یاسایانە بردبێت. لەم حاڵەتەدا دەبێت بڵێین کە نەک ناتوانین خۆمان بگۆڕین، بەڵکو هەر لە بنەماوە و بەپێی لۆژیک ئەگەری هاتنەدیی نییە، بۆ نموونە، لە یەکێک لەو پایە پتەوانەی هۆشیاریدا کە باسم کردن، وام بۆ دەردەکەوێت

newaname.com/ku/

دەکرێت بە خۆم بڵێم: "من کەسێکی سووکم" ئەمە وەک ئەوە وایە کە ئەگەر کەسێکی سووکوچرووک بە خۆی بزانێت، کە سووکوچرووکە، دەتوانێت ئاسوودە بێت.

چاکە، ئیدی بەسە. گەلێکم چەنە دا، بەڵام چیم سەلماند؟ ئەو چێژ و خۆشییەی باسم کرد، چۆن ئاڕاستە دەکرێت؟ ئەمە ڕوون دەکەمەوە و دەیگەیەنمە کۆتایی. من هەر لەبەر ئەمە بوو قەڵەمم بۆ نووسین بە دەستەوە گرت - هەستی خۆپەرستی لە مندا تەواو زاڵ و ترسناکە. وەک کەسانێکی نەخۆش و قەموورم لێ هاتووە. بەدگومان و تەواو هەستیارم لێ دەرچووە. بەم حاڵەوە (لە بەینی خۆماندا بێت) ئەزموونی چەند چرکەساتێکم کردووە، کە ئەگەر تیایاندا یەکێک زللەیەکی توندم پیا بکێشێت، ڕەنگە پێی شاد و بەختەوەر بم. ئەمە بەڕاستی دەڵێم، حەتمەن بەو زللەیە شاد دەبم و چێژ وەردەگرم. نەک چێژێکی ئاسایی، چێژێک کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. تێدەگەیت؟ چێژی زەبوونی و نائومێدی! چێژی سووکایەتی، بەڵێ، لە نیگەرانی و تەنگژەدا چێژێکی زۆر قووڵ هەیە. لەو ساتانەدا ئارەزووگەلێک دێنە گۆڕێ. بەتایبەتی ئەو کاتەی تەواو هەستمان بەوە کردبێت کە ئێمە گۆڕانمان بەسەردا نایەت. لەم حاڵەتەیشدا (مەبەستم کاتی زللەخواردنەکەیە) بەوە دەزانین کە تا چ ڕادەیەک خۆمان سووک و ڕسوا کردووە، ئەم هەستەیش گەلێک ڕەنج و ئازارمان پێ دەگەیەنێت. لەم تەنگەژەی ڕەنج و ئازارەدا جۆرە خۆشی و چێژێک هەیە، بەڵام چەند هزرمەندانەیش هەڵسوکەوت بکەین، هەر بەو ئەنجامە دەگەین کە بەرپرسی هەموو ئەم کارەسات و ئەنجامانە تەنیا خۆمانین و کەسی تر نا. خەتاباری سەرەکی خۆمانین. لێ لە هەمان کاتدا، لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە خەتانەکردنیش خۆی خەتایە، بە ناچارییش ئەمە دەکەین، نەک بە ئارەزوو. سادەتری بڵێم، بەپێی یاسا سروشتییەکان، یەکەم لەبەر

ئەوەی ئێمە لە هەموو دەوروبەرەکەمان ئاقڵترین (بەردەوام من خۆم لە دەوروبەرەکەم بە ئاقڵتر زانیوە، تەنانەت هەندێک جار - بڕوا بکەن– لەو لایەنەوە تەریق دەبوومەوە. دەبێت ددان بەوەدا بنێم لە هەموو تەمەنمدا بە گومان و لە لاوە لە خەڵکم ڕوانیوە و هیچ کاتێک ڕووبەڕوو تەماشام نەکردوون). دووەم، ئەگەر ڕۆحێکی بالآیشم هەبووبێت، لە ئەنجامی خۆدەرخستندا زیاتر دەخزام و دەکەوتمە ژێر باری منەتەوە. من قەرزاربار دەبووم تا بەرانبەرەکەم، چونکە هەر لەو کاتەدا کە وەک جوامێر و میرخاس خۆم نیشان دەدا، دەمزانی کارێکی بێسوودە، ئەمەیش هۆیەکی تری خزانەکەم بوو. لەبەر ئەوەیشە نەمتوانی لەو خەسڵەتە جوانە بەهرەمەند ببم و شتێک لە خۆمدا دروست بکەم. کەواتە، نەمدەتوانی بەخشندە و لێبوردە بم، چونکە ئەو کەسەی سووکایەتیی پێ کردبووم و زللەی لێدابووم، وەک من بەرپرسیارە بەرانبەر بە یاساکانی سروشت، بۆیە دەبێت بەپێی ئەو یاسایانە ڕەفتار بکات، چونکە یاسا سروشتییەکان نە دەبەخشرێت و نە فەرامۆش دەکرێت. لەبەر ئەوەی یاسا سروشتییەکان ئەگەر سەد جاریش سروشتیتر بن، هێشتا ئازاربەخشن. من نەمدەتوانی تۆڵە بکەمەوە، واتا ئەگەر بمویستایە تۆڵە لەو کەسە بکەمەوە کە سووکایەتیی پێ کردووم، نەمدەتوانی. ئەسڵەن بە هیچ جۆرێک نەمدەتوانی تۆڵە لە هیچ کەسێک بکەمەوە، چونکە مەحاڵ بوو بتوانم ئەو کارە بکەم، ئیتر هەر کاتێک بێت، تەنانەت ئەگەر بڕیاریشم بدایە هێشتا هەر نەمدەتوانی ئەنجامی بدەم. بۆ نەمدەتوانی؟ ئا... هەنووکە پێم خۆشە چەند وشەیەک لەم بارەیەوە بڵێم.

hewalname.com.ku

## - ٣ -

بۆ نموونە کەسانێک چۆن دەتوانن خەریکی تۆڵەکردنەوە بن، یان چۆن دەتوانن بیکەن؟ ئەوانەی تینووی تۆڵەکردنەوەن، لە هەموو بوونیاندا شتێک نەماوە، جگە لە هەستی تۆڵەسەندنەوە. ئەو جۆرە کەسانە، لە گایەکی کێوی دەچن کە هەردوو قۆچەکەی ڕێک بۆ پێشەوە ئامادە کردبێت و بەرەو ئامانجەکەی غار بدات. دەشێت بەر دیوارێک بکەوێت، بەڵام هەر دیوارەکەیشە دەتوانێت ڕێگریی لێ بکات و بیوەستێنێت. پێویستە ئەوەیش بڵێم ئەو جۆرە کەسانە، کە من ناوی کەسانی ڕەمەکی و پیاوی کردەم لێ ناون، هەر کە گەیشتنە دیوارەکە، بەبێ هیچ بەرەنگارییەک خۆ بەدەستەوە دەدەن! بە زارەوەی قومارچییەکانی کاغەزێن، پاس دەدەن. بەڵام هەر لە هەمان ئەو ڕێگەیەوە کە بە دیوارەکە کۆتایی دێت، بێ بیرکردنەوە دەکەونە ڕاکردن و واز ناهێنن، لەوە ناترسن کە لەوانەیە بگەنە دیوارەکە و بوەستن، بەڵکو ئەوان هەر خودی ڕاکردنەکەیان مەبەستە و هیچی تر، بەڵام ئێمە، کە زیاتر بیر دەکەینەوە، ناتوانین ئەو کارە بکەین. هەرگیز ڕێگەیەک لەبەر ناگرین بە دیوار کۆتایی بێت. بە لای ئەوانەوە بوونی دیوار لە کۆتایی ڕێگەکەدا، پاساو نییە بۆ گەڕانەوە، بەڵام لای کەسانی وەک ئێمە کە زیاتر بیر دەکەینەوە، ئەو پاساوە بوونی هەیە و لەو بڕیارەی پەشیمان دەکاتەوە کە لەوەوپێش داویەتی. ئەو کەسانە هاوئاهەنگن لەگەڵ بوونی دیواردا، بەر دیوار دەکەون،

بەڵام دیوار بۆ ئەوان ئاسوودەبەخش و دڵنیاکەرە. بوونی دیوار بۆ ویژدانیان چاک و بەهادارە. ئەگەر بە ویژدانتر بم لەگەڵیاندا دەڵێم، ئەوان ئەسڵەن دیوار وەک شتێکی خەیاڵی بەرجەستە دەکەن! هەر لە بارەی دیوارەوە، پاشان قسەی زیاتری لەسەر دەکەم.

باشە، کەسێکی ئاوا کە لەخۆڕا بڕیار بدات، بە لامەوە نموونەی مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە، مرۆڤێک دایکی سروشت بە ئاسانی هێناویەتە دنیاوە. من تا سەر ئێسقان ئیرەیی بەو کەسە دەبەم و خۆزگەی پێ دەخوازم. بۆ؟ چونکە کابرایەکی گەوجە!

چاکە، من حەزناکەم لەم بارەیەوە مشتومڕتان لەگەڵدا بکەم. کێ چووزانێت؟ ڕەنگە چارەنووسی هەر کەسێکی ئاسایی و سروشتیی گەمژەیی بێت. دەشێ ئەمە گومانهەڵنەگر و سەرنجڕاکێش بێت. بەڵام من لەبەر ئەمە -یان باشتری بڵێم بەم بەدنیازییەوە- حەز دەکەم باس لە گرووپێک بکەم کە بە پێچەوانەی ئەو کەسانەوەن. ئەمانە گرووپێکن پێچەوانەی کەسانی ئاسایین.

ئەوانەی زیاد لە کەسانی ئاسایی تێدەگەن و هۆشیارترن، دیارە ڕاستەوخۆ لە منداڵدانی سروشتەوە نەهاتوونەتە دەرەوە، بەڵکو لە سەردەمانێکی نائاسایی، یان ڕەنگە لەنێو مەنجەڵی دڵۆپاندنی هەموو ماکە کیمیاوییە جیاوازەکان پێک هاتبن. ئەوانە، ئەو لەڕێلادەرانە (بەڕێزان، دەزانم ئەم شتانە تا ڕادەیەک وەک شتی پڕوپووچ و ناسروشتی دێنە بەرچاو، بەڵام من تەواو بە ڕاستیان دەزانم) کاتێک ئەم کەسە لادەرانە بەرانبەر بە خەڵکە ڕەسەن و ئاساییەکە، واتا ئەو کەسانەی ڕەمەکین و لەخۆڕا بڕیار دەدەن، دەوەستن، وا دەکەوێتەوە کە

لادەرەکان، بە هەموو هزر و هۆشیارییە بەهێز و فراوانەکانیانەوە، لە بەردەم ئەواندا بە چۆکدا دێن، خۆیان وەک مشک دێتە بەرچاو، نەک مرۆڤ. لەوانەیە لە دیدی ئەوانەوە ئەم لادەرانە مشکێکی دانا و زانا بن، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەر مشکن، نەک مرۆڤ. لێ خۆی، واتا مرۆڤە سروشتی و ئاساییەکە، بێگومان مرۆڤە، بە هەموو ئەو پێکهاتانەی لە هەر مرۆڤێکی تردا هەیە. بەڵام ئەمە پەیوەندیی بە مشکەوە نییە. کێشەی سەرەکی لەمەدا ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە هۆشیار و دانایەیش خۆی بە مشک دەزانێت. هەڵبەت کەس داوای ئەوەی لێ نەکردووە خۆی بە مشک بزانێت، بەڵام ئەو خۆی وا دەزانێت، ئەمەیش خاڵێکی زۆر گرنگ و جەوهەرییە.

هەنووکە ئەم مشکە هۆشیار و دانایە لە کار و کاردانەوەکانی ڕۆژانەیدا دەبینین، بۆ نموونە، با بڵێین ئەو مشکە بەڕێزە سووکایەتیی پێ کراوە و (ئەگەرچی ئەو بەردەدام خۆی وا دەبینێت کە سووکایەتیی پێ دەکرێت) بیەوێت تۆڵە بکاتەوە. زۆر ڕێی تێدەچێت، کە ڕق و کینەکەی گەلێک زیاتر بێت لە مرۆڤە سروشتی و ڕاستەقینەکە، چونکە ئەویان، بە هەمان ئەو گەوجایەتییەی کە بە زگماک بۆی ماوەتەوە، تۆڵەیەک دەکاتەوە کە تەواو بە کارێکی دادپەروەرانە و ویژدانیی دەزانێت، بەڵام مشکە بەدبەختەکە، لەبەر ئەوەی زانیارییەکی زۆری هەیە، کە دەگاتە ئێرە، گومان دەکات، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە بڕوای بەو ویژدان و دادپەروەرییە نییە.

لێرەوە دەگەینە کرۆکی مەسەلەکە، دەگەین بە خودی تۆڵەسەندنەوەی مشکە نەگبەتەکە کە لە هەموو ئەم ماوەیەدا، جگە لەو سووکایەتی و گاڵتەجاڕییەی بەرگەی گرتووە،

تووشی سووکایەتییەکی تازەیش هاتووە، ئەوەیش ئەو پرسیار و گومانانەیە کە بۆی دروست بوون و لە خۆی بار کردوون و دەبێت بەرگەیان بگرێت. ئەم مرۆڤە کە تووشی هەر پرسیار و کێشەیەک دەبێت، لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیار و کێشەی تردا تێکەڵیان دەکات کە چارەسەریان مەحاڵە. پرسیارەکان ئەوەندە بە پێچوپەنا و ئاڵۆزن و هێند بە نادروستی تێکەڵ بە یەکدی کراون، کە لەتاو پیسی و پۆخڵییان دەبێت هەڵبێت. بەرئەنجامی ئەم هەموو گومان و خۆپەسەندییە، بە هۆی ئەو سووکایەتی و گاڵتەجاڕییەوەیە کە کەسە ڕەمەکییەکان وەک زۆردار و دادوەر و خاوەن پلەوپایەکان دەوری مشکەکەیان گرتووە و گاڵتەی پێ دەکەن. بێگومان سەرتاپای مشکەکە بۆنی چڵک و پیسی دەردەدات. لە کۆتاییدا، لە ئەنجامی ئەم هەموو بەڵا و نەگبەتیەدا، یان بە تەواوی سووک و ڕسوا دەبێت، یان هەڵدێت. لەگەڵ ئەمانەیشدا، لەوانەیە هیچ گوێ بەم کارەساتانە نەدات، گاڵتە بە هەموان بکات و زەردەخەنەیەکی پڕ لە تانەوتەشەریان تێبگرێت. (هەرچەندە بڕوای بەم گاڵتەپێکردنەیش نییە و گومانی لێ دەکات) لەو کاتەیشدا کە دژوێنیان پێ دەدات، پێدەچێت خۆی بخزێنێتە ناو کونە بۆگەن و بەدفەڕەکەیەوە، لەوێدا، لەو گۆشە بۆگەن و پڕ لە نەهامەتییەدا، ئەم مشکە، ئەم مشکە سووکوڕسواکراوە، بە پەلە و پێش هەر کارێکی دی، خۆی نوقمی تووڕەبوونێکی سارد و ژەهراوی بکات، چل ساڵی ڕەبەق بیر لە وردەکارییەکانی ئەو سووکایەتییە بکاتەوە کە پێی کراوە. یەکە یەکەی ڕووداوەکە وەبیر خۆی بێنێتەوە. هەر جارەو بە خەیاڵ، شتی ڕسواتری بۆ زیاد بکات. بەردەوام بە خەیاڵ خۆی ماندوو بکات، خۆی بخواتەوە و ئازار بچێژێت. لە بەردەم ئەم هەموو

یادەوەرییانەدا شەرم بیگرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، جارێکی تر وردودرشتی کارەساتەکە بە یاد بهێنێتەوە و زیندوویان بکاتەوە. شتی تریشیان لێ زیاد بکات. بەو بیانووەی ئەم شتانەی ئەو بیریان لێ دەکاتەوە و دروستیان دەکات، ڕەنگە ڕێک وەک سووکایەتییەکانی تر ڕوویان بدایە. جا بۆ نا؟ بۆیە بە هیچ جۆرێک لە خۆی خۆش نابێت. لە دواییشدا لەوانەیە بیر لە تۆڵە بکاتەوە. بەڵام چۆن؟ بێبایەخانە و بە دزییەوە، ناجوامێرانە، وەک ئەوەی نامەردانە لە پشتەوە خەنجەر لە نەیارەکەت بدەیت. لەبەر ئەوەی بڕوای وایە نە هەقی تۆڵەکردنەوەی هەس، نە ئومێدێکی بە بەرئەنجامەکەی هەیە. هەر لە بەراییشدا، واتا پێش ئەوەی دەست بۆ تۆڵەکردنەوە بەرێت، زۆر چاک دەزانێت کە خۆی، سەد ئەوەندە زیاتر لەو کەسە ئازار دەچێژێت کە ئەم دەیەوێت تۆڵەی لێ بکاتەوە. بەڵێ، چاک دەزانێت کە لەوانەیە نەیارەکەی تۆڵەکردنەوەی ئەمی هەر بە خەیاڵدا نەیەت.

ئەم کەسە لە سەرەمەرگیشدا یادی ڕابوردوو دەکاتەوە، نەک تەنیا لەو شتانەی ڕوویان داوە، بەڵکو سەد ئەوەندە زیاتر لەوانەی کە خۆی بە خەیاڵ دروستی کردوون. لە هەموو گومانکردن و سەرگەردانییە سارد و بە ئازارەکانی، لە بیروڕا ناتەواوەکانی، لە خۆقەتیسکردنەکەی ناو ئەو گۆڕە چەپەک و پۆخڵەدا، چل ساڵی ڕەبەق، لەو نائومێدییە دژوارەدا کە بۆ خۆی سازداوە، نائومێدییەکی پڕ لە گومان و حەزە بێئاکامەکان، لە چنگ هەیولای گومان، گومانێک لە چرکەساتێکدا بڕیار دەدات و دوای چرکەساتێک پەشیمان دەبێتەوە، لە ئازارە جیابەجیاکانی ڕۆحدا. لەمانە و لەوانەدا، شیلە و خۆشاوی ئەو چێژە سەیر و دەگمەنە دەردەکەوێت کە

لەمەوبەر باسم کرد. ئەم چێژ و شادییە هێند خۆش و بەتامە، بەدەگمەن دەستگیر دەبێت. بە ڕادەیەک کە کەسانی کەمئەزموون، بەتایبەتی خەڵکانی ئاسایی، ئەوانەی تەنیا ئەعسابیان بەهێزە، بە هیچ جۆرێک ناتوانن تامی ئەو خۆشییە بکەن.

دەی، ئێستا بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە لای خۆتانەوە دەڵێن کە: "ڕەنگە ئەوانەی زللەیان نەخواردووە، هیچ لەم جۆرە تاموچێژە نەزانن!" بەمەیش دەتانەوێت بە ئەدەبەوە پێم بڵێن لەبەر ئەوەی تۆ شەپازللەت پێ کەوتووە، ئێستا دەتەوێت لە ڕێی ئەو ئەزموونەوە قسە بکەیت، من گرەو دەکەم کە ئەمە هەر لە خەیاڵی خۆتاندایە و بەس.

بەڕێزەکانم، ئەمە وا نییە، دڵنیا بن، من هەرگیز بەر زللە نەکەوتووم. هەڵبەت بە لای منەوە یەکسانە چۆن بیری لێ بکەنەوە. خۆیشم حەزم نەکردووە زللە لە کەس بدەم. کەمتر ئەم کارەم کردووە.

باشە، ئەمەندە بەسە. ئیتر لەو بارەیەوە، لەبارەی ئەو بابەتەوە کە ئێوە مەبەستتانە، هیچ ناڵێم. بەکاوەخۆ ڕوونکردنەوەکانی خۆم دەدەم. دەربارەی ئەو کەسانەی ئەعسابیان بەهێزە، ئەو کەسە ئاساییانەی هەست بە خۆشیی ئەو جۆرە تاموچێژە ناکەن کە باسم بۆ کردن. ئەو جۆرە کەسە زوو خۆیان دادەمرکێنن، زوو هێور دەبنەوە. هەرچەندە لە هەندێک بۆنەدا وەک گا کێوی پڕ بە گەروویان دەنەڕینن، ئەمەیش ڕێزی زۆریان لای هەندێک بۆ دادەنێت، لەگەڵ ئەوەیشدا، وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بەردەوام خۆیان ئاسوودە دەکەن، خۆ بەدەست مەحاڵەوە دەدەن. مەحاڵیش واتا دیوار! کام دیوار؟ ئێستا تێی دەگەیت. ئاشکرایە مەبەستم چ

دیوارێکە، دیواری یاساکانی سروشت و بەرئەنجامی زانستی و بیرکارییەکان. واتا ئەگەر پێت بسەلمێنرێت کە تۆ لە ڕەگەزی مەیموونیت، ئیتر نابێت ئەمەت پێ سەیر بێت و خۆتی پێ قەڵس بکەیت، بەڵکو دەبێت وەک خۆی قبووڵی بکەیت، یان ئەگەر ئەوەت پێ سەلمێنرا کە دڵۆپێک لە چەوریی جەستەت سەد ئەوەندە لە تەواوی مرۆڤایەتی بەنرخترە، یان وەک ئەنجام، هەموو چاکە و خراپەکان، ئەرکی مرۆڤ، ڕاسپاردە و ئامۆژگاری و داوەرییەکان و شتی تریش، دەبێت لەسەر بنەمای کار و چالاکییە مادییەکانی مرۆڤ ئاڕاستە بکرێت، هەڵبەت لەسەر تۆ پێویستە زۆر بە هێوری هەموو ئەمانە وەک خۆیان قبووڵ بکەیت، چونکە وەک وتمان، ئەمە دوو کەڕەت دووە، بەڵێ، پرۆسەیەکی بیرکارییە! دەتوانیت سەرپێچی بکەیت، ئەوسا بە گوێتدا دەقیرێنن: "ئاهای، گوێت لێیە! سیستمی گەردوون تەواو وەک دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار، وایە. سروشت لە کەس ناپرسێت تۆ چیت گەرەکە. سروشت چ پەیوەندییەکی بە حەزی تۆوە هەیە؟! ئەو ناپرسێت ئایا یاساکانی سروشت لەگەڵ مەیلی تۆدا گونجاون، یان نا. پێویستە سروشت خۆی چۆنە ئاوا وەریبگریت. پاشانیش هەموو یاسا و بەرئەنجامەکانی قبووڵ بکەیت، کەواتە دیوار دیوارە و ڕێگە نییە و... هتد... ئای یەزدانی گەورە، من چ پەیوەندییەکم بە یاساکانی سروشت و بە بیرکارییەوە هەیە. ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک بێت، کە نازانیت چییە، ئەم یاسای دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوارەم بە لاوە گران بکەوێت و حەزی پێ نەکەم، ئەوسا چۆن؟ دەبێت چی بکەم؟ بێگومان من سەری خۆم بە دیوارەکەدا ناکێشم، چونکە لە ڕاستیدا ئەو هێزەم تیا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو لاوازییەشدا کە تیامدایە، خۆم

ڕادەستی ئێوە ناکەم. هەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە دیوارێک هەیە و من لە توانامدا نییە بیبڕم، کەواتە نابێت بڕۆم، یان لەوانەیە بەڕاستی ئەو دیوارە مایەی ئارامی و ئاسوودەییم بێت. وەک ئەوەی لە خۆیدا ئاسوودەگییەک هەبێت. هەموو ئەمانە هەر لەبەر ئەوەی کە بەرئەنجامی دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار... ها... ها... ئای لەم هیچوپووچییە! لەم بێماناترین بێمانایییە!

ها، مەسەلەیەکی تریش لە ئارادایە. لە هەموو شت گەیشتن، بە هەموو شت ئاشنابوون، بینینی هەموو مەحاڵ و دیوارە بەردینەکان و ئاشتینەکردن و نەسازان لەگەڵیاندا، مەبەستەکە ئەمەیە کە ئەگەر کەسێک لە سازان بێزار بێت، هەروەها لە تێپەڕینی دیوار، لە لۆژیک، لە مەحاڵ، لە نادیار و تا دواسنووری توانا و وێناکردنەکانی بەرەوپێش بچێت (ئەم باسە کۆنە کە خۆمان دەستمان لە بوونی دیوارەکەی بەرانبەرماندا هەیە. لە لایەکی دیکەوە بە تەواوی ئەوە ڕوونە کە تاوانی ئێمەی تیا نییە و بە ناچاری ئەمە پێش هاتووە) بەرئەنجامی ئەم بێنە و بەردەیە، ئەم بێدەنگی و شەکەتییە، ئەم ماندوو و مردوویییە، بە جیڕکردنەوەی ددان و بە حەزی گەیشتن بە ئامانجێکی نادیار، کەچی بەوەش بزانێت لەپێناوی هیچدا دەمرێت، هیچ بەڵگەیەکیش نەبێت کە ڕقی لە کەسێکە و ڕەنگە بۆ ئایندەیش شتێکی وا لەئارادا نەبێت... ئەوەیش بزانێت ژێربەژێر فێڵێک لە کەمیندایە، زنجیرەیەک ساختەکاری لە هەقیقەتە سەلمێنراوەکان ڕیزکراون، پەیوەندیی نێوان هۆکار و بەرئەنجام، ئەوسا چۆن؟ لێ پەیوەندیی ئەمانە بە یەکەوە چییە؟ یاریکردن بە وشە و دوودڵی. بە کورتی ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ! نامۆیی، نەزانی، چی و چی؟ بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو نەزانی و هەڵانەدا، دووبارە دەبینیت کە ڕەنج و ئازارەکان بەرکی تۆیان گرتووە. هەرچییەکیش لای تۆ نەناسراوتر بێت، بە هەمان ڕێژە زیاتر ئازارت پێ دەگەیەنێت.

- ٤ -

چاوم لێتانە چۆن قاقا لێدەدەن و دەڵێن: "هاهاها... بەپێی ئەم حساووکیتاوە بێت، دەبێت چێژ لە ددانئێشەیش بکەیت!"

- جا بۆ نا؟ تەنانەت ددانئێشەیش تاموچێژی خۆی هەیە. ڕێککەوتووە مانگێکی ڕەبەق ددانم ئێشاوە، دەزانم چ ئازارێکی هەیە. دیارە لە حاڵەتی وادا بێدەنگ دانانیشین، بەڵکو دەناڵێنین. ئەم ناڵینە ئاسایی نییە، بەڵکو شیوەنێکە لە شادییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم ئازارکێشانە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەتایبەتی کە هەموو چێژ و ئارەزووی ئێمە لەم شیوەن و ناڵینەدا کۆبووەتەوە. لێرەدا پێویستە تێبگەین چێژ و خۆشی لە ئازاروەرگرتن مانای چییە. ئەگەر چێژوەرگرتن نەبێت، ئەی هاوار و ناڵین بۆ چییە؟

زۆر چاکە، ئەمە تەنیا نموونەیەک بوو بەڕێزەکانم. لێرەدا دەوەستین، یەکەم لەبەر ئەوەی گشت نائومێدی و ڕسواییەکەی ئێوە لەو ناڵینەدا کۆبووەتەوە، هەروەها لە هەموو یاسا سروشتییەکاندا کە دەشێت تف لە گشتیان بکەیت، بەڵام ئێمە بە ئازارەکەیەوە دەناڵێنین، کەچی خودی سروشت و یاساکانی چ ئازارێکیان پێ ناگات. باشە، زانینی هەموو ئەم شتانە زار و زەلیلیمان دەکات. دووەمیش، تووشی شتێکی تر دێین کە دوژمن لە ئارادا نییە، بەڵام ئێش و ئازار بوونیان هەیە. دەبێت لەوەیش تێبگەین لەگەڵ ئەوەدا کە پزیشکی بلیمەت هەیە، کەچی ئێوە تەواو کۆیلە و بەندەی ددانتانن.

دەبێت بزانن ددانتان بە ئارەزووی خۆیانە، ئەگەر بیانەوێت نایەشێن و ئەگەر حەز نەکەن تا سێ مانگی دی لە ئازار ناکەون. سێیەم: ئەگەر لەگەڵ ئەم هەموو زانیارییانەدا بتەوێت سەرپێچی بکەیت، خۆ بە دەستەوە نەدەیت و هەر سەرکێش بیت، ئەوسا بۆ ئاسوودەیی خۆتان تاقە ڕێگەیەکتان هەیە، ڕێگەکە ئەوەیە بکەونە لێدانی خۆتان، یان بە مشتەکۆڵە بکەونە سەروگوێلاکی دیوار تا پەنجەکانتان دەداتە ئازار. جگە لەمە چیی تر نەماوە بیکەن؟

دەیسا، ئێستا بۆتان دەردەکەوێت کە لە هەموو ئەو زەبوونی و داماوییەدا، لەم هەموو نائومێدییەدا، لەم گاڵتەجاڕییەی سروشتدا، بەبێ ئەوەی بزانین کێ هۆکارەکەیەتی، ئێمە وردەوردە تووشی چێژ و خۆشی دێین. خۆشییەک کە زۆر جار دەگاتە ئەوپەڕی مەستی.

بەڕێزان، داواتان لێ دەکەم جارێک گوێ لە ناڵینی کەسێکی پێگەشتوو و تێگەیشتووی سەدەی نۆزدە بگرن لە کاتی ددانئێشەیدا، پاشان لە ڕۆژانی دووەم و سێیەمیشدا کە ئیدی ئازارەکەی وەک یەکەم ڕۆژ نییە، گوێ لە ناڵەی بگرن. دووەم جار ئیتر کە ددانی دێشێت، بەو سادەییە ناناڵێنێت، بەڵکو وەک کەسێکی شارستانی دەناڵێنێت، نەک وەک کەسانێکی مسکێن و جوتیار، بەڵکو وەک کەسێک دەناڵێنێت و ئازار دەچێژێت کە ڕۆحی لەگەڵ کولتوور و پەروەردەی خۆراوادا تێکەڵ بووە. وەک کەسێک کە بە زارەوەی ئەمڕۆمان: "خۆی لە خاک و نەتەوەکەی جیاکردووەتەوە[1]" ناڵەکانی تا ڕادەیەک ناپوخت و درۆ و ڕقاوین و شەو و ڕۆژیش بەردەوامە. ئەو باش دەزانێت

---

[1] ئەمە قسەی نووسەرە ڕووسە سلاڤییەکانە بەرانبەر بەو نووسەرە ڕووسییانەی غەربزەدە بوون، نموونەی دۆستۆیڤسکی لە لایەک و تۆرگنێف لە لاکەی تر. (و. ک)

ناڵەکانی بچووکترین کاریگەرییان لەسەر حاڵی ئەو نییە. خۆی لە هەموو کەس باشتر ئەمە دەزانێت. دەزانێت بە بەلاش ئازار بە خۆی و خەڵکی دی دەگەیەنێت. تەنانەت ئاگاداره کە ئەوانی دی، ئەوانەی لە بەردەمیاندا ئەمەندە خۆی ئازار دەدات، تەنانەت خزمەکانیشی کە ئاگایان لە ئاهوناڵینەکانیەتی، بە هیچ شێوەیەک بڕوای پێ ناکەن. بە خۆیان دەڵێن دەتوانێت لەسەرخۆ و سادەتر بناڵێنێت، نەک ئەم ناڵینە کە تاقە مەبەستی ئازاردانی خەڵک و دەربڕینی ڕق و چەواشەکارییەکانی خودی خۆیەتی. چاکە. چێژ و خۆشیی تەنیا لەم ئازار و زانین و گرێوگۆلانەدایە، بەڵام کەسی ئازارکێش بە خۆی دەڵێت: "دەمەوێت بێزارتان بکەم، دڵتان لەت دەکەم، لەم ماڵەدا خەو و خواردنتان لێ حەرام دەکەم. دەبێت لەگەڵمدا ئازار بچێژن! هەموو هەست بە ددانئێشەکەم بکەن. ئیدی من ئەو قارەمانە نیم کە ئێوە بیرتان لێ دەکردەوە، بەڵکو مرۆیەکی خوێڕیم، بووکەڵەیەکم. زۆریشم لا خۆشە بەمەتان زانی! بەختەوەرم کە منتان ناسی. ئەم هاوار و ناڵینە نەفرەتییانەی من ئازارتان دەدات؟ باشتر! کەواتە ناڵەی ناقۆلاترتان بۆ دەکەم!"

بەڕێزان، هێشتا لە مەبەستەکەی من تێنەگەیشتوون؟ نا؟ کەواتە پێویستە تا ئەوپەڕی قووڵ و وردتر بچینە ناو ڕۆحی خۆمانەوە. بۆ ئەوەی بتوانین لە ویست و ئارەزووەکانی ئەم جۆرە تاموچێژە تێبگەین. پێدەکەنن؟ زۆر بەختەوەرم بە پێکەنینەکەتان! ڕەنگە گاڵتە سادەکانی من ساردوسڕ بن. تێینەگەن و پێتان خۆش نەبێت، بۆیە بەدگومانیم لێ بکەن، بەڵام ئەوە بزانن هۆکارەکەی ئەوەیە کە من گوێ بە خۆم نادەم و بێ دەربەستیشم! لێ لە ئێوە دەپرسم، ئایا کەسی هۆشیار و زانا ئەسڵەن بایەخ بە خۆی دەدات و هیچ ئەوەی بە لاوە مەبەستە؟

باشە، چۆن دەکرێت، کەسێک تا ڕادەیەک خاوەن سەرنج و وردەکار بێت -بۆ نموونە یەکێکی وەک من- لای خۆیەوە سوێند بخوات کە تەنانەت لە کاتی سووک و ڕسوایی خۆیشیدا بەدوای چێژ و خۆشیدا وێڵ بێت؟ نەک چێژێکی ئاسایی کە کەمێک پەشیمانیی پێوە دیار بێت، بەڵکو چێژێکی زۆر لەوە زیاتر.

ئێستا دەمەوێت شتێک بڵێم کە هەرگیز پێشتر نەموتووە، هەرگیز، تەنانەت بە منداڵییش، بۆ نموونە نەمتوانیوە بڵێم: "باوکی ئازیزم، ببوورە، ئیدی ئەو کارە ناکەم" ئەمە بوو کە نەمدەتوانی بیڵێم و لە کارەکەم پەشیمان ببمەوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بووبێت کە هەمیشە و بە پەلە ئامادە بووم بیڵێم و داوای لێبووردن بکەم، لە هەر کاتێکدا کە بمەوێت. چەندین جار، هەر بە دەستی ئانقەست وا خۆم پیشان بدەم کە تاوانبارم. لە ڕاستیدا خۆیشم نەمدەزانی لە کوێ و چۆن تاوانبارم. ئەمەیان لە هەموو کارەکانی دی ڕسواتر بوو. بەم هەستە و بەم خەم و کێشانەوە کە بۆ خۆمم دروست کردبوو، تا ڕادەیەک بەرەو نەمان دەچووم. پەشیمان دەبوومەوە، فرمێسکی زۆرم دەڕشت، بەڵام سەرئەنجام بە بیانوویەک خۆم دەخەڵەتاند. ئەگەر بمەوێت تەواو لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆ بم، هیچ نەشارمەوە و بە ڕاشکاوی قسە بکەم، پێویستە ددانی پێدا بنێم کە خەریکبوو دڵم بوەستێت... لەو ساتانەدا تەنانەت نەمدەتوانی "یاساکانی سروشتیش" تاوانبار

بکەم. ئەمە لە کاتێکدا کە یاساکانی سروشت بەردەوام و لە هەموو شتێکی تردا زیاتر سەرکۆنەیان دەکردم.

لە ڕاستیدا کارێکی قێزەون و پۆخڵە کە ئێستا دیسان ئەوانە وەبیر خۆم بێنمەوە! ئەوسایش هەر وا قێزەون بوون. هەر لەدوای چەند دەقیقەیەک بە خۆمم دەگوت: هەمووی درۆیە. درۆیەکی ناشیرین. درۆیەکی بێشەرمانە. ئەم هەمیشەپەشیمانییە، ئەم بوختانبەخۆداکردنە، ئەم هەوڵی خۆچاککردنە، هەر هەموو ئەمانە درۆن، درۆیەکی دزێون.

لێم دەپرسن بۆ بەم جۆرە ئازاری خۆمم داوە؟ وەڵام: چونکە نەمدەتوانی هەر ئاوا بە دەستبەتاڵی و ئارام دابنیشم، بۆیە خۆم لەم گێژەنانە دەهاویشت. بەڕێزان، ئێوەیش کەمێک بە خۆتاندا بچنەوە، ئەوسا دەبینن ئەوەی من دەیڵێم وایە. من بەسەرهاتی خەیاڵیم بۆ خۆم دروست کردووە. ژیانم بە وێنەیەکی شاعیرانە و جوان هێناوەتە بەرچاو تا هیچ نەبێت بتوانم لەم ڕێگەیەوە درێژە بە ژیان بدەم. چەند جارێک وا ڕێککەوت گەلێک ئازاری خۆم بدەم. لە ناوەوەمدا خەفەتی زۆر بخۆم. بەبێ هیچ هۆکارێک ئازار بچێژم. زۆر چاک دەمزانی هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەو خۆشڵەژاندنە نییە. بەڵام من وا بووم. بەردەوام خۆم لە دژی خۆم هان دەدا. ئەی چی بکەین؟ هەندێک جار هەست دەکەین کە خۆمان زۆر دەڕەنجێنین. هەموو عەسرانێک لە ئازاردانی خۆمدا بووم. بەم دواییە ئیدی نەمدەتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ بم. جارێکیان ویستم خۆشەویستی بکەم و تەواو ئاشق بم، دوو جار ئەمەم بەسەر هات. تەنانەت نهێنییە بەراییەکانیش کە تایبەتمەندن بەم کارەوە، ڕوویان دا.

بەڕێزان، باوەڕ بکەن و تەواو دڵنیا بن، من پێتان دەڵێم، هەندێک جار، تەنانەت لە قووڵایی ناخی خۆیشماندا باوەڕ بەوە ناکەین کە ئازار دەچێژین. لەبەر ئەوەی گاڵتەجاڕییەکە لە هەموو گۆشەکانی ناخماندا شاراونەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمە ئازار دەچێژین. بەردەوام ئازارێکی ڕاستەقینە دەچێژین.

باسی خۆشەویستیم کرد، تووشی ئیرەییپێبردن هاتم، خوام نەما، گشت ئەو کارانەی پێویست بوون، کردمن... بەڵام ئەوە هەمووی بەرئەنجامی بێتاقەتی و دەستبەتاڵی بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نەبوو. بەڕێزان، هەموو لە بێحەوسەڵەییدا بوو، نائومێدی و بێکاری بەتەنگی هێنابووم، چونکە ئەمە بەرهەمی ڕاستگۆیی و زانایی و لۆژیکە. هەمان ئەو نائومێدی و دەستبەتاڵی و گوێبەخۆنەدانە، واتا دەستبەتاڵی و بێکارییەکی بە ئانقەست.

پێشتر ئاماژەم بە شتێک کرد و وا ئێستا دووبارەی دەکەمەوە، بێگومان سوورم لەسەری. هەموو ئەم کەسە بە کار و ئەرێنییانە، تەنیا لەبەر ئەوەیە لە کارەکانیاندا سەرکەوتوون، چونکە گەمژەن. گەوجن و مەودای بیرکردنەوەیان زۆر سنووردارە. چۆن ئەمە ڕوون بکرێتەوە؟ زۆر ئاسانە. ئەم جۆرە کەسانە، لەبەر ئەوەی هەر بە زگماک گەمژەن و بیریان بڕ ناکات، یەکەم هۆکار بە هۆکاری سەرەکی دەزانن و زۆر خێرا و ئاسان بڕیاری لەسەر دەدەن، پاشان قەناعەت بە خۆیان دەکەن کە بۆ کارکردن، ئەوە زەمینەیەکی پتەو و نەگۆڕە و دەبێت پەیڕەوی لەو هۆکارە گرنگ و سەرەکییە بکەن و بە لای هۆکاری تردا نەچن. بەمەیش دڵنیا و ئاسوودە دەبن، بۆیە دەبێت بۆ ئەنجامدانی

هەر کار و چالاکییەک، هیچ گومان و دوودڵییەکمان تیا نەبێت و بە تەواوی ئاسوودە بین.

ئەی من؟ فەرموون بیڵێن بزانم من چۆن دەتوانم خۆم ئاسوودە بکەم؟ چ پاساوێک هەیە پەنای بۆ بەرم؟ زەمینەی سەرەکیی چالاکیی من لە کوێدایە؟ ئەم بەڵگە و بنەما پتەوانە لە کوێ بێنم؟ من کە پرۆڤە لەسەر بیرکردنەوە دەکەم، لە ئەنجامدا، هەر هۆکارێکی سەرەکیی بەردەوام بۆ من بەرئەنجامی هۆکارێکی پێشتری خۆیەتی، ئیتر هەر ئاوا و تا بێکۆتا... ئەمە گەوهەری هەموو زانین و بیرکردنەوەیەکە. یاساکانی سروشتیش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرن. ئەی لە دواییدا بەرئەنجامی ئەمە چییە و چیمان لێ دەست دەکەوێت؟ سەرلێشێوان. بەڵێ، تەواو وایە. لە بیرتانە پێشتر لەبارەی تۆڵەوە چیم پێ وتن؟ (بێگومان ئێوە خۆتان لێ نەبان کرد) وتم ئەو کەسانە بە شێوەیەک تۆڵە دەکەنەوە، کە کارەکەیان بە دادپەروەری دەزانن. چاکە، کەواتە ئەوانە ئەسڵی شتەکەیان دەستگیر بووە و زەمینەکەیان بۆ ڕەخساوە کە ئەویش: دادپەروەرییە. بۆیە لە هەموو لایەنێکەوە دڵنیا و ئاسوودەن و بۆیان هەیە تۆڵەسێن بن، چونکە دوا بڕیاریان داوە کە ئەمە کارێکی ڕاست و دادپەروەرانەیە. زۆر بە ئاسوودەیی و سەرکەوتوانە کارەکە ئەنجام دەدەن، بەڵام من ئەم کارە بە دادپەروەری نازانم. ناتوانم لە کاری تۆڵەدا شتێکی چاک و پەسەند بدۆزمەوە، کەواتە کە دەست بۆ تۆڵە بەرم، لە بەدفەڕی و ناڕەسەنیمەوەیە، نەک لەبەر ئەوەی کارەکە ڕاست بێت، یان بۆ دڵنیاکردنەوەی خۆم بێت. تەنیا گیانی خراپی و شەڕئەنگێزی منە بەسەر هۆکارەکانی تردا زاڵ بێت و هەموو گومانەکانم لەناوبەرێت بۆ ئەوەی زەمینەی سەرکەوتنم لە

کاری تۆڵەکردنەوەکەدا بۆ برەخسێنێت. بۆیە ناکرێت بەدفەڕی و شەڕئەنگێزی بە نوختەیەکی لۆژیکی دابنرێت.

بەڵام بەداخەوە لە منـدا تەنـانەت شـەڕئەنگێزییش نیـیە. پێـشتر، هەر لەم نـوختەیەوە دەسـتم پـێ کـرد. ئەم هێـزە قێزەونەی لە منـدایە، هەمـوو زانـین و یاسـاکانی سروشـت بە هۆکـارە کیمیـاوییەکەوە دەبەسـتێتەوە، کەواتە شـتەکە چەواشـەکاریی تێدەکەوێت. بەڵگە لۆژیک و ئاوەزییەکان لاواز دەبن، نازانیت کێ هۆکارە. ئیدی ئازارچەشتن پەیوەندیی بە ئـازارەوە نیـیە، بەڵکـو خەیـاڵە. شـتێکە وەک ددانئێـشەیەکی ئاسایی کە هیچ کەس تاوانی لە دروستبوونیدا نییە. تەنیا تاقە ڕێگـەیەک بـۆ هەڵاتـن هەیە و بەس، ئەویـش ئەوەیە کە چـاکتر دیوارەکە بدەیتە بەر مشتەکۆڵە!

باشە، لەوە دەگەین دیسانەوە چاومان لێ دەقرپێنن کە: ها! هێشتا بارودۆخەکە لەبار نییە" تاقیی دەکەینەوە. چەند ڕۆژێک کوێرانە خۆمـان دەدەینە دەست هەستەکانمان. بەبێ ڕامـان و پێـشبینیکردن، بـێ ئەوەی بەدوای هۆکـاردا بگەڕێـین، بـۆ مـاوەیەک هـزر و زانـایی لە بیـر خـۆم دەبەمەوە. خـۆم دەدەمە دەسـت نەفـرەت، یـان خۆشویـستنی هەمـوان. هەر بـۆ ئەوەی دەسـتبەتاڵ دانەنیـشم، دوو بەیـانی دوا مـۆڵەتە، لە دوو بەیانییەوە دەست دەکەمەوە بە سووکایەتیپێکردنی خـۆم. بۆ؟ لەبەر ئەوەی بە خـۆت دەڵێیـت بە زانیـنەوە خـۆت هەڵخەڵەتانـدووە... وەک ئەنجـامیش، کەفـاوێکی سـابوون دەمێنێتەوە و هیچی تر.

ئاهـ بەڕێزەکان، ڕەنگە لەبەر ئەوەی لە هەموو تەمەنمدا هیچ کاتێک نەمتوانیبێت دەستپێشخەریی شتێک بکەم و کۆتاییشی پێ بهێنم، خۆم بە کابرایەکی ئاقڵ و زانا بزانم. لەوانەیشە تەنیا خەریکی چەنەبازی بووبێتم، وەک هەر کەسێکی زۆربلێ و وەڕزکەر، بەڵام بێ ئازار. وەک هەموان. بەڵام دەڵێی چی کە تاقە چارەنووسی هەر کەسێکی ئاقڵ و زانا بە ناچاری زۆربلێیی و هەناسەدرێژی بێت. واتا بە هەموو زانست و زیرەکییەکەیەوە ئاو لە دەسکەواندا بکوتێت؟!

- ٦ -

ئای خودایە! ئەگەر بە هەموو ئەمانەوە بمزانیایە بێکارییەکەم لە ئەنجامی تەمەڵییەوەیە، ئەگەر وا بوایە قایل بووم و ڕێزی خۆم دەگرت. هەر لەبەر ئەمەیش، هیچ نەبێت، بە خۆمم ڕەوا دەبینی کە تەمەڵ بم! ئەوسا لانیکەم تایبەتمەندییەکم بۆ خۆم دەستەبەر دەکرد. خەسڵەتێکی پۆزەتیڤانە کە دەمتوانی لە هەبوونی دڵنیا بم. ئەوسا بە دڵنیاییەوە خاوەنی شتێک دەبووم. ئەگەر لێیان بپرسیمایە من چ جۆرە کەسێکم؟ وەڵامەکەم ئەوە بوو کە مرۆڤێکی تەمەڵ و بێکارەم، بەڵام بەڕێزان، تکاتان لێ دەکەم کەمێک ڕابمێنن. بیستنی شتێکی وا لەبارەی خۆتەوە، گەلێک جێگەی دەستخۆشیلێکردنە، چونکە بە ئەرێنی باسم لێ کراوە و پلەیەکیان بۆ داناوم. شتێک هەبووە لە بارەمەوە بیڵێن و بیدەنە پاڵم. مرۆیەکی تەمەڵ و بێکارە، ئەمەیش لە خۆیدا جۆرە ناونانێکە. جۆرە چارەنووسێکە، خۆی لە خۆیدا کارە. هیوادارم ئەمە بە هەند وەربگرن و گاڵتە بخەنە لاوە. بەڕاستی ئەمە وایە، ئەوسا دەبووم بە ئەندامێکی هەمیشەیی لە یەکێک لە یانە جیهانییەکاندا. ڕێزی زۆرم لە خۆم دەگرت. گەورەپیاوێکم دەناسی بە هەموو تەمەنی هیچ کارێکی نەبوو شانازیی پێوە بکات جگە لەوەی کە شەراب و خواردنەوەکانی تری لە یەکدی جیادەکردەوە. ئەم کارەیشی بۆ خۆی بە ئەرێنی دەزانی و هیچ کاتێک گومانی لێ نەدەکرد، نە لە خۆی و نە لە کارەکەی. ئەو

هەموو تەمەنی بە شانازییەوە بەسەربرد. ئەو مرۆ گەورەیە، نەک تەنیا بە ویژدانێکی ئاسوودەوە مرد، بەڵکو گەلێک شاد و بەختەوەریش بوو. لە کاتی مردنیدا ژیانی خۆی تەواو بە ڕاست و سەرکەوتوو دەزانی، هەقیشی بوو، منیش هەقی خۆم بوو، منیش لەم حاڵەتەدا بۆ خۆم ڕێبازێکم لەبەرگرتبوو. منیش کابرایەکی تەمبەڵ و بێکارەم. بەهـ بەها! دەمەوێت زەلامێکی چاوچنۆک و چەنەباز بم، بەڵام نەک وەک کەسە ئاساییەکانی نێو کۆمەڵگە، نا، بەڵکو یەکێک لەوانەی، چۆنی بڵێم، تەواو تەمبەڵ، هاوشان لەگەڵ "جوانی و مەزنیدا".

ها! پێتان خۆش بوو؟ دەمێک بوو ئەمەم لە خەیاڵمدا بەرجەستە کردبوو. ئەوەی کە "جوانی و مەزنی" لەم تەمەنی چل ساڵییەمدا بەگیری هێناوم و بارەکەی گران کردووم. ئێستا تەمەنم چل ساڵە، لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر لە ڕابوردوودا وا بیرم بکردایەتەوە، ئەمڕۆ شتێکی تر بووم و تەواو جیاوازیش لە ئێستا. ژیانی خۆم وەک ئەوانە ڕێک دەخست کە داوای "جوانی و مەزنی" دەکەن، بۆ نموونە، خۆم فێر دەکرد چۆن بە خۆشیی گشت ئەوانەی لە "جوانی و مەزنی" دەگەڕێن، پێک هەڵبدەم. هەموو کات و بۆنەکانم بۆ مەستی تەرخان دەکرد، دڵۆپێک فرمێسکیشم نەدەڕشت. هەموو دنیام بۆ "جوانی و مەزنی" دەگۆڕی. تەنانەت لەنێو پیسترین زۆنگاودا بەدوای "جوانی و مەزنی"دا دەگەڕام و دەمدۆزییەوە. وەک ئیسفەنجێکی تەڕ دەگریام و فرمێسکم دەڕشت. هەروەها بۆ نموونە، ئەگەر هونەرمەندێک تابلۆیەکی بکێشایە، خێرا بە خۆشیی هونەرمەندەکە شەرابم دەنۆشی، چونکە حەزم لە هەموو "جوانی و مەزنی"یەکە، یان ئەگەر نووسەرێک بەرهەمێک (هەر چۆنێک بێت) بنووسێت، هەر لەوێدا و بە

خۆشیی ئەوەوە پێکێک هەڵدەدەم. ئیتر هەر ئاوا. چوزانم، چونکە من گشت "جوانی و مەزنی"یەکم خۆش دەوێت. لەم ڕێگەیەوە ڕێزی زۆری خەڵکم بەدەست دەهێنا. خۆ ئەگەر یەکێک بێڕێزیی لەگەڵمدا بکردایە، زۆر زوو ئاگادارم دەکردەوە کە هەڵەیە. هەمیشە ئەوەم لە بیر بوو کە: "ئاسوودە بژی و شادمان بمرە" چۆنە؟ بەڵێ، لە ڕاستیدا ناوازەیە! زۆر ناوازەیە! ئەوسا لە ورگم دەگەڕام با هەر گەورە بێت، زۆریش گەورە بێت، هەروەها چەناگەیەکی بەقووڵاچووی سێگۆشە. لووتیشم چاک ئامادە دەکەم. بە جۆرێک هەر کەس لە شەقامدا بمبینێت، لەجێی خۆیدا بوەستێت و بڵێت: "ئای چ پیاوێکی گەورە و گرانە" بەڕێزەکانم، چی دەڵێن بیڵێن. خودی ئەم قسانە شایانی ئافەرینن. لەم سەردەمە نادروستەدا، بیستن یان بینینی ئەم قسانە مایەی شادی و خۆشین. شادی و خۆشییەکی بێکۆتا.

- ٧ -

هەموو ئەم خەیاڵانە خەونێکی ئاڵتوونیی پووچن! ڕەنگە خۆتان بزانن کێ یەکەمین جار وتوویەتی: بۆیە مرۆڤ کاری دزێوو و ناشایستە دەکەن، چونکە نازانن چییان دەوێت و لە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خۆیان بێئاگان. ئەگەر باسی خواستە ڕاستەقینە و سروشتییەکانی خۆیانیان بۆ بکەین، زۆر زوو دەستبەرداری کارە ناشیرین و دزێوەکانی خۆیان دەبن، چونکە لە حاڵێکی وادا کە بزانن خواستە ڕاستەقینە و ئاساییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا وێک دێتەوە، حەتمەن لە کاری چاکەدا بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن، نەک بە پێچەوانەوە، چونکە هەموو دەزانین کەس لە دژی بەرژەوەندیی خۆی کار ناکات. کەواتە بەرئەنجامەکە وا دەکەوێتەوە، کاتێک مرۆ بە چاکە و خراپەی خۆی بزانێت، بە ناچاری کاری باش هەڵدەبژێرێت.

ئاهای! منداڵە شیرەخۆرەکە، منداڵە سادە و ساکارەکە! ئەوە چیت وت؟ تەنانەت بە درێژایی سەدەکانی پێشوو، کەی دیوتانە، ئەگەر بۆ جارێکیش بووبێت، کەسێک تەنیا لەبەر سوود و بەرژەوەندیی خۆی دەستی بۆ کارێک بردبێت؟ کەواتە، وەڵامی ئەم ملیونەها هەقیقەت و ڕاستییە چۆن دەدرێتەوە؟ هەمان ئەو هەقیقەتانەی بەڵگەن لەسەر ئەوەی مرۆڤەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زانیویانە، بە بڕوایەکی پتەوەوە، بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە کە لەپێناوی بەرژەوەندییە

تایبەتی و ڕاستییەکانی خۆیاندا تێبکۆشن، کەچی لە دواییدا، لەگەڵ ئەو هەموو کۆشش و هەوڵانەدا، ئەوەی ویستوویانە نەیانکردووە و ڕێگەیەکی تریان لەبەرگرتووە، تەنانەت ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەوە، بە ڕێگەیەکی پڕ لە مەترسیدا هەنگاویان ناوە. لە کاتێکدا هیچ شتێک ناچاری نەکردبوون ڕێگەی دووەم هەڵبژێرن، بەڵکو وا ڕێگەی دووەمیان لەبەرگرتووە، وەک ئەوەی بەتایبەتی ویستبێتیان گوێ بە بەرژەوەندییەکانی پێشووی خۆیان نەدەن. وەک بڵێی لە دەستی هەڵهاتبن، یان ژێرپێیان خستبێت. بەو سەرکێشی و پێداگرییەوە، ویستوویانە چەند بتوانن بە پێچەوانەی ئەو بەرژەوەندییانەوە بجووڵێنەوە. ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە سەرەڕۆیی و هەڵەشەیی بە لای ئەو کەسانەوە، چاکتر و پێویستترە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکەی خۆیان.

بەرژەوەندیی تایبەتی کامەیە و مانای چییە؟ ئایا دەتوانن ئەوە بە تەواوی ڕوون بکەنەوە، مەبەستتان لەو بەرژەوەندییە تایبەتییە چییە کە باسی لێوە دەکەن؟ لە کوێیە؟ چۆنە؟ با وای دابنێین خەڵکی ناچار کراون حەزیان لە کارە هەرە خراپەکان بێت تا چاک و چاکترەکان. تەنانەت ئەو هەرە چاکانەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەپارێزن، ئەگەر بە ئاسانی ئەمە بکرێت، کەواتە بنەما ئاکارییەکان لە کوێن، یان هەر نەماون! ئەو بنەما و یاسایانەی کە خۆتان باستان لێوە کردن، کە گوایە مرۆڤ بەدوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیەوەیەتی، هەمووی پووچ و بێمانا دەردەچن. باشە، بەڕێزان، ئێوە لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟ دەشێت گریمانەیەکی وا بکرێت یان نا؟ پێدەکەنن؟ باشە، پێبکەنن، من هیچ باکم نییە. تەنیا داواتان لێ دەکەم وەڵامم بدەنەوە. ئایا ئەم جۆرە بەرژەوەندییەی خەڵک

تۆمار و پۆلێن کراون؟ ئایا ناکرێت جۆرە بەرژەوەندییەک هەبێت کە هێشتا پۆلێن و تۆمار نەکراوبن؟ ئایا سوود و بەرژەوەندییەک لەئارادا نییە کە قابیلی ڕیزبەندی و ئامارکاری نەبێت؟ بەڕێزان، ئەوەندەی من بزانم، ئێوە پێڕستی بەرژەوەندییەکانی خەڵک، ژمارە و ئامار و فۆرمەلە زانستی و کردەییەکانتان خستووەتە دەرەوە و باسی لێوە ناکەن. ئەوەی ئێوە ناوی بەرژەوەندیی لێ دەنێن، تەنیا خۆشگوزەرانی، سامان، ئازادی و ئاسوودەییە، واتا ئەگەر یەکێک ڕاشکاوانە بە پێچەوانەی ئەم بەرژەوەندییە تۆمارکراوەی ئێوەوە کار بکات و لە هەوڵی بەدەستهێنانی شتێکی تردا بێت، بە بڕوای ئێوە، بەڵێ، بێگومان بە لای منیشەوە، یان گەوجە، یان شێت و خەڵەفاوە. وا نییە؟ لەگەڵ ئەمەیشدا، شتێک هەیە بۆ من سەرسوورڕهێنەر و لە هەمان کاتدا نادیارە. ئەویش ئەوەیە کە بۆچی ئەم هەموو بەڕێزە ئامارگیرانە، هزرمەند و مرۆڤدۆستانە، لە کاتێکدا کە ئاماری قازانج و بەرژەوەندییە مرۆڤییەکان دەکەن، هەمیشە چاوپۆشی لە یەکێک لەو سوود و بەرژەوەندییانە دەکەن و نایەنە باسکردنی. تەنانەت لە لیستی بەرژەوەندییە گەورەکانیشدا ناوی نابەن، یان هیچ نەبێت وەک پێویست ناینووسن، لە کاتێکدا کە لە کۆتاییدا هەموو بەرپرسیاریەتییەک پەیوەندە بەو بەرژەوەندییەوە. باشە، خراپ نییە گەر بتوانین ئەو سوود و قازانجانە وەربگرین و زۆر سادە بیانخەینە لیستی سوود و بەرژەوەندییە گشتییەکانی مرۆڤەوە، بەڵام بەداخەوە هەموو بەدبەختییەکە لێرەدایە کە ئەم بەرژەوەندییە سەیروسەمەرەیە ناچێتە هیچ خانەیەکی پۆلێن و فۆرمەلەکردن و ئامارکارییەوە. تەنانەت ناتوانیت لە هیچ لیستێکی تریشدا جێی بکەیتەوە، بۆ نموونە من هاوڕێیەکم

هەیە... ئاهـ.. بەڕێزان چ دەڵێم، هاوڕێی ئێوەیشە، جا هاوڕێی کێ نییە؟ بەڵێ، ئەم هاوڕێ بەڕێزەم کاتێک خۆی بۆ کارێک ئامادە دەکات، ڕاشکاوانە و بە ڕوونی دەدوێت و شرۆڤەی کارەکەی دەکات، بۆ نموونە چۆن دەبێت کارەکە بەپێی یاسا و هۆشیارانە ئەنجام بدرێت. بەڵێ، ئەم هاوڕێیە، زۆر بە گەرمی باس لە بەرژەوەندییە گشتی و سروشتییەکانی مرۆڤ دەکات. گاڵتەیش بەو کەسە گەوجانە دەکات کە نازانن کاری چاک کامەیە و لە بەرژەوەندییەکانیشیان بێئاگان. بەڵام ئەم برادەرە هەر دوای چارەکە سەعاتێک، بەبێ هیچ پاساوێک، یان هۆکارێکی پێشهاتوو، بەڵکو تەنیا لەبەر حەز و ئارەزوویەکی ناوەوەی خۆی کە لەوانی پێشووی بەهێزترن، لە ئاوازێکی تر دەخوێنێت، کە تەواو بە پێچەوانەی هەموو ئامۆژگاری و ڕاکانی پێشووتریەتی، واتا دژی یاساکانی هزر و هەقیقەت، دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیشی. بە کورتی، دژی هەموو شتێکە. لەگەڵ ئەمەیشدا -خۆتان دەزانن- کە هاوڕێکەی من پیاوێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت هەر بە تەنیا ئەو تاوانبار بکەین، ئەوەیان کارێکی باش نییە و بێویژدانییشە.

بەڕێزان، دەتانەوێت بڵێین بەڕاستی هیچ سوود و بەرژەوەندییەک لەوە بەنرخ و گرنگتر نییە کە هیی خودی مرۆڤە؟ یان -بۆ ئەوەی لە لۆژیک دوورنەکەوینەوە- وای بڵێین کە، ئایا هیچ بەرژەوەندییەک هەیە لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی مرۆڤەوە بێت؟ ئەگەر تەماشای فەرهەنگی سوود و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ بکەین، لە هیچ جێگەیەکدا ئەمە نابینین. بەرژەوەندیی مرۆڤ لە هەموو بەرژەوەندییەکانی دی بەهێز و بەنرخ و گرنگترە. مرۆڤ لەبەر خاتری ئەو بەرژەوەندییە دروست بووە. بێجگە لەمە دەتوانێت پشت لە

هەموو سوود و بەرژەوەندییەکانی تر بکات، یاساکانی پشتگوێ بخات و لە دژیان بوەستێت. واتا دژی هزر، ڕێز، ئاسوودەیی و خۆشبەختیی خۆی. بە کورتی لە دژی هەموو چاکە و جوانی و قەشەنگییەکانی ئێوە بێت، تەنیا لەبەر بەرژەوەندییە گەورە و بەسوودەکانی خۆی. لەبەر بەرژەوەندییەک بە لای ئەوەوە لە هەموو شتێک بەنرخترە.

لەوەدەچێت بتانەوێت قسەم پێ ببڕن. بە هەرحاڵ باسەکە لەبارەی بەرژەوەندییەوەیە، بەڵام کەمێک بوەستن تا زیاتر ئەمەتان بۆ ڕوون بکەمەوە.

ئەوەی دەیڵێم نە وەهمە و نە خەیاڵ، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێک بەڵگە و بنەما دروست بووە. ئەو بەرژەوەندییەی لێی دواین ناچێتە هیچ لیست و پۆلینێکی فەرمیی بەرژەوەندییەکانەوە و هەموو ئەوانەیش تێکدەشکێنێت. هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی مرۆڤ بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن، یان بەختەوەرکردنی ئەوانی دی دایانناوە، هەر هەموویان هەڵدەوەشێنێتەوە و بە مەحاڵیان دەزانێت. لێ پێش ئەوەی ناوی بهێنم، دەمەوێت خۆم لە مەترسییەک بهاوم، بە ئاشکرا بڵێم کە تێکڕای ئەم ڕەوش و ڕێنماییە جوان و قەشەنگانە، تەواوی ئەم تێز و یاسایانەی دەیەوێت ئەوە بۆ مرۆڤ ڕوون بکاتەوە کە بەرژەوەندیی ڕاستەقینە و سروشتییەکانی کامانەن، بۆ ئەوەی چاکتر بن و خۆشتر بژین، بە بڕوای من، هەموو ئەمانە هیچ نین بێجگە لە لۆژیکێکی وشک و بێگیان. بەڵێ، لۆژیکێکی وشک و بێگیان. ئەم تیۆری چاککردنەی مرۆڤ و سیستمی ژیان و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، تا ڕادەیەک لەگەڵ

بیروڕاکانی (بوکل[١])دا وێک دێتەوە. ئەو دەیگوت مرۆڤ لەژێر کاریگەریی فەرهەنگ و شارستانییەتدا وردەوردە نەرم و ئارامتر دەبێت، کەمتر تینوی خوێن و گیانی دڕندایەتیی تیا نامێنێت و حەز بە شەڕ و توندوتیژی ناکات. من وا دەزانم (بوکل) تەنیا لەڕێی هاوکێشە لۆژیکییە پتەوەکانەوە بەم ئەنجامە گەیشتووە. بە هەرحاڵ مرۆڤ شەیدای سیستم و میتۆددروستکردنە. بە لایەوە بەرئەنجامە ئەبستراکتەکان کە لە ڕێی هزرەوە قاڵبگیر دەکرێن، بەهایەکی زۆر زۆریان هەیە. بەردەوام ئامادەیە هەر بە ئانقەست هەقیقەتەکان هەڵبگێڕیتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی پاساو بۆ لۆژیک و بابەت و وتەکانی بهێنێتەوە. ئەو ئامادەیە چاوی نەبینێت و گوێی نەبیستێت، بۆ ئەوەی ئەو سیستمەی دروستی کردووە وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بەڕێزان ئەمە وا نابێت! چاوتان بکەنەوە، لەملا و ئەولای خۆتان بڕوانن، خوێن لافاوی کردووە، هەموویشی بەپێی یاسا و دەستوورەکانی ئایینە! خوێن وەک شەمپانیا دەڕژێت. ئەم سەدەی نۆزدەیە لە بەرچاو بگرن، هەمان ئەو سەدەیەی بوکلی تیا ژیاوە. یەکێکمان هەیە ناوی ناپلیۆنە، هەم بۆناپارت و هەم ئەوەی سێیەم. پاشان دێینە سەر ئەمریکای باکوور، شەڕە درێژ و بەردەوامەکانی، گاڵتەجاڕییەکانی ناوخۆی ئەورووپای باکوور[٢] و هتد...

هەنووکە تکاتان لێ دەکەم ئێوە بیڵێن، چۆن و لە کوێ فەرهەنگ و شارستانیەت مرۆڤی نەرمونیان کردووە؟

---

[1] هنری توماس بوکل (١٨٢١ – ١٨٦٢) مێژوونووسێکی ئینگلیزییە، لە کتێبی مێژووی شارستانیەت لە ئینگلتەرادا بە درێژی باس لەم بیرۆکەیە دەکات.

[2] ئاماژەیە بە شەڕی جیابوونەوەی نێوان بروسیا و نەمسا، ساڵی (١٨٦٣ – ١٨٦٤)

فەرهەنگ توانای دەرککردنی مرۆڤی بەهێزتر کردووە، هێزی جیاکردنەوە و لێکدانەوەی لە مرۆڤدا زیاتر کردووە و... تا ڕادەیەک ئەمەیە کاری فەرهەنگ و شارستانیەت. هەر بە هۆی گەشەسەندنی توانای دەرککردنەوەیە کە مرۆڤ توانیویەتی چێژ لە خوێنڕشتن بکات و بەردەوامیش بێت لەسەری. ئێستایش وەک ڕابوردوو ڕەفتار دەکات. ئایا سەرنجی ئەوەتان داوە کە تاوانبارترین و خوێنمژترین کەس، تا ڕادەیەک هەموویان لەوانە بوون کە شارستانیترین کەسن؟ لەو کەسانە بوون کە تەنانەت ناتوانین ئاتیلا و ڕازینیان پێ بەراورد[1] بکەین. خۆ ئەگەر ئەمانە، ئەم کەسانەی وەک ئاتیلا و ڕازین نەناسراون، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ژمارەیان زۆرە، لە هەموو جێگەیەکدا بوونیان هەیە و ئاسایین. هەر لەبەر ئەوەیە کە کەس بایەخیان پێ نادات، هەموو لە بینینیان بێزار بووین، تاقەتی ئەوەیشمان نییە بەدوایاندا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە.

هەرچۆنێکە، مرۆڤ لە سایەی شارستانیەتدا، نەک تەنیا لە جاران زیاتر تینووی خوێن بووە، بەڵکو بووە بە خوێنڕێژێکی لە جاران ناشیرین و قێزەونتر. گەلێک ناقۆڵا و دزێوتر لە جاران. لە ڕابوردوودا، هەق و دادوەرییەکی بە خوێنڕشتنەکە دەدا و بە ویژدانێکی ئاسوودەوە هاوڕەگەزەکەی خۆی دەکوشت. کە دەیویست کەسێک بکوژێت، بڕوای بە کوشتنەکەی هەبوو. بەڵام لە ئێستادا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر دەمێکە دەزانێت کوشتن کارێکی گەلێک چەپەڵ و دزێوە، کەچی زیاد لە جاران خوێنڕێژی دەکات. چاکە، کام خوێنڕشتن دزێوترە؟ ئێوە خۆتان بیڵێن. بێگومان کیلۆپاترا (ببوورن کە

---

[1] ڕێبەری ڕاپەڕینی قەوقازەکان ساڵی (١٦٦٧ - ١٦٧١) کە حەفتاویەک کەسی تیا لە سێدارە درا.

نموونەی سەردەمانی کۆن دێنمەوە) پێی خۆشبوو دەرزییە زێڕەکانی خۆڕازاندنەوە بکات بە سنگی کەنیزەک و هاودەمەکانیدا، چونکە خۆشیی لە شیوەن و گریانەکەیان دەبینی و چێژی لێ وەردەگرت. ڕەنگە بڵێن چاکە ئەم وەحشەتگەرییە پەیوەندیی بە سەردەمی بەربەریەتەوە هەیە و بە ئێستا چی؟ دەڵێم ئێستایش ئێمە هەر لە سەردەمی بەربەریەتدا دەژیین. بەپێی ئەم دەوروزەمانە، ئێمەیش دەرزی بە سنگی خەڵکدا دەکەین، لەگەڵ ئەوەیشدا کە مرۆڤی ئەم سەردەمە، بە نیسبەت سەردەمانی بەربەریەتەوە، لە هەندێک بواری زانستی و ماددیدا پێشکەوتووە و باشتر لە ڕابوردوو لە دنیا دەڕوانێت و دەکۆڵێتەوە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ڕەفتاری لەگەڵ هزر و هۆشیدا بگونجێنێت و بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکات کە زانست فێری کردووە.

بەڕێزان، وا دەزانم هێشتا ئێوە تەواو لەوە دڵنیان، ڕۆژێک دێت مرۆڤ لەگەڵ ئەو کارە باشانەدا ڕادێت، کە پێشتر باسم کرد. دەڵێن کە دوا پاشماوەی دابونەریتە گەوجانەکەی پێشووی لە بیر کرد، ئەوسا هۆشیارانە ڕەفتار دەکات. ئەو کاتە هزرێکی تەندروست، بە یارمەتیی زانست و دانایی، سروشتی مرۆڤ پەروەردە دەکات و دەیگۆڕێت بە کەسێکی هزرمەند و هۆشیار، ڕێنماییەکی ئاقڵانەی دەکات و ئیتر بە ویست و ئارەزووی خۆی هەڵە و نابەجێی ناکات و ئەم گەندەڵییەی دنیای داگرتووە، کۆتایی دێت. با بڵێین، خواست و ئارەزووە سروشتییەکانی هەر ئاوا فەرامۆش ناکات و پەراوێزیان ناخات. بەڵێ، پاشانیش، ئەوە زیاد دەکەن و دەڵێن کە لەو مێژووەدا خودی زانست دەبێت بە مامۆستای مرۆڤ (بە ڕای من ئەو جۆرە زانستەی ئێوە باسی لێوە دەکەن،

شتێکە تەنیا بۆ جوانی و خۆشییە) ئێوە دەڵێن مرۆڤی ئایندە خۆپەرستی و داوای نابەجێی نییە، دەڵێن لە ڕووی زانستییەوە مرۆڤ شتێکە لە بابەتی دوگمەی پیانۆ، یان ئۆرگێکی دەستی. دەڵێن جگە لە ئێمە لە دنیای بووندا یاسای سروشتیش هەر هەیە، بۆ نموونە ئەوەی مرۆڤ دەیکات، لەسەر ویست و ئارەزووە شەخسییەکانی نییە، بەڵکو هەر لە خۆوە دروست دەبن، بەپێی یاساکانی سروشت. بە لای ئێوەوە، تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئێمە ئەو یاسا سروشتییانە بدۆزینەوە. کە دۆزیمانەوە، ئیدی دەتوانین بڵێین، مرۆڤ بە هیچ جۆرێک لەو کارە بەرپرسیار نییە کە دەیکات. ئەو دەتوانێت ژیانێکی سادە و ئاسان لەبەربگرێت. ئەوسا دەتوانرێت هەموو کار و ڕەفتارەکانی خەڵک، بەپێی ئەو یاسایانە، ڕیزبەندێکی بیرکارییانەی بۆ ئەنجام بدرێت، تا ڕادەیەک وەک خشتەی لوگاریتم تا ١٠٨،٠٠٠ بژمێرێت. پاشان ئەم ژمارانە لە ڕۆژژمێر یان لە ناملیکەیەکدا تۆمار بکرێت، یان کەمێک چاکتر و چروپڕتر لە چەند بەرگی کتێبێکدا بە باشی بڵاوبکرێتەوە. ئەو بەرگانە دەبن بە شتێکی وەک ئینسایکلۆپیدیاکانی ئەمڕۆ، کە هەموو کار و کردەوە چاکەکانی مرۆڤیان تیا کۆدەکرێتەوە و بە وردی هەموو شتێکیان تیا باس دەکرێت. لەو ڕۆژگارەدا، لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا، هەڵسوکەوت و کاری ناڕەوا و کارەساتی تازەی بێ پێشینە ڕوو نادات. ئەوسا، (بەڕێزان، هەموو ئەمانە بیروبۆچوونی ئێوەیە) یاسا و پەیوەندیی تازەی ئابووری بەدەست دێت. یاسا و پەیوەندییەک کە ئەوانیش بە چاکی ئامادەکراون، وەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شێوەی بیرکاریدا گونجێنروان و بە چاوتروکانێک هەموو کێشە و پرسەکانی خەڵک چار دەکرێت. هەر لەبەر ئەوەی کە

پێشتر ئێمە هەموو وەڵامە زانستییەکانمان لە یاسا و پەیوەندیدا پێشبینی و ئامادە کردووە، ئەوسا کۆشکێکی بلورین[١] بۆ خەڵکی ئامادە دەکرێت و... بە کورتی، هومای[٢] بەختەوەری باڵ پێکدا دەدا و لە سەربانی ئەم کۆشکە بلوورینەدا دەنیشێتەوە. چاکە... بێگومان بەدیهاتنی ئەم خەیاڵانە دەستەبەر ناکرێن (لێرەوە ئیدی بیروباوەڕی خۆم دەڵێم) لە حاڵێکی وادا ژیانی ئێمە گەلێک ناخۆش دەبێت. چونکە ئەگەر وا بڕوات، ئەگەر هەموو شتەکان لەپێشدا بەو جۆرە ڕێکوپێک کرابن، کەواتە ئەی ئێمە لەمەودوا چی بکەین؟ چونکە بە هەمان ئەو ڕێژەیەی کە ژیانێکی هۆشیارانە دروست دەکەین، ئەو ناخۆشی و ڕۆتینی ژیانەیش لە داهێنانمان دەخات و ناتوانین هیچ بکەین و بێزار دەبین. ئەو دەرزییە زێڕەی پێشتر باسم لێوە کرد، لە ئەنجامی ئەو بێزارییەوە بوو کە دەکرا بە مەمکی کەنیزەکەکاندا، ئەگینا هیچ هۆکارێکی تر لەدوای ئەوەوە نییە. هەنووکە وا چاکە لەو بارەیەوە قسە نەکەین. لە هەمووی قێزەونتر و نەفرەتیتر ئەوەیە کە بە دەرزیاژنکردنی سنگی ئەوانی دی شاد و دڵخۆش بین!

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، مرۆڤ گەمژەیە. گەمژەیەکی تا سەر ئێسقان! ئەگەر گەمژەیش نەبێت، زۆر هەقنەناس و سپڵەیە. ئەگەر بمانەوێت یەکێکی لەو سپڵەتر بدۆزینەوە، دەبێت بە چرای ڕۆنگەرچەک بەدوایدا بگەڕێین و هەر نایشیدۆزینەوە، بۆ نموونە، لەم ڕۆژە زێڕینەدا کە ئێوە باسی دەکەن، ئەگەر

---

[1] ئاماژەیە بۆ ڕۆمانێکی چیرنیشفسکی بە ناوی چی بکەین؟ لەوێدا نووسەر باسی ساختمانێکی زۆر جوان دەکات کە لە ئاسن و بلور دروست کراوە. مەبەستی سیمای ژیانی سوشیالیستییە لە ئایندەدا.

[2] هوما باڵدارێکی ئەفسانەییە بەختەوەری دێنێت.

جەنتڵمانێک پەیدا بوو، لەگەڵ ئەم بەختەوەری و ئەقڵگەراییەدا، دەست لە کەمەر و سیمایەکی گاڵتەجاڕانەی لە خۆ گرت و وتی: "ئامادەبوانی بەڕێز، ئێوە دەڵێن چی؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە لەم هزر و لۆژیکەی ئێوە هەڵبدەین، هەموو ئەم لوگاریتمنووس و بیرکارییە نەفرەتی و شوومانە بۆ دۆزەخ ڕەوانە بکەین، چەند بتوانین وەک ڕابوردوو پەیڕەوی لە حەزە شێتانەکەی خۆمان بکەین و ئەوسا چۆن دەژیاین، وا بژین؟" ئەگەر جەنتڵمانێکی وا پەیدا بوو، من هەرگیز سەرسام نابم، چونکە مرۆڤ بە غەریزە سپڵەیە، ڕێز لەو دنیا جوانە ناگرێت کە ئێوە بۆتان ئامادە کردووە، تازە، کاری ئەو جەنتڵمانە بەڕێزەیش هێند ناشیرین نییە. تەنیا ئەوەیە کەمێک بەئازار و توانجئامێزە. لەمەیش ناخۆشتر ئەوەیە، کە ئەم جەنتڵمانە بەڕێزە، ڕەنگە، نەخێر چیم وت: "بێگومان و بە دڵنیاییەوە" چەند موریدێکی بۆ پەیدا بێت کە بڕوای پێ بکەن.

چاکە، مرۆڤ وا دروست بووە کە بەڵگە و پاساوی زۆر پووچ و بێمانا دەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی چی ئارەزوو دەکات و پێی خۆشە، ئەوە بکات. بە هیچ جۆرێک نایەوێت هەنگاو بۆ ئەوە بنێت کە هزر و بەرژەوەنییەکان داوای لێ دەکەن، چونکە لەوانەیە ئەوەی ئارەزووی دەکەین دژواز بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانماندا. ڕەنگە هەندێک جار وا پێویست بکات حەز و ئارەزووە شەخسییەکانمان، کە لەوانەیە زۆر گەوجانەیش بن، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانماندا وێک نەیەنەوە و دژی یەکتر بن (ئەمە بەشێکە لە بیروبۆچوونی خۆم) بەڵام لەو ئارەزووە تایبەتییانەدا، لەو حەزە شەخسییانەدا کە هەندێک جار دەگاتە سنووری شێتبوون، ئەو سوود و بەرژەوەندییانە هەبن کە لە هیچ لیست و پۆلێن و فەرهەنگێکدا جێیان

نەبووبێتەوە و نەنووسرابن. من ئەمانەم بە ناوی بەرژەوەندترین و بەکەڵکترین بەرژەوەندی ناوناوە، کە مەحاڵە بتوانیت پۆلینیان بکەیت. هەر لەبەر ئەمەیشە هەموو تیۆرەکان، هەموو لێکدانەوە و سیستمە لۆژیکییەکان بە هەڵە دەردەچن و وەک نەبووبن، وایە. زانا و دانا و پسپۆڕە سۆسیۆلۆژەکان لە کوێ دەزانن کە پێویستە مرۆڤ خاوەن ویستێکی ڕەسەن و لایەق و سەنگین و سروشتی بێت؟ چۆن بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەک بیریان لەوە کردەوە کە مرۆڤ پێویستی بە هزرێکە، بەرژەوەندییەکەی بپارێزێت؟ مرۆڤ تەنیا و تەنیا پێویستی بە ئیرادەیەکی سەربەخۆیە، با زۆریشی لەسەر بکەوێت، نەک خۆی بداتە دەست حەز و ئارەزووەکانی، بەڵام ئەم ئیرادەیە... تەنیا شەیتان دەیزانێت کە...

- ٨ -

دەزانم ئێستا قاقا لێ دەدەن و دەتانەوێت قسەم پێ ببڕن، "ها... ها ها! کام ئیرادە! بۆ ئیرادە هەر بوونی هەیە؟ هەرگیز. ئەمڕۆ زانست زۆر بە وردی بوونی مرۆڤی شی کردووەتەوە. هەموویش دەزانین کە ئەم ئیرادەیە، یان ئەوەی پێی دەوترێت ئازادی، هیچ نییە جگە لە..." بەڕێزان، کەمێک بوەستن، خۆیشم دەمویست ئەمە بڵێم، ددان بەوەدا بنێم کاتێک بەمە گەیشتم کەمێک ترسام. گەیشتبوومە جێگەیەک دەمویست بڵێم ئەم ئیرادەیە تەنیا شەیتان دەیزانێت بە چییەوە بەستراوەتەوە. دەبێت ئێمەیش، نازانم، بۆ بوون و نەبوونی ئەم ئیرادەیە سوپاسی خودا بکەین و... کە لە ناکاوێکدا زانستم بیرکەوتەوە، هەمان ئەو زانستەی کە ئێوە فەرمووتان و... ئێوە قسەتان پێ بڕیم. چاکە، با وای دابنێین ڕۆژێک هەموو حەز و ئارەزووەکانی خۆمان فۆرمەلە کرد. مەبەستم ئەوەیە لەوە گەیشتین کە ئەم حەز و ئارەزوانە لە کوێوە دێن، پەیوەندییان بە چییەوە هەیە و بەپێی چ یاسا و ڕێسایەک دروست دەبن و بڵاودەبنەوە. بە شێوەی جۆراوجۆر و دژواز بەرەو کوێ دەچن. بە کورتی، بەپێی فۆرمەلەکردنێکی ڕێک و ڕاستی و گونجاو کە لەگەڵ بیرکاریدا دەستمان کەوتبێت. لەو حاڵەتەدا، مرۆڤ لە هەر شوێنێکدا بۆی بلوێت. بە پەلە دەست لە خواستەکانی هەڵدەگرێت و نایەوێت بە هیچ جۆرێک خاوەن ئیرادە بێت. چ خۆشییەک لەوەدایە مرۆڤ هەرچییەکی بوێت

بەپێی هەڵسەنگاندن و خشتەیەکی ماتماتیکی داوای بکات؟ هەر بەمە کۆتایی نایەت. ئەگەر وا بێت، مرۆڤ دەبێتە پیانۆ، یان ئۆرگی دەستی، یان شتێکی لەم بابەتە موزیکانە. مرۆڤ بەبێ حەز و ئارەزووەکانی، بەبێ ئیرادەی خۆی، دەتوانێت چی بێت، جگە لە کلیلی تار و دوگمەی پیانۆ؟.

ئێوە دەڵێن چی؟ ئایا دەبێت دیسان لەسەر شتە هەرە ئاشکراکان قسە بکەین؟ ئایا دەشێت گریمانەکەمان بێتە دی، یان نا؟ ئیدی بڕیاری خۆتان بدەن و تەواو. بڵێن لەبەر ئەوەی ڕوانگە و دنیابینیی ئێمە دەربارەی بەرژەوەندییەکانمان هەڵەیە، کەواتە ئیرادەیشمان بە لاڕێدا دەچێت. هەر لەبەر ئەمەیشە، گەلێک جار داوی شتی بێمانا دەکەین. لەبەر نەزانی و گەلۆری خۆیشمان، بۆ گەیشتن بە شتێک کە بە باش و لەباری دەزانین، ئاسانترین ڕێگە هەڵدەبژێرین. لێ کە شتەکان ڕوون بوونەوە و ڕەش و سپی جیاکرانەوە (بێگومان هەرگیز ئەمە مەحاڵ نییە، چونکە ئەوانەی دەڵێن مرۆڤ هیچ کاتێک پەی بە یاسا و ڕێساکانی سروشت نابات، قسەیەکی پووچ و بێمانا دەکەن) ئەگەر وا بێت، کەواتە ویست و ئارەزوو بوونی نییە. خۆ ئەگەر جارێک خواستەکانمان هاودەنگی ئەقڵ بێت، ئیتر داواکاریەکانمان ئاقڵانە دەبێت، چونکە ڕاستە ئەمڕۆ بە ئەقڵ بیردەکەینەوە، بەڵام بە قسەی ناکەین، بۆیە لەوانەیە لە دواییدا بەدوای ویست و ئارەزوویەکی زیانبەخش و نادروستدا بگەڕێین. لێ لەو کاتەدا کە لەبەر ئەوەی بە وردی بە گشت مەیل و بیرۆکەکانمان گەیشتووین و بۆ هەمیشە یاساکانی ئەو ویستە ئازادەمان دۆزیوەتەوە کە باسی لێوە دەکەن، بەرئەنجامی کار و ئیرادەمان بەپێی هەمان لیست و پۆلین دەبێت کە پێشتر لێی دواین، بۆ نموونە ئەگەر پێیان سەلماندم

فلانە ڕۆژ دەمەلاسکێی کەسێکم کردووەتەوە و ناچاریش بووم کە هەر دەبوو ئەوە بکەم، واتا لەو چرکەساتەدا هەردەبوو ئەو لاساییە بکەمەوە. دەمەوێت بزانم لەم حاڵەتەدا ئیدی کامەیە ئەو ئازادییەی بۆ من دەمێنێتەوە؟ بەتایبەتی ئەگەر من کەسێکی ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامەی زانکۆیەکی گرنگ و باڵایش بم. کەواتە من دەتوانم سی ساڵ تەمەنی پێشووی خۆم پێشبینی و ئامار بکەم. بەکورتی، ئەگەر بەم جۆرەیان کەوتەوە، ئیتر پێویستە بەردەوامی بەو بەرنامەیە بدەین و ناچارین چۆن هاتووە، هەر بەو جۆرە قبووڵی بکەین - بەڵێ، لە حاڵێکی وادا، دەبێت بەردەوام ئەوە لە یاد نەکەین کە سروشت، چەند لێیشی ناڕازی بین و بە دەستیەوە بناڵێنین، ئەو لە ئێمە ناپرسێت تۆ چیت دەوێت و چی دەخوازیت. دەبێت شتەکان وەک خۆیان قبووڵ بکەین، نەک وەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێت. ئەگەر بەڕاستییش بەپێی ئەو خشتە و لیستە کار بکەین و... ئەوسا وەک قەرع و ئەنبیقی کیمیایی لێ دێت کە دەزانین چیی لێ پەیدا دەبێت. لەم حاڵەتەدا جگە لە قبووڵکردن و خۆبەدەستەوەدان ناتوانین هیچی تر بکەین. دەبێت بەرئەنجامی قەرع و ئەنبیقەکەیش وەک خۆیان قبووڵ بکەیت، ئەگینا خودی سروشت، بێ گوێدانە مەرامەکانی ئێوە، هەرچییەکی بیەوێت دەیکات و لێیشتان ناپرسێت دەبێت چی بکەین.

ئافەرین! دەستخۆش! منیش مووبەموو هەر ئەمە دەڵێم و بڕوام پێیەتی. بەڕێزان، لێم ببوورن ماوەیەکە لە فەلسەفە دوورکەوتوومەتەوە، چونکە لە سایەی فەلسەفەوە چل ساڵ لە ژێرزەمین و لە تاریکیدا ژیام، کەواتە داوای لێبوردنتان لێ

دەکەم ئەگەر ڕێگەم بدەن کەمەکێک بکەومە دنیای خەیاڵاتی خۆمەوە.

بڕوانن! بەڕێزان، هزر و ئاوەز شتێکی جوان و ناوازەیە. کەس نکوولی لەمە ناکات، لێ هزر و ئاوەز هەمیشە وەک خۆی وایە و تاقە خۆراکی زەین و بیری مرۆڤە و هەر وایش دەمێنێتەوە. لە کاتێکدا کە ویست و ئارەزووەکان، بە پێچەوانەی ئاوەزەوە، نموونەیەکی تەواوی ژیانی مرۆڤایەتییە. دەمەوێت بڵێم سەراپای ژیانی مرۆڤایەتییە بە هەموو شتەکانیەوە. ئەگەر ژیانی مرۆڤ، بەپێی ئەوەی کە دەیبینین، سووک و چروک و گڵاویش بێت، هەر ژیانە و پەیوەندیی بە هزر و ئاوەزەوە نییە، ژیانە، نەک فورمەلەی بیرکارییانە، یان ڕەگی دووجا و ڕەگی سێجا و هاوکێشەکان. من دەخوازم ژیانێکی زۆر سروشتی بەسەربەرم. دەمەوێت هەموو تواناکانم بەدی بهێنم، بۆ ئەوەی بەختەوەر بم. نامەوێت تەنیا هزر و ئاوەزم قایل بکەم، واتا بە ڕێژەی لە سەدا بیستی توانای هزر و ئاوەزم. ئەسڵەن ئاوەز لە چی تێدەگات؟ ئاوەز تەنیا ئەو شتە دەزانێت کە ئەزموونی کردووە. شتەکانی تر ئەوە هەر هیچ. هەڵبەتە وتنی ئەمە خۆش نییە، بەڵام بۆ نەوترێت؟ سروشتی مرۆڤ تەنیا پشت بە هزر و ئاوەز نابەستێت. سروشتی مرۆڤ وەک خۆی، بە زانینەوە بێت یان بە نەزانینەوە، بەپێی ئەو حەز و ئارەزووە کار دەکات کە لە ناوەوەی خۆیایەتی، بۆ نموونە کاتێک درۆ دەکات و خۆی و خەڵکانی دی دەخەڵەتێنێت، تەواوی پێکهاتەکەی نەک بەشێکی، هەر دەژی.

بەڕێزان، من گومان دەکەم لە ئێستادا تا ڕادەیەک لەگەڵمدا بن و هاوخەمیم بکەن، چونکە بەردەوام ئەوەم پێ دەڵێن کە مرۆی شارستانی و هۆشیار، ئەو کەسەی لە دنیای ئایندەدا

دەژی، مەحاڵە بیەوێت شتێک بکات کە ئەو شتە لە بەرژەوەندیی خۆی نەبێت، ئیتر پێ بزانێت یان نا. ئێوە دەڵێن ئەمە وەک کردەیەکی بیرکاری ڕوون و ئاشکرایە، منیش تەواو لەگەڵتانم، قبووڵمە کە ئەمە وەک بابەتێکی بیرکاری ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، بەڕێزان، بۆ سەدهەمین جار وەبیرتان دێنمەوە، کە دەشێت مرۆڤ بۆ تەنیا جارێک هەر بە دەستی ئانقەست کارێکی زیانبەخش و گەوجانە، زۆریش گەوجانە بۆ خۆی بە ڕەوا بزانێت و حەزی پێی بێت، واتا بیەوێت مافی ئەوەی هەبێت بە پێچەوانەی هەموو یاساکانەوە، ئارەزووی گەوجانەترین کار بکات و ئەنجامیشی بدات، نەک کارێک کە پێویست و هزرمەندانە بێت. بەڕێزان، ڕاستە ئەو کارە هەرە گەوجانەیە، ئەو حەزە تایبەتییە، دەشێت بۆ کەسانێکی وەک ئێمە لە هەموو بەرژەوەندییەکانی دی چاکتر بێت، هەموو خەڵکیش پشتگیریی لێ بکات، بەتایبەتی کە دەشێت ئەو کارە گەوجانەیە بۆ هەندێک بوار لە هەموو بەرژەوەندییەکانی دی بەکەڵک و باشتر بێت، تەنانەت بۆ لایەنێک کە پێدەچێت زیانبەخش بێت، بەڵام هزر قبووڵی نەکات. لەم حاڵەتەیشدا، بەو کارە زیانبەخشە پارێزگاری لە شتێکی زۆر گەورە و بەنرخ و سەرەکی دەکەین کە کەسایەتی و تاکایەتیی خۆمانە. بیرمەندانێک وتوویانە بەڕاستی ئەو دوو سامانە پڕبەهاترین سەرمایەی مرۆڤن. سروشتییە ئەگەر خواست و ئارەزووەکانمان بیانەوێت لەگەڵ ئەقڵدا بگونجێن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو گونجاندنە بە خراپ سوودی لێ وەرنەگیرێت و ئەقڵ لەگەڵ خواستەکاندا نەرم و نیان و لەسەرخۆ بێت. بێگومان ئەم ڕەوشە گەلێک بەکەڵکە و تا ڕادەیەکیش شیاوی ستایشە، بەڵام زۆر جار خواست و

ئارەزووەکان لاسارانە پێ لەسەر شتێک دادەگرن کە لەگەڵ ئەقڵدا نایەتەوە و ڕێگەیەکی تر لەبەردەگرن... ئێوەیش دەزانن کە ئەم جیاوازییەش تا ڕادەیەک بەکەڵکە و کاری خواستەکان شیاوی ستایشە.

بەڕێزان، با وای دابنێین مرۆڤ گەوجە (هەڵبەت ناکرێت حوکمێکی وا بەسەر مرۆڤدا بدرێت، چونکە یەکسەر ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئەی کێ ئاقڵە؟) بە هەرحاڵ، ئەگەر مرۆڤ گەوجیش نەبێت، بێئەندازە نمەکبەحەرام و سپڵەیە. بڕوای من وایە ئەگەر پێناسەیەکی تەواو گونجاوی مرۆڤ بکەین دەبێت بڵێین، (مرۆڤ بوونەوەرێکە لەسەر دوو قاچ دەڕوات و سپڵەیە) بەڵام ئەمەیش هەموو شتێک نییە. گوناهی سەرەکیی ئەو تەنیا ئەمە نییە. گوناهە سەرەکییەکەی مرۆڤ لەوەدایە کە نائارام و ڕەوشتنزمە. ڕەوشتنزمییەکەیشی بەردەوام لە زیادکردندایە. لە تۆفانەکەی نوحەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. بەڵێ، بەرئەنجامی ئەم نائارامی و ڕەوشتنزمییە، بێئەقڵییە. لە کۆنەوە ئەمە دەزانین کە بێئەقڵی بەرئەنجامی ڕەوشتنزمی و پەشێوییەکانی ڕۆحە.

ئەمە تاقی بکەنەوە و تەماشایەکی مێژووی مرۆڤایەتی بکەن، چی دەبینن؟ چ شتێکی دەگمەن؟ چ شتێکی ناوازە؟ باشە، منیش دەڵێم دەگمەنە. تەنیا لە کولوسوس ڕودس[1] بڕوانن کە چ بەهایەکی مەزنی هەیە. بێهوودە نییە هەندێک بڕوایان وا بێت

[1] پەیکەرێکی گەورەیە یۆنانییە کۆنەکان لە دوو دوورگەی باشووری یۆناندا دروستیان کردووە. باجیان لەو کەشتییانە وەردەگرت کە بە ژێریاندا تێدەپەڕین. گەورەیی ئەو پەیکەرە بە نموونە ناودەبرا. لە ئێستادا وشەی "کولوسوس" لە زمانە ئەورووپاییەکاندا بە مانای گەورەیی بەکاردەبرێت. و. ف.

ئەوە کاری مرۆڤ نییە و خودی سروشت دروستی کردووە. ئێوە ئەم مێژووە بە ڕەنگاڵەیی دەبینن؟ چاکە، منیش هەر وای دەبینم، ڕەنگاڵەییە. ئەگەر بمانەوێت بەرگی فەرمی و ئۆنیفورمی سەربازی و دەربارەکانی سەدەی ڕابوردوو لەناو نەتەوە جیاوازەکاندا کۆبکەینەوە و پۆلینی بکەین، کارێکی گرانمان لە ئەستۆ گرتووە. چ کارێکی گەورە! هیچ مێژوونووسێک نەیتوانیوە ئەم کارە بەئەنجام بگەیەنێت. دەڵێن ئەم مێژووە، مێژوویەکی ڕۆتینە؟ باشە، منییش هەروا دەڵێم، ڕۆتینە. بەردەوام لەگەڵ یەکتردا زۆران دەگرن، ئاوقای یەکتر دەبن، شەڕ دەکەن، یەکتر دەکوژن، ئێستا شەڕ لەگەڵ یەکتردا دەکەن و لە ڕابووردوویشدا هەر وا بوون. لەمەودواییش هەر بەشەڕ دێن و هەر بەردەوام دەبن. کەواتە ئەبێت ددان بەوەدا بنێین کە ئەمە کارێکی ڕۆتینە. وا نییە؟ بەکورتی، دەتوانین هەموو شتەکان بدەینە پاڵ مێژووی مرۆڤایەتی، دەتوانرێت هەموو شتێکی تیا بدۆزرێتەوە. هەموو شتێک، هەر شتێک بە خەیاڵدا بێت لە مێژوودا هەیە. جگە لە تاقە شتێک: ئەویش ئەوەیە کە ناتوانین بڵێین **مێژووی ئێمە مێژووی هزر و ئەقڵ بووە.** ئەگەر یەکێک ئەمە بڵێت، جێی سەرسووڕمانە.

لە هەندێک ڕووەوە، لەوانەیش مێژوو، لەگەڵ یارییەکانی سروشتدا دەرگیر دەبین. دەبینین بەردەوام مرۆڤگەلێک پەیدا بوون کە ڕەفتاریان ئاقڵانە بووە و بەرەو ئامانجی مەزن هەنگاویان ناوە. هەموو تەمەنیان، تا ئەو شوێنەی توانیویانە ئاقڵانە ڕەفتاریان کردووە. ژیانیان بووەتە چرایەک بۆ ڕێبەدیکردنی خەڵکانی دی، هەر بۆیەش ئەمەیان کردووە تا بە خەڵکی بسەلمێنن کە لەم دنیا پڕ لە پیسی و گەندەڵییەیشدا دەتوانیت ژیر و ئاقڵانە بژیت. وەک دەیزانین گەلێک لەو

کەسانە، درەنگ یا زوو، هەندێک جاریش لە دوا ساتی ژیانیاندا، وەک پێشووی خۆیان نەماونەتەوە، کار و ڕەفتاریان بە پێچەوانەی ئەوەوە بووە کە پێشتر کردوویانە، ئەو کار و ڕەفتارگەلێک کە زۆر پیس و ناشیرین بوون.

هەنووکە لێتان دەپرسم دەبێت چی لە مرۆڤ چاوەڕوان بکەین؟ مرۆڤێک بەم هەموو خەسڵەتە سەیروسەمەرانەوە؟ ئەگەر هەموو خێروبێری دنیای بەسەردا بڕژێنیت، ئەگەر تا تەوقی سەری نوقمی بەختەوەری و شادمانییەکی وا بێت کە خۆشبەختی وەک ئاو بەسەریدا بڕوات، دۆخێکی وایشی بۆ بڕەخسێنیت کە هیچ نەکات و بخەوێت و بیر لە نەمری بکاتەوە. ئەو کاتەیش هەر ئەم مرۆڤە، لەبەر ئەوەی سپڵەیە، بۆ ئازاردان و زیانپێگەیاندنتان لەگەڵتاندا بەشەڕدێت، هەموو ئەو چاکەیەی لەگەڵتاندا کردووە لەژێر پێی دەنێت، ڕەنگە لە هەمان کاتدا بیر لە شتی هەرە بێمانا و نادروست بکاتەوە. تەنانەت بۆ نەمانی خۆیشی هەنگاوی گەوجانە بنێت. هەموو ئەمانە تەنیا لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو دۆخە گونجاوەدا، کە ئەقڵ بۆی ڕەخساندووە خەیاڵە پیلانگێڕییەکەی بخاتە گەڕ. دەیەوێت لەو خۆشی و ئاسوودەییە فراوانەدا بیر و خەیاڵە هەرە ناقۆڵاکانیشی بپارێزێت و دەیشیکات. تەنیا بۆ ئەوەی کە خۆی، بوونی خۆی، مانەوە و ئیرادەی خۆی بسەپێنێت و بڵێت من هەم. خوا خۆی دەزانێت ئایا ئەم کارە پێویستە یان نا، بەڵام ئەو دەیکات. بەڵێ مرۆڤ هەر مرۆڤە. نە زاری تاوڵەیە و نە دوگمەی پیانۆ کە بۆ نموونە یاسا سروشتییەکانی ئێوە بە ئارەزووی خۆیان یاریی پێ بکەن و ئاهەنگی پێ بگێڕن. بە جۆرێک کار بکات کە ئیتر لە دەرەوەی لێپرسینەوە حەز و ئارەزوویەکی نەبێت و ڕێگەیشی پێ نەدرێت. ئەمەیش بۆ ئەو

کافی نییە، چونکە ئەگەر بەڕاستی ئەو بە دوگمەی پیانۆ نەزانین و بە زانستە سروشتی و بیرکارییەکان بۆی بسەلمێنین ئەگەر ڕەفتاری ئاقڵانە بێت چاکترە، هێشتا پەیڕەوی لە ئەقڵ ناکات و هەر بۆ دڵخۆشکردنی خۆی و بە ئانقەست کاری بێمانا دەکات. دیارە ئەمە هەر لەبەر ئەوەیە کە سپڵەیە. بۆیە ئەمە دەکات گوایە بە مەیلی خۆی ڕەفتار دەکات، نەک بە حەزی ئێوە. خۆ ئەگەر توانای لەوە کەمتر بێت بتوانێت دەست بۆ گەندەڵی بەرێت، لە خەیاڵی خۆیدا هەر بەو جۆرە بیر دەکاتەوە. چەند بتوانێت خەم و ئازار و کاری خراپ بەرهەم دەهێنێت و لاسارانە لەسەریشی بەردەوام دەبێت و نەفرەت لە دنیا دەکات، چونکە مرۆڤ تاقە بوونەوەرێکە نەفرەت بکات (ئەمە لە بەخت و تایبەتمەندییە بە سوودەکانی خۆیەتی و هەر ئەمەیشە لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە) بەم نەفرەتکردنە ئامانجەکانی دەپێکێت، واتا بە خۆی دەسەلمێنێت کە مرۆڤە، نەک ژێی تار و دوگمەی پیانۆ. ئێستا ئەگەر بڵێن کە تەنانەت لەسەر ئەم حاڵەتی تاریکی و ئازاردان و وێرانکاری و نەفرەتکردنە دەکرێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و هەڵبسەنگێنرێت، بە جۆرێک کە پێشبینییەکانی من نەیەنە دی و بچنە خانەی ئەقڵەوە. لەم حاڵەتەدا دەڵێم کە مرۆڤ شێت دەبێت، بۆ ئەوەی بیر و هزرێکی وای نەبێت ڕێگەی لێ بگرێت و بتوانێت حەز و ئارەزووەکانی بە چاکی بهێنێتە دی.

من لەو باوەڕەدام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دروستەوە لە کار و ڕەفتارەکانی مرۆڤ بڕوانین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ، لە ڕێگەی هەموو ئەو کردارانەیەوە دەیەوێت ئەوە بیسەلمێنێت کە مرۆڤە، نەک قەڵەم و ئامێری لەکارکەوتوو. تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی مانەوە و ژیانی خۆیشی بێت،

هەر حەزی بەو خۆسەلماندنە هەیە. مرۆڤ نازانێت چۆن ئەم چەمکە بسەلمێنێت، بەڵام دەبێت هەر بیکات، گردبڕانە دەبێت بیکات.

باشە، ئەگەر ئەمە ڕاستی تیابێت، ئیتر چۆن دەتوانین گوناهـ نەکەین؟ بۆ نابێت سوپاسگوزاری خوا بین کە ئەم دنیایەی بەپێی ویست و ئارەزووی ئێوە دروست نەکردووە. بە جۆرێک کە تەنیا شەیتان دەزانێت خواست و ئیرادەکانی ئێمە بە چییەوە بەستراوە؟

ئێستا کەوتنە هاوار هاوار (هەڵبەت ئەگەر بە شیاوی ئەوەم دابنێن کە هاوارم بەسەردا بکەن) کە کەس ناتوانێت ئیرادە لە تۆ زەوت بکات. ئێمە تەنیا ئەوەمان دەوێت کە ئیرادەکەت تەواو ئازادانە و لەگەڵ خواست و ئارەزووە سروشتی و ئاساییەکانتدا بگونجێت، واتا لەسەر بنەمای یاسا سروشتی و بیرکارییەکان.

بەڕێزان، کە کار گەیشتە ئێرە، ئێوە بیڵێن، ئیدی ئیرادەی ئازاد و تایبەتی من لە کوێدایە؟ ئەگەر بمانەوێت بەدوای هەڵسەنگاندن و خشتە و ئەندازەدا بگەڕێین، جارێکی دی باس لەوە بکەینەوە کە دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار، ئەوسا کوێی ئەم ئیرادە ئازادە بەپێی بژارەی منە؟ دوو کەڕەت دوو کە بەبێ ئیرادەی منیش هەر دەکاتە چوار، ئایا ئەو ئیرادە ئازادەی باسی لێوەدەکەن بەری چ دارێکە؟

## - ٩ -

بەڕێزان، دیارە من گاڵتە دەکەم، خۆیشم دەزانم کە گاڵتەکردن بێ ئەنجامە. بەڵێ، لە ڕاستیدا ناکرێت هەموو شتێک بە گاڵتە بگری، بەڵام لەو کاتەدا کە من لە داخا ددانەجیڕەمە گاڵتە دەکەم.

بەڕێزان، گەلێک پرسیار هەن ئازارم دەدەن، وەڵامم بدەنەوە. بۆ نموونە ئێوە دەتانەوێت نەریتە کۆن و بەسەرچووەکان لە مرۆڤ بسەننەوە. چاکسازییان تیا بکەن و خواستەکانیان بەرەو هزر و زانست بەرن. باشە، ئێوە لە کوێ دەزانن ئەم کارە، ئەگەر بیشکرێت، کارێکی پێویستە؟ لە کوێ زانیوتانە دەبێت مرۆڤ بەم جۆرە پەروەردە و چاکسازیی تیا بکرێت؟ چۆن بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ویستی مرۆڤ پێویستی بەم جۆرە چاکسازییانە هەیە؟ بەکورتی و پوختی؛ چۆن دەزانن ئەم چاکسازییە ڕۆحی و دەروونییانە بە چاک لەسەر خەڵک دەکەوێتەوە؟ دیسانەوە دەپرسم، چۆن لەوە دڵنیان کە دەڵێت هەمیشە وا چاکە مرۆڤ لەگەڵ بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانیدا ناکۆک نەبێت، هەروەها لەگەڵ ئەو بەڵگە هزرییانەدا کە لەگەڵ سوود و قازانجە ئاساییەکانیدا وێک دێتەوە و لەگەڵ ژمارەکانی بیرکاریدا دەگونجێت و هەمیشە بۆ خەڵکی بەکەڵکە و تەنیا لەڕێی یاسا واقیعی و سروشتییەکانەوە دەتوانرێت ڕێی ڕزگاربوونی مرۆڤ دەستنیشان بکرێت؟ وا دیارە ئەمە گریمانەیەکی بەرایی ئێوەیە، منیش هەر لەبەر ئێوە دەڵێم بانگەشەکەتان لە بنەماوە یاسایەکی لۆژیکییە. زۆر چاکە،

بەڵام دەڵێم، هەر بەو پاساوە، گریمانە و بۆچوونە لۆژیکەکانی ئێوە، ناکرێت ببن بە یاسایەکی مرۆڤایەتی و نایشبن. بەڕێزان، من، ڕەنگە وا بزانن شێت بووم، بەڵام ڕێگەم پێ بدەن خۆم لەوە ببوێرم.

زۆر چاکە. منیش دەڵێم مرۆڤ بوونەوەرێکە کاری ناوازە دەکات و هۆشیارانە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەچێت، بەردەوامیش ڕێگەیەک بەرەو ئامانجەکە هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەوە بزانن مرۆڤ بە لایەوە مەبەست نییە ڕێگەکە لە کوێدا کۆتایی دێت. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەیش نەیەوێت بزانێت ڕێگەکە بەرەو کوێ دەچێت کە بیەوێت لەو ڕێگەیەی هەڵیبژاردووە لابدات و ئازادانە بە لاڕێدا بڕوات. لەم حاڵەتەدا، دیسانەوە ناچار دەبێت ڕێگەیەک هەڵبژێرێت کە بە بڕوای من، ئەمەیان پاساوی تری لەدواوەیە. بەو مانایەی لەوانەیە بە گومان بێت کە ئایا ئەو ڕێگەیەی هەڵیبژاردووە ئەوەیە کە خۆی دەیەوێت، یان نا. تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی هەر لە خۆوە و ڕەمەکی کار دەکەن و هەمیشە دەیانەوێت بەرەو پێشەوە بڕۆن، بە لایانەوە گرنگ نییە ڕێگەکە بەرەو کوێ دەچێت و بە کوێ دەگات، بەڵکو تەنیا ئەوەیان لا مەبەستە ڕێگەیەک لەبەر بگرن. ئیتر لە کوێوە بۆ کوێ، ئەوە دیار نییە. تاقە مەبەست ئەوەیە مرۆڤ خۆی ڕادەستی وێڵگەردیەکی بێمانا و کرمۆڵی و خراوکاری بکات. هەمان ئەو کرمۆڵییەی کە دەیزانین کلیلی هەموو بەدبەختی و داماوییەکانە. بەڵێ، گومان لەوەدا نییە مرۆڤ حەزی لە داهێنان و دروستکردنە، بەڵام ئەی بۆ، لەگەڵ ئەمانەیشدا، ئەمەندە شەیدای وێرانکردن و بێهوودەییە. دیومانە تا چ ڕادەیەک ئەم کارەی لا پەسەندە و لە کاری دیی پێ چاکترە. بەڕێزان، تکایە وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە. گەلێکم

پێ خۆشە لەم بارەوە چەند قسەیەک بکەم. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بێت کە بۆچی مرۆڤ حەزی بە وێرانکاری و بێهودەیی هەیە (لای هەموان ئاشکرایە کە ئەم کارەی زۆر پێ خۆشە) ئایا لەبەر ئەوەیە کە زۆر دەترسێت بە ئامانج بگات، لەوە دەترسێت ئەو ساختمانەی لە وەهمیدا دروستی کردووە، ئەنجام بدرێت. بێزارە لە بەئامانجگەیشتن. بەڕێزان، ئێوە لە کوێ دەزانن؟ ڕەنگە ئەو ساختمانەکەی تەنیا لە دوورەوە پێ خۆشبێت، نەک لە نزیکەوە. ڕەنگە هەر خودی دروستکردنەکەی حەز لێ بکات، نەک چێژ و خۆشیی تێدا ژیانی. لەوانەیە حەزی لێ بێت مێروولە و مەڕومالآت و گیاندارانی تری تیا بژی، یان ئەو ساختمانە هەر نەبێت و تەنیا لە بیری خۆیدا بەرجەستەی کردبێت!

لە گیاندارە ماڵییەکان بڕوانن، مێروولە، مەڕ، گا و هیی تر، بۆ نموونە مێروولە گیاندارێکی زۆر ئاقڵن، منداڵی ڕاستەقینەی سروشتن، لانەی کۆک و سەیر دروست دەکەن. لە شارەکانیان بڕوانن چ ساختمانێکی قایم و پڕ بەهان، ئەمەیش مانەوە و بەردەوامییان دەسەلمێنێت و وا لە ئێمەیش دەکات ڕێزیان لێ بگرین. بەڵام مرۆڤ بوونەوەرێکی بێبارە، وەک یاریکەری شەترەنج وایە، تەنیا ڕێگەی گەیشتنی مەبەستە و هیچی تر. ئەو دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت بە ئامانج بگات، ئیتر بە هەر ڕێگەیەکدا بێت. پشتیشی پێ نابەسترێت. ڕەنگە مەبەستی سەرەکیی خودی ئامانجەکە نەبێت، بەڵکو ڕێگەی پێ گەیشتنەکەیەتی. ئاشکرایە ئەو ئامانجە شتێک نییە جگە لەو دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوارەی باسمان کرد. واتا هەمان فۆرمەلەی بیرکاری. بەڕێزان، دەشێ دوو کەڕەت دوو دەکاتە چواریەقینی و نکوولیلێنەکراو بێت. بەڵام بە هیچ جۆرێک ژیان

نییە. بە پێچەوانەوە، سەرەتای مردنە! مرۆڤ هەمیشە لەم دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار، ترساوە. من ئێستایش لێی دەترسم. با گریمانەیەک بکەین، مرۆڤ واز لە هەموو کارەکانی بهێنێت و تەنیا بەدوای دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوارەوە بێت. ئۆقیانووسەکان ببڕێت و ژیانی خۆی لەسەر دابنێت تا دەیدۆزێتەوە. بەڵام سوێند بە خودا لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا لە دەرئەنجامی دوو کەڕەت دوو دەترسێت. بۆ؟ چونکە کە بە دەستی دێنێت ئیتر شتێک لە ئارادا نامێنێت بەدوایدا بگەڕێت. ئەمەیش بەرەو شپرزەیی دەبات. کرێکار کاتێک کاریان تەواو دەکەن و کرێکانیان وەردەگرن، بەرەو مەیخانە دەچن و خۆیان مەست دەکەن، ئینجا پۆلیس دەیانگرێت و هەفتەی بێکارییان بەمە پڕ دەکەنەوە.

دەبێت مرۆڤایەتی ڕوو لە کوێ بکات؟ هەر کە بە مەبەستێک دەگات، تووشی دوودڵی دێت و سەری لێ دەشێوێت. ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانج، حەز بە هەوڵ و تێکۆشان دەکات، بەڵام حەز بە خودی گەیشتنەکە ناکات. (ناتوانم ئەمە بە ڕەهایی بڵێم، چونکە ئەگەر وا بێت مایەی پێکەنینێکی زۆرە) ئەو خودی بەئامانجگەیشتنەکەی ناوێت، ئەی باشە چی بکەین؟

پوختەی قسە ئەوەیە کە مرۆڤ تەواو بە خەسڵەتێکی پێکەنیناوییەوە دروست بووە. لە هەر شوێنێکەوە بڕوانین مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرگەردان و وێڵە. بوونەوەرێکی گاڵتەجاڕە، لێ لەگەڵ ئەمانەیشدا، لای ئەو دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار هەقیقەتێکی تاڵ و تاقەتپڕوکێنە.

بە بڕوای من ئەم بەرئەنجامی دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوارە جگە لە ڕسوایی و بێشەرمی شتێکی تر نییە. بە لای

منەوە ئەم دوو کەڕەت دوو یەکسان بە چوارە، لە زەلامێکی نابووت و بێئابڕوو دەچێت کە دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی نابێت، ڕێگەی پێ گرتبین و بە ڕاست و چەپدا تفمان لێ بکات.

من لەگەڵتاندام کە دوو کەڕەت دوو یەکسانە بە چوار شتێکی زۆر پێویست و گرنگە، بەڵام ئەگەر وا بکەویتەوە کە پیایدا هەڵبلێین و ستایشی بکەین، ئەوسا من دەڵێم "دوو کەڕەت دوو دەکاتە پێنج"، چونکە ئەمەیش لە خۆیدا سەرنجڕاکێش و گەلێک لەبەردڵانە.

ئێوە لە کوێوە بەم بەرئەنجامە گەیشتوون و تەواو سەلماندووتانە کە تەنیا وتەی ئاسایی و فەرمی و ئەرێنی، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی و لە وتەی دی چاکترە؟ وا نازانن کە لەم بۆچوون و وێناکردنەتاندا هەڵە بن؟ ئایا پێتان مەحاڵە مرۆڤ نەزانێت خۆشی و ئاسوودەیی لە کوێدایە و پێی خۆش نەبێت؟ یان بەو ڕادەیەی ئێوە تێی گەیشتوون حەزی لە تاڵی و ئازار بێت؟ لەوانەیە ناخۆشی و ئازاریش بە لایەوە بە هەمان ئەندازەی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بەسوود بێت. لە ڕاستییشدا هەندێک جار مرۆڤ ڕەنج و ئازاری یەکجار پێ خۆشە و چێژی لێ وەردەگرێت. ببوورن، بەڵام ئەمە ڕاستییە. هیچ پێویست ناکات بۆ سەلماندنی ئەمە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو. مادامەکی هێشتا مرۆڤین و کەمێک ژیاوین، پێویستە هەندێک جار ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین و ئەوسا تێی دەگەین.

ئەگەر باری سەرنجی منتان دەوێت، دەڵێم هیچ شتێک لە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بێماناتر و ناماقووڵتر نییە، ئیتر کۆتاییەکەی چاک بێت، یان خراپ. زۆر جار ڕوو دەدات کە شکاندن و وێرانکردن چێژێکی ڕاستەقینە بە مرۆڤ دەدات. من

خۆم، وەک کەسانی دی، بۆ ئازارچەشتن و ناخۆشی دروست نەبووم، بۆیە ئاساییە داوای خۆشی و ئاسوودەیی بکەم، بەڵام تەنیا... من تەنیا بیر لە حەزی شەخسی و ویستنی تایبەتیی خۆم دەکەمەوە. من بۆ ئەوە دروست بووم هەر کاتێک بمەوێت خۆم ڕادەستی ویست و ئارەزووەکانم بکەم. بێگومان ڕەنج و ئازار ڕێی ناکەوێتە کۆشکە بەشکۆکانەوە، بەڵام ناکرێت لە کۆشکە بلورینەکانیشدا بیر لە ڕەنج و ئازار نەکرێتەوە. ئازارکێشان و گومانکردن و نکوولیکردن هاوواتای یەکترین. باشە، لە کۆشکە دڵفڕێنەکاندا، چی دەتوانێت ڕێگە لە نیشتەجێگەنی بگرێت کە گومان نەکەن؟

به لای منەوە بە تەواوی ئەوە چەسپاوە، کە هیچ کاتێک مرۆڤ لە دەست ئازاری ڕاستەقینە، واتا سەختی و پەرێشانی ڕاناکات و وازی لێ ناهێنێت، چونکە ژیانە و ژیانیش هۆکاری سەرەکیی زانین و هۆشیارییە. ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئەوەم گوت کە بە بڕوای من زانین و هۆشیاری گەورەترین بەدبەختییە بۆ مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەرگیز مرۆڤ دەستبەرداری نابێت، بۆ نموونە ناسینی دنیای ناوەوەی مرۆڤ زۆر بەنرخترە لە دوو کەڕەت دوو یەکسانە بە چوار. دوای ئەوەی بە چاکی لەوە گەیشتین کە دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار، ئیتر هیچ نامێنێتەوە، جگە لە تەمەڵی و بیرنەکردنەوە. نەک تەنیا ئەمە، بەڵکو هەر گوێ بە زانستەکانی تریش نادات و بیریان لێ ناکاتەوە. تاقە شتێک مابێتەوە بیکات ئەوەیە کە هەر پێنج هەستەکەی خۆی کوێر بکات، بخزێتە کونجێکەوە و تەنیا بیر لە خۆی بکاتەوە. جا ئەگەر بەرئەنجامی ئەو لەکونجخزان

و بیرلەخۆکردنەوەیەیش بە هەمان ئەنجامی هاوکێشەی دوو کەرەت دوو دەکاتە چوارمان بگەیەنێت، واتا هیچمان نەکردووە. لێ هیچ نەبێت توانیومانە بەو دەستەوستانییەیش ئازارێک بە خۆمان بگەیەنین و تەواو خۆمانی پێ وێران بکەین. ئەمەیش لە خۆیدا میهرەبانییەک دەبەخشێت. هەرچەندە ئەم کارە، واتا بیرکردنەوە و ڕامان لە خود، گەڕانەوەیە بۆ ڕابووردوو، یان با بڵێین یارییەکی کۆنە و دەتوانیت لە دژی بوەستیت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە هەرچۆنێک بێت بوونی لە نەبوونی چاکترە.

بەڕێزەکانم، ئێوە بڕواتان بەو کۆشکە بلورینانە هەیە کە هەرگیز ناڕۆخێن و تا هەتاهەتایە دەمێننەوە، بەو مانایە کە ئێوە بڕواتان بە شتێکە ناکرێت دوودڵیی تیا بکەیت و لە دژی بوەستیت، یان گاڵتەت پێ بێت و لچی لێ هەڵقورچێنیت، بەڵام من لەو جۆرە کۆشکە دەترسم. دەترسم بڕوخێت، تەنیا لەبەر ئەوەی لە بلوور دروست کراوە و بێگومانم ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەڕوخێت. ئەگەر لەبەر ئەوەیش نەڕۆخێت کە بلوورینە، بە هۆی شتی ترەوە هەر هەرەس دێنێت. لەوەیش دەترسم کە نەتوانین بە دزییەوە لچی لێ هەڵبقورچێنین و گاڵتەمان پێ بێت، یان نەتوانین هیچ کەموکوڕییەکی لێ بدۆزینەوە.

فەرموون، ئەگەر لەباتی ئەو کۆشکە تەویلەیەک بوایە، باران بیگرتایەتەوە و منیش لەتاو باران خزابێتمە ناویەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە لەبەر ئەوەی تەویلەکە لە باران و تەڕبوون پاراستومی، ئیتر بە کۆشکی بچوێنم. پێم پێدەکەنن! دەڵێن لە نموونەکەمدا تەویلە یەکسانە بە کۆشکێکی شکۆدار و تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە. منیش دەڵێم زۆر ڕاست دەکەن. تەواو لەو لایەنەوە یەکسانن بە یەکتر و چ گومانێک لەمەدا نییە، بەڵام لێرەدا مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە لە هەردووکیاندا باران تەڕمان ناکات. بەڵام ئەی منی نەگبەت بڵێم چی! چی بکەم کە وا بیردەکەمەوە ژیان تەنیا ئەوە نییە کە باران تەڕت نەکات. ئەگەر بمانەوێت بە ناچاری هەر بژیین،

چاکتر و شیاوتر ئەوەیە لە کۆشکی جوان و ڕازاوەدا بژین، نەک لە تەویلەدا. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای من بە تەواوی چەسپیوە و لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانمدا گونجاوە. کاتێک ئێوە دەتوانن ئەمەم لا بگۆڕن کە نەمهێڵن و خواستەکانم بکوژن. ئەگینا وەک ئەوەی ئێستا هەیە، هەرگیز قابیلی گۆڕین نییە.

باشە، با دەست پێ بکەین: بمگۆڕن، چاکترم بکەن، ڕێ و شوێنێکی دیکەم پیشان بدەن، لەباتی ئەوە نموونەیەکی چاکترم بدەنێ، بەڵام با پێشەکی ئەوەتان پێ بڵێم، هەرچی بکەن، ناتوانن قەناعەتم پێ بێنن کە تەویلە کۆشکە. شتی وا مەحاڵە. با بڵێین ئەو کۆشکە بلورینە شتێکی دروستکراو و خەیاڵییە، چونکە بەپێی یاسا سروشتییەکان، بوونی کۆشکێکی لەو جۆرە نالۆژیکە، منیش هەر لەڕێی گەوجایەتییە غەریزییەکەمەوە ئەوەم بە بیردا هات و لەو میراتییە دواکەوتووەیشەوە کە لە نەوەکانی پێشینەوە بۆم ماوەتەوە. بەڵام هەرچۆنێکە، بوون و نەبوونی بیرێکی وا هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. ئەگەر ئەو ویست و ئومێدانەی کە لە مندا دروست بوون، نەبوونایە، هەر وا نەدەبوو؟ ڕەنگە دیسان حەزتان بە پێکەنین بێت؟ با وا بێت، چ گەڵتە و تێزیکتان پێ خۆشە بیکەن، بەڵام ئاگادار بن، ئەگەر من، بۆ نموونە برسیم بێت، هیچ کاتێک ناڵێم تێرم. بەڵێ. دەزانم ناتوانم بەم قسانە قایلتان بکەم. چاک دەزانم، بەم پووچگەرایی و سفرە بەدوای یەک ڕیزکراوەنەدا کە کۆتاییان نایەت، وێڵ نابم. تەنیا لەبەر قسەی جەنابتان کە ئەمانە بەپێی یاساکانی سروشتن و یاسایین و جێی بڕوان. هیچ کاتێک ناڵێم ئەوپەڕی ویست و ئارەزووم لەوەدایە لە ئاپارتمانێکی گەورەی چەند قاتیدا ژوورێک بەکرێ بگرم، تیا بخەوم و حەتمەن

وێنەی ئەو جوولەکە ددانسازە ئەڵمانییەیش بە دیواری ژوورەکەدا هەڵبواسم. نا، هەرگیز ئەمەم ناوێت. نامەوێت ئامێرێک بم بەدەست فەرمانی یاساکانی سروشتی ئێوەوە. نا، ویست و حەزەکانم مەهێڵن، بەها باڵاکانم بسڕنەوە، شتێکی باشتر، ئامانجێکی ڕەواتر و قەناعەتپێکەرترم بۆ بدۆزنەوە. ئەوسا بڕوا بە قسەتان دەکەم و وای دادەنێم خۆم هۆی گەلێک لە کێشەکان بووبێتم. بەڕێزان، لەوانەیە بێژن ئەم دۆستایەتییەی نێوان من و ئێوە بێسوود بووە و پێویست ناکات. من ئەمەم قبووڵە و ئەوەیشی بۆ زیاد دەکەم کە لەنێوان خۆماندا بە جیددی دواوین و گاڵتەمان نەکردووە. بەڵام ئەگەر ئێوە بایەخ بە من نادەن، منیش گوێتان لێ ناگرم، چونکە لە ژێرزەویی خومدام.

زۆر چاکە، من بە بەڵێ و نەخێر، مەبەستتان بێت یان نا، سڵاو لە ئێوە ناکەم، چ کارم پێتانە؟ لە کاتێکدا کە من خاوەنی ئەم پەنایەی خۆمم، ئەم ژێر زەوییەم هەیە و وەک جاران تیای دەژیم. هیوادارم و ڕاستوڕەوان دەڵێم، ئامادەی دەستتشکانم، بەڵام تەنانەت خشتێکی بچووک ناخەمە دیواری ئەو ساختمانە سەد ژوورییەوە کە پێشتر باسم کرد. من خۆم ناخەمە ژێر باری یاسا و ڕێساکانی ئێوەوە.

تکایە ئەوەیش لە بیری خۆتان بەرنەوە کە هەر بۆ خۆم وازم لەو کۆشکە بلورینە گریمانکراوەی ئێوە هێنا. بەوەی کە وتم ناکرێت بوونی ئەو کۆشکە نادیدە بگیرێت و گاڵتەی پێ بکرێت. نا، ئەمە قسەیەکی باش نییە. من شتی وام نەوتووە. ئەگەر وتبێتیشم، لەبەر ئەوە نەبووە حەزم بەوە بێت لاقرتێ بە کۆشکەکەی ئێوە بکەم و گاڵتەم پێ بێت. نا، من... ڕەنگە لەبەر ئەوە وام وتبێت، چونکە لەو جۆرە کۆشک و ئاپارتمانەی

ئێوە باسی دەکەن، لەوانەیە تەنانەت یەکێکیان تیا نەبێت کە بە لایدا تێپەڕیت و دەمە لاسکیێ نەکەیتەوە و گاڵتەی پێ نەکەیت. ئەگەر بزانم ناتوانم مەسخەرەی بکەم، زۆر زیاتر ئازار دەچێژم، چونکە خۆم بە تاوانبار دەزانم. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئامادەم جگە لەوەی کە واز لە زماندەرکێشان و گاڵتەپێکردنی کۆشکەکانتان بهێنم، زمانیشم ببڕم بۆ ئەوەی چ گومانێک نەمێنێت، بەڵام بەو مەرجەی دڵنیام بکەن دەست نەخەنە نێو کارمەوە و بیر لە گۆڕینی خواست و ویستەکانم نەکەنەوە. داوای هیچ ڕوونکردنەوەیەکیشم لەو بارەیەوە لێ نەکەن. هەر بەم مەرجە، بەڵام دەتوانم چی بکەم ئەگەر کەس نەبێت لەمە دڵنیام بکات، یان بیانەوێت بە کرێ بمخەنە ئەو ژوورە و وەک کەسێکی بێ خواست و ئارەزوو مامەڵەم لەگەڵدا بکەن.

بۆ بەم ویست و ئارەزوانەوە هاتوومەتە دنیاوە؟ بۆ دەبێت بۆ ئەوە دروست کرابم کە تەواو دڵنیا بم بوون و گەوهەری مرۆڤ جگە لە فڕوفێڵ، شتێکی تر نییە؟ ئایا بەڕاستی مەبەست لە بوونی من تەنیا بۆ زانینی ئەو شتەیە؟ بڕواناکەم. بۆ؟ بۆ؟

شتێکی تریش هەیە پێویستە بیڵێم. لای من ڕوونە کەسانی وەک ئێمە، مەبەستم ئەو کەسانەیە لە ژێرزەویدا دەژین، دەبێت دەمیان مۆر بکرێت و لچ و لێویان بدورێت. ئەم جۆرە مرۆڤانە، مرۆڤە ژێرزەمینەکان، دەتوانن چل ساڵی ڕەبەق لە تاریکترین قوژبن و تەریکترین سووچدا، دابنیشن. تەنیا و تەریک بن. بەڵام ئەگەر ئەم کەسانە بهێنینە بەر خۆر و ڕووناکی بۆ ئەوەی کەسانی تر ببینن، ئەوسا هەموو تەنیایی و بێدەنگییەکە دەشکێنن. ئینجا ئەمانەی ساڵانێکە بێ دەنگ و سەنگن، دەست بە قسان دەکەن، ئیتر هەر دەڵێن و دەڵێن و دەڵێنەوە.

# - ١١ -

بەڕێزان، بەرئەنجامی هەموو ئەم قسانە ئەوەیە کە هیچ کارێک نەکەین! لە هەموو چاکتر بێکاری و بێبەرهەمییەکی هۆشیارانەیە، کەواتە بژی ژێرزەویی تاریک!

پێشتر وتم من بە تەواوی ئیرەیی بە کەسانی ئاسایی دەبەم و ئاواتیان پێ دەخوازم، بەڵام لەم دۆخەی ئێستادا کە وابەستەی ژیانێکی سەختە، پێم خۆش نییە وەک ئەو وا بم، لێ نایشتوانم ئیرەیی پێ نەبەم و ئاواتی پێ نەخوازم.

نا، نا، بە هەرحاڵ، ژێرزەوی چاک و بەسوودترە. دەتوانیت لەوێدا، ئاخ، ئاخ! دیسانەوە خەریکی درۆکردنم! چونکە چاک دەزانم، وەک چۆن دەزانم دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار، دەزانم هیچ کاتێک ژێرزەوی لە هەوای ئازاد باشتر نییە. من لەبەر ئەوەی ئاوات و خواست و ئارەزووم هەیە و ناتوانم بەدەستیان بێنم و قایلیش نابم، بۆیە ژێرزەویم هەڵبژاردووە. ئەگینا هەرچی ژێرزەوی هەیە... بۆ دۆزەخ.

بەڵێ، ئەمە چاکترە، دەزانیت وشەی "چاکتر" دەکرا لە کوێدا لەگەڵ هەقیقەتدا یەکانگیر بێت. ئەو کاتەی هیچ نەبێت خودی من کە ئێستا دەنووسم، بڕوام بە تاقە شتێک ببوایە کە تا ئێستا وتوومە، بەڵام بەڕێزان سوێندتان بۆ دەخۆم، بڕوام بە تاقە وشەیەک، بە بچووکترین مەسەلە، لەوانەی تا ئێستا وتوومن و لێیان دواوم، نییە. لەوانەیە لە دواییدا کەمەکێک بڕوا پەیدا بکەم، بەڵام لەم چرکەساتەدا، بەدگومانم لە هەموو ئەو

شتانەی کە وتم. هەست دەکەم (لە ڕاستیدا نازانم بۆ) هەست دەکەم وەک شەیتان درۆ دەکەم، درۆ.

لێم دەپرسن کەواتە ئەم هەموو قسانەت لە چییە؟

باشە، لێگەڕێن بۆ ماوەی چل ساڵی تەواو، بێ هیچ کاروبارێک، لە ژێرزەوییەکدا زیندانیتان بکەم، لە دوای چل ساڵەکە، دەرگای زیندانەکەتان لێ بکەمەوە، تەنیا بۆ ئەوەی بزانم لە چیدان و چی دەکەن. ئایا دەکرێت چل ساڵی تەواو مرۆڤێک، بەبێ هیچ کارێک، لە زینداندا بهێڵیتەوە؟ ڕەنگە هەنووکە بە گاڵتەپێکردنەوە سەرتان ڕابوەشێنن و بڵێن: شەرم ناکەیت؟ تۆ لە لایەکەوە گاڵتەت بە ژیان دێت و لاقرتێی پێ دەکەیت، لە لاکەی ترەوە حەزی پێ دەکەیت و لات خۆشە، لە هەمان کاتیشدا دەتەوێت بەم لۆژیکە سەقەتانە، بە ئاسانی هاوکێشەکانی ژیان چارەسەر بکەیت؟ جگە لەمە، بۆ ڕاوبۆچوونەکانت تا ئەم ڕادەیە ئازاربەخش و بێشەرمانەیە؟ لە هەمان کاتدا تۆ چەند لە خۆت دەترسیت! قسەکانت بێسەرەوبەرەن و چێژیشیان لێ دەکەیت. بێشەرمانەترین قسەن و هەر لەبەر ئەوەیشە دەترسیت و پۆزش دێنیتەوە و دەتەوێت دڵنیامان بکەیت کە ناترسیت. لەنێو ئەم قسە قۆڕانەدا شانازی بە هەندێک دابونەریتی گشتییەوە دەکەیت و لات پەسەندە کە لە ڕقا هەندێک لەو قسانەت کردووە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەتەوێت بەرانبەرەکەت وریا بکەیتەوە و داوای لێبووردنی لێ بکەیت. تۆ خۆت زۆر چاک دەزانیت ئەم گاڵتەوگەپانەت نە نرخیان هەیە و نە مانا، لێ وەک دەردەکەوێت خۆت بڕوات پێیان هەیە و پێت خۆشن. ڕەنگە بەڕاستی ئازارت چەشتبێت و شەکەت بووبێتیت، بەڵام خۆیشت گوێ بەو خەم و ئازارانە نادەیت. لە جەوهەری تۆ و

چۆنایەتیی ئەو دەرد و ئازارانەدا کە باست کردن، بێگومان ڕاستگۆییان تیایە، بەڵام ئەوەی کە نیتە و پێویستیت پێی هەیە خۆڕاگری و جوامێرییە. تۆ خۆگر نییت، هەر لەبەر ناوبانگدەرکردنێکی منداڵانەی بێبەها ئەمانە بۆ هەموان دەخەیتە ڕوو. هەر لەبەر خاتری جوێندان و بێڕەوشتینواندن هەمووی ئاشکرا دەکەیت. وایە، دیارە قسەیەکت هەیە و دەتەوێت بیڵێیت، بەڵام لەبەر ترسنۆکیت دوا قسەت ناڵێیت و دەیشاریتەوە، چونکە نە جوامێریت و نە ئازا. لە ترس و دوودڵیی خۆتدا ئەوەی لە دڵتایە نایخەیتە سەرزمانت. تۆ تەنیا خوێڕییەکی ترسنۆکیت و هیچی دی. تۆ شانازی بە هزر و هۆشیاریی خۆتەوە دەکەیت، بەڵام هیچیانت تیا نییە و هیچ لەوانە نازانیت. ئەگەرچی هزرت کار دەکات، لێ دڵت پیس و فاسیدە، بەبێ دڵی پاکیش ئەقڵ و مەعریفەت مەحاڵە. چەندیش بتەوێت لاساری بکەیت و سووربیت لەسەر بێزارکردنی خەڵک و خۆت بە جۆرێکی دی پیشان بدەیت، هەرچییەک بکەیت درۆیە! درۆیە! درۆ!

تەواو ڕوون و ئاشکرایە، ئەوانەی وتت خۆم بیرم لێ کردبوونەوە و بە خۆم وتبوون. ئەمانەیش بەرهەمی ژێرزەوین. چل ساڵی ڕەبەق لەم ژێرزەوییەدا، لەنێو ئەو کونە چکۆڵەیەدا، گوێقوڵاغی ئەم وشانەی ئێوە بووم. ئەم وشانەم لە خەیاڵی خۆمدا دروست دەکرد. بەڵێ هەموو ئەم قسانە، قسەی خۆمن، کەواتە هیچ سەیر نییە هەموویم لەبەربێت. ئەگەر چی وشەکان شێوازی ئەدەبییان لەخۆ گرتووە، بەڵام ئایا دەکرێت ئێوە هێند خۆشباوەڕ بن وا بزانن هەرچییەک من دەینووسم، چاپ بکرێت؟ دوای چاپکردنیش یەکی دانەیەکتان بۆ خوێندنەوە بدەمێ و ئێوەیش باسی بکەن. شتێکی تریش هەیە

بە لای منەوە وەک مەتەڵ وایە! ئەوەیش ئەوەیە کە بۆ من بە ناوی "بەڕێزان"ەوە ناوتان دەبەم. بۆ وا قسە دەکەم وەک ئەوەی خوێنەرانێکی تایبەتیم هەبن و بۆ ئەوان بنووسم؟ نووسینەکانی من نە بۆ چاپکردن دەشێن و نە بۆ خوێندنەوە، یان بە هەرحاڵ، من ئەوەندە ئازا نیم کە لە خۆم ڕاببینم کارێکی وا بکەم، یان ئەوە هەر بە زیاد دەزانم.

بەڵام ئاگادار بن، شتێکی خۆشم بە بیردا هات. بێگومان حەز دەکەم لەگەڵتاندا باسی بکەم. ئەو شتە پەیوەندیی بە مەسەلەیەکەوە هەیە کە...

لە یادەوەریی هەر یەکێکماندا، زۆر شت هەن کە ناتوانیت بۆ کەسێکی تری بگێڕیتەوە، بەڵکو ئەگەر زۆری بۆ هێنایت دەتوانیت تەنیا بۆ هاوڕێ نزیکەکانتی بگێڕیتەوە. شتگەلێکی تر هەن کە تەنانەت بۆ هاوڕێ نزیکەکانیشی ناگێڕیتەوە، بەڵکو دەتوانیت تەنیا بۆ خۆتی بگێڕیتەوە، ئەوەیش بە نهێنی و لە بێدەنگیدا. شتگەلێکی تریش هەن کە تەنانەت مرۆڤ لە ترساندا ناتوانێت بۆ خۆیشی بگێڕیتەوە. ئەم شتانە لە بیرەوەریی هەر کەسێکی بیرمەند و بەڕەوشت و تێگەیشتوودا زۆرن، واتا وردەوردە لە یادەوەریی ئەودا کۆدەبنەوە، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین چەند مرۆڤ زیاتر "بەڕەوشت بێت، بە هەمان ڕێژە ئەو یادەوەرییانەی زۆرن".

ماوەیەک لەمەوبەر بڕیارم دا هەندێک لە ڕووداوەکانی ژیانی ڕابوردووم یاداشت بکەم. بەڵام سەرنەکەوتم. کە دەگەیشتمە ئەو جۆرە یادەوەرییانە بە دوودڵی و بێزارییەوە بە لایاندا گوزەرم دەکرد. بەڵام وا ئێستا نەک تەنیا بیریان لێ دەکەمەوە، بەڵکو تا ڕادەیەک بڕیارم داوە بیانخەمە سەر کاغەز. دەمەوێت خۆم تاقی بکەمەوە کە ئایا دەتوانم بە ڕاشکاوی و بێ درۆلەگەڵخۆکردن، ڕاستگۆیانە ئەم کارە بکەم؟ ئایا دەتوانم، هیچ نەبێت لەگەڵ خۆمدا، لە ڕاستییەکان نەترسم و ئەمە بڵێم؟

هەنووکە، هەر بەم بۆنەیەوە، دەمەوێت شتێک بڵێم کە بە چاکی لە بیرم نەماوە. هاینە[1] وتوویەتی، ئەو کەسەی ژیاننامەی خۆی نووسیبێت و وەفادارانە هەموو ڕاستییەکانی باس کردبێت، هەرگیز کەسێکی وا بوونی نییە. هیچ کاتێک مرۆڤ ناتوانێت لە بارەی خۆیەوە هەموو ڕاستییەکان بنووسێت. بە بڕوای هاینە، بۆ نموونە ڕۆسۆ لە ددانپێدانانەکانیدا، هیچ گومانی تیا نییە کە دەربارەی خۆی درۆی کردووە و خۆیشی بە درۆ تۆمەتبار کردووە. هەر بەدەستی ئەنقەست و پێزانینەوە، تەنیا بۆ ناوبانگپەیداکردن ئەم درۆیەی هەڵبەستووە. من تەواو قەناعەتم بەوەیە هاینە ڕاست دەکات. زۆر چاک دەزانم ئەو لەسەر هەقە. دەشێت هەندێک جار، یەکێک، تەنیا بۆ ناوبانگپەیداکردن، تەنانەت تاوانێک بداتە پاڵ خۆی. من بە تەواوی لەوە دەگەم کە ئەم جۆرە خۆدەرخستن و بەدوایناوبانگداگەڕانە لە چییەوەیە. بەڵام هاینە لە بارەی کەسێکەوە قسەی کردووە کە ئەو کەسە لە بەردەم خەڵکیدا ددانی بە شتەکاندا ناوە[2]. بەڵام من تەنیا لە بەردەم خۆمدا ددانی پیا دەنێم، بۆیە تاقە جارێک و بۆ هەمیشە، ڕوونی دەکەمەوە و دەڵێم: شێوازی نووسینی من جۆرێکە ئێوە وا دەزانن خوێنەرانێکم لەبەرچاو گرتووە و بۆ ئەوان دەنووسم. بەڵام ئەمە وا نییە. ئەمە بە ڕووکەش وایە، چونکە بەم جۆرە نووسین بۆ من ئاسانترە، واتا شێوازێکی تایبەتیی نووسینە کە بۆ خۆم هەڵمبژاردووە. دەتوانیت بە جۆرە گفتوگۆ و مەنەلوگێکی بێمانای بدەیتە قەڵەم، بۆیە هەرگیز من خوێنەری خۆم نابێت. جگە لەمەیش، من پێشتریش ئاماژەم بۆ

---

[1] هاینە Heine شاعیرێکی گەورەی ئەڵمانییە.

[2] مەبەستی دۆستۆیڤسکی، جان جاک ڕۆسۆیە.

ئەمە کردووە... ناهێڵم و نامەوێت لە بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشتانەدا کاریگەریی کەسم لەسەربێت و لەبەر ئەو بنووسم. نا، نامەوێت ئەو جۆرە نووسینەی کە ئێستا باوە بکەم بە نموونە و پەیڕەویی لێ بکەم. من لە چرکەساتی نووسیندا هەرچییەکم بە بیردا بێت وای دەنووسم.

باشە، لێرەدا، هەقتانە لێم بپرسن، ئەگەر بەڕاستی تۆ حساب بۆ خوێنەر ناکەیت، ئەی بۆ بێهوودە لەگەڵ خۆتدا دەیڵێیتەوە و لەسەر کاغەز، ئەو قسە و بڕیارانە یاداشت دەکەیت کە ناتەوێت بە شێوازی ئاسایی بیاننووسیت، یان گوایە لە چرکەساتی نووسیندا چیت بە بیردا بێت وای دەنووسیت و شتی تری لەم بابەتانە؟ باشە کە وایە ئەم هەموو ڕوونکردنەوە و پۆزشهێنانەوەیە لە چی؟

بەڵێ، حەزدەکەم ئەوە بزانن، لە باری دەروونییەوە هەموو ئەم مەسەلانە لە تاقە شتێکدا کۆدەبنەوە. شتەکە زۆر سادەیە. من پیاوێکی ترسنۆکم و بەس. -وەک ئەوەی ئێوە بیری لێ دەکەنەوە- بەڵام لەوانەیە من گریمانەی خوێنەرانێک بۆ خۆم بکەم، کاتێک نووسینەکانم دەخوێننەوە، بە چاوی ڕێزەوە تەماشام بکەن، ڕەنگە ئەوان، واتا ئەو خوێنەرە گریمانکراوانە، هاودەرد و خەمی ئەوانەی ژێرزەوی بن، هەڵبەت بەڵگە و پاساوی زۆر لەمانە زیاتر هەن، بە هەزار.

شتێکی تریش: بەڕاست چ ئامانجێک لەدوای ئەم نووسینەی منەوەیە؟ چییە ئەگەر مەبەستم خەڵک و خوێنەر نەبێت، دەمتوانی هەموو ئەم شتانەی بە سادەیی نووسیومن لە بیرەوەریی خۆمدا هەڵیان بگرم و نەیانخەمە ڕوو. بێ ئەوەی خۆم بە نووسینیانەوە شەکەت بکەم.

ئەمە زۆر ڕاستە، بەڵام تۆمارکردنی سەر لاپەڕە شکۆمەندییەک دەدات بە نووسین، کاریگەرییەکی بەهێزتری لە وتن دەداتێ. نووسراو دادگاییکردنێکی مرۆڤە لە دژی یان لە بەرژەوەندی. لە شێوازی نووسیندا کارئاسانی بۆ ئەو دادوەرییە دەکرێت. لەوانەیە نووسین ئاسوودەییم پێ ببەخشێت. ئاسوودەییش پەرە بە خەیاڵ دەدات.

هەر لەم چرکەساتەدا، بەتایبەتی یەکێک لەو یادەوەرییە گەوجانەیە، زۆرم ئازار دەدات. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، کە لە ناکاوێکدا ئەم یادەوەرییەم بیرکەوتەوە، ئیتر لەوساوە نەمتوانی لە چنگی ڕزگارم بێت. وەک کەسێکم لێ هاتووە دەنگی موزیکێکی ناخۆشی بەرگوێ کەوتبێت، بەڵام دەبێت خۆم لە دەستی ڕزگار بکەم. سەدان یادەوەریی لەم جۆرەم لایە، بەڵام هەندێک جار یەکێک لەو سەدانە سەر بەرز دەکاتەوە و دەست بە ئازاردانم دەکات. نایشزانم بۆ گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کاتێک دەتوانم لە شەڕی ئەو یادەوەرییە خۆم ڕزگار بکەم، کە بینووسم. چ خەوشێک لە تاقیکردنەوەیدا هەیە؟ بۆ نەیکەم؟

وا ئێستا شەکەتم! شەکەتی بێکاریم، هیچ کات کارم نەبووە و ئێستایش نیمە. پرۆسەی نووسین وەک کارکردن وایە، دەڵێن مرۆڤ بە کارکردن پاک و پیرۆز دەبێت. چاکە، ئەمەیش دەرفەتێکە بۆ من، کەواتە بەختم یارە.

بەفر دەبارێت، بەفرێکی دژواری تەڕ و زەردباو، دوێنێیش بەفر دەباری. لە چەند ڕۆژ لەمەوبەرەوە دەبارێت. وا دەزانم هەر ئەم بەفرە تەڕە هۆی سەرەکیی بە یادهێنانەوەی ڕووداوەکەیە. هەمان ئەو ڕووداوەی تا ئێستا نەمتوانیوە خۆم لە چنگی ڕزگار بکەم. کەواتە، با ناوی ئەو یادەوەرییە، یان ئەو کورتەچیرۆکە بنێم: "بەسەر بەفری تەڕەوە".

# بەشی دووەم

## بەسەر بەفری تەڕەوە

- ١ -

تازە تەمەنم گەیشتبووە بیستوچوار ساڵ، ژیانم گەلێک شپرزە و بێسەرەوبەرە بوو. بێ هاوڕێ و فرە تەنیا بووم. هێند تەنیا کە بە کێوی و نامۆیان دادەنام. هاودەمی کەس نەبووم و قسەی ئاساییم لەگەڵ کەسدا نەدەکرد. هەموو ڕۆژێک، زیاد لە ڕۆژی پێشتر، لە سووچە تاریکەکەم دەخزام و خۆم تیا بەند دەکرد. لە شوێنی کارەکەیشمدا، نەمدەویست نە لەگەڵ کەسدا بدوێم و نە تەماشای کەس بکەم. دەیشمزانی هاوکارەکانم، نەک بە چاوی مرۆڤێکی سەیر و نائاساییەوە تەماشام دەکەن، بەڵکو لەژێرەوە ناحەزانەیش لێم دەڕوانن. منیش هەر وا سەیری ئەوانم دەکرد. هەندێک جار لە خۆم دەپرسی بۆ ئەم خەڵکە لەوە ناگەن کە بۆچی پەیوەندییان لەگەڵ کەسانێکی وەک ئێمەدا ناحەزانەیە.

هاوکارێکم هەبوو دەموچاوی گەلێک قۆقز و ناشیرین بوو. هەر لە تاوانبار و پیاوکوژ دەچوو. وا دەزانم ئەگەر من دەم و قەپۆزێکی هێند دزێوم پێوەبوایە، هەرگیز نەمدەوێرا تەنانەت تەماشای هیچ کەسێک بکەم. هاوکارێکی تریشمان پاڵتاوێکی

شڕ و کۆنی لە بەردا بوو، کە بە لایدا بڕۆیشتیتایە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێ دەهات، کەچی هەمیشە ئەم دوانە لە خۆیان ڕازی بوون. هیچ کامێک لەم دوانە بەڕێزە، چ لە ڕووی جلوبەرگ و چ لە ڕووی ناشیرینی و ئاکاریشەوە، خۆیان بە کەم نەدەزانی. نە یەکەم و نە دووەم و نە ئەوانی دی، هیچ کات بە خەیاڵیاندا نەدەهات لەوانەیە یەکێک بێزیان لێ بکاتەوە، یان لێیان بێزار بێت. تەنیا ئەوەیان لا مەبەست بوو کە بەرپرس و خاوەن پلە باڵاکان بەو شتانە نەزانن و ڕوویان لێ وەرنەگێڕن. جگە لەمە چی دەبێت با ببێت. خۆیشم ئێستا بە تەواوی لەوە گەیشتووم، کە منیش، لە ئەنجامی خۆپەسەندی و خۆبەزلزانییەکی لە ڕادەبەدەرەوە، گەلێک جار لە خۆم ناڕازی بووم. ئەم لەخۆناڕازیبوونەیش، تا سنووری نەفرەتلەخۆکردن و پەشێویەکی زۆر، تا دەهات بەرەو پێشەوە دەچوو. هەر لەبەر ئەمە بوو کە هەست و ئارەزووە شەخسییەکانی خۆمم دەدایە پاڵ ئەوانی دی، بۆ نموونە لە دەموچاوی خۆم وەڕز بووم. هەستم وا بوو پێستێکی زۆر قەڵبم هەیە. هێند لە خۆم بەدگومان بووم، وام دەزانی کۆمەڵێک هێڵ و نیشانە هەن کە بە تەواوی دەموچاومیان ناشیرین و دزێو کردووە، بۆیە هەمیشە لەژێر گوشاری ئازارچەشتنا بووم، واتا کە دەچووم بۆ شوێنی کارەکەم، هەوڵم دەدا سەروڕوویەکی نەجیبانە لە خۆ بگرم و خۆم بە گەورە پیشان بدەم و ڕەفتارم خانەدانانە بێت. تا چەند بمتوانیایە خۆم وا دەردەخست کە هێور و لەسەرخۆ، بێ دەربەست و ئازادم. بۆ ئەوەی گومانی خراپ و ناڕەوام پێ نەبەن، بە خۆم دەگوت: "کە دەموچاوم جوان نییە، بە هەرحاڵ، هیچ نەبێت دەتوانم خانەدان و شکۆمەند و هونەرمەند و بەتایبەتی گەلێک هزرمەندانە دەربکەوم" بەڵام لە

هەمان کاتدا، لەژێر گوشاری خەم و ئازارە لە ڕادەبەدەرەکەدا دەمزانی (زۆر چاکیش دەمزانی) کە هەموو ئەو خۆنواندنانە بێهوودەن، ناتوانم بەم دەموچاوەوە هەموو ئەو شتانە بهێنمە دی کە خەیاڵم لێ کردبوونەوە. لە هەموویش ناخۆش و ترسناکتر ئەوەبوو، لەو کاتەدا کە گشت ئەو هەڵسوکەوت و خۆنمایشدانەم بە گەوجایەتی دەزانی، کەچی خۆم مژووڵی یارییەکە دەکرد و بەوە دڵخۆش بووم کە خۆم بە خاوەن ئاوەز و زیرەک دەربخەم و پێی قایل بم. ئەوەندە پێی قایل بووم ئامادەبووم لەوە ناشیرینتر بم کە هەم، دەموچاو و سەروسیمام. لەوە بێزارکەرتر بێت کە لە ئێستادا هەمە، تەنیا بەو مەرجەی کە خەڵکی، لەگەڵ ئەو هەموو ڕسوایی و ناپەسەندییانەی کە تیامدایە، بە خاوەن هزر و ژیر و زانام بزانن.

باشە، بێگومان ڕقم لە هەموو ئەو کارمەندانە بوو کە لە دەزگاکەدا کاریان لەگەڵ دەکردم. لە یەکەمیانەوە بیگرە تا دوا کەسیان. کەسێکی تیا نەبوو بیبوێرم و ڕقم لێی نەبێت، لە هەر هەموویان. ئێستا دەزانم تا ڕادەیەکیش لێیان دەترسام. بەڵێ، وا بوو. تەنانەت هەندێک جار لە خۆمم بە گەورەتر دادەنان. لەو ڕۆژانەدا گۆڕان بەسەر بۆچوونەکانمدا دەهات، مەبەستم ئەوەیە هەندێک جار بە چاوی سووکەوە لێم دەڕوانین و جاری دی لە خۆمم بە باشتر دەزانین.

مرۆی چاک و بەڕەوشت، مرۆی هۆشیار و بەئاوەز، لەو کاتەدا دەتوانێت خۆپەسەند و خوازیاری گەیشتن بە پلەوپایە بێت، دەیشتوانێت لە هەمان کاتدا ڕەخنە لە کار و کردەوەکانی خۆی بگرێت و چاکیان بکات. ئەم جۆرە کەسە، لە هەندێک ساتەوەختی تردا، ناتوانێت سەرکۆنەی خۆی نەکات و

نەیگەیەنێتە نەفرەتلەخۆکردن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، چ ئەو کاتەی سەرکۆنەی خۆمم دەکرد و چ ئەو کاتەی خۆم بە شایستە دەزانی، بەردەوام ڕووبەڕووی یەکێک دەبوومەوە، ئیتر هەر کەسێک بوایە، کە نەمدەتوانی ڕاستەوخۆ تەماشای ناوچاوی بکەم و هەر لەوێدا چاوم دادەخست. هەندێک جار لە خۆم دەپرسی "ئایا دەتوانم بەرگەی تەماشاکردنی ئەو کەسە بگرم؟" بەڵام ئەوە بزانن، لە هەر کاتێکی ئەو ئەزموونەدا تووشی ئەنجامێکی گونجاو نەدەهاتم. واتا هەر لە یەکەم نیگاوە ناچار دەبووم سەر دابخەم و تەماشای بەرانبەرەکەم نەکەم. ئەم شکستە شێتی دەکردم و ئازاری پێ دەگەیاندم، هەروەها لەوەیش دەترسام ببمە گاڵتەجاڕی خەڵک، بۆیە تووشی بارێکی نائاسایی ژیانی ڕۆژانە بووبوومەوە. حەزم بە تێکەڵبوونی خەڵکی نەدەکرد و بەردەوام تەنیا و تەریک بووم. زۆر لەوە دەترسام ئەو ژیانە ئاساییەی لەسەری دەڕۆیشتم و لەگەڵیدا ڕاهاتبووم، لێم تێک بچێت.

ئایا دەکرا و دەمتوانی بەردەوامی بەم ژیانە بدەم و خۆمی لەبەردا بگرم؟ پەروەردە و هۆشیارییەکەی من لە کەسێکی نەخۆش دەچوو. بە لایشمەوە وا بوو هەموو ئەوانەی لە سەردەمی ئێمەدا بەو جۆرە پەروەردە کراون، دەبوو وا بن، بەڵام ئەوان، هاوکارەکانی ئەو دەزگایەی کارم تیا دەکرد، هەر هەموویان کەودەن بوون. وەک ڕانەمەڕ لە یەک دەچوون. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بووبێت کە هەمیشە وام دەزانی پێویستە بەرانبەر بەوانە ترسنۆک یان کۆیلە بم. بۆ؟ چونکە لەنێو ئەوانەدا تەنیا من ڕووناکبیر و بەڕەوشت و تێگەیشتوو بووم. ئەمە وەهم و خەیاڵی من نەبوو، بەڵکو بەڕاستی وا بوو. مەبەستم ئەوەیە بەڕاستی من لەو نێوەندەدا کابرایەکی

ترسنۆک و کۆیله بووم. ئێستایش، بەبێ هیچ پاساوێک، دیسانەوە ئەمە بە ڕاشکاوی دەڵێمەوە لەم سەردەمەی ئێمەدا، هەر کەسێک خاوەن هزر و ڕووناکبیر و تێگەیشتوو بێت، هیچ گومانی تیا نییە کە بە ناچاری دەبێت ترسنۆک و کۆیلە بێت. هەر دەبێت وا بێت، ئەمە حاڵەتێکی ئاسایی و سروشتییە. ئەمەندەیش لە ڕاستیی ئەم قسەیە کە لە کۆڵین و ئەزموونێکی قووڵەوە سەرچاوەی گرتووە دڵنیام، دەتوانم بڵێم ئەو کەسانە هەر بەو جۆرە دروست بوون. ئەمە تەنیا لە سەردەمی ئێمەدا و بەرئەنجامی ڕێکەوت و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو لە هەموو سەردەمەکاندا، چ لە ڕابوردوو، یان لە ئایندەدا، هەر کەسێکی ئاقڵ و ڕووناکبیر و هۆشیار، دەبێت ترسنۆک، یان کۆیلە بێت، کۆیلە و بەندە و گەوجیش، ئەمە یاسایەکی سروشتییە بۆ هەموو کەسانی ئاقڵ و هۆشیار و ڕووناکبیر. خۆ ئەگەر یەکێک لەمانە، هەر ئاوا بە ڕێکەوت، یان بە هەڵاوێرد، لە مەسەلەیەکدا بوێری و ئازایەتی خۆی دەربخات، هیچ مافی ئەوەی نییە لەبەر ئازایەتی و بوێرییەکەی بە خۆی بنازێت، چونکە هەر لە یەکەم پێشهاتدا، گشتیان، لەگەڵ هەموو ئەو خەسڵەتەیشدا کە هەیانە، لە بەرانبەر ئەوانی تردا خۆیان بە نەوێر و ترسنۆک دەزانن، ئەمەیش یەکەم و دوا دەرفەتی ژیانیانە. تەنیا ئاژەڵەکان دەتوانن ئازا و بوێر بن، ئەوەیش تا ڕادەیەک.

دەی، ئیدی بەسە، ئەوە ناهێنن لەمە زیاتر قسەیان لەبارەوە بکەین، چونکە ئەو کەسانە تا ڕادەیەک یەکسانن بە هیچ.

بیرۆکەیەکی تریش ئازارم پێ دەگەیەنێت. کەس وەک من نەبوو، منیش لە کەس نەدەچووم. بە خۆم دەگوت: "من تاق و تەنیا و ئەوان کۆمەڵن" کە بیرم لەمە دەکردەوە و ڕادەمام،

خەم دایدەگرتم. لێرەوە دەتوانن تێبگەن کە من ئەوسا هێشتا لاوێکی سادە و بێئەزموون بووم. ئەوسا بیروبۆچوونێکی وایشم هەبوو کە دژواز بوون لەگەڵ ئەو شتانەدا کە ئێستا باسم کردن، بۆ نموونە، هەندێک جار چوونە سەر کارم بێئەندازە پێ ناخۆش بوو، بۆیە هەر دوای تەواوبوونی سەعاتی کار، کە دەگەڕامەوەماڵەوە، تا بڵێی شەکەت و بێحاڵ بووم. دوای ئەوەیش، چرکەساتی گومان و دوودڵی و بێدەربەستییەکەم بەرانبەر بە هەموو کەس و هەموو شتێک دەستی پێ دەکرد. دەبێت ئەوەیش لە یاد نەکەم کە لەو سەردەمەدا، هەموو بیروبۆچوونە چاک و خراپەکانم ماوەماوە بوون. پێویستە بزانن کە خۆیشم، لەم نائارامی و بێتاقەتی و میزاجە ڕاڕایەم بەئاگا بووم و پێکەنینم پێ دەهات. سەرزەنشتی خۆمم دەکرد بۆچی بوومەتە کەسێکی خەیاڵاوی و بێدەربەست، شاعیرخەسڵەت و ڕۆمانتیک کە جارێک نامەوێت لەگەڵ یەکێکدا وشەیەک بڵێم، کەچی جاری دی بە پێچەوانەوە، ئەمەندە دەڵێم تا وەڕز دەبم و سەیرم بە خۆم دێت. جارێک لە هەموان دادەبڕێم، جاری تر پێم خۆشە لەگەڵ هاوکارەکانمدا بدوێم و وەک هاوڕێ و خۆشەویست قسە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەم. هەموو ئەم ڕەفتارانەم لە چاوتروکانێکدا گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەبنە دژخوازی یەکدی. کێ چووزانێت؟ ڕەنگە ئەم شتانە هەرگیز ڕوویان نەدابێت، یان لەوانەیە من بە هەڵەدا چووبم، یان تەنیا بەرئەنجامی کتێبخوێندنەوەی من بێت. تا ئێستا نەمتوانیوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

جارێکیان وا ڕێککەوت لەگەڵ هاوکارەکانمدا بووم بە هاوڕێیەکی ڕاستەقینە، تەنانەت سەردانی ماڵیانم کرد و پێکەوە

دانیشتین. عەرەقمان خواردەوە، یاریمان کرد. لە بارەی بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازیی ڕووسیاوە قسەمان کرد...

باشە، تکایە لێرەدا ڕێگەم بدەن لە بارەی شتێکی ترەوە بدوێم. لەناو ئێمەی ڕووسیدا (بەگشتی و بێ هەڵاوێردکردن) هیچ کاتێک لەو ڕۆمانتیکە گەوج و خەیاڵییانەی لە بابەتی ڕۆمانتیکەکانی ئەڵمان و بەتایبەتی فەرەنسا لە ئێمەدا هەڵنەکەوتووە، ئەوانەی هەمیشە لە ئاسماندا باڵ دەگرن و دەفڕن، مەبەستم ئەو دەستە شاعیر و ڕۆمانتیکەیە ئەگەر وای دابنێین گۆی زەوی لەژێر قاچیاندا شەق بەرێت، یان بۆ نموونە هەموو وڵاتی فەرەنسا و دەوروبەرەکەی بە ژێر زەویدا ڕۆچن، هیچ کارێک لە هەست و هۆشیان ناکات. مەبەستم ئەو کەسانەیە کە دوای ئەو هەموو ڕووداوانە ئەوان وەک خۆیان وان، تەنانەت هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت، دیسانەوە هەمان باوبالۆرە خەیاڵی و ڕۆمانتیکییە شاعیرانەکەیان بە با دەکەنەوە کە پێشتر کردوویانە. وەک خۆیان دەڵێن "لەسەر گۆڕی خۆیان گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن" بەڵێ، مەبەستم ئەوانەیە. بەڵام نابێت لە یادمان بچێت کە ئەوانە گەوجن. لەناو ئێمەدا، مەبەستم خەڵکی ڕووسیایە، گەوجی لەم بابەتە پەیدا نابێت. هەموویان دەزانن چییان دەوێت و چی دەکەن. ئەمان لە واقیعدا دەژین. ئێمە جیاوازین لەو جۆرە ڕۆمانتیک و خەیاڵپڵاوییە شاعیرانەیەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوای وەک ئەڵمانیادا هەیە. وەک ئەنجامیش، لە مێژووماندا، بەتایبەتی لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەدا، نووسەر و شاعیرێکمان نییە کە بڵێین لە سەداسەد و بە تەواوی مانا ڕۆمانتیکە. ئەم تایبەتمەندییە، ڕەخنەگرە کۆنەکانی ئێمە، یان بە زاراوەی ئەوسا ڕەخنەگرە ئەرێنییەکانمان، بە هەڵە یان لە گەلۆرییەوە باسی

ڕۆمانتیکییەتی ڕووسیان کردووە. وایان وێنا کردووە کە ڕۆمانتیکییەکانی ئێمەیش بە هەمان ئەندازەی ئەوان خەیاڵپەرورەر بوون و ئاگایان لە هیچ نەبووە، بۆ نموونە وەک ڕۆمانتیکەکانی ئەڵمان و فەرەنسا. لە کاتێکدا ئەمە وا نییە. ڕۆمانتیکە ڕووسەکان، بەتایبەتی لە ئەدبیاتدا، تایبەتمەندییەکی وایان هەیە کە بە تەواوی لە ڕۆمانتیکییەتی ئەورووپایی جیاوازە، بۆیە ناتوانین بەروارردیان بە یەکتر بکەین (بە یارمەتیی ئێوە وشەی "ڕۆمانتیک" بەکار دەهێنم، چونکە جێی خۆی گرتووە و زاراوەیەکە ماناکەی لای هەموان ڕۆشنە)

تایبەتمەندیی دیاری ڕۆمانتیکەکانی ئێمە ئەوەیە کە هەرچییەک لەسەر ئەم زەوییە هەیە و ڕوو دەدات، دەیبینن و لێی تێدەگەن. لەم لایەنەوە، ئەگەر ئەمان بەراورد بکەین بە ڕووناکبیرانی تر، وەک دەڵێن ئەوانەی بیرکردنەوەیەکی ئەرێنییان هەیە. دەبینین ئەمان ڕووناکبیرتر و واقیعبینترن. خۆیان نادەنە دەست هیچ کەس و هیچ شتێکی شاعیرانە و خەیاڵی. بێ دەربەستانە لە شت ناڕوانن و بە هەند وەریدەگرن. هەمەلایەنە لە شتەکان دەڕوانن و ڕای گشتییان مەبەستە. ئەوەی هەیە قبووڵی دەکەن و ئەوەی نییە بە خەیاڵ دروستی ناکەن. بیر لە مەبەست و ئامانجی تایبەتیی خۆیان دەکەنەوە (بۆ نموونە ماڵ و حاڵێکی لەبار، مووچەیەکی باش، بەدەستهێنانی میداڵێکی جوانیش) تەنانەت لە کاردانەوە و هەستجووڵاندن و کتێب و شیعرە لیریکییەکانیاندا سوورن لەسەر ئەمە، چونکە واقیعە. لێ لە هەمان کاتدا "جوانی و مەزنی"یش لە یاد ناکەن. تا دەخرێنە گۆڕەوە لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن، نەکا تووشی شێواندن و خراوکاری بن، تەنانەت خۆیشیان ناڕوخێن و سەلامەت دەمێننەوە. لەگەڵ هەموو ئەو

بێنەوبەردە و ئازار و زوخاوە ڕۆحییەدا کە هەیانە، کەچی هەر پارێزگاری لە خۆیان دەکەن، ناکەون و کاری باش ئەنجام دەدەن. بۆ ئەوەی ئەو "جوانی و مەزنی"یەی لە خۆیاندا هەیە بە ئەنجامی بگەیەنن و بەرهەمدار بێت.

بەڵێ، ئەوەی کە وتم ڕۆمانتیکەکانی ئێمە کەسانێکی سنگفراوان و واقیعبینن، بە بارێکی تردا، چەتە و ڕێگرێکی باشیشن. دڵنیاتان دەکەم لە هەموو چەتە و ڕێگرەکانی دی خراپترن. ئەمە ئەزموونی شەخسیی خۆمە. بێگومان ئەمە تەنیا بۆ ڕۆمانتیکە سووکەکانی ئێمەیە... ببوورن، چیم وت؟ بێگومان کەسی ڕۆمانتیک دەبێت سووکیش بێت. نا، مەبەستم ئەمە نەبوو. دەمویست بڵێم ئەو ڕۆمانتیکە گەوجانەی ڕۆژانێک هەر بە ڕێکەوت کەوتوونەتە لای ئێمە، نابێت باسیان بکرێت. ئەوانەی لە خەیاڵدا دەژین و لە واقیع ڕادەکەن، ئەوانەی بە ڕێکەوت لە وڵاتی ئێمەدا دروست بوون و چاکترین ساڵانی ژیانی ئەدەبیی خۆیان یەکپارچە گۆڕیوە بە ڕۆمانتیکەکانی ئەڵمان، یا فەرەنسا. وەک خۆیشیان دەڵێن، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر پارێزگاری لە خۆیان بکەن و وەک گەوهەری کوننەکراو بمێننەوە، لە وڵاتەکەی خۆیان ڕۆیشتوون تا لە شوێنێکی وەک وڵاتی ئەڵمان، یان ڤایمەر، یان بێشەڵانە ڕەشەکان تاک و تەنیا خۆیان تەریک خست و کەوتنە ئەدەبنووسین[1]، بۆ نموونە من

---

[1] دیارە مەبەستی دۆستۆیڤسکی لەم قسانە ئیڤان تۆرگنێڤە (١٨١٨ - ١٨٨٣) کە هاوسەردەمی خۆیەتی و دوو ساڵ دوای خۆی کۆچی دوایی کرد. تۆرگنێڤ لەژێر کاریگەریی ڕۆمانتیکی فەرەنسادا بوو، ساڵانێکی لە دەرەوەی ڕووسیا بەسەربردووە. ماوەیەکیش لە مانیس و وڵاتە کەنارییەکانی ڕاینی ئەڵمان نیشتەجێ بووە، ڕۆمانی یاداشتەکانی ڕاوچییەک، یەکەمین خۆشەویستی و لانەی خانەدانەکان و شیعر و هەندێک

لە دڵەوە ڕقم لە کاری ئیدارییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بژێویم لەسەر مووچەکەیەتی دەستبەرداری نابم. وەک ئەنجامیش، حەز دەکەم ئەوە بزانن، وازم لەو کارە نەحلەتییە نەهێنا. بەڵێ، وەک وتم، ڕۆمانتیکەکانی ئێمە، بە پێچەوانەی هاوپیشەکانی وڵاتانی تریان، ڕەنگە لەو کارە زۆر بێزار بن کە سەرچاوەی ژیانیانە و پێویستیان بە مووچەکەیەتی، کەچی وا بزانن ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەو کارە، لەوانەیە شێت بن (کە ئەمە زۆر دەگمەنە) کەچی هیچ کاتێک و بە هیچ جۆرێکیش واز لەو کارە ئاساییەی خۆیان ناهێنن، مەگەر کارێکی دی بدۆزنەوە. لەوانەیە هەندێک لەم کەسانە شێت بن و ڕێگەیان لە نەخۆشخانەی شێتان بکەوێت، لێ پێش ئەوەی ئەمە ڕوو بدات، دەست لە چالاکییە ڕۆژانەییەکانیان، واتا ژیانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵناگرن. دەبێت ئەوەیش لە یاد نەکەم کە لە وڵاتی ئێمەدا، ڕۆمانتیک و ئەوانەی ساردی و گەرمییان چەشتووە، هەر ئاوا بە ئاسانی شێت نابن. تەنیا ئەم کۆمەڵە ڕووناکبیر و لاواز و قژسوورانەن کە خۆیان پێ ناگیرێ و شێت دەبن. ئەو زۆربە خۆگرەی کە دەمێننەوە، لەوانەیە ڕۆمانتیکیشان تیابێت، دوای ماوەیەکی زۆری کوردوکۆش سەرکەوتن بەدەست دێنن و بەو پلەوپایەیە دەگەن کە شایانیانە. لە ڕاستیدا بۆ گەیشتن بە ئامانج توانایەکی لەڕادەبەدەر گەورە و ڕوانینێکی دیاریان هەیە، لە چرکەساتێکدا توانای ئەوەیان هەیە هەموو شتە جیاواز و دژوازەکان لە یەکدی جیابکەنەوە. زانینی ئەمە، بەتایبەتی لەو مێژووەی تەمەنمدا، ئاسوودەیی پێ دەبەخشیم. تا ئەمڕۆیش هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕانەی خۆمم.

---

کاری دی کە بە شێوازی ڕۆمانتیکی ڕۆژاوایی نووسیونی، بەرهەمی ئەو کاتانەیەتی کە لەوێ ژیاوە – و. ف –.

هەر لەبەر ئەمەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا، سروشتێک لە مرۆڤەکانیدا هەیە کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان گەلێک فراوانە. ئەمانە تەنانەت لە کاتی گەورەترین شکست و لە بەردەم کەوتن و لەناوچووندا، نادۆڕێن و نموونە باڵاکانیان لە بیر ناکەن. ڕەنگە بۆ گەیشتن بەو نموونە باڵایانە هیچ هەنگاوێک نەنێن، بەڵام هەمیشە بیری لێ دەکەنەوە. خۆ ئەگەر لە زومرەی دز و جەردەکانیش بن، هیشتا ڕێز لە نموونە باڵاکانیان دەگرن و بیری لێ دەکەنەوە و خۆشیان دەوێت. تا ئەو ڕادەیەی لە تاوا فرمێسک بە چاویاندا دێتە خوارەوە، چونکە هەر لە هەمان کاتدا ئاگاداریی ناشیرینییەکانی خۆیانن و ڕیابازی ناکەن. ئەگەر لە لایەنی ڕۆحییەوە ئەمانە هەڵبسەنگێنین، دەبینین لە قووڵایی دڵیانەوە ڕاستگۆن.

بەڵێ، تەنیا ڕۆمانتیکەکانی ئێمەیە، هەر لەو کاتەدا کە دەشێت تاوانیان لێ بوەشێتەوە، بە شێوەیەکی نائاسایی پاک و ڕاستگۆیش بن. بەبێ ئەوەیش کە دەست لە کارە دزێوەکانیان هەڵبگرن، دەتوانن لەگەڵ بیروباوەڕیاندا ڕاستگۆ بن. وەک وتم، دەشێت ئەمانە لە سەروبەندی کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەیاندا، هەندێک جار بکەونە ناو سەرلێشێواوی و بێسەرەوبەرەییەوە (مەبەستی ئەم دەربڕینەم تەواو لە سۆز و خۆشەویستییەوەیە) بەڵام تەنانەت لەو حاڵەتەیشدا، غەریزەیەکی سەیریان بۆ دەرکی واقیع هەیە، کاریگەریی خۆیان دەسەلمێنن و گەوهەری ڕاستەقینەیان لەو بوارەدا پیشان دەدەن. بە ڕادەیەک لەوانەیە سەرۆک و کاربەدەستەکانی سەرووی خۆیان زۆر سەرسام بن. جگە لەوان خەڵکانی تریش هەر تووشی ئەو سەرسووڕمانە دەبن. بەڵام تەنیا دەحەپەسێن و بە سەرسامییەوە سەریان بۆ ڕادەوەشێنن. لە ڕاستیدا ئەمانە

سروشتی جۆراوجۆریان هەیە و توانای وەرچەرخانیان زۆر و سەرسامکەرە. دەشێت لە ئێستادا کاری سووکوچرووک پیشان بدەن، لێ دوای کەمێکی دی خوا خۆی دەزانێت چ دیارییەکی جوان و ناوازەیان پێیە. پێکهاتەی ئەم ڕۆمانتیکانە زۆر خراپ نییە. ئەم قسەیەم لە دەمارگیرییەکی گاڵتەجاڕانەی نیشتمانپەرستییەوە نییە. لەمە گەڕێ! دیسانەوە وا دەزانن من گاڵتەتان لەگەڵدا دەکەم؟ یان ڕەنگە بۆ ئەوە بێت، بیسەلمێنن بڕوام بەو شتە هەیە کە دەینووسم. بەڕێزان، چۆنتان پێ خۆشە با وا بێت. هەرچۆنێکە من ڕێزم بۆ بیروبۆچوونەکانتان هەیە. داوای لێبوردنیشتان لێ دەکەم کە هەندێک لە بابەتە سەرەکییەکە دەرچووم.

بێگومان هاوڕێیەتییەکەم لەگەڵ هاوکارەکانمدا زۆری نەخایاند و زۆر زوویش وازم لێ هێنان. لەبەر ئەوەی هەرزەکار و بێئەزموون بووم، تەنانەت سڵاویشم لێ نەدەکردن. وەک ئەوەی بڕیارم دابێت هەرچییەک من بە ڕابوردووەوە دەبەستێتەوە بیدڕێنم و فڕێی بدەمە لاوە. جگە لەوەیش، ئەوە تاقە جارێک بوو کە من لەگەڵیاندا پەیوەندیی هاوڕێیەتی ببەستم. بە کورتی ئیدی بۆ هەمیشە بە تەنیا مامەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی لە ماڵەوە دەمامەوە و کتێبم دەخوێندەوە. دەمویست خۆم، لەژێر کاریگەرییەکانی دەرەوەدا، هەموو ئەو شتانە بێدەنگ بکەم کە لە ناوەوەی مندا لە جۆشوخرۆشدا بوون. لەنێو هەموو ئەو کاریگەرییانەی دەرەوەدا خوێندنەوەی کتێبم هەڵبژارد. بێگومان کتێبخوێندنەوە گەلێک هاوکاریی دەکردم. دەیجووڵاندم، سیحری لێ دەکردم. هەندێک جاریش زۆری بێزار دەکردم و ئازاری پێ دەگەیاندم. بەڕاست خۆ دەیشبێت مرۆڤ هەندێک جار بجووڵێت و

تەکانێک بداتە خۆی. ئەوەیش وای لێ دەکردم کە خۆم ڕادەستی جۆرێک لە بێچاوڕوورووییەکی شاوەتبازانەی پیس و قێزەون و ئابڕووبەرانە بکەم. ناکرێت ناوی بێئابڕووییەکی ڕووت و نابەجێی لێ بنرێت. نا، بەڵکو دەبێت ناوی گیرۆدەیی و تێوەگلانێکی زۆر پیسوپۆخڵی لێ بنرێت. ئارەزووگەلێکی بچووک، بەڵام زۆر توندوتیژ و بەتاو. هۆی سەرەکییش هەمان ئەو هەستیارییە نائاسایی و نەخۆشییە بوو کە بەردەوام لە مندا زیادی دەکرد. کاردانەوەکانم ئەوەیان دەردەخست کە تا ڕادەیەک تووشی نەخۆشیی پەرکەم هاتبم. جارێک دەگریام و تاوێک لە هۆش خۆم دەچووم. جگە لە کتێبخوێندنەوە، هیچ کارێکی تر نەبوو ئاسوودەم بکات و بمهێنێتەوە سەر خۆم. زۆر چاک ئەوەم لە یادە کە لەو ڕۆژانەدا هیچ شتێک لە دەوروبەری مندا نەبوو ڕووی تێبکەم، یان سەرنجم بە لای خۆیدا ڕابکێشێت. بێجگە لەمە، هەندێک جار ئارەزووەکان زۆر بە تەوژم و دژواز لە مندا دروست دەبوون. یەکێک لەوانە ئارەزوویەکی بەهێز بوو بۆ هاوڕێیەتی و پەیوەندیبەستن لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆ گفتوگۆکردن و بەسەرکردنەوەی هەموو شتەکان. هەر لەبەر ئەمەیش بوو خۆم ڕادەستی شەوگەڕی و ئارەزووبازی کرد.

وا نەزانن دەمەوێت بەم قسانە خۆم بپەڕێنمەوە. کەمێک بوەستن... ئەم دوا قسەیەم ڕاست نەبوو. نا، هەر ئێستا درۆم کرد! هەر لەو چرکەساتەی کە دوا ڕستەم نووسی، دەمویست خۆم بپەڕێنمەوە. ئەم ڕوونکردنەوەیەم بۆیە دا کە... باش ئاگادار بن... خۆم، تەنیا خۆم، لە بیرم بێت، بەڕێزان... ئەم ڕوونکردنەوەیە، وەک چۆن گرێیەک لە دەستەسڕ دەدرێت، منیش لە خۆم دا تا لە بیرم نەچێت، چونکە نامەوێت لە

نووسینی ئەم یاداشتانەدا درۆ بکەم. دەمەوێت وەفادار بم بەو بەڵێنەی کە داومە و چی ڕاستە ئەوە بنووسم.

ئەو ئارەزووە ناپەسەندانەی بۆم باس کردن، لە شەودا، بە دزییەوە، بە ترس و لەرز و بێشەرمی و زۆر بە قێزەونییەوە سەرودڵیان دەگرتم و لە ناخۆشترین کاتمدا وازیان لێ نەدەهێنام. من لەو کاتەدا نەفرەتم لە خۆم دەکرد. ئەو کاتەی گەنجتر بووم، لە ڕۆحی خۆمدا هەستم بە تاریکایی و تەنیایی دەکرد و دەترسام. ترسەکەم بێکۆتا و لە خۆیشم وەڕز بووم. دەترسام نەکا یەکێک لەو جێگەیانە بمبینێت، یان ڕووبەڕووی ببمەوە و بمناسێت. لەگەڵ ئەمانەیشدا، هێشتا دەچوومەوە بۆ ماڵە تاریک و بەدناوەکانی دەرەوەی شار.

شەوێک لەو شەوانە، کاتێک بە بەردەم ڕیستۆرانتێکی پۆخڵدا تێدەپەڕیم، لە پەنجەرەکەوە کۆمەڵێکم بینی بە دەوری مێزی بلیاردێکدا دەسووڕانەوە و بە داری بلیاردەکە شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. کردبوویانە هەراوزەنا و بە یەکتریاندا دەکێشا. دوای تۆزێک، یەکێک لەو یاریکەرانەیان لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە خوارەوە. ئەگەر ئەمە لە شوێنێکی تر ڕووی بدایە، بە لامەوە کارێکی پیس و ناقۆڵا بوو، بەڵام بۆ ئەو چرکەساتە، هەستێکی وام تێگەڕا خۆزگەم بەو کەسە خواست کە لە پەنجەرەکەوە فڕێدرابووە خوارەوە. حەزم دەکرد ئەو بوومایە. ئەمەندەم ئیرەیی پێ برد کە یەکسەر چوومە ناو ڕیستۆرانتەکەوە و ڕاست بەرەو ژووری بلیاردەکە چووم. دەموت بەڵکەم ئەمە خوایە تۆزێکم لێ بدەن و لە پەنجەرەکەوە هەڵمبدەنە خوارێ. سەرخۆش نەبووم، بەڵام دەمتوانی چی بکەم؟ شەکەتی و تەنیایی سەردەکێشێتە ناو شێتی و هیستریایەکی واوە. هیچ ڕووی نەدا، دیاربوو من

تەنانەت شایستەی ئەوە نیم لە پەنجەرەیشەوە فڕێم بدەنە خوارەوە. ناچار، بێ تێهەڵدان، ویستم لە ڕیستۆرانتەکە بچمە دەرەوە. لەگەڵ یەکەم هەنگاودا، ئەفسەرێک سەر ڕێگەکەی پێ گرتم و خۆی پیاکێشام، چونکە پاڵم دابوو بە مێزی بلیاردەکەوە و بێ ئەوەی بە خۆم بزانم ڕێگەم لێ گرتبوو. ئەو، بۆ بەردەوامبوون لەسەر یارییەکە، دەبوو لەو شوێنەوە بڕوات کە من لێی وەستابووم. ئەفسەرەکە شانی گرتم، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، یان ئاگادارم بکاتەوە، بە هێوری و لەسەرخۆ، پاڵی پێوەنام و لەو شوێنەی دوورخستمەوە کە لێی وەستابووم. پاشان بە بەردەممدا تێپەڕی و دەستی کردەوە بە یاریکردن. کارەکەی بە شێوەیەک بوو وەک بڵێی هەستی بە بوونی من هەر نەکردبێت وا بوو. ئەگەر ئەفسەرەکە لێی بدامایە دەمبەخشی، بەڵام هەرگیز ئەو سووکایەتییەم پێ قبووڵ نەدەکرا. ئەو بە تەواوی پشتگوێی خستم و وەک نەبوویەک لێی ڕوانیم. خوا دەزانێت ئەو شەوە ئامادەبووم هەرچییەکم هەیە بیدەم بۆ ئەوەی شەڕێکی ماقووڵ و عادیلانەی لەگەڵدا بکەم. شەڕەقسەیەک زیاتر لایەنی ئەدەبیاتی هەبێت. ئەو هیچی بۆ من نەهێشتبووەوە، بە ڕەفتارەکەیدا دیاربوو بە مێشم بزانێت. ئەفسەرەکە کەتە و بەخۆوە بوو. بە پێچەوانەی منەوە کە لاواز و چروساوەم. زۆر بە ئاسانی دەمتوانی بیانووی پێ بگرم و بیگەیەنمە شەڕ. تەنیا ئەوەندە بەس بوو دەست بە بێزاریدەربڕین بکەم و ئەوسایش ئامانجەکەم دەهاتە دی، یەکسەر لە پەنجەرەکەوە فڕێی دەدامە خوارێ، بەڵام ئەو کارەم نەکرد، بیرم کردەوە، پێم باش بوو.... هەر بەو تووڕەییەوە، لەوێ بڕۆمە دەرەوە.

هەر بەو داگیرساوی و تووڕەییە سەختەوە، یەکسەر لە ڕیستۆرانتەکە هاتمە دەرێ و بەرەو ماڵ بوومەوە. ڕۆژی دوایی جارێکی دی کەوتمەوە گەڕان و بەرەڵایی، لێ ئەمجارەیان، لە جاری پێشوو بە نهێنیتر و بە شەرم و داخ و خەفەتەوە. تا ئەو ڕادەیەی فرمێسک لە چاوما قەتیس مابوو، بەڵام هەر بەردەوام بووم لەسەر گەڕان و سووڕانەوەکەم. ئاها! تکایە وا نەزانن لە ترسا بەرانبەر بە ئەفسەرەکە نەوەستام. نا، لەبەر ئەوەی بە درێژایی ژیانم هەمیشە هەڵسوکەوت و ڕەفتارم لەگەڵ ترسدا بووە، بۆیە بەردەوام خۆم وا پیشانداوە کە ترسنۆکم، بەڵام من هەرگیز لە ناوەوەی خۆمدا ترسنۆک نەبووم. لێ... تۆزێ خۆتان بگرن و پێمەکەنن. بەڕێزان، پێمەکەنن! ئەمەیش پاساوی خۆی هەیە و ڕوونکردنەوەی دەوێت. ئەوە بزانن من بۆ یەکە یەکەی قسەکانم ڕوونکردنەوەی تەواوم هەیە.

ئاخ، ئەگەر ئەو ئەفسەرە، لەو جۆرە ئەفسەرانە بوایە کە شەڕی دویل، واتا شەڕی دووقۆڵیی قبووڵ بکردایە، من ئەو کارەم دەکرد، بەڵام ئەو وا نەبوو. ڕێک بە پێچەوانەوە بوو. بەداخەوە لەو ئەفسەرانە بوو کە دەمێک بوو بوونی خۆیان لەدەست دابوو، واتا ئەو کەسانەی حەز دەکەن لە کاتی پێویستدا دەست بۆ داری بلیارد بەرن! خۆ ئەگەر بەرانبەرەکەیان بەهێزتر بێت و ئەمە سەرنەگرێت، پەنا بۆ پلە باڵاکان دەبەن بۆ ئاگادارکردنەوە، بەڵام هەرگیز دویل ناکەن[1]. هەرگیز ناتوانیت ئەو جۆرە ئەفسەرانە بۆ شەڕی دووقۆڵی

---

[1] ئاماژەیە بۆ کارەکتەرێکی خەیاڵیی گۆگۆل لە دەقێکدا بە ناوی (شەقامی نیڤنسکی)، دوای ئەوەی سزا دەدرێت دەیەوێت لای سەرۆکەکانی سکاڵا بکات.

داوەت بکەیت، بەتایبەتی لەگەڵ کەسانێکی وەک مندا هەرگیز ئەوە ناکەن، چونکە بە کارێکی ناماقووڵ و بێهوودەی دەزانن. ئەوان تەواو بڕوایان بەوە هەیە کە دویل کارێکی گەوجانەیە و لە بابەتی سوارچاکەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی فەرەنسییە. ئەم جۆرە ئەفسەرانە، بۆ ئەم جۆرە ڕووداوانە کەم نین، تەنانەت خۆیشیان پێیان ناخۆشە، بەتایبەتی ئەگەر لە شارە گەورەکاندا ڕاژەیان کردبێت، نەک لە ویلایەتەکاندا. لەبەرئەوەی من ئەمەم دەزانی، پاشەکشەم کرد. نەک لەبەر ترس، بەڵکو لەبەر ئەوەی گەلێک شانازیم بە خۆمەوە کرد. لەشە کەتە و زلەکەی نەیترساندم، لەوە نەترسام تێرم لێ بدات و لە پەنجەرەکەوە بمخاتە خوارێ. من چاک دەمزانی بەرگەی دەگرم، بەڵام لایەنە ڕۆحی و ئەخلاقییەکەم ڕێگەی نەدەدام. لەوە دەترسام لەپڕێکدا هەموو ئامادەبوان، لە بەردەستە جەسوور و بێئابڕووەکانی ڕیستورانتەوە بیگرە تا کارمەندی ئیداری، لە زەلامە مردەلۆخە و بۆگەنەکانەوە بیگرە کە بە چاکەتی کۆن و یەخەی چەوری بە باقوبریقەوە دانیشتبوون و لەملا و ئەولایان دەڕوانی، تا ئەوانەی لە هیچ ناگەن. هەموو ئەمانە، کە ڕووبەڕووی ئەفسەرەکە ببمەوە و بە زمانی کتێب و قەڵەم لەگەڵیا قسە بکەم، لێم تێناگەن و پێم پێدەکەنن.

وتم زمانی "قەڵەم و کتێب"، چونکە لە ڕوانگەی شەرەفەوە، یان بە زاراوەی (تایبەتمەندایەتی خانەدانی و گەورەییەوە) ئەوە دەوترێت و بە لای ئێمەی ڕووسییەوە تەنیا بەو زمانە گفتوگۆ دەکرێت. من لە بیرم نییە لەم بوارانەدا، یان کە باس هاتبێتە سەر ئابڕووتکاندن و گێڕانەوەی حورمەت، لایەنەکان بە زمانی بازاڕییانە قسەیان لەگەڵ یەکتردا کردبێت. من (بەو غەریزەیەمەوە کە واقیعی پێ دەخوێنمەوە، هەروەها ئەو

ڕۆمانسیەت و شاعیرانەیەی لە مندا هەیە) تەواو دڵنیام، ئەگەر بەو زمانی کتێبە قسەم لەگەڵ ئەو ئەفسەرەدا بکردایە، لە پێکەنیندا دەبوورانەوە. ئەفسەرەکەیش وەک ئەوەی من چاوەڕێم لێ دەکرد تەنیا لێی نەدەدام، بەڵکو پێش تێهەڵدانەکە، چەند جارێک لە دەوری مێزەکە دەیکێشام بە زەویدا. ڕەنگە دوای ئەوە بەزەیی پیامدا بهاتایەتەوە و لە پەنجەرەکەوە فڕێی بدایەتمە دەرەوە. لەوانەبوو ئەم دیمەنە کارەساتبارە هەر بەمەیش کۆتایی نەهاتایە.

لەدوای ئەو شەوەوە زۆر جار ئەفسەرەکەم لە ڕێگەوباندا دەبینی. جارێکیان زۆری لێ وردبوومەوە. نازانم ناسیمی، یان نا، وا دەزانم نەیناسیم، بەڵام من لێی بێزار بووم. ماوەیەکی زۆر هەر وا مامەوە تا... تا چەند ساڵێک من هەر نەفرەتم لێ دەکرد و تا دەیشهات ڕق و بێزارییەکەم قووڵتر دەبووەوە. دەمویست ژێربەژێر زانیاریی ورد لەسەر ئەفسەرەکە بزانم. بێگومان ئەمە بۆ من ئاسان نەبوو، چونکە کەسم نەدەناسی. جارێکیان وەک یەکێک بە پەیجووری کەسێکەوە بێت، کەوتمە دوای و لێی نەبوومەوە. گوێم لە یەکێک بوو بانگی کرد و منیش ناوەکەی فێر بووم. جارێکی تر تا شوێنی نیشتەجێبوونەکەی بەدوایدا چووم، چەند کوپیکێکم بە دەرگاوانەکەدا بۆ ئەوەی بزانم لە کام قاتی ئاپارتمانەکەدا دەژی. ژنی هێناوە، یان نا، لەگەڵ کەسانی تردا دەژی، یان تەنیایە و شتی تریش... هەرچییەکم ویست لە دەرگاوانەکەم پرسی.

بەیانییەک (لەگەڵ ئەوەدا کە پێشتر هەرگیز شتی ئەدەبیم نەنووسبوو) بە بیرمدا هات چیرۆکێک لەسەر ئەفسەرەکە بنووسم، چیرۆکێکی کاریکاتێری، واتا کردار و ڕەفتارەکانی بە

شێوەیەکی پێکەنیناوی بخەمە بەر چاو و گاڵتەی پێ بکەم. بە شەوق و خۆشییەوە دەسم پێ کرد و نووسیم، گفتوگۆکانم گونجاند، بەڵام لە بەرجەستەکردنی سیمای کەسایەتییەکەیدا کەمێکم لێ شاردەوە. ناوی بنەماڵەکەیم بە جۆرێک گۆڕی بوو، خوێنەر یەکسەر دەیزانی کێیە. پاشان کە پیایدا چوومەوە و زیاتر لێی ڕامام بە تەواوی گۆڕیم. پاکنووسەکەیم بۆ گۆڤارێک نارد بە ناوی نووسینە نیشتمانییەکان. ئەو کاتە ڕەخنەگرتن و گفتوگۆی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی باوی نەبوو، بۆیە چیرۆکەکەی منیش چاپ نەکرا. ئەمە زۆر پەستی کردم و جاری وا هەبوو لە تووڕەییدا هەناسەم دەگیرا.

پاشان بڕیارم دا داوا لە ئەفسەرەکە بکەم هۆی ڕەفتارەکەی ئەو شەوەیم بۆ ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکی سەرنجڕاکێشم بۆ نووسی. داوام لێ کردبوو پۆزشم بۆ بهێنێتەوە. خۆ ئەگەر داوای لێبوردنم لێ نەکات ئەوا (ئەمەم زۆر بە مکوڕییەوە بۆ نووسی) دەبێت دویلم لەگەڵدا بکات. نامەکەم وا نووسیبوو ئەگەر ڕکابەرەکەم تەنیا کەمەکێک لە دنیای "جوانی و مەزنی" سەری دەربچوایە، دەبوو زۆر زوو بەرەوپیرم بهاتایە و لە ئامێزی بگرتمایە. پێشنیازی هاوڕێیەتییەکی ڕاستگۆیانەی لەگەڵمدا بکردایە. چ کارێکی چاک دەبوو ئەگەر ئەوەی بکردایە. ئەوسا ژیانی هەردووکمان گەلێک جوامێرانە دەبوو. بەو مانایەی ئەو منی دەپاراست و منیش ئەوم لەو سروشتە کێوی و توندوتیژییە ڕزگار دەکرد، بەرەو سۆز و ڕەفتاری جوانم دەهێنا، بە جۆرێکی تری بڵێم بەرەو زانست و ڕووناکبیرییەکەی خۆم، کە بەو هۆیەوە ڕووی لە چاکە دەکرد. ئاهـ ئەو هاوڕێیەتییە چەند شتی جوان و ناوازەی لێ دەکەوتەوە!

بیهێننە بەرچاوتان، لەو مێژووەوە، واتا لەو شەوەوە کە سووکایەتیی پێ کردم و ئازاریدام، تا کاتی نووسینی ئەم نامەیە کە دوو ساڵی تەواو دەکات، داواکارییەکەم لەو وەک باسم بۆ کردن، کە دەکەوتە کاتێکی گەلێک پەشیو و ناماقووڵەوە، نامەکە کە بە شێوەیەکی زیرەکانە نووسیبووم و تیایدا زۆر هەوڵم دابوو باس لەو کاتە بکەم و سیماکەی بشارمەوە. بەمانەیشەوە، سوپاس بۆ خودا -کە تاکو ئەمڕۆیش لە دڵەوە سوپاسگوزاری خودام- نامەکەم بۆ نەنارد. ئێستایش کە بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر نامەکەم بناردایە چی ڕووی دەدا؟ تەزوویەک بە پشتمدا دێت... بەڵام دوایی زۆر بە ئاسانی و بە شێوەیەکی چاکتر تۆڵەم لێ کردەوە. بیرۆکەیەکی ناوازەم تێگەڕا کە تەواو دڵخۆش و شادمانی کردم.

ڕۆژانە لە سەعات چوار بەدواوە، بەتایبەتی لە ڕۆژانی پشوودا، لە سەیرانگەی گشتیی نڤیسکیدا پیاسەم دەکرد. زیاتر دەچووم بۆ ئەو لایەی کە هەتاو دەیگرتەوە و ئاپوورەتریش بوو. لە ڕاستیدا من بۆ گەڕان نەدەچووم، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوە بوو بە هۆی ئەو ڕۆیشتنەوە خۆم لە هەموو ئازار و ناڕەحەتی و شەکەتییە لەژمارەنەهاتووەکان پڕتر بکەم. لەوێدا هەستم دەکرد پێم باشە و خوێن لە دەمارەکانمدا دێتە جۆش. پێدەچوو پێویستم بەو ڕەنج و ئازارە هەبووبێت کە بۆم باس کردن، نەک لە خودی گەڕانەکە. وەک کرمێک بەنێو ڕێبوارەکاندا هاتوچۆم دەکرد. بەپاڵ جەنراڵەکاندا تێدەپەڕیم. لەگەڵ پارێزەرە تایبەتییەکانی سوارەی سەربازی و ئەفسەرانی گاردی شاهانە ڕووبەڕوو دەبوومەوە. جاری تریش تووشی خانمە شیکپۆشە جوانەکان دەبووم. لەو کاتانەدا بیرم لە جلوبەرگە کۆنەکان و بەدبەختی و داماوی و نائومێدی و سیما تارمایی ئاساییەکەی

خۆم دەکردەوە. ئەمە ئازارێکی تا سەرئێسک بوو. ئازارێک تەنیا لە ئەفسانەکاندا دەیدۆزیتەوە. هەست بە زەبوونیەتی بێکۆتا و تاقەتپڕوکێن کە بەرئەنجامی بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە لەوەی کە من لەنێو هەموو ئەو کەسانەدا جگە لە مێشێک، هیچی تر نیم. مێشێکی پیسوپۆخڵ. تەنانەت ئەگەر لە هەموویشیان ئاقڵتر و تێگەیشتووتر و نەجیبتریش بم (ئەمە لە خۆیدا دیار بوو) کە بەرانبەر بەوانە مێشێکم  و هیچی دی. مێشێک دەبێت بەردەوام دەریبکەیت. مێشێک بە سووکی تەماشا دەکرێت و پێویستە لە هەموان بێزار بێت.

بۆ بە ویستی خۆم ئەم هەموو ئازارە بچێژم، بۆ لە سەیرانگەی نڤیسکی پیاسەم دەکرد، نازانم، لە هەموو دەرفەتێکدا شتێک بەرەو ئەوێ کێشی دەکردم. تەنیا لەو کاتەدا بوو هەستم بەو چێژ و خۆشییە دەکرد کە پێشتر لە بەشی یەکەمی ئەم یادەوەرییانەدا بۆم باس کردن. لێ دوای ڕووداوەکەی ئەو شەوە، زیاد لە جاران حەزم بە چوونی ئەو سەیرانگەیە بوو. لە نڤیسکی زیاد لە هەر جێگەیەکی دی تووشی دەهاتم. تەنیا لەوێ دەمتوانی تێر تەماشای بکەم. لە ڕۆژانی پشوودا بۆ کەشخە بۆ ئەوێ دەهات. لە کاتی هاتوچۆدا، کە تووشی جەنراڵ یان کەسایەتییەک دەبوو خۆی لادەدا و ڕێگەکەی چۆڵ دەکرد، کەچی کە تووشی کەسێکی نابووتی وەک من، یان کەسانێکی زۆر لە من چاکتر و پۆشتەوپەرداختر بهاتایە، دەڵەکی دەدان بۆ ئەوەی سەر ڕێگەکەی بۆ چۆڵ بکەن. وەک ئەوەی جگە لە بۆشایی، هیچ کەسێک لە بەردەمیدا نەبینیت، بە هیچ جۆرێک سەر ڕێگەکەی بەرنەدەدا. منیش لەداخا خەریک بوو شەقم دەبرد، بەتایبەتی کە لە نزیکەوە دەمبینی... بەداخەوە، لاڕێم دەگرت و

دەڕۆیشتم. هەستی ئەو خۆبەکەمزانینە، تەنانەت لە پەڕینەوەی شەقامیشدا، ئازاری دەدام. هەندێک شەو، مەبەستم سێ سەعات دوای نیوەشەوە، کە لە خەو هەڵدەستام، بەوپەڕی قەڵسی و تووڕەییەوە لە خۆم دەپرسی کە "بۆ دەبێت مل کەچ بکەیت؟ بۆ ڕێگەی بۆ چۆڵ دەکەیت؟ بۆ، بۆ دەبێت هەر تۆ ئەمە بکەیت و ئەو هیچ؟ ئەمە لە یاسادا نییە، لە هیچ شوێنێکدا نەنووسراوە لە حاڵی وادا دەبێت مرۆڤ چی بکات؟ باشە، ئەی ناکرێت ڕێگەیەکی مامناوەند لەبەر بگرین و کۆتایی پێ بهێنین. وەک هەر کەسێکی هۆشیار و شیاو، کاتێک لە شەقامێکدا ڕێکەوتی یەکتر دەکەن، تۆ نیوەی ڕێگەکەی بۆ دەکەیتەوە و ئەویش نیوەکەی تری. پاشان هەردووکتان، وەک خەڵکانی دی، بە ڕێزەوە ڕێگەی خۆتان لەبەر دەگرنەوە.

بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، چ پێشتر و چ لەوەودوا، بەردەوام لەو بەیەکگەیشتنەدا من ڕێگەکەم بۆ چۆڵ دەکرد. تەنانەت جارێک لە جاران هەستی بەوە نەکرد ئەویش سەر ڕێگەکە بەربدات.

جارێک لە کاتی پیاسەی نڤیسکیدا بیرۆکەیەکی سەیرم بۆ هات، بە خۆم وت چۆنە ئەگەر ئەمجارە تووشی هاتم ڕێگەی بۆ نەکەمەوە. منیش وەک ئەو ڕێک مل بنێم و تەنانەت ئەگەر بەریشی کەوتم، لە ڕێگەکە لانەدەم. دەبێت چی ڕوو بدات؟ ئەم بیرۆکەیە وردەوردە بە شێوەیەک بەسەرمدا زاڵ بوو کە هۆشوگۆشی لێ بڕیم. هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر شتێکی وا بکەم، چی ڕوو دەدات؟ بۆیە بەردەوام دەچووم بۆ نڤیسکی، تەنیا بۆ ئەوەی باشتر و ڕوونتر لەوە بگەم کە چۆن بتوانم ئەو کارە بکەم. زۆرم بیر لێ کردەوە، تا وردەوردە نەخشەیەکم بۆ ڕوون بووەوە. سەرەتا، لە خۆشیی خەیاڵی

ئەنجامدانی بڕیارەکەم، لای خۆمەوە حسابی ئەوەم کرد کە "گومان لەمەدا نییە" نابێت بە توندی پاڵی پێوە بنێم، بەڵکو دەبێت ئاگادار بم کە تووشم بوو سارد نەبمەوە و وەک جاران ڕێگەکەی بۆ چۆڵ بکەم. دەبێت ڕووبەڕووی ببمەوە. لێ نەک خۆپیاکێشان، بەڵکو هەر ئەوەندەی شانمان بەر یەکتر بکەوێت، هەر ئەوەندەی ڕێگەکە بوارمان بدات. بە جۆرێک لێکدانەکەمان یەکسان بێت بە یەکتری. تەواو خۆم بۆ ئەنجامدانی کارەکە ئامادە کرد، بەڵام ئامادەکارییەکەی کاتی زۆری گرتم. بۆ ئەنجامدانی کارێکی وا، دەبێت پێش هەر شتێک زۆر بایەخ بە خۆم و جلوبەرگەکەم بدەم، چونکە لەوانەیە ئەنجامی کارەکە سەرنجی هەموو ئەوانە ڕابکێشێت کە لەوێن (بەتایبەتی زۆربەی ئەوانەی دەهاتنە سەیرانگەکە، خەڵکانی پلەدار و لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگە بوون. کۆنت و کونتیسە و میرەکان لەوێ پیاسەیان دەکرد، هەروەها ئەدیبە هەڵکەوتووەکانیش) لە شوێنی وادا پێویستە بەرگی چاک و گونجاوت لە بەردا بێت، چونکە جلوبەرگ کاریگەرییەکی باشی هەیە. بەرگی دەوڵەمەند و پیاوماقووڵ لای ئەوانەی لە چینە باڵاکانن، دەشێت پاکانەیەک بێت بۆ ئەوەی ئەو کەسە وەک یەکێک لە چینە باڵاکان تەماشا بکەن. بۆیە داوام لە ژمێریاری نووسینگەکەمان کرد یارمەتیم بدات و پێشەکی مووچەی مانگانەکەم بداتێ. پارەکەم وەرگرت و چووم بۆ پێشانگە گەورەکەی چیورکین، جووتێک دەستکێشی ڕەش و کڵاوێکی گونجاو و جوانم کڕی. بە لامەوە دەستکێشی ڕەش گونجاوتر و لەگەڵ تەمەن و بارە کۆمەڵایەتییەکەمدا زیاتر دەگونجا لە ڕەنگی تر، بۆ نموونە ڕەنگی زەرد، یان لیمۆیی سووک و جاڕزکەرە، وای دەردەخات

خاوەنەکەی حەزی بە سەرنجڕاکێشآنی خەڵکە. بۆیە وازم لە دەستکێشی زەرد هێنا.

لە دەمێکەوە کراسێکی پاکوخاوێن، بە دوگمەی سپی و ئوتووکراوەوەم لای خۆم دانابوو. تەنیا پاڵتاوەکەمم بەدڵ نەبوو، دوای ئەملاوئەولاپێکردنێکی ورد، زانیم ئەویش هێند خراپ نییە. گەرم و باشە، بەڵام بەرەکەی لۆکە و یەخەکەی خورییە. لە کەوڵی ئەو ورچانەیە کە لە بازاڕی ئەوسادا هەرزانترین جۆری کەوڵ بوو. باشە، هەرچۆنێک بوو یەخەکەم گۆڕی و یەخەیەکی تازەم کڕی. شریتێکیش لە پێستی سەگی ئاوی، کە دەیکەن بە یەخەی ئەفسەرەکانەوە. چووم بۆ گەڕەکی خۆرهەڵاتی شار کە جلوبەرگیان تیا دروست دەکرد. دوای چەند جارێک سووسەکردن و گەڕان، کڵاوێکی بەرگنم کڕی کە تا ڕادەیەک لەوانی دی هەرزانتر بوو. ئەوەی کڕیبووم لەوانە بوو زوو دەڕزان و دوای ماوەیەک بە تەواوی ڕەنگی دەشێوا و لە کەڵک دەکەوت، بەڵام بە تازەیی جوان و سەرنجڕاکێشە. من بۆ تەنیا جارێک پێویستم بەو یەخەیە هەبوو. هەرچۆنێکە، بە هەموو هەرزانییەکەیەوە بۆ من گران بوو. دوای ماوەیەک تێڕامان، بڕیاری فرۆشتنی یەخەی کەوڵە ورچەکەی پێشووم دا. دەموسیت باقیی پارەکە، کە بێگومان بۆ من گرنگ بوو، لە ئانتۆن ئانتونوڤیچ ستوشکینی بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆی نووسینگەکەمان قەرز بکەم. ئەو ستوشکینە پیاوێکی ئارام و جیددی و ڕەسمی و ئەرینی بوو، ئاسایی قەرزی بە کەس نەدەدا، بەڵام بۆ یەکێکی وەک من کە پێش هاتنم بۆ ئەم نووسینگەیە لای کەسێکی دیارەوە ڕاسپێریم بۆ کرابوو، دەکرا ببوێرێم و قەرزم بدەنێ. ئەم داوایەیشم گەلێک پێ ناخۆش بوو. قەرزکردن لە کەسێکی وەک ئانتۆن

ئانتونوڤیچم بە لاوە ڕسوایی بوو. دوو سێ شەو بەم خەیاڵەوە تلامەوە و خەوم لێ نەکەوت. هەڵبەت ئەوسا من زۆر کەم خەوم لێ دەکەوت. لە یەکێک دەچووم تای لێ هاتبێت. دڵم لە بارێکی خراپدا بوو، کەم لێی دەدا، هەندێک جار لەوە دەچوو بە تەواوی لە لێدان کەوتبێت. هەندێک جاری تر بە پێچەوانەوە. لەپڕێکدا توند دەکەوتەوە لێدان و لێدان و لێدان.

ئانتون ئانتونوڤیچ لەپێشدا سەیری پێ هات، پاشان ناوچەوانی دا بەیەکدا، ماوەیەک ڕاما و دوایی قەرزەکەی دامێ. بێگومان دوای ئەوەی ئیمزای پێ کردم. بەپێی ئیمزاکە دەیتوانی دوای دوو هەفتە پارەکە بە مۆڵی لە مووچەی مانگانەم ببڕێت.

هەنووکە هەموو شتێک ئامادە بوو. خورییە جوان و کەشخەکە جێگەی خورییە کۆنەکەی لەسەر یەخەی پاڵتاوەکەم گرتبووەوە. هێدی هێدی خۆم بۆ ئەنجامدانی کارەکە ئامادە دەکرد. نەدەبوو ئەمجارەیان خێرا و بە پەلە کارەکە بکەم، بەڵکو دەبوو ژیرانە بێمە دەست. دەبوو پێشتر خۆم ڕابێنم و پاشان ئەنجامی بدەم.

دەبێت ئەوەیش بڵێم کە دوای چەند جارێک ئەزموونی بەرخورد لەگەڵ ئەفسەرەکەدا، تازە بە تەواوی گەیشتبوومە ئەوەی گومان لە بڕیارەکەم بکەم! دەمزانی، واتا زۆر نائومێدانە بیرم دەکردەوە، کە گومان لەوەدا نییە هیچ کاتێک لە سەیرانگەکە تووشی یەک نابین و بەر یەکتری ناکەوین. هەر کاتێک خۆم ئامادە دەکرد و تەواو بڕیارم دەدا، کە ئێستا، هەر ئێستا، لەم چرکەساتەدا بەر یەکتر دەکەوین، کەچی ڕووی نەدەدا. لە دوا چرکەساتدا خۆم لەسەر ڕێگەکەی لادەدا، ئەویش، وەک هەمیشە، بەبێ ئەوەی تۆزێک لە ڕێگەکە لابدات،

تەنانەت لەوانەیە بەبێ ئەوەی منیش ببینێت، بە پاڵمدا تێدەپەڕی. هەندێک جار کە لێی نزیک دەبوومەوە، لە خودا دەپاڕامەوە ئەوەندەم ئازایەتی بداتێ کە بڕیارەکەم جێبەجێ بکەم.

جارێکیان، کە بە تەواوی بڕیاری ئەنجامدانی کارەکەم دابوو، کۆتاییەکە بەو جۆرە شکایەوە کە هەر ئەوەندەی گەیشتمە بەرپێی ئەفسەرەکە، ئەمەیش هەر لە دواچرکەساتدا، لە دووری چەند سانتیمەترێکەوە، بە تەواوی پەکم کەوت و هێزم تیا نەما. ئەویش لەسەرخۆ، زۆریش ئاسوودە، لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام بوو، منیش وەک تۆپی پێ بەرەو شوێنێکی دوور هەڵدرابووم.

شەوی دوایی، وەک یەکێک تای لێ هاتبێت، کەوتمە ناو جێگە و وڕێنەکردن. کەچی لەپڕێکدا شتێکی لەوە چاکترم بە بیردا هات. شەوی دوای ئەوە، تەواو بڕیاری ئەوەم دا کە واز لەو کارە بێئەنجام و شوومە بهێنم و ئەو تۆڵەیە نەکەمەوە. دوای ئەوە بۆ دواجار چووم بۆ سەیرانگەی نێیسکی، تەنیا بۆ ئەوەی بزانم چۆن دوای ئەم هەموو بێنەوبەردەیەی پێشوو، بە تەواوی وازم لە کارەکە هێنا. بەڵام کە گەیشتمە ئەو شوێنەی نزیکەی سێ هەنگاو لە نەیارەکەمەوە دوور بووم، لەناکاوێکدا لەم بڕیارەیش پەشیمان بوومەوە. چاوم نووقاند و وەک شێت بەرەوپێش چووم و بە توندی شانمان بەر یەکتر کەوت. تەنانەت میلی مەترێکیش لە ڕێگەکە لام نەدا. وەک کەسێک لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا ماف و بەهای تەواو یەکسانی هەبێت، ڕێگەکەمم لەبەرگرتەوە و ڕۆیشتم. بەڵام ئەو هەر ئاوڕیشی لێ نەدامەوە. وەک جاران وای پیشان دا کە هەستی بە من نەکردووە، بەڵام بڕوای تەواوم هەیە کارەکەی تەنیا

خۆنەبانکردنی ڕووت بوو. خۆنەبانکردنێکی ڕاستەقینە. تا ئەمڕۆیش ئەوە بە لای منەوە ڕاست و گومانهەڵنەگرە. ڕاستە لە خۆپیاکێشانەکەدا من زیاتر ئازارم پێ گەیشتبوو، چونکە ئەو کابرایەکی کەتە و بەخۆوە بوو، بەڵام ئەمەیش گرنگ نییە. چ ئازارم پێ بگات، یان نەگات، گرنگ ئەوە بوو من بە مەبەستی خۆم گەیشتبووم و هەقی خۆم لێ کردبووەوە، تەنانەت سانتیمەترێکیش ڕێگەکەم بۆ چۆڵ نەکرد و خۆم بەدەستیەوە نەدا. ڕێک و ڕاست لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا خۆم لە ئاستی ئەودا بینییەوە. لەگەڵ گشت ڕێکەوتەکانی پێشوودا تۆڵەم لێ کردەوە. پاشانیش سەرکەوتوانە گەڕامەوە گۆشە تاریکەکەی خۆم.

زۆر بە کارەکەم دڵخۆش بووم. لەبەرخۆمەوە گۆرانیی ئیتاڵیم دەوتەوە. ئاشکرایە دوای سێ ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکەدا چیم بەسەرهات. ئەگەر بەشی یەکەمی ئەم چیرۆکەتان خوێندبێتەوە کە ناوی "تاریکی"یە. ڕەنگە خۆتان بتوانن هەست بە حاڵەتەکەم بکەن.

دوای ئەوە ئەفسەرەکە لە شوێنێکی تری دەرەوەی شارەکەی ئێمە دەستبەکار بوو. چواردە ساڵە نەمدیوەتەوە... کێ چووزانێت ئێستا ئەو برادەرەی من لە کوێیە و چی دەکات. ئیدی ڕێگە بە کێی تر چۆڵ دەکات؟

- ٢ -

هەر بەو جۆرە، سەردەمی ئارەزووبازییەکەم کۆتایی هات. ئیدی هەموو کارێکم لە بەرچاو کەوت و پەشیمانی ئەوکی گرتم. هەستم بە ڕشانەوە دەکرد و نەمدەهێنایە سەر خۆم. تا هێدی هێدی لەگەڵ پەشیمانییەکەیشدا ڕاهاتم. بە تەواوی لەگەڵ هەموو شتێکدا ڕادەهاتم. نەک وەک ئەوەی بەتایبەتی خۆم بمەوێت خوی پێوەبگرم، نا، بەڵکو بە ویست و ئارەزووی خۆم. بەرگەی هەموو شتێکم دەگرت و بە ئاسانی شانم دەدایە بەر. لێ لەم نێوەندەدا ڕێگەیەکی دەربازبوونم هەبوو. ڕێگەیەک بوو تاریکایی ڕووناک دەکردەوە و هەتوانی زامەکانی دەکرد. ئەویش هەمان ڕێگەی "جوانی و مەزنی" بوو کە بتوانم ژیانی خۆمی ڕادەست بکەم و ڕزگار بم. سروشتی بوو ئەگەر ئەمە تەنیا خەیاڵ بێت و کرداری لەگەڵ نەبێت. من گەلێک خەیاڵاویم. خەیاڵ لە شتی بچووکیش دەکەمەوە. باوەڕ بکەن، لە ماوەی سێ مانگی خەیاڵبازیدا، ئیدی لە کەسەکەی جاران نەدەچووم، مەبەستم لەو کەسەیە ئێوە دەیناسن، ئەو کەسەی ژیانی لە پەشێوی و شپرزەییدا بەسەردەبرد و دڵی وەک دڵی چۆلەکەی گیراو لێی دەدا. ئەوەی پارچە خوریەکی شیکی بە یەخەی پاڵتاوەکەیەوە دەدرووی بۆ ئەوەی تۆڵە بکاتەوە. نا، تازە بووبووم بە کەسێکی تر. ئازا و جوامێر بووم. بە ئەندازەیەک ئەگەر ئەفسەرە باڵابەرز و کەتەکە داوای دیدەنیی منی بکردایە، ڕێگەم پێ نەدەدا بێتە ماڵەکەم. لەو ماوەیەدا سیما و شێوەیم

هەر لە بیر کردبوو. بە هیچ جۆرێک نەمدەتوانیی بیری لێ بکەمەوە.

لەو ماوەیەدا چۆنم بیر دەکردەوە؟ چ خەونێکم دەبینی؟ بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕووداوێکی بێبایەخی وەک شانبەریەککەوتن لەگەڵ ئەفسەرێکدا ئەوە دەهێنێت بیر لە تۆڵە بکەیتەوە؟ لە ئێستادا ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە، بەڵام بۆ ئەو کاتە بیرکردنەوەکەم قەناعەتی پێ دەکردم. جگە لەمە، ئێستایش کە باش بیری لێ دەکەمەوە، تا ڕادەیەک هەر وایە. ئەم خەیاڵبازی و خەونانە، بەتایبەتی دوای ئەوەی خۆم ڕادەستی ئارەزووبازییەکی نادروست و دزێو کرد، زیاتر لە لام شیرین و خۆشترکەوتەوە. خەونەکان لەگەڵ پەشیمانی، وەڕزی و نەفرەت و سەرئێشە و پەرکەم دا هاوڕابوو. بەڵام چرکەساتی وایشی تێدەکەوت کە ڕووخۆشی و شادمانیی دەروونی و هەستی خۆشبەختیی هێند پاک و بێ گەردانە سەریان هەڵدەدا، کە بێزارییەکەم بە تەواوی لە یاد دەکرد. سوێند بە خودا بچووکترین ئاسەواری گاڵتەجاڕی لە مندا نەدەما. لەو چرکەساتانەدا، پڕ بووم لە هەستی ئومێد و بڕوا و خۆشەویستی. هۆکارەکەیشی ئەوە بوو کە من هەر لە خۆمەوە، بڕوام بەوە هێنابوو، سەرئەنجام هەموو ئەم گرێوگۆڵانە لەژێر کاریگەریی موجیزە، یان هۆکارێکی دەرەکیدا لە یەکدی دەترازێن و پەراگەندە دەبن. پاشانیش دەبێتە ڕابەری هەندێک لە چالاکییەکانم. ئاسۆم ڕووناک و مژووڵم دەکات. ئەو چالاکییانەم مەبەستە کە بەسوود و ناوازە و قەشەنگن. پێش هەر شتێکیش، چالاکییەکی تەواو دیاریکراو بێت. ئیدی کام چالاکی و چۆنچۆنی، بەڕاستی ئەوەم نەدەزانی. هەر نەمدەزانی. لێ لەگەڵ نەزانینەکەیشمدا، بڕوای تەواوم هەبوو،

که ئەو جۆرە کارە دیار و بەرجەستە و تایبەتیی دەبێت، بۆ نموونە دەزانن چۆن: دوای ڕوودانی موجیزەکە، لەپڕێکدا من دەردەکەوم و دەچمە سەر شانۆی ژیان. ئیتر لە هیچم کەم نییە. بەسەر ئەسپێکی سپیی شکۆمەند و سەربڵندەوە دەردەکەوم، وەک نیشانەی سەرکەوتن و شانازی، تاجێکی گەڵا زەیتوونم لەسەر سەرە.

بەڵام هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە بچمە قاڵبی کەسێکی پلە دووی کردار بچووکەوە. ڕەنگە ئەمە وای کردبێت بە دڵنیاییەوە بکەومە نێو کاری ناپەسەند و سووکوچرووکەوە. بە خۆم دەوت: یان هەموو شتێک یان هیچ. یان دەبێت قارەمان بم، یان پیس و ڕسوا. مامناوەندگرتن بێمانا و شیاوی بیرلێکردنەوە نەبوو. ئەمەیش بیری منی بەرەو هەڵدێر برد، چونکە کە نەمتوانی پاڵەوان و جوامێر بم، ئیدی کەوتمە ناو لیتە و زەلکاوەوە. دڵی خۆم دەدایەوە و دەمگوت سەرئەنجام دیمەنەکە دەگۆڕێت و من وەک قارەمان دەردەکەومەوە و گەندەڵییەکان ناهێڵم. باوەڕم وا بوو مرۆڤی ئاسایی ئەگەر بە ڕەهایی خۆی، ڕادەستی پیسی و ڕسوایی بکات، دەبێتە کەسێکی بێشەرم و تاوانبار. بەڵام کەسانی جوامێر و قارەمان لەوە گەورە و مەزنترن ئالوودەی گەندەڵی بن. کەسێکی لەم بابەتە گوێ بەوە نادات بکەوێتە زەلکاوێکی واوە.

لە هەموو سەرسووڕهێنەرتر ئەوە بوو هەندێک جار، ڕێک لەو کاتەدا کە دەست بۆ کارێکی ناڕەوا و بێئابڕوویی وەک ئارەزوو بازی دەبەیت، شەپۆلێک هەستی تایبەتی کە دەتوانم ناوی بە مەیلی "جوانی و مەزنی"ی ژیان بەرم، یەخەی دەگرتم. بەتایبەتی لەو کاتانەدا ئەم هەستەم تێدەگەڕا کە بە سەختی داتەپیبووم و کەوتبوومە ناو زەلکاوەکەوە. لەو کاتەدا، وەک

شەپۆل، بە نۆرە و لە شێوەی کورت و بچووکدا، لە دوورەوە دەردەکەوت. لەوەدەچوو تەنیا بۆ ئەوە بێت بوونی خۆیم بە یاد بێنێتەوە، بەڵام ئەم هەستە و بەو جۆرە دەرکەوتنە، بە هیچ جۆرێک لە سووک و ڕسواییەکەی کەم نەدەکردەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەبەر دژوازییە توندەکە، پیسییەکەی زۆرتر و خراوتر دەکرد. هەستەکە هێند بەتام و چێژ بوو کە بۆ ژەمێک خواردن پێویست بوو. لە کارەکانی مندا ئەو ژەمە خواردنە بریتی بوو لە: بەرەنگاری و دژایەتیی دەروونی، دەرد و ئازار، تێکە و لێکەی بەئازاری دەروونی. هەموو ئەم دەرد و ئازارانە، کار و کردەوەکانی منیان بەهێز و ڕەگاژووتر کرد، مەبەستم لە کارە سووک و ڕسواکانی خۆمە، بەرەو لایەنی پیسی و بێئابڕووییان دەبردم و مانایەکیان پێ دەبەخشی. بەکورتی، ئەم دەرد و خەم و خەفەتە لە وجوودی مندا لە تام و چێژێکی خۆشی ناو خواردن دەچوو. مەبەستم ئەوەیە کارەکانی منی تەواو دەکرد.

هەموو ئەم کارانە خاڵی نەبوون لە قووڵی و بە ساکار نەدەدرانە قەڵەم. چۆن خۆمم ڕادەستی ئەو ئارەزووبازییە دەکرد؟ چۆن دەمتوانی هەموو ئەم ڕسواییە لە خۆم بار بکەم؟ چی دەیتوانی لەو مێژووەدا من لە ڕێ دەربکات و بمخاتە سەر ڕێی ئەو ئابڕووچوونە؟ نا، نازانم، نایشتوانم بیزانم، بەڵام ئێوە دەزانن، بۆ هەموو کارەکانم دەریچەیەک و ڕێگەیەکی دەربازبوونی نەجیبانەم هەبوو...

خودایە! لەو خەونە بێدەنگانەدا چەند هەستم بە خۆشەویستی و جوانی دەکرد. ئەو خەونانەی بۆ ڕزگارکردنی خۆم پەنام بۆ "جوانی و مەزنی" دەبرد. لەگەڵ ئەوەیشدا کە خۆشەویستییەکی ئایدیالی و ئەفلاتوونی بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە

له هیچ عەشق و خۆشەویستییەکی مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو کە واقیع بێت، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم دوانە بەرانبەر بە یەک بەراورد ناکرێن، کەچی خۆشەویستییەکی زۆر قووڵ بوو. ئەمەندە قووڵ و ئاسوودەبەخش، کە کەس بڕوای پێ نەدەکردم، یان نەمدەتوانی لە یەکێکی تردا بیدۆزمەوە. ئەم خۆشەویستییە، جگە لە ئارایشتکارییەکی زیاد، هیچی تر نەبوو. گەلێک جار ئەم حاڵەتانە بە لای منەوە لە خۆشبەختییەکی ئاسایی باشتر دەردەکەوت. هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ ئاسوودەییدا، ئەویش ئەو کاتە بوو کە دەبوو بە هونەر، واتا دەبوو بە جوانترین شێوە و وێنەی داهێنان لە بووندا. وێنەی هەموو ئەو هونەرانەی گەیشتوونەتە کۆتایی و تەواو کامڵ بوون. لە هەمان کاتدا ئەمە دوور بوو لە شاعیری و ڕۆماننووسییەوە، بەڵکو بە لای ئارەزووە سروشتی و مومکینە مرۆڤایەتییەکاندا دەشکایەوە، بۆ نموونە لە بیر و خەیاڵی خۆمدا لە هەموو کەس زیاتر ڕەشبین بووم، بۆیە بە چاوی تۆز و خۆڵەوە لە هەموانم دەڕوانی، وام دەزانی هەموو ناچارن بە فەرمی ددان بە بوونی کامڵی مندا بنێن و سەر بۆ شکۆمەندییەکەی دابنەوێنن و خۆ بە دەستەوە بدەن. دوای ئەمە، دیارە منیش چاوپۆشی لە هەموو خەوشەکانیان دەکەم. بە خەیاڵ عاشقی خۆم دەبووم. دەمگوت شاعیرێکی ناودارم، شاعیرێکی تەریک و بەناوبانگم. پاشان هەر بە خەیاڵ دەبووم بە خاوەنی چەند ملیۆنێک پارە و خێرا هەموویم لەپێناو خۆشی و بەختەوەریی خەڵکیدا خەرج دەکرد. بۆ ئەوەی بەرانبەر بە خەڵک بوەستم و ددان بە هەموو گوناهەکانمدا بنێم. بێگومان گوناهەکان، وەک گوناهە ئاساییەکانی خەڵکی نین، بەڵکو بڕێکی زۆری "جوانی و مەزنی"یان تیا شاراوەتەوە.

ئەوسا هەموو ئەو کەسانە دەگرین و ئاساییە ماچم بکەن. (خۆ ئەگەر نەیکەن، دیارە کەسانێکی نەزان و گەمژەن) لە دواییدا من برسی و بە پێی پەتی لە لایان دەگەڕێمەوە، بۆ ئەوەی دیسانەوە بیروباوەڕی تازە و جوانی خۆمیان بە دیاری پێشکەش بکەمەوە. وەک ئەو گەورە پیاوە[١] لە ئوستەرلیتزدا[٢] شکست بە نەیارەکانی خۆم بێنم و سەرکەوتنەکانم تازە بکەمەوە. پاشان بکەونە مارشلێدان و بەخشینی گشتی بڵاوبکرێتەوە. پاپای مەزنیش، بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو ڕۆژە، قایل دەبێت لە ڕۆماوە کۆچ بکات بۆ بەرازیل و لەوێ گۆشەگیر بێت. شەڕە مەزهەبی و نامەزهەبییەکان کۆتاییان دێت. دوای قایلبوونی پاپا بۆ کۆچکردن و کۆتاییهاتن بە شەڕی ئایینی، لە هەموو ئیتالیادا دەکرێت بە ئاهەنگ. لە باخە بەناوبانگەکەی بورگیزدا[٣] کە لە کەنار دەریای کومرسیدایە[٤]، هەموو دەیکەنە سەما و گۆرانی و لە ڕۆمایشەوە خەڵکی بۆی دێن. پاشان لەم خۆشی و ئاهەنگە گشتییەدا شتی تریش ڕوو دەدات، کە بریتییە لە لەیەکدیتێگەیشتن و ئاشتی و ئاشتەوایی.

پێدەچێت ئێوە بەمەتان نەزانیبێت؟ بێگومان دەتانەوێت بڵێن کە دوای ئەم هەموو گلەیی و بناشت و قسەوباسانەی بە ڕاشکاوی کردتن و فرمێسکت بۆ ڕژاند، تازە هاتوویت باس لەم خەیاڵ و بۆچوونە پووچانەت دەکەیت. ئەمە بەڕاستی

---

[1] ئاماژەیە بۆ کەسایەتیی مانفرید کە لە داهێنانی بایرۆنە، کەسایەتییەکە شانازی بە خۆیەوە دەکات و لە تەنیاییدا و زۆر سەربەخۆ دەژی. گوێ بە هیچ مەترسییەکیش نادات.

[2] Austerlitz

[3] Borghes

[4] Comerse

مایەی خەجاڵەتی و ڕسواییە، بەڵام پێتان نەوتم بۆ دەبێت کاری من سووک و ڕسوا و خەجاڵەتباری بێت؟ بەڕاست ئێوە لەو باوەڕەدان من لە وتن و نووسینی ئەو شتانەدا خەجاڵەت و شەرمەزار بم؟ بێ لەمە، زۆر بەڕێزینە، بە لای ئێوەوە ئەو شتانەی وتم و نووسیمن، تۆ بڵێی لەو کارانەی ئێوە کە هەموو ڕۆژ و سەعاتێک دەیکەن (ئیتر هەر کارێک بێت) گەوجانەتر بێت؟ لەگەڵ ئەوەیشدا باوەڕ بکەن، گەلێک لەو خەیاڵاتانەم بە خراپ دروست نەکردبوو... هەموو وێناکردنەکانم قۆڕ نەبوون و بە ئاهەنگێکی خەیاڵیی کەنار دەریای کومیرسی ئیتاڵی کۆتایی نەدەهات. بەڵێ، ئێوە لەسەر هەقن. ئەم جۆرە دەربڕین و ددانپیانانانە بەڕاستی سووک و ڕسواییە، بەڵام باوەڕتان هەبێت لەوە سووک و ڕسواتر ئەوەیە کە بمەوێت لە بەردەمی ئێوەدا پاکانە بۆ خۆم بکەم. لەمەیش چروکتر ئەم ڕوونکردنەوەیەی ئێستای منە کە بۆ سەرنجڕاکێشانی ئێوە ئاماژەم پێ دا، بەڵام ئەمەندە بەسە، چونکە هەرگیز ناتوانم مەبەستەکەم بگەیەنم. لەبەر ئەوەی هەر کارێک کە دەیکەم، لە هەموو کارەکانی پێشووم سووک و ڕسواترە.

هەرگیز نەمتوانیوە لە سێ مانگ زیاتر لە خەیاڵ و بیرکردنەوەدا بم، بەبێ ئەوەی دوای ئەوە هەست بە شتێک بکەم و نەتوانم بە سەریدا زاڵ بم، ئەویش ئەوە بوو کە بگەڕێمەوە ناو خەڵک و تێکەڵیان ببمەوە. هەڵبەت مانای ئەم تێکەڵییە بۆ من تەنیا ئەوە بوو کە بگەڕێمەوە بۆ لای سەرۆکی دەزگاکەم، واتا ئانتۆن ئانتۆنۆیڤچ ستوشکین. چونکە بە درێژایی ژیانم تاقە هاوڕێیەکی هەمیشەیی و ڕێکوپێک کە هەبووبێتم، ئەو بووە (نا؟ بەڕاستی خۆیشم سەیرم پێ دێت) لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر بە دەگمەن سەردانیم دەکرد. ئەو کاتانە

دەڕۆیشتم بۆ لای کە بە تەواوی بێحەوسەڵە دەبووم، ئەو کاتەی لە واقیع دووردەکەوتمەوە و ڕووم لە خەون و خەیاڵ دەکرد، بۆیە دەبوو بێ هیچ دوودڵییەک، لەتاو ئەو شادمانی و خۆشحاڵییەی ڕووی تێدەکردم، هەموو دانیشتوانی سەر گۆی زەوی و گشت مرۆڤایەتی پێکەوە لە ئامێز بگرم. بەڵام بۆ ئەم کارە دەبوو هیچ نەبێت کەسێکی واقیعی و زیندووی ڕاستەقینەم لەگەڵدا بێت، نەک کەسانێکی وەهمی و خەیاڵی. تەنیا لە ڕۆژانی سێشەممەدا دەمتوانی سەردانی ئانتۆن ئانتۆنۆڤیچ لە ماڵەکەیدا بکەم (لە هەفتەیەکدا هەر ئەو ڕۆژە دەیتوانی خەڵک ببینێت) بۆیە، نیازی بەردەوامی من بۆ لە ئامێزگرتنی هەموو دانیشتوانی سەر گۆی زەوی دەبوو لە ڕۆژی سێشەممەدا بوایە. ئانتۆن ئانتۆنۆیڤیچ لە گەڕەکی پێنجەمگۆشە، لە نهۆمی چواری ئاپارتمانێکدا دەژیا، کە چوار ژووری بنمیچ نزمی زۆر بچووکی تیابوو. لە ماڵێکی هەژار دەچوو. دوو خوشکی هەبوو، لەگەڵ پووریاندا دەژیان. تەمەنی یەکێکیان سیانزە و ئەوی تریان چوار دە ساڵ بوو. لووتی هەردووکیان نووکتیژ و ڕوو لە ئاسمان بوو. کەمتر لە بینینی شتگەلی تر سەریان بە سووڕ دەهێنام، چونکە بە درێژایی ئەو ماوەیەی لای باوکیان بووم، بەردەوام لە چرپەچرپ و ناوەناوە بە پێکەنینێک هەراسانیان دەکردم کە دەنگەکەی لە نزگەرەکردن دەچوو. خاوەن ماڵەکە لە ژووری کارەکەی، لەسەر کورسییەکی ڕەحەتی بەرانبەر بە مێزەکەی دادەنیشت. زۆر جار یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی، یان کارمەندێکی دەزگاکەی خۆمان لەوێ بوون. هیچ کاتێک لە دوو سێ میوان زیاترم لەوێ نەدەدی (هەمیشە هەر ئەو کەسانە بوون) گفتوگۆکانیان بەردەوام لە بارەی تەنگژەی سیاسی،

یاداشتەکانی پارلەمان، زیادکردنی مووچە، وەزیری پەیوەندیدار، یان باسی پلە بالآکان کە لە کاتی پێویستدا دەبێت پەنایان بۆ بەریت، یان لەبارەی شتی ئاساییەوە بوو. قسەکانیان هەر نەدەبڕایەوە. من خۆم دەگرت، وەک لێبوک یان دێوانەیەک، چوار سەعاتی ڕێک لایان دادەنیشتم و گوێم لێ دەگرتن، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم، وەک کەڕ و لاڵ دادەنیشتم و سەرم دادەنەواند و بەردەوام ئارەقەم لێ دەتکا. تا دەگەیشتمە حاڵەتی لەهۆشخۆچوون، بەڵام دۆخەکەم پێ باش و لەبار بوو، چونکە کاتێک دەگەڕامەوە ماڵەوە، حەزی ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو مرۆڤی سەر زەوی لە ئامێز بگرم، لە بیر دەکرد و دوامدەخست.

بێجگە لە ئانتۆن ئانتونیڤیچ، هاوڕێیەکی ترم هەبوو بە ناوی سیمۆنۆف. هاوڕێی کۆنی قوتابییەتیم بوو. دەتوانم بڵێم لەم جۆرە هاوڕێی قوتابخانانەم لە پوتروزبۆرگ زۆر بوون. بەڵام دوای تەواوکردنی قوتابخانە ئیدی پەیوەندیم لەگەڵیاندا بڕا. تەنانەت هێند لێیان دوورکەوتبوومەوە، ئەگەر لە ڕێگەوباندا پێیان بگەیشتمایە گوێم پێ نەدەدان و سڵاوم لێ نەدەکردن. ڕەنگە ئەمە تاقە هۆیەک بێت کە منی لە هەموان دوورخستەوە و ناچاری کردم کارێکی تر بکەم و واز لەوان بهێنم. دەمەوێت بڵێم، گەلێک لە کارە نائاساییەکانی من، تەنیا لەبەر ئەوە بوون خۆم لە یادەوەرییە نەفرەتییەکانی سەردەمی منداڵی بە یەکجاری ئاسوودە بکەم و بە تەواوی خۆم لەو سەردەمە داببڕم. نەفرەت لەو قوتابخانەیەی لەگەڵ ئەواندا کۆی کردمەوە، نەفرەت لە ساڵەکانی قوتابخانە کە زیندانێکی ترسناک بوو!

کە قوتابخانەم تەواو کرد. لە هەموو هەواڵێکی هاوڕێکانم دابڕام. تەنیا سێ چوارێکیان مابوو لە ڕێگەوبان پێیان

دەگەیشتم و سڵاوێکی ساردم لێ دەکردن. سیمۆنۆف یەکێک بوو لەو چوار کەسە. ئەو لە قوتابخانە قوتابییەکی لە ئێمە چاکتر نەبوو. لەسەرخۆ و هێور و بەردەوام بێدەنگ بوو. بەڵام لە سروشتی ئەودا جۆرێک لە سەربەخۆیی و ڕاستگۆییم دەبینی. بڕوا ناکەم زۆر پێداگریی لەسەر ئەو خەسڵەتانە کردبێت. لە بیرمە تەنیا بۆ تاقە جارێک چەند سەعاتێکمان بە خۆشی پێکەوە گوزەراند، بەڵام ئیدی درێژەی نەکێشا و دووبارە نەبووەوە. وردەوردەیش ئاسمانەکەی تۆز و خۆڵ گرتی و ڕەش داگەڕا. دیار بوو یادەوەریی ئەو ڕۆژانە بە لای ئەوەوە ناخۆش بوو. وەک لێی دەردەکەوت، بەردەوام دەترسا نەکا بە زمانی هاوڕێیانەی جاران بیدوێنم و یادەوەرییەکانی تیا زیندووبکەمەوە، تەنانەت دەتوانم بڵێم لەبەر ئەو جۆرە هەستەی حەزی لە بینینی منیش نەدەکرد و پێی قەڵس بوو. لەگەڵ ئەمانەیشدا چووم بۆ بینینی، ئەگەرچی زۆر دڵنیا نەبووم لەو ئەگەرەی دوایی کە باسم کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە بوو، ئیتر بەرگەی تەنیاییم نەدەگرت، چونکە دەمزانی ڕۆژانی پێنجشەممە دەرگای ماڵی ئانتۆن ئانتۆنۆڤیچ داخراوە. چووم بۆ ماڵی سیمۆنۆف. کاتێک بە هێوری بە پلیکانەکانی قاتی چوارەمدا سەردەکەوتم، بیرم دەکردەوە کە ئەم چوونەی من باری سەرشانی سیمۆنۆف گران دەکات و پێی ناخۆشە. نەدەبوو بۆ دیدەنیکردنی بچم، بەڵام لەبەر ئەوەی کێشە دەروونییەکانی من ئاسایی بەم ئەنجامە دەگات کە دوودڵی و گومانم زیاتر بکات، بۆیە لەباتی ئەوەی دوودڵییەکەم بەرەو دوا بمگەڕێنێتەوە و واز لەو دیدارە بێنم، هەر چووم بۆ ماڵیان. نزیکەی ساڵێک بەسەر دوا دیدارماندا تێپەڕیبوو.

- ٣ -

سیمۆنۆف بە تەنیا نەبوو. دوو هاوڕێی تری کۆنی قوتابخانەمانی لێ بوو. پێدەچوو قسەیان لەسەر بابەتێکی گرنگ بێت. هیچیان گوێیان بە چوونەکەی من نەدا. ئەمەم بەلاوە سەیر بوو، چونکە ساڵانێک بوو ئێمە یەکترمان نەدیبوو. بە چاویاندا وا دەردەکەوت بە مێشم بزانن. لە قوتابخانە، ئەگەرچی هەموو ڕقیان لێم بوو، لێ هیچ کاتێک وەک ئێستا ڕەفتاریان لەگەڵ نەکردبووم. زۆر چاک دەمزانی لەبەر ئەوە ڕقیان لێم بوو، چونکە لە کاری ئیداری و کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتوو نەبووم، و بەرگی کۆن و هەرزانم لە بەردا بوو، هەروەها هەندێک شتی تریش. هەر ئەم سەروسەکوتەم نیشانەی لێنەهاتوویم بوو. لەگەڵ ئەمانەیشدا چاوەڕێی سووکایەتیپێکردنی وام لێ نەدەکردن. سیمۆنۆف سەردانەکەمی پێ سەیر بوو، پێشتریش هەر وای دەردەخست کە سەرسامە بە چوونەکانم. ئەمانەم بیردەکەوتەوە و خەفەتم پێ دەخواردن. بە ڕوویەکی تاڵەوە لەسەر کورسییەک دانیشتم و گوێم لە گفتوگۆیان گرت. مشتومڕێکی جیددی و سەرنجڕاکێشیان هەبوو. قسەکانیان دەربارەی میوانداریەک بوو کە ئەم سیانە بۆ هاوڕێیەکی خۆیان سازدەکرد بە ناوی سۆرکۆف[1]. بە بۆنەی بەڕێکردنیەوە وەک ئەفسەرێکی

---

[1] Swerkoff

بەرپرسیاری کاروبارەکانی قەوقاز. بڕیار بوو ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنی میوانداریییەکەی بۆ ساز بکەن.

سۆرکۆف لە پۆلی یەکدا هاوپۆلم بوو، بەڵام لە خوێندنی باڵادا یەکجار ڕقم لێی بوو. لە پۆلەکانی سەرەتاییدا تا بڵێی منداڵێکی ناسک و بەڕەوشت بوو، هەموو خۆشیان دەویست، بەڵام من هەر لەو سەرەتایەوە خۆشم نەدەویست و ڕقم لێ بوو. تەنیا لەبەرئەوەی منداڵێکی ناسک و بەڕەوشت بوو. لە بارەی وانەکانیشەوە، دەبێت بڵێم لە هەموو وانەکاندا لاواز بوو. هەموو ساڵێکیش خراپتر بوو لە ساڵی پێشوو، لەگەڵ ئەمەیشدا، بە سەرکەوتوویی قوتابخانەی تەواو کرد، چونکە خەڵکانی دەستڕۆیشتووی لە پشت و هاوکارییان دەکرد. لە دوا قۆناغی خوێندندا، میراتییەکی بەرکەوت بریتی بوو لە ئاواییەکی دووسەد مسکێن[1]. لەبەر ئەوەیش کە تا ڕادەیەک ئێمە هەموو هەژار بووین، سۆرکۆف زوو لە خۆی گۆڕا. لای ئێمە شانازیی بە سامانەکەیەوە دەکرد. لافوگەزافی لێ دەدا و تا بڵێی چرووک و وەڕزکەر بوو. لەگەڵ ئەمانەیشدا کوڕێکی باش بوو. جگە لە چەند کەسێکی زۆر کەممان، هەموو ئەوانی تر، بە خەیاڵێکی شاعیرانە و بۆچوونی قوتابیگەلێکی قوتابخانەوە کە هەستی ڕەوشت و ڕێز و جوامێرییان تێدایە، هەموویان مەراییان بۆ دەکرد. ئەوان هیچیان لەو نەدەویست، بەڵکو بێ مەبەست و ڕەنگە تەنیا لەبەر سادەیی گەنجیەتییەکەیان بووبێت. ڕەنگە لەبەر ئەوەیش بووبێت کە سروشت خۆشی ویستووە و لە دابەشکردنەکەدا ئەوی بە

---

[1] مسکێن یان کۆیلەکانی زەوی، بە ژمارەی ئەوان گرنگی و بایەخی خاوەن زەوی دیاری دەکرا. لە لاپەڕەکانی دواتردا ئاماژە بە میرکولایش دەدرێت کە سێ هەزار مسکێنی هەیە.

چاکتر زانیوە لەوان. جگە لەمە، من نازانم بۆ کە قسە دەهاتە سەر چالاکی و بەزمگێڕی و خۆشگوزەرانی، هەموو ئەویان بە پڕ توانا دەناساند. بەتایبەتی ئەمە زۆر ناڕەحەتی دەکردم و ڕقی هەڵدەستاندم. ڕقم لە تۆنی دەنگە ناخۆش و لەخۆڕازییەکەی بوو، لەو قسە خۆشانەیشی کە زۆری دەوتنەوە و بایەخی پێ دەدان و گەلێک گەوجانە بوون. لە سەر و سیما گەمژانەکەیشی (حەز دەکەم ئەوە بڵێم ئامادەبووم بە ویستی خۆم، سیما زۆر ئاقڵ و زیرەکانەکەی خۆمی لەگەڵدا بگۆڕمەوە) بێزم لە هەڵسوکەوتە ئازاد و پیاوانەکانی دەبووەوە. لەوە بێزار بووم کە بەردەوام باسی لە سەرکەوتنەکانی ئایندەی خۆی دەکرد بەرانبەر بە ژنان، چونکە لە ئێستادا، پێش ئەوەی ئەستێرەی ئەفسەری بخاتە سەر شان، کە زۆری حەز لێ بوو، نەیدەتوانی هیچ بکات. هەمیشە خۆی هەڵدەکێشا و دەیگوت لەوەودوا بەردەوام دەبێت لە دوێل کردن. چاکم لە بیرە، من کە هەمیشە بێدەنگ بووم و هیچم نەدەوت، جارێکیان زۆر بە توندی قسەم پێ بڕی و ڕەتم دەدایەوە. ئەمە ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە لە پشووی نێوان دوو وانەدا، لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی قوتابخانە، لە بەرخۆر، لەنێو هاوڕێکانیدا، وەک توولەسەگێکی لەخۆڕازی، وەستابوو، فشەی دەکرد. دیسانەوە لە بارەی ژنەوە، دەیگوت هیچ کچێکی گوندەکەمم لەدەست دەرناچێت. ئەمە بە "یاسای ئاغاکان" ناسراوە. خۆ ئەگەر جوتیارە گەنجەکان بوێرن ڕێگری بکەن، هەموویان دەداتە بەر قامچی. باج لەسەر زەویی گوندییە ڕیشنە ناڕەسەنەکانیش دەکەم بە دووقات. هاوپۆلەکانی چەپڵەیان بۆ لێدا و هوهایان کێشا. کە من ڕووبەڕووی بوومەوە و بەسەریدا نەڕاندم، هیچ لەبەر خاتری کچە

دێهاتییەکان و باوکیان نەبوو، تەنیا بۆ ئەوەبوو بۆ ئەم کرمە پیس و چرووکە بەم جۆرە سەرکەوتووە و سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. لەو ڕۆژانەدا من لایەنە بەهێزەکە بووم، بەڵام ئەو لەگەڵ گەوجایەتییەکەیدا، ڕووخۆش و بەدەموزمان بوو، بۆیە توانیی لەو ڕێگەیەوە بەسەر ڕەخنە و بەرپەرچدانەوەکانی مندا زاڵ بێت و سەرکەوتنی زۆر بەدەست بهێنێت. بە جۆرێک کە دوای ماوەیەکی کەم ئەو بوو بە لایەنە بەهێزەکە. هەموو ئەوانەی جاران پێی پێدەکەنین، چوونە پاڵی. پاشان چەند جارێکی تریش بە سەرمدا سەرکەوت، بەڵام بەبێ شەڕ و توندوتیژی، بەڵکو زیاتر هەر لەڕێی گاڵتە و تەنزبازییەوە. کە بە لامدا تێدەپەڕی پێم پێدەکەنی. من هیچم نەدەگوت، بەڵام خەریک بوو لە داخا دەتەقیم و هەستم بە سووکایەتی دەکرد.

دوای سەردەمی قوتابخانە ویستی خۆیم لێ نزیک بکاتەوە، لێ من زۆر گوێم پێ نەدا. بێگومان من زۆرم حەز بە هاوڕێیەتیی ئەو دەکرد، بەڵام دەمزانی ئاسایی زوو هاوڕێیەتییەکەمان کۆتایی دێت و هەر وایش دەرچوو. دوایی زانیم بە پلەی مولازمی یەکەم بووە بە ئەفسەر و ژیانێکی پڕ لە چالاکیی دەست داوەتێ. پاشان بیستم کە لە کارەکەیدا لە پێشڕەویدایە.

دوای ماوەیەک، کە لە ڕێگەوبان یەکترمان دەبینی، سڵاوی نەدەکرد. بێگومان تەنیا بۆ ئەوەی بە ناسینی کەسێکی سووکوچرووکی وەکو من لە شانوشکۆی خۆی نەهێنێتە خوارەوە. جارێکی دی لە شانۆ بینیم. نیشانە و میداڵی بە یەخەوە و ڕێز و خاکساریی بۆ کچی ئەفسەرێکی پیر دەکرد. نزیکەی سێ ساڵ دوای ئەوە، بە تەواوی گۆڕا. هەرچەندە

وەک پێشتر بە دیمەن و چاپووک بوو، بەڵام دابوویە قەڵەوی. دوای ماوەیەک کە دیسان بینیمەوە، کەمێک دەموچاوی پەنەمابوو. دیار بوو لە تەمەنی سی ساڵیدا بە تەواوی قەڵەو دەبێت و پەکی دەکەوێت.

باشە، ئەم سۆرکۆفە بوو کە هاوپۆلە کۆنەکانی دەیانویست بۆ ڕەوانەکردنی بەزمی بۆ ساز بکەن. ئەوان لە دوای سێ ساڵی تەواوکردنی قوتابخانەوە، هەمیشە لەگەڵ سۆرکۆفدا بوون. هەرچەندە خۆیان دەیانزانی کە هاوپلەوپایەی ئەو نین، بەڵام وازیان لە پەیوەندییەکەیان نەدەهێنا. من تەواو لەمە دڵنیا بووم.

یەکێک لە دوو میوانەکەی سۆرکۆف فیرفیچکین[1] بوو، ڕووسییەکی بە ئەسڵ ئەڵمانی. کورتەباڵا و دەموچاوی لە مەیموون دەچوو. کەرێک بوو هەموو عالەم گاڵتەیان پێ دەکرد. هەر لە پۆلەکانی سەرەتاییەوە یەکە دوژمنی من بوو. کابرایەکی بێچاووڕوو، ساختەچی و ڕسوا بوو. وای دەردەخست لە مەسەلەی شەرەف و پیاوەتی و کەرامەتدا زۆر توندوتیژ و هەستیارە. لە کاتێکدا لە ترسنۆکێک زیاتر هیچی تر نەبوو. یەکێک بوو لەوانەی ماستاوی بۆ سۆرکۆف دەکرد، پارەی لێ قەرز دەکرد و وەک دەڵێن دەیدۆشی.

میوانەکەی تری سیمۆنۆف ترودلیۆبۆف[2] بوو. نە کەسایەتییەکی دیار و نە سەرنجڕاکێش. سوپاییەکی باڵابەرز، سیما و ڕەفتاری هێور و بە زۆر سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا و خۆی بە خەڵکدا هەڵدەواسی. هەمیشە لەبارەی مووچە و داهاتەوە دەدوا. خزمایەتیی لەگەڵ سۆرکۆفدا هەبوو. بۆیە

---

1 Frefitschkin

2 Trudoliuboff

(هەرچەند وتنی ئەم قسەیە گەوجانەیە، بەڵام دەڵێی چی، وا بوو) وەزنێکی لای ئێمە هەبوو. ئێمەی بە سفر دەزانی، بە ڕێزەوە ڕەفتاری لەگەڵ مندا نەدەکرد، بەڵام دەمزانی خۆی دەخەڵەتێنێت و پێیشی نازانێت.

ترودلیۆبۆف دەستی بە قسان کرد:

- کەواتە هەریەکەمان حەوت ڕۆبڵ دابنێت، ئێمە سێ کەسین، هەمووی دەکاتە بیستویەک ڕۆبڵ. ئەم بڕە پارەیە بەشی خواردنێکی باش دەکات. بێگومان نابێت سۆرکۆف پارە بدات.

سیمۆنۆف پشتی گرت و وتی:

- بێگومان ئەو پارە دانانێت، ئەو میوانە و نابێت دەست بە گیرفانیدا بکات.

دوای سیمۆنۆف لەپڕدا فیرفیچکین بە فیز و تەوسەنییەوە، وەک نۆکەرێکی سووک کە بیەوێت بە ئاغاکەیدا هەڵبدات و شانازیی پێوە بکات، وتی:

- بەڕاست ئێوە لەو بڕوایەدان سۆرکۆف بهێڵێت ئێمە پارە بدەین؟ ڕەنگە لەبەر بەجێهێنانی ئەدەب و نزاکەت قبووڵی بکات، بەڵام لەبری پارەکە، چەند قاپێک شامپانیامان دەداتێ.

ترودلیۆبۆف کە تەنیا ناوی شامپانیاکە سەرنجی ڕاکێشابوو وتی:

- باشە، بەڵام چەند قاپێک زۆرە.

سیمۆنۆف کە بەسەر پەرشتیاری ئاهەنگەکە دانرابوو، بۆ کۆتاییهێنان بە دانیشتنەکە وتی:

- ئێمە سیانین و بە سۆرکۆفەوە دەبین بە چوار. بیست و یەک ڕۆبڵ، سبەی سەعات پێنجی دواینیوەڕۆ، لە هۆتێل "پاریس"

هێشتا سیمۆنۆف قسەکەی تەواو نەکردبوو، من کە تووشی هەڵچوون و تا ڕادەیەک سووکایەتیپێکردن هاتبووم، پرسیم:

- بۆ بیستویەک ڕۆبڵ؟ منیشتان لەگەڵدام، کەواتە دەکاتە بیستوهەشت ڕۆبڵ.

لای خۆمەوە وتم ئەگەر ئاوا کتوپڕ بێمە دەست و پێشنیاری بەشداریکردن بکەم لەگەڵیاندا هەموو دەمکوت دەبن و بێگومان ڕێزیشم لایان زیاتر دەبێت. بەڵام سیمۆنۆف لەباتی ئەوەی پێشنیارەکەم بە هەند وەربگرێت، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕوو تەماشام بکات و ڕاستەوخۆ لێم بڕوانێت (چونکە شارەزای ڕەوشتی من بوو) پرسیی:

- بۆ تۆیش دەتەوێت لەگەڵماندا بیت؟

لەبەرئەوەی سیمۆنۆف منی باش دەناسی، بە تووڕەیی وتم:

- بۆ نەبم؟ منیش هاوڕێی قوتابخانەیم، حەز دەکەم بە ڕاشکاوی پێتان بڵێم کە ئێوە منتان هەر نەخوێندەوە و گوێتان پێ نەدام.

فرفیچکین بێشەرمانە هەڵیدایە و وتی:

- جا ئێمە تۆ لە کوێ بێنین؟ شەیتانیش بە جێگەی تۆ نازانێت!

ترودلیۆبۆف کە دیار بوو پێی ناخۆش بوو، وتی:

- پەیوەندیی نێوان تۆ و سۆرکۆف زۆر باش نەبووە.

من کە نەمدەویست هەر ئاوا بە ئاسانی وازیان لێ بهێنم، بە دەنگێک کە لە ڕقا دەلەرزی، وتم:

- وا بزانم لەو بارەیەوە بێجگە لە خۆم، کەسی تر بۆی نییە لێم بپرسێتەوە. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەیش بێت بەتایبەتی

بمەوێت شێوی لەگەڵدا بکەم. ڕێک لەبەر ئەوەی من و ئەو پێشتر پەیوەندییەکەمان زۆر باش نەبووە.

ترودلیۆبۆف زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

- باشە کێ دەتوانێت لە تۆ تێبگات! بەتایبەتی لەم هەست و سۆزە زۆرەی ئەمڕۆت.

سیمۆنۆف کە ئیدی بە تەواوی بڕیاری لەسەر من دابوو، وتی:

- زۆر چاکە، سبەی سەعات پێنج لە هۆتێل پاریس. دوای کەمێک وتی: درەنگ نەکەون.

فرفیچکین لە کاتێکدا بەسەر ئاماژەی بۆ من کرد، ڕووی لە سیمۆنۆف کرد و بە دەنگێکی کەمێک بەرز وتی:

- ئەی پارە؟

بەڵام قسەکەی تەواو نەکرد و بێدەنگ بوو، پێدەچوو سیمۆنۆف پرسیارەکەی پێ ناخۆش بووبێت.

ترودلیۆف هەستا و وتی:

- باشە، ئەوەندە بەسە، ئەگەر حەز بکات لەگەڵماندا بێت، لاریمان نییە.

فرفیچکین بە تووڕەییەوە، لەو کاتەدا کڵاوەکەی بە دەستەوە بوو، دەیویست بڕوات، وتی:

- بەڵام گرووپەکەی ئێمە تایبەتییە، کێ دەڵێت حەز دەکەین لەگەڵماندا بیت؟ خۆ ئەمە ئەنجوومەن و کۆنفرانسی گشتی نییە.

فرفیچکین و ترودلیۆف ڕۆیشتن. فرفیچکین تەنانەت خواحافیزیی لەگەڵ مندا نەکرد، ترودلیۆبۆفیش، بەبێ ئەوەی تەماشام بکات، سەری ڕاوەشاند و ڕۆیشت. من و سیمۆنۆف بە تەنیا ماینەوە. ئەو پەشێوی دایگرتبوو، پێدەچوو لەسەر

خۆی نەبێت. تەماشایەکی سەیری کردم. دوای ڕۆیشتنی ئەوان، هێشتا دانەنیشتبوو. داوای دانیشتنیشی لە من نەکرد، سەرئەنجام کەوتە قسە و وتی:

- ها... بەڵێ... باشە، ئێستا پارەکەم دەدەیتێ؟ بۆ ئەوەی دڵنیا بم...

بەبێ ئەوەی ڕستەکەی تەواو بکات، زوو بێدەنگ بوو.

سوور داگەڕابووم. لەو چرکەساتەدا بیرمکەوتەوە کە ماوەیەکی زۆرە پانزە ڕۆبڵ قەرزاری سیمۆنۆفم، لە بیرم نەچووە، بەڵام نەمتوانیبوو بیدەمەوە.

- سیمۆنۆف، بڕوا بکە، کە هاتم بۆ ئێرە نەمزانی ئێوە... داوای لێبوردنیشت لێ دەکەم کە تا ئێستا قەرزەکەتم...

- زۆر چاکە، زۆر چاکە، گرنگ نییە، سبەینێ لەدوای نانخواردن، من تەنیا لەبەر ئەوە پرسیم تا بزانم، ئەگینا... داوای لێبوردن دەکەم... لە ناوەڕاستی قسەکانیدا بێدەنگ بوو، وەک بڵێی بە بێزارییەوە کەوتە پیاسەکردن بەناو ژوورەکەدا. لە کاتی پیاسەکردنەکەدا پاژنەی پێی بە زەوییەکەدا دەکێشا. دوای کەمێک بێدەنگی، لێم پرسی:

- ڕێم لە چوونەدەرەوەت نەگرتبێت؟

پێدەچوو لەپڕێکدا لە بیرکردنەوەیەکی قووڵ بەئاگا هاتبێتەوە.

- نا، نا، لە ڕاستیدا، بەڵێ، دەبوو ئەمڕۆ بچوومایە بۆ شوێنێک... شوێنێکە، لەم نزیکانەیە...

وشەکانی دوایی لە شێوەی پۆزشدا وت. دیاربوو کەمێک شەرمەزار بوو.

لەپڕا بە دەنگی بەرز، لەو کاتەدا کڵاوەکەم بە دەستمەوە بوو تا ماڵئاوای لێ بکەم.

وتم:

– سەیرە! باشە بۆ پێشتر قسەت نەکرد؟

من لەو چرکەساتەدا گەلێک هێور و لەسەرخۆ بووم، کە پێشتر شتی وام بە خۆمەوە نەدیبوو. خوا خۆی دەزانێت چۆن ئەمەندە هێور و لەسەرخۆ بووم. سیمۆنۆف کە بە پلیکانەکاندا دەهاتە خوارێ و ڕەوانەی دەکردم، بە دەنگێک پێدەچوو کاری زۆر بێت، وتی:

– زۆر دوور نییە... شوێنی کارەکەم نزیکە.

هێشتا چەند هەنگاوێکم نەنابوو، لە پشتەوە هاواری کرد:

– سبەی سەعات پێنج.

دڵخۆش بوو کە زوو لە دەستم ڕزگاری بووە، بەڵام من لە داخ و تووڕەییدا خۆم دەخواردەوە. بەدەم ڕێگەوە لە ڕقا کەوتبوومە ددانەجیرە. پرسیارم لە خۆم کرد: چ بەڵایەکت بوو؟ بۆ خۆت تووش کرد؟ بەتایبەتی بۆ کەسێکی سووکوچرووکی وەک سۆرکۆف! بە هەرحاڵ من ناچم. بە من چی؟ چاوی دەردەهات. خۆ ناچار نیم! بەیانی زوو بە نامەیەک سیمۆنۆف ئاگادار دەکەمەوە کە ناچم... بەڵام... دەمزانی تەنیا لەبەر ئەوە ڕقم هەستاوە، چونکە بێگومانم و تەواو دڵنیام کە بەیانی هەر دەچم. بە لاساری دەچم! چەند ڕۆیشتنەکەم ناماقووڵ و نەگونجاوتر بێت، ئەوەندە بە حەز و ئارەزوویەکی زیاترەوە دەچم. ئەمەم باش دەزانی. بەڵگەیەکی باشیشم بۆ نەچوونەکەم هەبوو: پارەم نەبوو، تەنیا نۆ ڕۆبڵم پێ بوو، دەبوو لەو نۆ ڕۆبڵە، بەیانی حەوت ڕۆبڵ بدەم بە ئاپۆلۆنی پاسەوانی ماڵەکەم کە لەباتی مانگانە بە پارەی خۆی لەگەڵمدا دەژیا. هەرگیز نەدەکرا پارەکە نەدەم، چونکە زۆر باش لە سروشت و ئەتواری ئاپۆلۆن شارەزا بووم. لەبارەی ئەم کابرا ناجسن و

بەڵا و پەتایەوە کە تووشی من هاتووە، پاشان بە درێژی باسیتان بۆ دەکەم. بەڵام دەمزانی بەم حاڵەیشەوە پارەکەم هەر بە ئاپۆلۆن دەدا و زۆر بە دڵنیاییشەوە دەچووم بۆ هۆتێلەکەی پاریس.

ئەو شەوە گەلێک خەونی ناخۆشم بینی. پێم سەیر نەبوو، چونکە هەموو شەوەکە لە یادکردنەوەی ئەو زیندانەدا بووم کە پێی دەڵێن قوتابخانە. نەمدەتوانی خۆمی لێ ڕزگار بکەم. کەسوکاری گەلێک دووری خۆم، بەزۆر ناردمیانە قوتابخانە. منداڵێکی هەتیو بووم، دەیانتوانی لێم بدەن و بە هەڕەشەوگوڕەشە لەناومبەرن. منداڵێکی بێدەنگ و گۆشەگیر بووم. بە دزی و ترسولەرزەوە لە هەر شتێکم دەڕوانی. هاوپۆلەکانم بە گاڵتەپێکردنەوە بێبەزەییانە ئازاریان دەدام، چونکە بە هیچ جۆرێک لەوانم نەدەکرد، بەڵام گاڵتەپێکردنەکەیانم پێ قبووڵ نەدەکرا. وەک منداڵەکانی تر نەمتوانی زوو لەگەڵیاندا ڕابێم و ببم بە هاوڕێیان، بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لێیان بێزار بووم. بە تەواوی لێیان دوورکەوتمەوە و بە فیز و لووتبەرزییەکی زۆرەوە بەرخوردم لەگەڵ دەکردن. بێڕەوشتی و توندوتیژییەکەیان گەلێک بەئازار بوو. بە دەموچاو و سەروسیما ناجۆرەکەم پێدەکەنین. ئەی خۆیان چی بوون! تا دەهات لە قوتابخانە سیماکان ڕوو لە گەمژەیی بوون و ئەمەیش حاڵەتێکی سەرسامکەر بوو. گەلێک لەو منداڵانە جوان و ڕێکوپێک بوون، بەڵام دوای چەند ساڵێک لەو قوتابخانەیەدا ڕەنگوڕوویان دەگۆڕا و قێزەون دەبوون.

من کە هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە شانزە ساڵ، لە بیروبۆچوونی گەوجانە و یاری و گفتوگۆ بێماناکانیان تێگەیشتبووم. گرنگترین باسوخواسی و بابەت، یان بەرهەمی

ئەدەبی سەرنجی ڕانەدەکێشان. جارێک نەمدی بایەخ بە شتێکی زۆر گرنگ بدەن. منییش، بە کەسانێکی سووک و لە خۆم نزمترم تەماشادەکردن. خۆپەسەندی و کیبریا شکاندن و سووکایەتیپێکردن منی بەم ئەنجامە نەگەیاندبوو. لەڕێی خوادا واز لەم ڕستە ڕزیو و بیروباوەڕە کۆنانە بێنن کە دەڵێت: "تۆیش ئەو کاتە وەک ئێستا خەونت دەبینی، بەڵام هاوڕێکانت دەرکیان بە هەقیقەتی ژیان کردبوو"، بۆیە سەرکۆنەیان مەکە، هەقیقەتی ژیان بە جێگەی خۆی، بەڵام ئەوان هیچیان نەدەزانی. سوێند دەخۆم کە ئەمە، هەر تەنیا ئەمە بوو لە هەموو شتێک زیاتر ڕقی هەڵدەساندم و خۆم پێ نەدەگیرا. ڕێک بە پێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی ئێوەوە، لە مێشکی ئەواندا هەقیقەتی زۆر ڕوون و ئاشکرا دەبوو بە خەیاڵێکی گەوجانە. لەو ساڵانەدا ئەوان تەنیا لە بیری سەرکەوتندا بوون و هیچی تر. ئەوان گاڵتەیان بە هەقیقەت و واقیعێک دەهات کە خرابووە لاوە و گوێی پێ نەدەدرا. تەنیا لە بیری پلەوپایە و سەرکەوتنی خۆیاندا بوون. لەو تەمەنی شانزە ساڵییەیاندا لە بارەی "جێگەی گەرم و نەرم"ەوە دەیانفەلسەفاند. هەموو مەبەستەکەیان بەدەستهێنانی پۆستێکی دەوڵەتی ئارام و ژیانێکی خۆش بوو بۆ خۆیان. بێگومان ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەرئەنجامی گەوجایەتی و ئەو نموونە زۆرانەیە کە بە منداڵی دیویانە، دوای ئەوەیش لە قۆناغی هەرزەکاریدا. ئەوان بە تەواوی مانای وشە بێڕەوشت بوون. دیارە زۆرێک لەو حاڵەتانە شێوەیەکی ڕووکەش و دروستکراوی لەخۆ گرتبوو. گاڵتەجاڕی و قۆشمەچییەتیان، گەنجی و سەرحاڵیان کە لەگەڵ تەمەنەکەیاندا دەگونجا، هەندێک جار پاکانەیان بۆ خراپیی بیرکردنەوەکانیان دەکرد، بەڵام جاریش هەبوو

ئەوانەیان تیا نەدەگونجا و ناسروشتی بوو. من نەفرەتم لە هەموویان دەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر بۆ خۆیشم دەستی بدایە چەند قات لەوان خراپتر دەبووم. ئەوان بە هەمان پێوەری جێگەی سندان قوزەڵقورتە مامەڵەیان لەگەڵ مندا دەکرد، ئەوانیش بێزارییەکەی خۆیان لە من نەدەشاردەوە. باشتر! منیش چاوەڕێی خۆشەویستیم لەوان نەدەکرد و نەیشمدەویست هیچ لەو وشەیە بزانم. بە پێچەوانەوە، تەنیا پێم خۆش بوو سووکایەتییان پێ بکەم. بۆ ئەوەی خۆم لە شەڕی گاڵتەجاڕییەکەیان بپارێزم، هەوڵم دەدا چەند بۆم بکرێت وانەکانم بە باشی بخوێنم. هەر وایش دەرچوو، یەکێک بووم لە قوتابییە پلە یەکەمەکانی قوتابخانە.

سروشتی بوو ئەمەیان پێ ناخۆش بێت، لەگەڵ ئەمەیشدا وردەوردە بۆیان ڕوون بووەوە ئەو کتێبانەی من دەیانخوێنمەوە، ئەوان ناتوانن بیانخوێننەوە. هەندێک شتی تریش -کە پەیوەندیی بە بەرنامەی خوێندنەوە نەبوو- من دەمزانی و ئەوان هەر نەیانبیستبوو. بەمەیشەوە دەستیان لە گاڵتەپێکردنەکەم هەڵنەگرت. وەک ئەوەی تەواو لە ڕووی ڕەوشتەوە خۆیان بە شکستخواردوو بزانن، وا بوو. ئەم هەستە لە کاتێکدا بە تەواوی لەواندا دەرکەوت کە هەندێک جار مامۆستاکانمان بۆ پەند و تەمێکردنیان ئاماژەیان بۆ من دەکرد. ئیتر لەوەودوا گاڵتە و قەشمەرجاڕییەکەیان کۆتایی هات. بەڵام دوژمنایەتیکردنەکەیان هەر بەردەوام بوو. پەیوەندیی نێوان من و ئەوانیش هەر بە ساردوسڕی مایەوە.

منیش، لە دواییدا و بە تێپەڕینی ساڵەکان، توانای بەرگەگرتنم نەما و هەستم کرد پێویستم بە هاوڕێ و دۆست و تێکەڵییە بە خەڵک. لە چەند کەسێک لەوانە نزیککەوتمەوە و بە گەرمی گرتم،

بەڵام لەبەر ئەوەی بەرنـامەکە لە لایەن مـنەوە بـوو، بەردەوام بە جۆرێکی ناسروشـتی دەشـکایەوە و سـەری نەدەگـرت، یـان زوو کۆتایی دەهات. جارێک ڕێکەوت هـاوڕێیەکم لـێ پەیدا کـردن. لـێ لەبەر ئەوەی هەر لە منـداڵییەوە حەزێکـی خـۆبەزلزانیم تیـابوو، دەمویست بەبێ هیچ بەرەنگاریکردنێکی هاوڕێکەم بەسەر ڕۆحیدا زاڵ بم و خۆم بسەپێنم. دەمویست هەستێکی تیا دروست بکەم بە سـووکی لە کەسـەکانی دەوروبەری بڕوانێـت. لـێم ڕادەبینـی پەیوەنـدی لەگەڵ هەمـوو هاوڕێکانیـدا ببڕێـت. بە هـاوڕێیەتی و پەیوەندییە سەرکێشەکەم ترساندم، تـا دایە شـێوەن و گریـان. ئەو گیـانێکی شـەرمن و ڕەوشـتێکی ناسـکی هەبـوو، بـۆیە خـۆی دا بەدەسـتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا کە بە تەواوی خـۆی ڕادەسـتی مـن کـرد، کەچـی زۆر زوو لە بەرچـاوم کەوت و لە خـۆم دوورخستەوە. ڕێک لەوەدەچوو کە من تەنیا ویستبێتم بەسـەریدا زاڵ بم و سەری پێ دانەوێنم.

بەڵام نەمدەتوانی بەسەر هەموو کەسێکدا بەو جۆرە زاڵ بم. جگە لەوە، ئەو بە هیچ جۆرێک لەوانی تر نەدەچوو، لەناو هاوڕێکانی ترمدا دەگمەن بوو. کاتێک خوێندنم تەواو کرد، یەکەمین کارم ئەوە بوو ئەو کار و پۆستەی بۆیان دانابووم، وازم لێ هێنا و نەمکرد. بۆ ئەوەی بتوانم هەموو ئەو پەیوەندییانەی منیان بە ڕابوردووەوە بەستبووەوە نەیانهێڵم و نەفرەت لە ڕابوردوو بکەم و ئاسەواری لە خۆمدا نەهێڵم. ئیدی ئەوە تەنیا شەیتان دەزانێت، لەگەڵ هەموو ئەم یادەوەرییە تاڵ و ناخۆشەدا، چۆن بوو وا چووم بۆ ماڵی سیمۆنۆف!

بەیانیی ڕۆژی دوایی زۆر زوو لە خەو ڕابووم. هەموو بەسەرهاتەکەی ڕۆژی پێشترم بە یاد هێنایەوە. خێرا لەناو جێگەکەم هەستام. دیاربوو بەبێ سێ و دوو کردن دەبوو بچم

بۆ ئەویش. لەو باوەڕەدا بووم کە ئەمڕۆ گۆڕانێک بەسەر ژیانمدا دێت. بەڵێ، ئەوە بڕاوەتەوە. خوا دەزانێت. ڕەنگە ئەم بیرۆکەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە هەمیشە من، لەگەڵ تێکەڵاوی و پەیوەندیبەستن لەگەڵ کەسانی تردا دوورەپەرێز بووم و حەزم پێ نەکردووە. بۆیە لە هەر ڕووداوێکی لەم جۆرەدا، چەند بچووک و بێبەهایش بووبێت، هەستم کردووە گۆڕانێکی خێرا بەسەر ژیانمدا دێت و دەگۆڕێت.

ئەو ڕۆژە ئاسایی چووم بۆ شوێنی کارەکەم، بەڵام بە دزییەوە دوو سەعات زووتر لە کاتی دیاریکراو، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە تا خۆم بۆ ژوانەکە ئامادە بکەم. بیرم کردەوە نابێت من یەکەم کەس بم لە ڕیستورانتەکە ئامادە بم، چونکە وا دەزانن زۆر خۆشحاڵم بە دیدارەکە و پەلەی نانخواردنم بووە لەگەڵیاندا، بەڵام سەدان جار لەم شتانەم بەسەرهاتووە کە تا ڕادەیەکی زۆر سەریان لێ شێواندووم و هێز و توانایان پێ نەهێشتووم. جارێکی دی پێڵاوەکانم بۆیاخ کردەوە، چونکە وام دەزانی بریقەدانەوەکەی تەواو نییە. ئاپۆلۆن بە هیچ جۆرێک ئامادەنەبوو لە ڕۆژێکدا دوو جار پێڵاوم بۆ بۆیاخ بکات. بە لای ئەوەوە ئەمە کارێکی دوور لە یاسا و ڕێسا بوو.

دوای ئەوەی خۆشبەختانە لە ژوورەکەی تەنیشتا بە دزییەوە پەڕۆی پێڵاوسرینەکەم پەیدا کرد، گەڕامەوە ژوورەکەم، دوو جار پێڵاوەکانم بۆیاخ کرد. ئەم کارەم بە دزیی ئاپۆلۆنەوە کرد. بۆ ئەوەی بیانووی سەرکۆنەکردنی خۆمی نەدەمێ. پاشان تەماشایەکی جلوبەرگەکەمم کرد. هەمووی کۆن و ڕزیو بوو. کەمێک زیاد لە پێویست سیمای خۆمم پشتگوێ خستبوو. بەدلەکەم باش بوو، بەڵام نەمدەتوانی پێوەی دابنیشم و نان بخۆم. لە هەمووی خراپتر پانتۆڵەکەم

بوو. ڕێک پەڵەیەکی گەورەی زەرد بەسەر ئەژنۆکەیەوە بوو، هەستم دەکرد ئەو پەڵەیە نۆ لە دەی غیرەت و ئازایەتیم دەبات. خۆم دەمزانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە گەلێک چرووکە. بە خۆم دەگوت: هەنووکە کێشە لە بیرکرنەوەدا نییە، بەڵکو مەسەلەکە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعە. لێ بەمە زیاتر بوێری و ئازایەتی لەدەست دەدەم. چاک دەمزانی کە (هەر لەو چرکەساتەدا کە ئەم خەیاڵانەم دەکردەوە) شتەکان زۆر گەورە دەکەم. بەڵام ئەی چی بکەم؟ بەسەر خۆمدا زاڵ بم؟ مەحاڵە. تا لەشی هێنابوومە لەرزین. بە دوودڵییەوە ئەوەم لە بەرچاوی خۆمدا بەرجەستە دەکرد کە چی ڕوو دەدات. چۆن ئەم سۆرکۆفە فێڵباز و بەدفەڕە لە سەرەوە تا خوارەوە پیامدا هەڵدەڕوانێت و بە ساردییەکەوە وەڵامی سڵاوەکەم دەداتەوە. ئەوی تریشیان، ترودلیۆبۆفی تووڕەوتڕۆ، چۆن زۆر بە سووکایەتی و ساردییەوە ڕەفتارم لەگەڵ دەکات. کرمە پۆخڵەکەیش، فرفیچکین، بە چ نامەردی و بێشەرمییەکەوە، بۆ خۆشهاتنی سۆرکۆف سەرکۆنەم دەکات و قسەی ناخۆشم پێ دەڵێت. سیمۆنۆفیش چۆن لە هەموو ئەم درکانە تێدەگات و هیچیش ناڵێت، لەبەر ئەوەیش کە شارەزای زەلیلی و ترسنۆکی و بێغیرەتیی منە، سووکایەتیم پێ دەکات. لە هەموویش خراپتر، ئەمە چ دانیشتنێکی سووکوچرووک و بێئەدەبانەیە!

دیارە لە هەمووی باشتر ئەوە بوو کە هەرگیز نەچم بۆ ئەوێ، بەڵام ڕاستییەکە وا ناڵێت و ئەوە بەمە حاڵ دادەنێت. ئەگەر من بمەوێت بۆ شوێنێک بچم، ئیتر ئاگام لە خۆم نامێنێت و دەچم. ئەگەر نەڕۆم، لە هەموو تەمەنمدا ئارام نابم و هەمیشە بە خۆم دەڵێم: ترسایت! هاها! لە ڕاستییەکان ترسایت و هەڵاتیت. بەڵێ، بەڵێ، نا، نەڕۆیشتن مەحاڵ بوو. من دەمویست بەتایبەتی ئەوە

بسەلمێنم کە بە هیچ جۆرێک، وەک خۆم بڕوام وا بوو، ترسنۆک نیم. بەڵێ، لەوپەڕی شپرزەییدا، دەمویست پشتیان لە زەوی بدەم و بەسەریاندا سەربکەوم. ئیتر سەرسام بن و ناچاربن خۆشیان بوێم، یان بە جۆرێکی تر دەریببڕم لەبەر خاتری "مەزنایەتی و بێگەردیی ڕۆحی من" خۆشیان بوێم... کەواتە، بە تەواوی سۆرکۆفیان لە بیر دەچێتەوە. ئەو لە سووچێکدا دادەنیشێت، بێدەنگە و شەرم لە خۆی دەکات... منیش بە سادەییەکی تەواوەوە دەیکەم بە پوولێکی قەڵب. بێگومان دوایی لێی دەبوورم. لەوانەیە وەک هاوڕێیەکیش پێکەوە شەراب بخوێنەوە.

لێ ئەوەی لە هەمووی تاڵتر و ناخۆشتر و بەداختر بوو، ئەوە بوو کە هەر لە هەمان کاتدا بە چاکی دەمزانی، ئەوەی خەیاڵم لێ دەکردەوە و پێم خۆش بوو، هەرگیز پێویستم پێ نییە و بە لایشمەوە بێبەهایە. بەڕاستی بە هیچ جۆرێک نەمدەویست سەریان پێ دابنەوێنم و بە سەریاندا زاڵ بم. خۆ ئەگەر لەگەڵیاندا بەشەڕ بهاتایەم، تەنانەت ئامادەنەبووم تاقە کوپیکێک بۆ سەرکەوتنەکانم خەرج بکەم.

زۆر لە خوا پاڕامەوە هەرچی زووترە ئەو ڕۆژە کۆتایی بێت. بە ترسێکی گەلێک زۆرەوە لە پاڵ پەنجەرەکە دانیشتم، لە زەردەپەڕ و بەفربارینە قورسەکەم دەڕوانی. تا زەنگەکە لێیدا، سەعاتە کلۆڵەکەی دیوار پێنج جار لێیدا. کڵاوەکەم هەڵگرت و بێ ئەوەی تەماشای ئاپۆلۆن بکەم، بە پاڵیدا تێپەڕیم و لە ماڵ هاتمە دەرێ (ئاپۆلۆن لە بەیانییەوە چاوەڕێی مانگانەی خانووەکە بوو، بیدەمێ، لەگەڵ ئەوەیشدا، بەپێی خەیاڵە گەوجانەکەی، نەیدەویست خۆی وا دەربخات کە بیرم بێنێتەوە) بە دوا نیوەڕۆبڵێک کە پێم مابوو، گالێسکەیەکم بە کرێ گرت، وەک پیاوێکی خانەدان و بەڕێز، گەیشتمە هۆتێل پاریس.

- ٤ -

لە دوێنێشەوەوە دەمزانی من یەکەم کەسم ئامادە دەبم. لێ دەمتوانی چی بکەم؟ هێشتا ئەوان کەسیان نەهاتبوون. دوای پرسیارکردنێکی زۆر، ئەو ژوورەم دۆزییەوە کە بۆیان تەرخان کردبووین. هێشتا مێزی نانخواردنەکە بە تەواوی ئامادە نەکرابوو. ئەمە یانی چی؟ پاش ئەملاوئەولاگەڕان و پرسیارێکی زۆر، لە بەردەستەکانی هۆتێلەکەوە زانیم پێیان وتراوە شێوەکە سەعات شەش ئامادە دەبێت، نەک پێنج. چوومە بۆفیەی هۆتێلەکە و ئەوانیش هەمان شتیان وت. شەرمم پێ هات لەوە زیاتر بپرسم. تازە سەعات پێنج و بیستوپێنج دەقیقە بوو. ئەگەر سەعاتەکەیان گۆڕیوە و دوایانخستووە، دەبوو منیش ئاگاداربکەنەوە.

- پۆستی شار بۆ ئەم کارانە باشە - نەک خەجاڵەتم بکەن بەرانبەر... بەرانبەر بە خۆم و... دەی، بەرانبەر بە بەردەستانی هۆتێلەکە.

دانیشتم، دوای کەمێک یەکێک لە بەردەستەکان دەستی بە ئامادەکردنی مێزەکە کرد. ئەم چاوەڕوانییەی من لە بەردەم بەردەستێکدا زۆر ناخۆشکەوتەوە و پێی پەست بووم. بۆ سەعات شەش کەمێکی مابوو کە جگە لە گڵۆپ مۆمیشیان داگیرساند. لەبەر ئەوەی ژوورەکە تەواو ڕووناک نەبوو، بەردەستەکان وایان بە چاک زانیبوو دوای دانیشتی من، یەکسەر مۆمەکان بێنن. لە ژوورەکەی تەنیشتدا، لەسەر دوو

مێزی جیاواز، دوو پیاوی تا ڕادەیەک بەتەمەن کە دیاربوو تووڕەن، هێور و بێدەنگ خەریکی نانخواردن بوون. لە ژوورێکی تری دوورەوە دەنگەدەنگێک دەهات. هەندێک جار هاواریان دەکرد. دەنگی پێکەنین و قاقالێدانی کۆمەڵێک دەبیسترا. هەندێک جار، لەگەڵ ئەو دەنگە جیاوازانەدا بە زمانی فەرەنسی وشەی دزێویان بەکاردەهێنا. نانخواردنی ئێوارە بوو لەگەڵ کۆمەڵێک ژندا. بە کورتی ئەمە تووشی قێزوبێزی کردم. لە ژیانمدا بەدەگمەن تووشی چرکەساتی لەم بابەتە هاتبووم... بۆیە، کە سەعات شەشی ڕێک هەرچواریان هاتن، من ئەوەندە شادمان بووم بە تەواوی ئەوەم لە یاد کرد ڕۆڵی یەکێک ببینم کە سووکایەتیی پێ کرابێت.

سۆرکۆف یەکەمین کەس بوو هاتە ژووری. ئاسایی کەسی یەکەمی ئەوان بوو. هەموو پێدەکەنین، کە سۆرکۆف منی بینی، سەروسیمایەکی سەقامگیرانەتری لەخۆ گرت. لەسەرخۆ هاتە پێشێ. لە کەمەری بەرەوسەرەوە کەمەکێک چەماندەوە، لەوەدەچوو بیەوێت ناز بکات، دەستی بۆ درێژکردم. ئەمەیان ڕەفتارێکی هاوڕێیانە بوو، بەڵام زۆریش نا، بە هەرحاڵ ڕەفتارێکی کۆنەپارێزی هەبوو. ئاقڵانە و خانەدانانە مامەڵەی دەکرد. وەک ئەوەی بیەوێت لەو چرکەساتەدا کە بەرخوردی لەگەڵ مندایە، لەبەر مەبەستێک کە من لێی نازانم، بسڵەمێتەوە و خۆی بپارێزێت. من وام دەزانی هەر کە هاتە ژوورەوە، بێ دواکەوتن دەست بە پێکەنینە هەمیشەییەکانی و ئەو نوکتە و قسە قۆڕە کۆنانە دەکات کە جاران دەیکردن. من لە دوێنێشەوەوە خۆم بۆ ئەمە ئامادە کردبوو، بەڵام هەرگیز چاوەڕێی ئەم ڕەوشتە خۆبەگەورەگرتن و ئەم جۆرە تەماشاکردنەی کە لە سەرەوە تا خوارەوەمی پشکنی، نەبووم.

که منی بینی، خۆی بە لە من بە گەورە و باڵاتر نیشان دا. بیرم کردەوە ئەگەر بیەوێت بەم ڕەفتار و ئەتوارە خۆبەزلزانی و پلەوپایە ژەنراڵییەی هەیەتی ئازارم بدات، یان گاڵتەم پێ بکات، خۆم پێ ناگیرێت، چونکە بە قسە و نوکتەکانی پێدەکەنم و گاڵتەم پێیان دێت. بەم فێڵەیش، ڕەفتارەکانی بە بەتاڵی دەهێڵمەوە.

بەڵام... ئەگەر لەسەری ئەم گوێرەکەیەدا ئەو بیرۆکە گەوجانەیە جێگیر بووبێت کە گوایە ئەو زۆر لەوە زیاتر قەشمەری بە من بکات، بەڵکو دەبێت بە چاوی بەزەییەوە لێم بڕوانێت و وەک جاران زەبوونم نەکات، ئەوسا چۆن؟ وێناکردنی ئەم جۆرە ڕەفتارە هەناسەی بەتەنگ هێنام.

بە هەمان شێوازە سووکوچرووکەکەی جارانی دەستی بە قسان کرد، تەنیا ئەو جیاوازییەی هەبوو کە ئەمجارەیان قسەکانی ڕوون و ئاشکرا و لەسەرخۆ بوون.

- ڕەنگە ڕێکەوت وای کردبێت ماوەیەکی زۆر یەکتر نەبینین. تۆ بە تەواوی خۆت تەریک خستووە، بەڵام زوڵم لە ئێمە دەکەیت. ئێمە هێند تۆقێنەر نیین وەک تۆ بیری لێ دەکەیتەوە! بە هەرحاڵ، ئێمە زۆر بەوە دڵخۆشین و ئامادەین خۆشەویستەکەمان تازە بکەینەوە.

پاشان بێبایەخانە بەرەو لای پەنجەرەکە چوو، بۆ ئەوەی کڵاوەکەی لەسەر لێوارەکەی دابنێت. ترودلیۆبۆف پرسیی:

- دەمێکە چاوەڕێ دەکەیت؟

بە دەنگێکی بەرز و توندەوە، کە نیشانەی تووڕەییەکی زۆر بوو، وەڵامیم دایەوە:

- بەپێی بڕیارەکەی دوێنێ، لە سەعات پێنجی ڕێکدا لێرە بووم.

ترودلیۆبۆن بە سەر سوورمانەوە لە سیمۆنۆفی پرسی:

- بۆ ئاگادارت نەکردووەتەوە؟

سیمۆنۆف بێ هیچ خۆشڵەژانێک وەڵامی دایەوە:

- نا، لە بیرم چوو.

بە پاڵیشمدا تێپەڕی بێ ئەوەی داوای لێبوردنم لێ بکات. بەرەو لای بۆفیەکە چوو بۆ ئەوەی بە بەردەستەکان بڵێت مێزی خواردنەوەکە ئامادە بکەن.

سۆرکۆف بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە هاواری کرد:

- کەواتە سەعاتێکە لێرە چاوەڕێیت؟ ئای ی... نەگبەت.

بە لای ئەوەوە چاوەڕوانیکردنەکەی من مایەی پێکەنینە. هەر دوای ئەویش، فرفیچکین، وەک سەگی ڕاوی، بە دەنگە فیت و ئاساکەیەوە، دەستی بە قسە کرد. ئەویش کارەکەمی بە مایەی پێکەنین دانا، واتا بۆ ئەویش دۆخەکەی من پێکەنینهێنەر بوو. تا لەپڕدا هاوارم بەسەر فرفیچکیندا کرد. پێکەنینەکانیان تەواو بێزاری کردبووم.

- هەرگیز شیاوی پێکەنین نییە! خەتای کەسانی ترە نەک من، بە پێویستیان نەزانیوە پێم بڵێن. ئەمە... ئەمە... ئەمە کارێکی زۆر نەزانانەیە.

ترودلیۆبۆف کە دەیویست میهرەبانی پیشانم بدات و بەرگریم لێ بکات وتی:

- نەک تەنیا لە ڕووی نەزانییەوە بووە، بەڵکو ئەگەر بە سادەیی بیڵێم، بێڕێزی بووە... تۆیش کەمێک زیاد لە پێویست دڵت باشە. هەڵبەت بێڕێزییەکە دەستئانقەست نییە، بەڵام چۆن بوو کە سیمۆنۆف... هوم؟

فرفیچکین وتی:

- ئەگەر ئەوەیان لەگەڵ مندا بکردایە، ئەوسا دەمزانی...

سۆرکۆف قسەکەی پێ بڕی:
- ئەوسا دەستووری خواردنەوەت دەدا، یان دەتگوت بەبێ ئەوەی چاوەڕێی کەسی تر بن، مێزی خواردنەکە ئامادە بکەن.
بۆ ئەوە کۆتایی بە قسەکان بێنم، بە کورتی وتم:
- بڕوا بکەن دەمتوانی هەموو ئەم کارانە بکەم، کە نەمکرد تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە...
سیمۆنۆف دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکە و دەنگی داین:
- بەڕێزان فەرموون دابنیشن، هەموو شتێک ئامادەیە، من زامنی شەمپانیام، سارد ساردە.
لەپڕدا لێی ڕوانیم، بەڵام بەبێ ئەوەی چاو لە چاوم ببڕێ:
- نەمدەزانی ماڵتان لە کوێیە و نەیشمدەزانی لە کوێیت.
دیاربوو خۆشی ناوێم. هەموو دانیشتن، منیش لەسەر کورسییەک دانیشتم. مێزگردێک بەرانبەرمان بوو. لای چەپم ترودلیۆف و لای ڕاستم سیمۆنۆف. سۆرکۆفیتش بەرانبەرم بوو. لە بەینی سۆرکۆف و تردولیۆبۆف فرفیچکین دانیشت. سۆرکۆف کە زانیی بێتاقەتم و خۆیشی وا پیشان دا مەبەستیەتی و دەبێت وەک هاوڕێیەک ڕەفتارم لەگەڵدا بکات و ئارامم بکاتەوە، وتی:
- پێم بڵێ هاوڕێ... تۆ... کارەکەت...؟
لە ڕقا دەلەرزیم، ماوەیەکی زۆر بوو لەبەر تێکەڵنەبوونم بە خەڵکی، خێرا تووشی هەڵچوون دەبووم. بە خۆم وت: چی لێم دەوێت؟ دەیەوێت بوتڵێک لە سەریدا بشکێنم؟ بەدەم سەیرکردنی قاپەکەی بەردەممەوە وەڵامێکی توندم دایەوە.
- لە دایەرەیەکی... ئامار.
دیسانەوە بە هەمان ئەو تۆنە دەنگە نائاسایی و کوێخایەتییەی خۆیەوە پرسیی:

- ئایا تۆ! لە کارەکەت ڕازییت؟ پێم بڵێ! بۆ وازت لە کارەکەی پێشووت هینا؟ من کە ئیدی نەمدەتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ بم، کەوتمە قسە، لە کاتێکدا تیپی ئەلفم پێنج جار لەو زیاتر درێژ دەکردەوە و پیتی ڕایشم چەندجارێک زیاتر لەو ددان پیادە نا، وتم:

- ئەوەی منی وااا لێ کرد کاااارەکەی پێشووم واااز لێ بهێنم ئەوە بوو کە دەمویست واازی لێ بهێنم.

فرفیچکین لەتاو پێکەنین لووتی خۆی گرتبوو، سیمۆنۆف لە پاڵمدا پیاڕوانینێکی گاڵتەئامێزی کردم. ترودلیۆبۆفیش چەقۆ و چنگاڵەکەی دەستی دانا و تەماشایەکی کونجکۆڵیانەی کردم، بەڵام سۆرکۆف خۆی لێ نەبان کرد و وەک ئاگای لە هیچ نەبووبێت وا بوو.

- ئەی مووچە؟

- کام مووچە؟

- مەبەستم مووچەی مانگانەکەتە؟

- بەڕاست تۆ لێپرسینەوەم لەگەڵدا دەکەیت؟

دوای ئەوەی بڕی مووچەکەمم وت، لە شەرما سوور داگەڕابووم.

سۆرکۆف خێرا ڕوونی کردەوە:

- ئەو پارەیە کەمە.

فرفیچکین بێشەرمانە وتی:

- پارەی نانخواردنی ڕستورانتێک نییە.

ترودلیۆبۆف زۆر بە جیددییەوە وتی:

- بە ڕای من پارەیەکی ناچیز و تەواو هەژارانەیە.

سۆرکۆف ئەمجارەیان بێ بەدنیازی، وەک ئەوەی بەزەیی پیامدا هاتبێتەوە، سەیرێکی جلەکانی کردم و وتی:

- تۆ چەند لاوازیش بوویت! چەند گۆڕاویت... لەو کاتەوەی یەکترمان نەدیوە...

فرفیچکین بە دەنگی بەرز وتی:

- وازی لێ بێنن! تەریقی مەکەنەوە.

من کە بە تەواوی هێوریم لەدەست دا بوو، هاوارم کرد.

- بەڕێزم، حەز دەکەم بزانیت من بە هیچ جۆرێک نە تەریق دەبمەوە و نە پێشتریش تەریق بوومەتەوە. با ئەوەیش بزانیت لێرە بە پارەی خۆم نان دەخۆم نەک بە پارەی خەڵکی تر. بەتایبەتی تۆ، مسیۆ فرفیچکین، جوان گوێم لێ بگرە.

فرفچکین نەیدەویست خۆی بەدەستەوە بدات، ڕەنگی وەک ڕەنگی قرژاڵ سوور داگەڕابوو. لێم مۆڕ بووەوە و وتی:

- چی! چۆن؟ بۆ کێ لێرە بە پارەی خەڵکی دی نان دەخوات؟ تۆ بە جۆرێک ڕەفتار دەکەیت کە...

قسەکەیم پێ بڕی و وتم:

- بااااشە.

پاشان هەستم کرد زیادەڕەویم کردووە، بۆیە خێرا وتم:

- وا بزانم ئەگەر باسی شتی ئاقڵانەتر بکەین، چاکتر بێت.

- مەبەستت ئەوەیە ئەقڵ و زیرەکیی خۆتمان پێ بفرۆشیت؟

- نا بەڕێز، خۆتان سەغڵەت مەکەن. لێرەدا ئەم کارە بێسوودە.

- زۆر بەڕێز و ئازیز! تۆ لە هیچت کەمە؟ تۆ کە دەست بە ئاهوناڵە دەکەیت، ئیدی توانای تەواوکردنیت نییە! لەوانەیە ئەقڵت لە دایەرەکەت بەجێ هێشتبێت!

سۆرکۆف لە ناوەڕاستی قسەکاندا وەک دەسەڵاتدارێک وتی:

– بەسە، بەڕێزان، بەسە.

سیمۆنۆف بە دەنگێکی ئاسایی وتی:

– بەڕاستی گەوجایەتییە!

ترودلیۆبۆف کە هەر بە گرژی و مۆنییەوە لێی دەڕوانیم، پاڵپشتی قسەکەی سیمۆنۆفی کرد و وتی:

– هەقتە، بەڕاستی گەوجایەتییە. ئێمە وەک هاوڕێ لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی خواحافیزی لە هاوڕێیەکی دێرینی خۆمان بکەین، کەچی خەریکە دەیکەن بە شەڕ. تۆ دوێنێ بە زۆر ویستت لەگەڵماندا بیت. تکات لێ دەکەم خۆشییەکەمان لێ تێک مەدە.

سۆرکۆف بە دەنگی بەرز وتی:

– بەسە! بەسە! بەڕێزان! بەسە، ئیتر تەواو، ناتوانین هەر ئاوا بەردەوام بین. ئێستا باسی شتێکتان بۆ دەکەم کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر خەریک بوو ژن بێنم. بەڕاستی خەریک بوو.

پاشان دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کرد کە چۆن سێ ڕۆژ لەمەوبەر نزیک بووە ئەم بەگزادەیە ژن بێنێت. ئەو لەبارەی ژنهێنان و داواکردن و چۆن و کێوە زۆر کەم قسەی کرد. ڕاستتر بیڵێم هەر باسی ژنهێنانی نەکرد. باسەکەی لە بارەی سەرلەشکر و سەرتیپ و سەرهەنگ و هاوپێکەکانیانەوە بوو، هەروەها کەسانێکی تری لەو بابەتانە. کە بێگومان لەنێو ئەمانەدا سۆرکۆف ڕۆڵی سەرەکیی هەیە. هەندێک جار بۆ ئافەرینلێکردن و پاڵپشتیکردنی قسەکانی، قاقا دەیاندایە پێکەنین. دەنگی فرفیچکین هەر لە دەنگی گیسک دەچوو. ئەوان تەواو منیان لە بیر کردبوو. من هەستم بە تیاچوون و زەلیلی دەکرد. لەسەر کورسییەکە بێدەنگ دانیشتبووم، بیرم دەکردەوە: خودایە، ئایا ئەمانە ئەو کەسانەن بتوانم لەگەڵیاندا بگونجێم؟

چەند کۆڵەوارانە خۆم نیشان دان. لەگەڵ ئەمەیشدا، زۆر چاوپۆشیم لە فرفیچکین کرد. ئەم لەخۆرازییانە وا دەزانن شانازییان پێ بەخشیوم کاتێک داوەتی سەرمێزەکەیان کردووم. ئەوان نازانن و تێناگەن کە لە ڕاستیدا منم ڕێزم لێ گرتوون و بایەخم داونەتێ، نەک ئەوان لە من. پێی وتم چەند لاواز بووم، چەند گۆڕاوم. داخ لەم پانتۆڵە مەلعونە! لە کاتی سڵاوکردنەکەی سۆرۆکۆفدا ئەو لەکە زەردەی سەر پانتۆڵەکەمی بینی. جا دەڵێی چی! هەر ئێستا هەستە و کڵاوەکەت بە دەستەوە بگرە، بێ ئەوەی تاقە وشەیەک بڵێیت، لێرە بڕۆ. هەر بۆ سووکایەتیپێکردنیان و هیچی تر. سبەینێش دەمانچە ئامادەیە بۆ دوێل. هەی نامەرد و ناجسنینە! حەوت ڕۆبڵ هیچ نییە، پەشیمان نیم. لێ لەوانەیە بڵێن کە... هەرچی دەڵێن با بیڵێن. شەیتان لێیان تێدەگات. حەوت ڕۆبڵ هیچ نییە. هەر ئێستا دەڕۆم... سروشتی بوو لەسەر جێگەکەم هەڵنەستام و نەڕۆیشتم. لە خەفەتدا، پێک دوای پێکم هەڵدەدا. لەبەر ئەوەی لەگەڵ مەیدا ڕانەهاتبووم، زوو مەست بووم. مەستییەکە ئەوەندەی تر خەم و ئازارەکانمی زیاد کرد. زۆرم حەز لێ بوو هەموویان، بە ناشیرینترین شێوە، سووک و ڕسوا بکەم و پاشان بڕۆم. دابنیشم و چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار بم بۆ ئەوەی پێیان بڵێم من کێم. بۆ ئەوەی بڵێن ئەگەرچی حاڵەتەکەی پێکەنینی هەڵدەگرت، کەچی مرۆیەکی ئاقڵ و تێگەیشتوو دەرچوو. وە... وە... بەکورتی، نەفرەت لە هەموویان!

زۆر بێشەرمانە و بە چاوی خومارەوە بە سووکی لێم دەڕوانین. دیاربوو ئەوانیش ئاگایان لە من بڕابوو، دەنگی خۆشی و شادییان بەرز بوو. قسەکەری سەرەکیش سۆرکۆف

بوو. دەربارەی ژنێکی جوان دەیبیژا. دەیگوت ئەم دەیەوێت ژنەکە ناچار بکات ددان بەوەدا بنێت ئەمی خۆش دەوێت. بێگومان درۆی دەکرد. وەک مرۆڤێک درۆی دەکرد. دەیگوت بۆ ئەم کارە هاوڕێیەکی زۆر چاکی هەیە، ئەفسەرە لە گاردی تایبەتی و ناوی کولییە. شازادەیەکی خاوەن سێهەزار مسکێنە. زۆر یارمەتیی داوە.

لەپڕدا خۆم ناوکێشی قسەکانی کرد و وتم:

- کەواتە ئەو ئەفسەرەی ناوی کولییە و سێهەزار مسکێنی هەیە، دەبوو بۆ ئەم بۆنەیە لەگەڵماندا بوایە.

بۆ چەند چرکەساتێک بێدەنگییەکی کڕ باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشا. تەنیا ترودلیۆبۆف هاتە قسە، لە پەناوە مۆڕەیەکی لێ کردم و وتی:

- سەرخۆشیت، زۆریش.

سۆرکۆف وەک تەماشای قالۆنچەیەکی ژێر میکرۆسکۆب بکات، چاوی تێبڕیبووم. چاوی داخست.

سیمۆنۆف خێرا شەمپاینی بۆ هەموان تێکرد. ترودلیۆبۆف پێکەکەی بەرز کردەوە و جگە لە من، هەموان بەدوایدا. پاشان ڕووی لە سۆرکۆف کرد و بە دەنگی بەرز وتی:

- بە سڵامەتیت. سەفەرێکی خۆش و بەختەوەری. بە سڵامەتیی ساڵانی ڕابوردوومان. بەڕێزان بە سڵامەتیی ئایندەیش، هوڕااا.

هەموویان پێکیان هەڵدا و بۆ ماچکردنی سۆرکۆف هەستانە سەر پێ. من بێ جووڵە دانیشتبووم و پێکەکەم وەک خۆی مابووەوە و نەمنۆشیبوو. ترودلیۆبۆف کە ئیدی کاسەی سەبری لێوانلێو بوو. لەناکاو بە سەرمدا شیڕاندی:

- ئەرێ تۆ ناخۆیتەوە؟

- جەنابی ترودلیۆف، حەز دەکەم منیش لای خۆمەوە شتێک بڵێم و پاشان بخۆمەوە.

سیمۆنۆف لەژێر لێوەوە وتی:

- پیسی چەپەڵ!

هەستام و پێکەکەم بە دەستەوە گرت. چاوەڕێی شتێکی نائاسایی و چاوەڕواننەکراو بووم. نەمدەزانی چی دەڵێم.

فرفیچکین بە دەنگی بەرز وتی:

- بێدەنگی! ئێستا نۆرەی بلیمەتی و ئەقڵە! گوێ بگرن و بزانن چی دەفەرموێت!

سوروکوف زۆر بە جیددی چاوەڕێی ئەوە بوو چی ڕوو دەدات، ئەو دەیزانی چی دەگوزەرێت. من کەوتمە قسە و وتم:

- بەڕێز مولازم سۆرکۆف، من تاقەتی ڕستەی ڕازاوە و قسەی ڕیابازانە و بە شانوباڵهەڵدانما نییە. ئەمە یەک، بەڵام بۆ دووەمیان...

هەموویان شڵەژان، ئیدی من ئاگام لە خۆم نەمابوو. لەتاو ئەو مەراق و بێزارییە، وەک داری وشکەڵاتوو بێدەنگ بووم. نازانم چۆن ئەم وشانەم کەوتە سەر زمان:

- دووەمیش ئەوەیە کە من لەو پۆلە خانمە شکۆدارانە بێزارم و لەوانەیش بێزارترم کە عاشقیانن. سێیەم شت ئەوەیە کە من شەیدای هەقیقەت، ڕاستی، شەرافەت و نەفسبەرزیم. مسیۆ سۆرکۆف، من بیروباوەڕم خۆش دەوێت، هاوڕێیەتیی ڕاستەقینەم پێ خۆشە، حەز دەکەم هەردوو تای هاوڕێیەتییەکە لە یەک ئاستدا بن، نەک ئەوەی کە... ها... حەز دەکەم... پێویست دەکات بیڵێم؟ مسیۆ سۆرکۆف. منیش بە سڵامەتیی

ئێوە دەینۆشم. هیوایشم وایە بتوانیت کچانی چەرکەس[1] لە ڕێ دەربکەیت و دوژمنانی گەل لەناوبەریت. هەروەها... بە سڵامەتیت، مسیۆ سۆرکۆف.

سۆرکۆف لە جێگەکەی هەستا، دانەوی و بە دەنگێکی نەرم و خۆشەوە وتی:

- زۆر سوپاست دەکەم.

خراپ تووش هاتبوو، تەواو ڕەنگی پەڕیبوو. ترودلیۆبۆف شپرزە و بەدەم مشتەکۆڵەیەک کە بەسەر مێزەکەیدا کێشا، هاواری کرد:

- ئەم قسانە زۆر زیاد بوون!

فرفیچکین هاواری لێ بەرزبووەوە:

- هەقە دەمی بشکێنیت.

سیمۆنۆف وتی:

- با بیکەینە دەرەوە.

سەرئەنجام سۆرکۆف بە زمانێکی ئاغرەوە وتی:

- بەڕێزان، ئیتر بەسە. هیچ ناڵێن، من سوپاسی هەمووتان دەکەم، خۆم بۆی دەسەلمێنم کە وتەکانی چەند لای من بەنرخن.

بەم قسانە کۆتایی بە توورەیی و بێزاریی هەموان هێنا.

من بە دەنگی بەرز و لەسەرخۆ بە فرفینچکینم وت:

- فرفیچکینی بەڕێز، تۆڵەی ئەو قسانەیش لە تۆ دەکەمەوە کە فەرمووتن.

وەڵامی دامەوە:

- بێگومان مەبەستت دوێلە؟ زۆر بە خۆشییەوە.

---

[1] چەرکەس یەکێکن لە هۆزەکانی قەوقاز، کچانیان بە جوانی بەناوبانگن.

لێ لەو کاتەدا کە داوای دویلم لێ دەکرد، هێند جێی پێکەنین بووم، کە سۆرکۆف و سیمۆنۆف و تردولیۆبۆف و تەنانەت خودی فرفینچکینیش دابوویانە قاقای پێکەنین.

تردولیۆبۆف بە قینێکەوە وتی:

- لێیگەڕێن، فوول مەستە.

سیمۆنۆف دووبارە کەوتەوە قسە:

- هیچ کات لە خۆم خۆش نابم، چونکە من ڕێگەم پێ دا بێت بۆ ئێرە.

لەو کاتەدا بە خۆم وت، ئێستا ساتی ئەوەیە بوتڵێک لە سەریاندا ورد بکەم. بوتڵەکەم هەڵگرت و پێکێکی خەستم بۆ خۆم تێ کرد. دیسان کەوتمەوە بیرکردنەوە: "نا، وا چاکترە تا دوایی لێرە بمێنمەوە. بە لای ئێوەوە، بە لای ئێوەوە ئازیزانم، وا چاکتر نییە لێرە بڕۆم، بەڵام نا، بە پێچەوانەی ڕای ئێوەوە، تا دواکەس لێرە دەمێنمەوە، بۆ ئەوەی پیشانی جەنابتانی بدەم کە بە هیچتان نازانم. من ئەمێنمەوە و دەخۆمەوە، ئێرە شوێنی گشتییە و منیش پارەم پێ داوە. دادەنیشم و پێک هەڵدەدەم. لە بەرچاوی مندا ئێوە بێجگە لە کۆمەڵێک هەرچیوپەرچی، هیچی تر نین. دادەنیشم و دەخۆمەوە. گۆرانی دەڵێم، بەڵێ، ئەگەر ئارەزوو بکەم گۆرانی دەڵێم... بەڵێ... هەقی خۆمە گۆرانی بڵێم... بەڵێ، بەڵام نایڵێم، حەز دەکەم نەیانبینم، هیچ کامیان نەبینم، خۆم لێ نەبان کردوون و گوێیان پێ نادەم. دەبێت خۆیان قسەم لەگەڵدا بکەن و من چاوەڕێم. پێویستە ئەوان پێشدەستیی بکەن، نەک من. بەداخەوە نەیانکرد. ئاخ... لەم چرکەساتەدا چەند پێم خۆشە لەگەڵیاندا ئاشت ببمەوە!

سەعاتەکە حەوت زەنگی لێدا، کردی بە هەشت. لەسەر مێزەکە هەستان، لەسەر قەنەفەیەکی ئەولاتر دانیشتن.

سۆرکۆف لەسەر قەنەفەیەک ڕاکشا و هەردوو پێی نایە سەر تەپڵەکێک کە بەرانبەری بوو. داوای شەرابیان کرد. سۆرکۆف لەسەر گیرفانی خۆی داوای سێ قاپ شەرابی کرد. بێگومان منی تیا نەبووم. ئەوانی دی دەوریان دابوو بە وردی گوێیان بۆ قسەکانی هەڵخستبوو... دیاربوو خۆشیان دەوێت، لە خۆمم پرسی بۆ؟ وردەوردە هەوای سەرخۆشی لێی دان و کەوتنە ماچکردنی یەکتری. باسی قەوقازیان دەکرد، باسی عیشق و خۆشەویستیی ڕاستەقینە، دەربارەی ئەو داهاتە زۆرەی ئەفسەری گاردی تایبەتی -پوچارشۆڤسکی- هەیەتی (کەسیان بە شەخسی ئەم زەلامەیان نەدەناسی، بەڵام داهاتە زۆرەکەیان پێ خۆش بوو) باسی جوانی و شۆخوشەنگیی شازادە خانم (د.ی)یان کرد کە کەسیان نەیاندیبوو. سەرئەنجام هاتنە سەر شەکسپیر کە بە نەمر ناویان برد و لەو بارەیەوە هەندێک ڕوونکردنەوەیان هەبوو.

لێرەدا من پێکەنیم، لە سووچێکی ژوورەکەدا پیاسەم دەکرد. لەسەر مێزەکەوە تا لای زۆپاکە و لای زۆپاکەوە تا سەر مێزەکە. بە هەموو توانامەوە دەمویست بۆیان بسەلمێنم کە بەبێ ئەوانیش توانای سەرقاڵبوونم هەیە. هەر بە ئارەزوویش دەمویست چەند بکرێت گوێیان لە دەنگی پێم بێت. بەڵێ، لەوەدەچوو بە پاژنەی پێڵاوەکەم بە زەوییەکەدا بکێشم. لێ هیچی لێ نەکەوتەوە، هەر گوێیشیان پێ نەدام. توانیم هەر بەو جۆرە لە سەعات هەشتەوە تا سەعات یانزە بەرانبەریان لێ بگرم و لەو مەسافەیەدا بێم و بڕۆم. لەسەر مێزەکەوە تا پاڵ زۆپاکە و لە پاڵ زۆپاکەوە تا سەر مێزەکە. بیرم دەکردەوە، باشە، حەزم لە پیاسەکردنە و کەسیش بۆی نییە

ڕێگەم لێ بگرێت. یەکێک لەو کارمەندانەی بەرپرسیاری پاککردنەوەی ڕێستۆرانتەکە بوو، لە کاتی کارکردندا چەند جارێک وەستا و تەماشایەکی سەیری کردم. بە هۆی هاتوچۆ زۆرەکەمەوە سەرم بەگێژ هات. هەموو کەس و شتەکان لە بەرچاومدا سووڕیان خوارد. لە چرکەساتێکدا وام هاتە بەرچاو کە هەموو ئەو شەوە جگە لە مۆتەکەیەکی دوورودرێژ هیچی تر نەبووە. لە ماوەی ئەو سێ سەعاتەدا سێ جار سەرتاپام کەوتە سەر ئارەقە. سێ جاریش وەک کیبریت وشک بوومەوە. لەو کاتەدا بیروبۆچوونێکی پڕ لە داخ و ئازار بەرکی گرتم و وەک خەنجەر بە قووڵایی دڵمدا چووە خوارێ. ئەوەیش ئەوە بوو کە من دەمزانی دوای دە ساڵی تر، بیست ساڵی تر، چل ساڵی تر، زۆر بە ڕسوایی و بێزاری و قێزەونی و تەنانەت ترسنۆکییەوە ئەم حاڵەتەی ئێستای ژیانی خۆمم بیردەکەوتەوە و بێزم لێ دێتەوە. ئەم جۆرە خۆ سووکوڕسواکردنەی خۆم بە خۆمم ڕەوا دیوە، بە شتێکی مەحاڵم دێتە بەرچاو. من ئەمەم دەزانی، بەڕاستمە، وردودرشتیم دەزانی، تەنانەت دەمزانی ئەمە نموونەی نییە و کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، لەسەر مێزەکەوە تا پاڵ زۆپاکە و لە پاڵ زۆپاکەوە تا سەر مێزەکە دەهاتم و دەچووم و پاژنەم بە زەوییەکەدا دەکێشا. بیرم لەو قەنەفەیە دەکردەوە کە دوژمنەکانمی لەسەر دانیشتبوون و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "ئاخ، ئەگەر دەزانن من خاوەنی چ سۆز و بیرێکم، چەند زیرەک و ڕووناکبیرم، هەر لەم ماوە کورتەدا چ ئەزموونێکم پەیدا کردووە!" بەڵام دوژمنەکانم بە جۆرێک مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن، وەک ئەوەی من هەر لە ژوورەکەدا

نەبم وایە. جارێک، تاقە جارێک تەماشایەکیان کردم و زوو ڕوویان وەرگێڕا. ئەو کاتە بوو کە سۆرکۆف لە بارەی شەکسپیرەوە دەدوا و منیش قاقایەکم لێدا. پێکەنینەکەم هێند نائاسایی و دزێو بوو، کە هەموویان بێدەنگ بوون و دوو سێ دەقیقە بە بێدەنگی باش لێیان دەڕوانیم. منیش بە پاڵ دیوارەکەدا، لەسەر مێزەکەوە تا پاڵ زۆپاکە و لە پاڵ زۆپاکەوە تا سەر مێزەکە دەهاتم و دەچووم و باکم پێیان نەبوو، کەچی وشەیەکیان نەوت و کەوتنەوە گفتوگۆی ناوخۆیان.

سەعات بوو بە یانزە، سۆرکۆف هەستا و هاواری کرد:

– ئێستا، با بڕۆین بۆ ئەوێ.

ئەوانی تریش لەگەڵیدا وتیان:

– هەر وایە! زۆر چاکە.

من خێرا سووڕام و بەرەو لای سۆرکۆف چووم. هێند ماندوو شەکەت و بێزار بووم، دەمویست ئەگەر لەسەر حسابی ژیانی خۆیشم بووە کۆتایی بەم کارەساتە بهێنم. دەتگوت تام لێ هاتووە. قژی سەرم هێند ئارەقە تەڕی کردبووەوە، بە ناوچاوان و لاجانگمدا نووسابوو، وشک بووبووەوە.

زۆر خێرا و بە دەنگێکی یەکلاییکەرانەوە وتم:

– سۆرکۆف، داوای لێبوردنت لێ دەکەم، لە تۆیش، فرفیچکین، هیوادارم بمبەخشیت. لە هەمووتان، هەر هەمووتان، دڵم شکاندن.

فرفیچکین بە ڕوویەکی ترشاوی ڕقاوییەوە ئاماژەی بۆ ئەوەی تەنیشتی کرد و وتی:

– ئاها! ئەمە لە ترسی دویلەکەیە.

هەستم بە تانە کرد و وتم:

– نا فرفیچکین، من لەو شەڕە ناترسم، بەیانی ئامادەم، بەڵام دوای ئەوەی لە یەکدی بووردین. من خۆم داوای دوێلم لێ کردوویت و لەسەر قسەی خۆمم. نابێت تۆیش پاشگەزبیتەوە. دەمەوێت پێتان بسەلمێنم لە دوێل ناترسم. هەقی ئەوەیشت دەدەمێ تۆ یەکەم جار تەقەم لێ بکەیت. منیش فیشەکەکەم بە هەوادا دەتەقێنم.

سیمۆنۆف وتی:

– دڵخۆشیی خۆی دەداتەوە.

تردولیۆبۆف وتی:

– قسەی هیچ دەکات، شێت بووە!

سۆرکۆف تەماشایەکی سووکایەتیپێکردنی کردم و وتی:

– زۆر باشە، ئێستا ڕێگەکە بەربدە بڕۆم، تۆ سەر ڕێگەکەت گرتووە. چیت گەرەکە؟

ڕووی هەموویان سوور داگەڕابوو. چاویان دەبریسکایەوە، زۆریان خواردبووەوە. وتم:

– سۆرکۆف، با هاوڕێ بین، من دڵی تۆم ڕەنجاند و سووکایەتیم پێ کردیت، بەڵام...

– سووکایەتی بە من؟ تۆ؟ من؟ زۆر بەڕێز، دەزانیت تۆ بە هیچ کەسێک، بەتایبەتی من، لە هیچ هەلومەرجێکدا ناتوانیت سووکایەتیم پێ بکەیت!

تردولیۆبۆف دەنگی لێ هەڵبڕی:

– وێڵی بکە! با بڕۆین.

سۆرکۆف هاواری لێ هەستا:

– بەڕێزان، مادموازل ئولمپیا هیی منە، باشە!

هەموو بە پێکەنینەوە وەڵامیان دایەوە:

– قسە قسەی جەنابتە.

من وەک سەگێک لە ئاو کەوتبێت، لەوێدا مامەوە، ئەوان بەدەم هەراوزەناوە ژوورەکەیان بەجێ هێشت. تردولیۆبۆف لەبەر خۆیەوە گۆرانیی دەوت. سیمۆنۆف کەمەکێک مایەوە تا پاداشتی بەردەستەکان بکات. بە پەلە چوومە پێشێ و زۆر داماوانە پێم وت:

– سیمۆنۆف، شەش ڕۆبڵم بە قەرز بدەرێ.

زۆر سەری سوورِ مابوو، تەماشایەکی سەیری کردم و وتی:

– ئاها! دەتەوێت لەگەڵماندا بێیت بۆ ئەوێ!

– بەڵێ.

زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەی کەوتە سەر لێو، لە کاتی چوونەدەرەوەدا بوو، وتی:

– پارەم پێ نییە.

قۆڵی چاکەتەکەیم گرت و وتم:

– سیمۆنۆف، پارەم پێ بینیت، بۆ نامدەیتێ؟ خۆ دەستبڕ نیم؟ ئاگات لێم بێت و داواکەم مەدەرە دواوە. ئەگەر ئەزانیت... ئەگەر ئەزانیت بۆ داوای قەرزت لێ دەکەم! چونکە هەموو شتێکی من، هەموو ئایندەم، هەموو بەرنامەکانم بەو شەش ڕۆبڵەوە بەسراوە.

سیمۆنۆف پارەکەی دەرهێنا و بە سووکایەتیپێکردنەوە بۆی فڕێدام. بەدەم بەپەلەڕۆیشتنەوە بۆ گەیشتن بە هاوڕێکانی، بێبەزەییانە هاواری کرد:

- که ئەوەندە بێشەرمیت، بیگرە!

بۆ چرکەساتێک مامەوە. شتەکان بەسەریەکدا ترشابوون. پاشماوەی خواردن، پەرداخی شکاو، پەڵەی گەورە و بچووکی شەراب بەسەر مێز و زەوییەکەوە. پاشماوەی جگەرە، دووکەڵ، سەرئێشە، خەمێکی زۆری نەخۆشیی دڵ، دواجاریش ئەو بەردەستەی هەموو دیمەنەکانی دیبوو کونجکۆڵانە لە منی دەڕوانی.

هاوارم کرد:

- بەرەو ئەویٚ! یان دەبێت هەموویان بکەونە سەر چۆک و لێم بپاڕێنەوە بیانکەم بە هاوڕێی خۆم، یان... یان من و شەپازللەیەک و ڕوومەتی سۆرکۆف.

- ٥ -

که به پلیکانەکاندا بۆ خوارەوە دەچووم، لەبەرخۆمەوە دەمووت: "کەواتە... کەواتە ئەمەیە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستییەکاندا. ئەوەی دیت و بیستت -بۆ نموونە ڕۆیشتنی پاپا لە ڕۆماوە بۆ بەرازیل و خەڵوەتگیریی ئەویێ، ئاهەنگی سەما و گۆرانیی لە کەنار کورمسی ئیتالیا- ئەمانە ڕاستی نین، ڕاستی ئەوەیە کە ڕوودەدات" بیرۆکەیەک بەسەرمدا هات: "ئیدی گەلێک ڕسواییە ئەگەر بەمانە پێبکەنیت" لە وەڵامی خۆمدا وتم: "ئیتر هەموو شتێک ون بوو لەناوچوو!"

ئەوان دیارنەمابوون، ئەی چۆن؟ چووزانم بۆ کوێ چوون؟

گالێسکەیەک بەرانبەر بە هۆتێلەکە وەستابوو. خاوەنەکەی یەکێک بوو لەو وەرزێرانەی لە ناچاری و بەدبەختیدا زستانان دەهاتن بۆ شار. ناوی ڤانیکا بوو. پیاوێکی بەخۆوەی کەپنکلەبەر و کڵاوەکەی دیهاتی و سەر و ملی بەفر داپۆشیبوو. بەفرێکی تەڕ و قورس دەباری. دەکرا بڵێی جلەکانی گەرم بوو. هەواکەی شێدار و خنکاو بوو. پشتی ئەسپە لاواز و بچووکەکەیش بەفر داپۆشیبوو، بەردەوام دەکۆکی. هەموو ئەمانەم بە چاکی لەیادە.

چەتری چەرمینی گالێسکەکەم لادا بۆ ئەوەی دابنیشم. هێشتا پێم نەنابووە ناو گالێسکەکە، لەپڕ دیمەنی سیمۆنۆفم بیرکەوتەوە کە چۆن شەش ڕۆبڵەکەی بۆ فڕێدام. وەک کەسێک بەر تەور درابێت بەسەر شوێنی دانیشتنی

گالیسکەکەدا کەوتم و هاوارم لێ هەستا: نا، هێند ئاسان نییە! دەبێت زۆر کاری تر بکەم بۆ ڕاستکردنەوەی، لێ یان ئەو کارانە دەکەم، یان ئەمشەو تیادەچم. ڕێکەوە! ناونیشانی شوێنەکەم بە گالێسکەوانەکە دا و ئەویش قامچیی لێ ڕاکیشا.

لە گێژەنێکی سەیردا دەخولامەوە و بیرم دەکردەوە: بە هیچ جۆرێک ئەوان نایانەوێت من ببم بە هاوڕێیان. چ جای ئەوەی بکەونە سەر چۆک و داوایەکی لەو جۆرە لە من بکەن. ئەمەیان تراویلکەیەکە بۆ خۆی. دنیایەکی خەیاڵی و ئاوەژووە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تەنیا بۆ دڵخۆشیدانەوەی خۆمە. دنیایەکی بێمانای ڕۆمانتیک! وێنەیەکی وەهمی کە خۆمم پێ خەڵەتاندووە. ڕێک وەک ئاهەنگە گشتییەکەی کەنار دەریای کومرسی ئیتالیا کە بۆ خۆم وێنام دەکرد و خەونم پێوە دەبینی. لەبەر ئەوەیش کە باری ئێستا وەک جاران نییە، دەبوو شەپازللەیەک بە پەناگوێی سۆرکۆفدا بکێشم. ناچارم ئەوە بکەم. باشە، کەواتە بڕاوەتەوە. دەڕۆم بۆ ئەوێ زللەیەک لە پەناگوێی سۆرکۆف بسرەوێنم. توندتر، توندتر... لێخوڕە...

ڤانیکا لغاوەکەی ڕاکێشا.

هەر دوای ئەوەی گەیشتم و پیامدا کێشا، یان لەپێش ئەوەدا، دەبێت وەک پێشەکییەک چەند وشەیەکی ڕێکوپێک بڵێم؟ نا، هەر کە چوومە ژوورەوە لێی دەدەم. بێگومان هەموویان لە هۆڵەکە دانیشتوون، ئەویش لەگەڵ ئۆلۆمپیادا پاڵی داوەتەوە. ئاخ... ئۆلۆمپیای نەفرەتی! هەر ئەو ژنە بوو جارێک کردمی بە پەن. بە سەروسیمام پێکەنی و دەریکردم. قژی ئەو و گوێچکەی سۆرکۆف ڕادەکێشم. نا، وا چاکترە گوێی بگرم و بە ژوورەکەدا بیسووڕێنمەوە، بەڵام لەوانەیە پەلامارم بدەن و وەدەرم بنێن. بێگومان ئەمە دەکەن. باشە، با

بیکەن. بە هەرحاڵ زللەکەی من پێشدەستیی خۆمە، بەپێی یاسا و ڕێسا بەرگریکردنە لە شەرەف و ئابڕوو، کە ئەمە لە بەرژەوەندیی خۆمە، کە من زللەم پیا کێشا، واتا سووکایەتیم پێ کرد. ئیدی کار و لێدانی بەرانبەرەکان ناتوانێت ئاسەواری ئەو سووکایەتیپێکردنە لەناوبەرێت. تەنیا دوێل دەتوانێت بیکات، ئەوسا داوای دوێلم لێ دەکات. ئەگەر لەو کاتەدا بمدەنە بەر شەق و تێهەڵدان، هیچ گرنگ نییە. قیروسیا، با بیکەن. با ئەو سپڵانە چی دەکەن بیکەن، لە هەموویان زیاتر تردولیۆبۆف دارکاریم دەکات، زۆر بەهێز و توانایە. فرفیچکین لە لاوە پەلامارم دەدات. بێگومان قژی سەرم دەگرێت. دەزانم، توند قژم دەگرێت. ئەو لەم جۆرە کارانە دەکات. با بیکەن، منیش هەر بۆ ئەمەیە بۆ ئەوێ دەچم، بەڵام دەبێت لەم کارەساتەوە ئەم ئاژەڵانە تێبگەن کە... ئەگەر بیانەوێت بۆ کردنە دەرەوە بەرەو لای دەرگاکەم بەکێش بکەن، هاوار دەکەم: "ئێوە نرخی پەنجە چکۆڵەی منتان نییە"

لەپڕێکدا هاوارم لێ هەستا: "توندترا!"

ڤانیکا لەتاوا پەشۆکا، قامچیەکەی بەرز کردەوە و چەند جارێک بە ئەسپەکەیدا کێشا. پێدەچوو هاوارەکەم کەمێک وەحشییانە بووبێت.

لە کازیوەدا دویلەکە دەکەین. ئەملا و ئەولای تیا نییە. کاری ئیداری تەواو، یان ئەوەی فیرفیچکین پێی دەڵێت: "ئیراری" ئەی دەمانچە لە کوێ بێنم؟ گرنگ نییە. مووچەی مانگانەکەم زووتر وەردەگرم و دەیکڕم. ئەی فیشەک و باروتەکەی چۆن؟ باشە، ئەمەیان کاری ئەو کەسانەیە دەبن بە شایەت بەسەر دویلەکەوە، کاری من نییە، بەڵام تا کازیوەی بەیانی چۆن ئەمانە فەراهەم دەکرێن؟ شایەت لە کوێ بێنم؟ من دۆست و

هاوڕێم نییە. گرنگ نییە. بیرکردنەوەیەکی بێمانایە! پێداگرانە ئەمەم دوو جار لەگەڵ خۆمدا وتەوە: "بیرکردنەوەیەکی بێمانایە" بەیانیی یەکەم کەس کێم لە ڕێگە بینی باسەکەی بۆ دەگێڕمەوە، داوای ئەوەیشی لێ دەکەم ببێت بە شایەتم. ناچارە بیکات. بەڵێ، چونکە وەک ئەوە وایە یەکێک لە ئاودا نقوم بووبێت و لەوانەیە بخنکێت و تۆ دەبێت دەری بێنیت. لەم جۆرە حاڵەتانەدا دەشێت شتی زۆر چاوەڕواننەکراو ڕوو بدات، بۆ نموونە ئەگەر بەیانی داوا لە سەرۆکی دەزگاکە بکەم شایەتی دویلەکەی من بێت، ئەو ناچارە لە ڕوانگەی پیاوەتی و جوامێرییەوە قبووڵی بکات و ئامادەبێت. بێگومان نهێنییەکەیش ئاشکرا نەکات. ئانتۆن ئانتۆنڤیچ ئەمە دەکات...

هەر لەم چرکەساتەدا، لە هەموو کاتێک ئاشکرا و ڕوونتر ئەوەم بۆ دەرکەوت، گشت ئەو بەرنامە و نەخشە گەوجانەیەی دەمکێشان و پێشبینیم دەکردن، جگە لە کارێکی بێهوودەیی، هیچی تر نین، لەگەڵ ئەوەیشدا:

- دەی ڤانیکا، خێراتر بڕۆ، وڵاخ، خێراتر!

گالێسکەوانە گوندییەکە وتی: دەی چی بکەم گەورەم؟!

دیسان کەوتمەوە خەیاڵات...

- باشە وا چاکتر نییە... خوایش دەیزانێت... باشتر نییە هەر ئێستا بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە؟ ئاخ! بۆ، بۆ دوێنێ بە زۆر خۆم خزاندە ناو ئەو داوەتەوە! بەڵام نا، مەحاڵە، ئەی ئەم هەموو هاتوچۆیە لە سەعات هەشتەوە تا سەعات یانزە، لەسەر مێزەکەوە تا پاڵ زۆپاکە و لە پاڵ زۆپاکەوە تا سەر مێزەکە، کێ باجەکەی دەدات؟ نا! ئەمان نا... نەخێر هەر ئەمان، دەبێت باجی ئەو هاتوچۆیەی من بدەن. دەبێت ئەمان پەڵەی شوورەییەکە بشۆنەوە.

- دەی خێراتر، ڤانیکا... خێرا...

ئەی ئەگەر ڕادەستی پۆلیسیان کردم، چۆن؟ ناوێرن... دەترسن ئابڕوویان بچێت. ئەی ئەگەر سۆرکۆف هەر لەبەر ئەوەی سووکایەتی بە من بکات، نەهاتە ژێر باری دویلەکە، چۆن؟

ئەمە تازە بڕاوەتەوە. باشە، ئەگەر وا کەوتەوە بە جۆرێکی تر بۆیان دەسەلمێنم... چۆن؟ سبەی دەچم بۆ وێستگەی گالێسکەکان، ئەو کاتەی سۆرکۆف دەیەوێت سواری گالێسکە بێت و بۆ سەفەرەکەی بچێت، لە دواوە پێی دەگرم، پاڵتۆکەی بە جۆرێک ڕادەکێشم کە بدڕێت. توند گاز لە دەستی دەگرم. بڕوانن مرۆڤی نائومێد و داماو دەگاتە ئەوەی چ کارێک بکات. گرنگ نییە ئەگەر بە پشت و سەرمدا بکێشن، هەر دەست هەڵناگرم. لە بەردەم هەموویاندا هاوار دەکەم و سەروچاومیان پیشاندەدەم، دەڵێم: تەماشای ئەم بەچکە سەگە بکەن. دەیەوێت بڕوات بۆ قەوقاز و کچانی چەرکەس لەخشتەبەرێت. باشە، لە بارێکی وادا، واتا لە شەڕەجوێنێکی وادا، ئیتر هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت. دەزگای کارەکەم و ژیانم، هەمووی کۆتایی دێت. دەمگرن و دادگاییم دەکەن، لەسەر کارەکەمم دەردەکەن و بەرەو سیبریام دەنێرن... چی دەکەن با بیکەن. دوای بیستوپێنج ساڵ، کە لە زیندان ئازاد دەکرێم، ڕووتوقووت و داماو دەچم بۆ لای سۆرکۆف. بێگومان تا ئەو کاتە ژنی هێناوە و کامەرانە. کچەکەیشی تەواو پێگەیشتووە... پێی دەڵێم: بڕوانە نامەرد، سەیری دەموچاوە شەکەت و هەڵاوساوەکەم بکە، لە جلە دڕاوەکانم بڕوانە. هەموو شتێکم لەدەست داوە. هیچ نەماوە: نە کار، نە بەختەوەری، نە هونەر، نە زانست و ئەدەب، نە ئەو کچەی خۆشم دەویست... هەموویم لەکیس

چوو. گشتی لەبەر جەنابت! لەبەر بێڕەوشتیی تۆ! بڕوانە، ئەمە دەمانچەیە، هاتووم لە تۆیدا خاڵی بکەمەوە و... بەڵام دەتبەخشم. پاشان تەقەیەک بە ئاسماندا دەکەم و بێ ئەوەی ئاسەوارێک بەجێ بهێڵم، لە بەرچاوی ون دەبم.

لەم چرکەساتەدا زۆری نەمابوو دەست بە گریان بکەم، چونکە زۆر چاک دەمزانی هەموو ئەم خەیاڵانە بەرئەنجامی بەیادهێنانەوەی کەسایەتیی "سیلفیو[1]" و "ماسکراد[2]"ەکەی لیرمانتۆفە. لەپڕ تووشی شەرمەزارییەکی زۆر ناخۆش هاتم، شەرمەزارییەکە تا ئەو ڕادەیە بوو کە بە ڤانیکام وت گالێسکەکە بوەستێنە. دابەزیم و لەبەر بەفرەکە و لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستام. ڤانیکا بە سەرسامییەوە تەماشای کردم و هەناسەیەکی هەڵکێشا.

چی بکەم؟ مەحاڵە بتوانم بچم بۆ ئەوێ، کەڵکی نییە. ئەگەر ئەم شتانە بکەم کە هەرگیز ناکرێن، چی ڕوو دەدات؟ ئای خودای میهرەبان، دوای ئەو هەموو سووکایەتیپێکردنە، چۆن بتوانم وازبێنم؟ جارێکی تر بەدەم هاوارێکەوە چوومەوە ناو گالێسکەکە. وتم:

- نا! ئەمە چارەنووسی منە! چارەنووسێکی شووم و بێبەزەیی، دەی، ڤانیکا، لێخوڕە، خێراتر لێخوڕە.

ئەمەندە نائارام بووم، لەتاوا پشتی گالێسکەوانەکەم دایە بەر مشتەکۆڵە.

- ئاخ! خودایە، بۆ لێم دەدەیت؟

لەتاوا قامچییەکەی بەرزکردەوە و کەوتە لێدانی ئەسپەکەی.

---

[1] سیلفیۆ کارەکتەری چیرۆکێکی پوشکینە بە ناوی -گوللە-.
[2] شانۆگەرییەکی لیرمەنتۆفە بە ناوی -ئاهەنگی دەمامک-.

کلوکلو بەفرە تەڕەکە بە ڕێکی دەباری. لەوەی دەکرد زەوی کلو بەفرەکان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. بەڵام من، بێ گوێدانە بەفرەکە، قۆپچەی پاڵتاوەکەمم کردەوە. وەک هەموو شتێکم لە یاد کردبێت، خۆم بۆ زللەلێدانەکە ئامادەکرد، هیچ چار نەبوو، ئەگەرچی هەستم بە ترسێک دەکرد، بەڵام هیچ هێزێک نەیدەتوانی ڕێگریم لێ بکات. لەنێوان ئەو بەفرە زۆرەدا کە تاریکییەکەی داپۆشیبوو، چرا تەنیا و غەریب و غەمگینەکان پرتەپرتیان بوو، لەو قوتیلانە دەچوون لە کاتی بەخاکسپاردنی مردوودا شەوان بەکاردەهات. بەفر دەکەوتە سەر پاڵتۆکەم و لە چاکەتەکەمەوە دەچووە سەر هێلەکەکەم و تەڕی دەکرد. دەکەوتە سەر یەخەی پاڵتۆکەم و دەتوایەوە، لەوێوە بۆ ژێر بۆینباخ و گەردنم بەستبووی. یەخەی کراسەکەم تەواو تەڕ بوو، دوگمەی پاڵتۆکەم کرابووەوە. هیچ نەمابوو. تا ئاخری گەیشتین.

وەک بێهۆش و گێژێک لە گالیسکەکە دابەزیم. بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم و بەدەست و پێ کەوتمە لەدەرگادان. بەتایبەتی قاچم لە ئەژنۆمەوە تەواو سڕ بووبوو. پێم سەیر بوو کە زوو دەرگایان کردەوە. پێدەچوو چاوەڕێم بن. حەتمەن سیمۆنۆف پێی وتبوون ڕەنگە یەکێکی تر بێت، چونکە لەو جۆرە شوێنانەدا پێشتر ئاگادار دەکرێنەوە کە لەوانەیە کەسێکی تر بێت و پێویستە دووربینیی ئەوە بکرێت. ئێرە یەکێک لەو "سالۆنە مودە" بەناوبانگانە بوو، دەمێک بوو ئاسایش قەدەغەی کردبوو. بە ڕۆژ شوێنی بەرگدرووین و سالۆنێکی مۆدی ڕاستەقینە بوو، شەویش دەبووە ئەو جێگە گومانلێکراوەی ئەو کەسانە بۆی دەچوون کە پێشتر ڕاسپێریان کردبوو.

له یەکێکم پرسی:

- له کوێن؟

ئاسایی دەرفەتی تەواویان هەبوو پرژ و بڵاو ببنەوە. ژنێک کە خاوەنی شوێنەکە بوو، بەرانبەرم وەستابوو، زەردەخەنەیەکی گەلۆرانەی لەسەر لێو بوو. پێشتر منی دەناسی، دوای دەقیقەیەک دەرگایەک کرایەوە و یەکێک هاتە ناو ساڵۆنەکە. لە ژوورەکەدا دەستم بە پیاسە کرد. بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە، لەگەڵ خۆمدا دەدوام. پێدەچوو لە دەست مەرگ ڕزگار بووبم. لە خۆشیدا جێم بە خۆم نەدەگرت، چونکە ئەگەر لەوێ بوایە، بێ سێ و دوو پیامدا دەکێشا. شەپازللەیەک و پەناگوێی سۆرکۆف. هەرچییەکیش ڕووی بدایە، قیریی سیا، کەچی لەوێ نەبوون. منیش، خەیاڵاتەکەم وەک باڵەخانەی لە مقەبا دروست کرا و پاکی ڕووخا، هەموو شتەکان قڵپبوونەوە.

لە دەوروبەری خۆم ڕوانی، هەوڵی زۆری وردبوونەوەم دا، بەڵام نەمتوانی دەرکی هیچ بکەم. هەر لە خۆوە لە ژنێکی تازەهاتووم ڕوانی. لە بەرانبەرمدا ڕوویەکی گەش و گەنج و کەمێک ڕەنگپەڕیوم دی. برۆیەکی کشاو و ڕەش، نیگایەکی جیددی لەوەدەچوو سەرسام بێت. بە ڕوویەوە ئەبڵەق بووم. ئەگەر بە ڕوومەوە پێبکەنیایە، حەتمەن خۆشیم لێ نەدەهات و بێزار دەبووم. دەمویست چەند بتوانم تەماشای بکەم، لێ توانای لێوردبوونەوەی زیاترم نەبوو. ئەو دەموچاوە سادە و پاکە کاریگەریی زۆر ئاشکرا و ڕوون و بێمەبەستی لە من کرد، بەڵام تا بڵێی وشک و جیددی بوو. دڵنیا بووم تەنیا لەتاو کۆمەڵێک هەرزەکار هاتووەتە ئەوێ، کە نەیانویستووە و دەریان کردووە. ناتوانین بڵێین جوان بوو، بەڵام تێکڕا واش

ئەندام و باڵابەرز و بەرگجوان بوو. لەسەرخۆ دەجووڵا. دڵی گرتم. ڕێک بەرەو لای چووم.

بە ڕێکەوت چاوم بە ئاوێنەیەک کەوت و تەماشای خۆمم کرد. دەموچاوێکی شپرزە و تێکقوپاو و دزێو، کە ناتوانیت وەسفی بکەیت. ڕەنگپەڕیو، تووڕەوتڕۆ و پەست، لەگەڵ قژێکی ئاڵۆز و ناقۆڵادا. بە خۆم وت: "باشە، چاکتر، خۆشحاڵم بەم ڕەنگوڕووە نابووتەوە بمبینێت، زۆر دڵخۆشم...".

## - ٦ -

له ژوورەکەی تەنیشتەوە، وەک دەنگی کەسێک لە حاڵەتی خەفەکردندا بێت، لەپڕ زەنگی سەعاتێک زۆر بە نزمی لێیدا، دوای ماوەیەک، دەنگی لێدانێکی ناجۆر و چاوەڕواننەکروام بە چاکی هاتە گوێ. وەک ئەوە وا بوو لە ناکاوێکدا یەکێک لە حەشارگەیەکەوە دەرپەڕیبێت. دیسان سەعاتەکە لێی دایەوە. بەئاگا هاتم، نەنووستبووم. لەنێوان خەو و بێداریدا بووم. لەو کاتەدا کە هەموو شتێکم لە بیر خۆم بردبووەوە، لەسەر تەختەکە ڕاکشابووم.

ژوورەکە تەنگەبەر و بنمیچەکەی نزم بوو. کومیدییەکی گەورەی جلوبەرگی تیابوو. پارچە پەڕۆ و شتومەکی تری تیا بڵاوبووبووەوە. ژوورەکە تا ڕادەیەک تاریک بوو. مۆمێکی داماو بەسەر مێزەکەوە، لە سووچێکی ژوورەکە و لە مۆمدانێکی کۆندا دەسووتا. دەتگوت هەر ئێستا دەکوژێتەوە. گڕەکەی جارێک زیاد و تاوێک کەم. ئیتر ژوورەکە دوای چەند دەقیقەیەکی تر نوقمی تاریکی دەبوو.

زۆری نەبرد هاتمەوە سەر خۆم. بێ زۆرلەخۆکردن هەرچییەک ڕووی دابوو دیسان بیرمکەوتەوە. وەک ئەوە وا بوو لە شوێنێکی نادیاردا لێیان سەندبم بۆ ئەوەی لە ناکاوێکدا بمدەنەوە. بەڵێ، تەنانەت لەوپەڕی بێئاگاییدا شتێک لە یادەوەریتدا هەر دەمێنێت. دەمەوێت بڵێم شتێک لە یادەوەریدا هەیە لە هیچ هەلومەرجێکدا بە تەواوی فەرامۆش ناکرێت. تەنیا

له شەکەتییەکی سەختدا، بەردەوام و بە دژواری، بە دەوری خەونەکانتدا کە نیوەی لە بێداری و نیوەکەی تری لە خەوندایە، دەسووڕێتەوە. ئەمە شتێکی سەیر بوو: کە لە ژوورە تاریکەکەدا چاوم کردەوە، وام زانی ئەوەی ئەو ڕۆژە بەسەرم هاتووە زۆری بەسەردا تێپەڕیوە. وەک ئەوەی تەواوی ڕووداوەکان لە ساڵانێکی زۆر دووردا ڕوویان دابێت وا بوو. سەرم قورس بوو، خواردنەوە کاسی کردبووم. پێدەچوو هێزێک بە سەرمەوە بێت و بمهێنێت و بمبات و هەر لە هەمان کاتدا بموروووژێنێت. دیسانەوە ڕقێکی شێتانە بەرۆکی گرتمەوە، جۆشا و خرۆشا، بەدوای ڕێگەیەکی خۆڕزگارکردندا دەگەڕا. تا لەپڕ، لە نزیکەوە، دوو چاوی کراوە و سووسەکەرم بینی کە لێم ورد دەبوونەوە. نیگاکانی سارد و بێباک و غەمبار و سەیر بوون. لەوەدەچوو لە نیگای مرۆڤ نەچن. ئازاری دام و هەستم بە هەراسانی کرد. بیرۆکەیەکی نادروستم تیاگەڕا، هەستێکی چەپەڵ و گڵاو بوو. لەو کاتەدا هەستی کەسێکم هەبوو لەپڕ بچێتە ژێرزەوییەکی شێدار و بۆگەنەوە. ئەوەی بە لامەوە زۆر ناسروشتی بوو، ئەوە بوو کە ئەو دوو چاوە تەنیا لەو چرکەساتەدا لێم ڕامابوون. بیرمکەوتەوە کە دوو سەعاتێک دەبێت، لەگەڵ ئەو کەسە نەناسەدا تاقە وشەیەکم نەوتووە، چونکە هەر بە پێویستم نەزانیوە. لە سەرەتادا، لەبەر هەرچییەک بووبێت بێدەنگیم هەڵبژاردووە. وا ئێستا و لە ناکاوێکدا، هەستم بە هەموو پیسی و سووکوچرووکیی ئارەزووبازییەکە کردەوە، ئارەزوویەکی ڕووت لە هەر سۆز و خۆشەویستییەک. ئارەزوویەکی پاتاڵی زۆر بێشەرمانە کە لە هەر جێگەیەکەوە دەست پێ بکات، خۆشەویستی کۆتایی دێت. ماوەیەک لەو تاریکییەدا بێدەنگ لە یەکترمان ڕوانی. ئەو چاوی

لێ نەدەتروکاندم. بەبێ ئەوەی پێڵوی لێک بدات، بێ ترس و جەسوورانە و لەسەرخۆ چاوی تێبڕیبووم... بۆ شکاندنی بێدەنگییەکە، بە ساردییەکەوە لێم پرسی:

- ناوت چییە؟

- لیزا.

تا ڕادەیەک وەڵامەکەی سرکەیەک و بێئەندازەیش نامیهرەبان بوو. چاوی بۆ لایەکی تر کەلا خست. بێدەنگ بووم. دەستم خستە ژێر سەرم و چاوم لە بنمیچەکە بڕی. وەک ئەوەی قسە لەگەڵ خۆمدا بکەم، وا بوو. وتم:

- ئاووهەواکەی خراپە... بەفر...

وەڵامی نەدایەوە، بێزم هاتەوە. دوای دەقیقەیەک سەرم بۆ بەرز کردەوە و وتم:

- تۆ نیشتەجێی ئێرەیت؟

- نا.

- خەڵکی کوێیت؟

تۆزێک نەرم بووبوو.

- ریگا[1]

- ئەڵمانییت؟

- نا، ڕووسیم.

- دەمێکە لێرەیت؟

- لە کوێ؟

- لێرە، لەمماڵەدا؟

- دوو هەفتە دەبێت.

---

[1] Riga

هەر جارە و زیاد لە جاری پێشوو وەڵامەکانی توند و ڕەقتر بوون. لەو کاتەدا مۆمەکە کوژابووەوە و ئیدی بە زەحمەت دەموچاوی یەکترمان دەبینی.

- دایک و باوکت ماون؟
- نا، با... نا... با ماون.
- لە کوێ دەژین؟
- لێرە، لە ڕێگە
- چکارەن؟
- وەک خەڵکی تر...
- چۆن وەک خەڵکی تر؟ لە کام چینن؟
- ناوەڕاست.
- لەگەڵیان دەژیایت؟
- بەڵێ
- تەمەنت چەندە؟
- بیستساڵ
- بۆ وازت لە دایک و باوکت هێناوە؟
- ئیتر ئاوا...

مانای "ئیتر ئاوا" ئەوە بوو "بەسە، گێژم مەکە"

هەردووک بێدەنگ بووین. خوا خۆی دەزانێت بۆ هەڵنەستام بڕۆم. بۆ منیش هەر ناخۆش بوو. هەر لە خۆوە، سێبەری ڕۆژی پێشووم خێرا و بە پرژ و بڵاوی دەهاتە بەرچاو. لەپڕ شتێکم بیرکەوتەوە کە بەیانیی ئەو ڕۆژە دیبووم. بە دەنگێکی نیمچە بەرز، بەبێ ئەوەی بمەوێت دیسان بکەومەوە قسەکردن، ئاسایی و بێ مەبەست وتم:

- ئەم بەیانییە تابووتێکیان دەبرد. خەریک بوو بکەوێتە سەر زەوی.

- تابووت؟
- بەڵێ، لە سینایا[1]، لە ژێر زەویی هێنایانە دەرەوە.
- لە ژێر زەوی؟
- نا، ژێر زەوی نا، لە ژێرزەمینی ماڵێکدا... باشە، تۆ دەزانیت... لە گەڕەکەکانی خوارەوە، ماڵێکی هەژارانە... ئەو گەڕەکە هەمووی پیسوپۆخڵ... بۆگەن، گلاو... زبڵدانە.
- ...

دوای چەند چرکەساتێک، تەنیا بۆ شکاندنی بێدەنگییەکە وتم:
- زۆر ناخۆشە لە ڕۆژی وادا مردوو بنێژیت.
- بۆ؟
- مەبەستم لە ڕۆژی بەفر و بارانە.

باوێشکم دا، ئەمجارەیان بێدەنگییەکە درێژەی کێشا، پاشان وتی:
- جا چییە؟

کەوتمەوە باوێشکدان، وتم:
- نا، زۆر ناخۆشە... گۆڕهەڵکەنەکان پێی قەڵسن و حەزی پێ ناکەن. ناو گۆڕەکەیش پڕ دەبێت لە ئاو.

بە کونپشکنی و سەرسامییەوە کە کەمێکیش بە لای گاڵتەدا دەچوو، پرسیی:
- بۆ دەبێت ئاو لەناو گۆڕدا کۆبێتەوە؟

وشەکانی دەبڕی و دەنگیشی لە جاران بەزەبرتر بوو. لەپڕێکدا هەستم لە دژی وروژا. لەو جۆرە هەستانەی سەریان لێ دەرناکەم.

---

[1] Sennaia شوێنێکە لە پترۆزبۆرگ، ئەوسا ناوی (بازاڕی وردەفرۆشان) بووە.

- بۆ تۆ نازانیت، تابووتەکان نزیکەی نیوەیان لەژێر ئاودایە، زۆر جار هەموو تابووتەکە دەکەوێتە ژێر ئاو. لە گۆڕستانە گەورەکەی وچۆفدا[1] تەنانەت گۆڕێکی وشکت دەست ناکەوێت.

- بۆ دەست ناکەوێت؟

- یانی چی "بۆ؟" زەوییەکەی پڕە لە ئاو، هەمووی زەلکاوە. زۆربەی تەرمەکان دەکەونە ناو ئاوەوە. خۆم دیومە... چەند جارێک...

(تەنانەت تاقە جارێکیش نەمدیبوو! من هەر نەچوومەتە ئەو گۆڕستانە تەنیا لە خەڵکم بیستووە) لێم پرسی:

- بەڕاست بۆ تۆ جیاوازیی نییە بمریت یا بژییت؟

شڵەژا و وەک کەسێک بەرگری لە خۆی بکات وتی:

- جا بۆ بمرم؟

- بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەمریت، تۆیش وەک ئەو کچەی ئەم بەیانیە بینیم بردیان و ناشتیان... ئەوییش... یەکێک بوو وەک تۆ... بە نەخۆشیی سیل مرد.

- دەبێت ئەمانە بەرن بۆ نەخۆشخانە.

(ئاها! کەواتە ئەمیش دەزانێت "ئەمانە" یانی چی.

قسەکان گەرمتر بوون.

- قەرزاری خاوەن ماڵەکەی بوو. لەگەڵ سیلەکەیشیدا، دەبوو تا دەمرێت لای بمێنێتەوە و خزمەتی بکات. سەرباز و گالێسکەوانەکان لە بارەیەوە قسەیان دەکرد. لەوە دەچێت مشتەریی کۆنی بووبن، پێدەکەنین، دەیانویست بچنە مەیخانە و دوا پێک لە چاوی ئەو هەڵدەن (خۆم ئەمەیانم بۆ زیاد کرد)

---

[1] Wochoff

بێدەنگی، بێدەنگییەکی قووڵ... بە هیچ جۆرێک نەدەجووڵا، تا وتم:

– ئاها چ جیاوازییەکی هەیە؟ لە نەخۆشخانە بێت یان نا، تۆ نەخۆشخانەت پێ باشترە؟

– لام یەکسانە، بەڵام بۆ دەبێت بمرم؟

ئەمەی توندتر وت. وتم:

– ئێستا ناڵێم، بەڵام لە دواییدا...

– ئاهـ.. دوایی!

– بەڵێ، بەڵێ، تۆ هێشتا گەنجیت، جوان و دڵخوازیت، تەڕ و تازەیت، هەر لەبەر ئەمەیە ڕێزت لێ دەگرن. بەڵام ساڵێکی تر، ئەم جۆرە ژیانە تەواو دەتگۆڕێت، زوو پەژموردە دەبیت.

– دوای ساڵێک؟

من کە حەزم بە ئازاردانەکەی بوو، وتم؟

– بە هەرحاڵ، دوای یەک ساڵ بە هات کەمتر دەبێت. دەبێت ئەوسا لێرەوە بڕۆیتە ماڵێکی تر، ماڵێکی خراپتر. دوای ساڵی دووەم بۆ ماڵی سێیەم. هەر ئاوا لە ماڵێکی خراپەوە بۆ خراپتر. بەم جۆرە دوای حەوت ساڵ، دەبێت خۆشحاڵ بیت گەر بتوانیت لەم سنایەوە، لەژێرزەوییەکی وەک ئەمەدا، جێگەیەک بۆ خۆت پەیدا بکەیت. لەوانەیە ئەمەی دواییان ماڵە هەمیشەییەکەت بێت. چاکە، بەڵام ئەگەر نەخۆشکەوتیت... بۆ نموونە لاوازیی سییەکانت، یان شتێکی لەو بابەتە... یان نەخۆشیی سنگ... بەم جۆرە ژیانەوە بە ئاسانی نەخۆشییەکەت چارەسەر ناکرێت. خۆ ئەگەر جارێک بەم حاڵەوە مۆڵەتی هاتنی ئێرە بە نەخۆش بدرێت. هەر لێرەدا دەمێنێتەوە... باشە، پاشان تۆیش هەر دەمریت.

جووڵەیەکی کرد و بە تووڕەییەوە وتی:

- باشە، پاشان منیش هەر دەمرم!

- بەڵام بەداخەوە.

- بۆچی بەداخەوە؟

- بۆ ژیان.

دیسان بێدەنگی...

- شووت کردووە؟

- بە تۆ چی؟

- هەقتە، ئەوە پەیوەندیی بە منەوە نییە، لێپرسینەوەت لەگەڵ ناکەم، بەڵام توورە مەبە. بێگومان ڕۆژێک تەواو ئاسوودە دەبیت... چ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. وەک وتم، بەڵام پیویستە بەزەییت پیادا بێتەوە.

- بە کێدا؟

- بە خۆتدا، بێگومان بە خۆتدا.

کەمێک جوولا و لەبەر خۆیەوە شتێکی وت.

- بێسوودە...

بە توورەیی و مەلوولییەوە ئەمەی وت. ئەی بۆ دەبێت من لەگەڵیدا ئەوەندە میهرەبان بم و ئەو...

- بەڕاست تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟ پێت وایە لەسەر ڕێگەیەکی ڕاست بیت؟

- من هەر بیرناکەمەوە.

- ڕاست دەکەیت، تۆ بیرناکەیتەوە. بەڵام تا کات بە بەریەوە ماوە وەرەوە سەر خۆت، درەنگ نییە، هێشتا لاویت، جوانیت، دەتوانیت خۆشەویستی بکەیت، دەتوانیت شوو بکەیت و بەختەوەر بیت.

قسەکانی پێ بڕیم و وتی:

- ئەوانەی شوویان کردووە هەموویان بەختەوەر نین.

- هەموویان نا، بێگومان هەموویان بەختەوەر نین، بەڵام ئەویان سەد جار، تۆ بڵێ هەزار جار لێرە باشترە. ئەگەر خۆشەویستیمان تیا بێت، دەتوانین بەبێ بەختەوەرییش بژیین، تەنانەت ژیان بە دەرد و ئازاریشەوە هەر جوانە. لە ڕاستیدا ژیان و مانەوە لە دنیادا هەمیشە خۆش و دلۆڤانە. ئیتر هەر چۆنێک بێت، بەڵام لێرەدا... لەناو پیسوپۆخڵیی ئێرەدا چۆن! تف!

وەڕەز بووبووم. پشتم تێکرد. ئیدی لەوەودوا نەمدەتوانی بە هێوری لەگەڵیدا بدوێم، نا، چونکە تووشی هەڵچوون هاتبووم. زۆر حەزم دەکرد هەموو ئەو بیر و بۆچوونە سادە و کەمنرخانەی کە خۆم حەزم پێ دەکردن و وردەوردە لە ژێرزەمینەکە گەڵاڵەم کردبوون، لێرەدا بۆ ئەویان دەرببڕم. لەپڕێکدا شتێکی سەیر ئەوکی گرتم. دوای ماوەیەکی زۆر مەبەستێک ڕووبەڕووم بووەوە:

- جگە لەوە، نەدەبوو تۆ یەکێکی وەک من بکەیت بە نموونە، ڕەنگە من لە تۆ زۆر کلۆڵ و نەگبەتتر بم. پاشان من کە هاتم بۆ ئێرە تەواو مەست بووم. (دەمویست بەم قسانە خۆم بپەڕێنمەوە) ئەمە لە کاتێکدا کە پیاو ناتوانێت ببێت بە نموونە بۆ ژن. ژن و پیاو دوو شتی زۆر جیاوازن. ئەگەر من لە تۆ خراپتر بم و بە خۆمەوە کەسانی تریش پیس بکەم، هێشتا نابمە بەندە و نۆکەری کەسێک. بێرەدا دێم و دەڕۆم و بە ڕۆیشتنەکەم هەموو شتێک تەواو دەبێت، بۆ بەیانی من کەسێکی ترم. بەڵام تۆ، بیر لەوە بکەرەوە کە هەر لە سەرەتاوە کۆیلەیت، بەڵێ، کۆیلەیت و هەموو شتێکت لەدەست داوە. تەنانەت ویست و ئیرادەت. ئەگەر لە دواییدا بتەوێت ئەم زنجیرانە بپسێنیت، ناتوانیت، چونکە چەند هەوڵ بدەیت زیاتر و

توندتر بە دەورتدا دەئاڵێت و ناهێڵن ڕزگارت بێت. من ئەم کۆتوبەندانە باش دەناسم... دەربارەی هەندێک بابەتی تر نامەوێت هیچ بڵێم، چونکە لەوانەیە تێی نەگەیت. لێ پێم بڵێ تۆ قەرزاری خاوەن ماڵەکەتیت، ڕاستە؟ باشە... بڕوانە... (وەڵامی پرسیارەکەمی نەدایەوە، هۆشوگۆشی لای من بوو، منیش بەردەوام بووم)

- بڕوانە، ئەو قەرزە یەکەمین کۆت و زنجیرەکەی تۆیە. هەرگیز ناتوانیت لێی ڕزگار بیت و ئازادیی خۆت بەدەست بێنیت. ئەوان وایان داناوە کە نەتوانیت. هەموو ئەمە دەزانن... بە تەواوی لە کەسێک دەچیت ڕۆحی خۆی بە شەیتان فرۆشتبێت... ڕەنگە منیش ئەوەندەی تۆ بەدبەخت بم، کێ چووزانێت. لەوانەیە من بە ویستی خۆم بەدوای ئەو نەگبەتی و ڕسواییەدا بگەڕێم... لە داخی خەم و خەفەت و نائومێدییە زۆر کەس پەنا بۆ مەیخواردنەوە دەبەن. ڕەنگە هەنووکە من لەدەست دەرد و نائومێدی هەڵاتبم و پەنام بۆ ئێرە هێنابێت. تۆ خۆت بیڵێ، ئەم کارەی من و تۆ چ مانایەکی هەیە؟ بۆچی؟ چاکە، ئێمە هەردووکمان... دوێنێشەو بە یەکتر گەیشتین، قسەیەکمان لەگەڵ یەکتردا نەکرد. تۆ دوای ماوەیەک وەک کێوییەک زەقزەق کەوتبیتە تەماشاکردنم. منیش هەر وا! باشە. ئایا بەمە دەڵێن خۆشەویستی؟ دەبێت مرۆڤ بەم جۆرە یەکتر بناسن و ببن بە هاوڕێ؟ ئەم جۆرە پەیوەندی و تێکەڵبوونە، تەنیا بێئەدەبی و وەحشەتگەرییە! جگە لەوە هیچی تر نییە!

بە ساردییەکەوە خێرا وتی:

- وایە!

خێرا وتنی "وایە"کەی سەرسامی کردم. بە خۆم گوت: تۆ بڵێی ئەویش وەک من بیری نەکردبێتەوە؟ ڕەنگە هەر لەبەر

ئەمەیش بوو‌بێت کە زەقزەق چاوی لێ نەدەتروکاندم. کەواتە ئەویش بیردەکاتەوە و خاوەن بیروباوەڕی خۆیشیەتی. بەڕاستی ئەم نزیککەوتنەوەیە جێی سەرنجە، دۆستایەتییەکی ڕۆحییە. بەم خەیاڵەوە لە خۆشیدا کەوتمە هەڵگڵۆفتنی دەستم و لە دڵی خۆمدا دەموت: چۆن دەبێت لەگەڵ ڕۆحێکی هێند جوان و بێگەرددا پێک نەگەیت!

بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی ڕاکێشام یارییەکە بوو. کەمێک سەری لێ نزیکتر خستمەوە، دەستی نایە ژێر سەری، پێدەچوو دیسانەوە لێم بڕوانێت، یان من لە تاریکییەکەدا وام دەهاتە بەرچاو. گەلێکیش داخم بەوە خوارد کە ئیتر ناتوانم چاوی ببینم. تەنیا گوێم لە هەناسە قووڵەکانی بوو.

بە ڕامانێکی زیاترەوە دەستم بە قسان کردووە.

- بۆ هاتیت بۆ ئێرە؟

- هەر ئاوا...

- زۆر چاکترە مرۆڤ لە ماڵی دایک و باوکیدا ژیان بەسەربەرێت. گەرموگوڕ و ئازادە، هێلانەی خۆیەتی.

- ئەی ئەگەر ئەوێ لێرە خراپتر بوو؟

ئەم وەڵامە بیرۆکەیەکی تێگەڕاندم: "دەبێت وشە و ئاوازی گونجاوی بۆ بدۆزمەوە. ئەگەر وتنەکەم هەندێک سۆزیشی لەگەڵدا بێت -تەنانەت هەر بە ڕووکەشیش- لەوانەیە بتوانم خاڵی لاوازی بدۆزمەوە" ئەم بیرۆکەیەم لە چاوتروکانێکدا بۆ هات. سوێند دەخۆم کە بەڕاستی ئەو کچە سەرنجی ڕاکێشابووم. من لە بارێکی دەروونیی ناهەمواردا بووم، تەواو لاواز و بێ توانا. لەم جۆرە بۆنانەدا کە قسە لەگەڵ ڕۆحێکی

وا جواندا دەکەیت. هەست و سۆزەکان لە لۆژیک کاریگەرتر دەبن، بۆیە خێرا کەوتمە وەڵامدانەوەی:

– ئاهـ بەڵێ، کێ دەڵێت وا نییە؟ هەموو شتێک قابیلی ڕوودانە، گومانم نییە کە تۆیان ڕەنجاندووە و ئازاریان داویت. وەک دەیبینم ئەوان، واتا دایک و باوکت زیاتر قەرزاری تۆن، نەک تۆ لەوان. هەرچەندە من بەسەرهاتی ژیانی تۆ نازانم، بەڵام دەزانم کچێک لە تەمەنی تۆدا، هیچ کاتێک بە خواستی خۆی بۆ ڕابواردن نایەتە جێگەی وا.

لەبەرخۆیەوە کە من بە زەحمەت گوێم لێی بوو وتی:

– بۆ من چ جۆرە کچێکم؟

بیرم لەم پرسیارە کردەوە، شەیتان دەزانێت من بەم قسانە دەمویست مەرایی بکەم، یان نا. ئیدی وا لە من نایەت و ناشیرینە. بۆ؟ خوا دەزانێت. کێ ناڵێت باشیشە؟

بێدەنگ بوو.

– بڕوانە لیزا، ئەم قسەیەی ئێستا پێتی دەڵێم ڕای تایبەتی خۆمە. ئەگەر من بە منداڵی لەناو خێزانێکی چاکدا گەورەبوومایە، ئێستا کەسێکی تر بووم، نەک ئەمەی کە ئێستا هەم. زۆر جار بیر لەمە دەکەمەوە. هەرچەندە ژیانت لەناو خێزانەکەتدا سەخت و ناخۆش بگوزەرێنیت، هەرچۆنێک بێت هەر باوک و دایکتن، بێگانە نین، دوژمن نین و هەر تۆیان خۆش دەوێت. تەنانەت ئەگەر ساڵی جارێکیش خۆشیان بوێت، هێشتا چاکە. هەرچۆنێک بێت، دەزانیت لە ماڵی خۆتدایت. بڕوانە، من بەبێ ماڵ و خێزان گەورەبووم. لەبەر ئەوەیە بەم جۆرەم، بێهەست و دڵڕەق.

گومانم پەیدا کرد لەوانەیە لە قسەکانم تێنەگەیشتبێت. بە هەرحاڵ، پێکەنینی گەرەکە من وانەی ڕەوشت و ئاکار بەو بڵێم.

ویستم باسەکە بگۆڕم، بۆ ئەوەی گوێ بگرێت. وتم:

– ئەگەر من باوک بم و کچم هەبێت، حەتمەن کچەکەمم لە کوڕەکەم خۆشتر دەوێت. ئەمەم زۆر بە ڕاستییە.

لە کاتی وتنی ئەمەدا سوور داگەڕابووم. پرسیی:

– جا بۆ وا؟

ئاها! کەواتە گوێی گرتووە.

– باشە، نازانم بۆ، بڕوانە لیزا، من باوکێکم دەناسی لەگەڵ کەسانی تردا فیزاوی و دلڕەق و توند بوو. بەڵام بەرانبەر بە کچەکەی دەکەوتە سەر ئەژنۆ، دەست و پێی ماچ دەکرد. لە بینینی تێری نەدەخوارد. کاتێک کچەکەی لە ئاهەنگ و میوانداریدا سەمای دەکرد، جاری وا هەبوو بۆ ماوەی پێنج سەعاتی تەواو لە شوێنێکدا دەوەستا و چاوی لێ نەدەتروکاند. کچەکە مایەی ژیان و بیر و هۆشی باوکی بوو. من زۆر باش لە حاڵی ئەو باوکە تێدەگەم. کە کچەکە دەنووست، ئەو بە سەریەوە دەوەستا و ئاگاداریی لێ دەکرد. ماچی دەکرد و بۆی دەپاڕایەوە. خۆی چاکەتێکی کۆن و دڕاوی لە بەر دەکرد، چونکە بێئەندازە پیسکە بوو، بەڵام هەموو شتێکی بۆ کچەکەی دەکڕی. کچەکەی هەرچییەکی بویستایە بۆی دەهێنا. دیاریی گرانبەهای بۆ دەکڕی. کە دەیبینی دیارییەکانی پێ خۆشە، وەک منداڵ دەگەشایەوە. باوک لە دایک زیاتر کچی خۆش دەوێت. گەلێک کچ لە ماڵی باوکیاندا ژیانی خۆش بەسەردەبەن، بەڵام من... ئەگەر من کچم هەبێت، هەرگیز نایدەم بە شوو.

زەردەخەنەیەکی هێوری هاتێ و پرسیاری کرد:

- بۆ بە شووت نەدەدا؟

- خوا خۆی دەزانێت بۆ. ڕەنگە لەبەر ئیرەیی بێت کە بۆچی کابرایەکی بێگانە ماچ بکات؟ یان پیاوێکی غەریبەی لە باوکی زیاتر خۆش بوێت؟ بیرکردنەوەی لەم جۆرە زۆر ناخۆشە. بێگومان ئەمە قسەیەکی بێمانایە، ئەو جۆرە باوکانە لە دواییدا دێنەوە سەر خۆیان و بیردەکەنەوە. زۆر باش دەزانم کە پێش بەشوودانی کچەکە لە داخ و خەفەتدا دەگەیشتمە مەرگ. هەموو داواکارەکانم دەردەکرد و ئەگەر بمتوانیایە دەستم لە بیناقاقایان دەنا، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا دەمدا بە شوو. بێگومان بە پیاوێک خۆشی بوێت. دیار و ئاشکرایشە ئەو پیاوەی کچ هەڵیدەبژێرێت و خۆشی دەوێت، لە بەرچاوی باوکدا تا بڵێی خراپ و نەفرەتلێکراوە. بێگومان ئەمە وایە، بۆیە لەناو هەندێک خێزاندا قسە و پێشهاتی زۆر خراپ دروست دەبێت.

لەپڕێکدا وتی:

- بەڵام هەندێکیان کچەکانیان دەفرۆشن و پێشیان خۆشە. نایانەوێت کچەکانیان بە ڕێز و ئابڕوومەندانەوە بنێرنە ماڵەمێرد.

لەگەڵ خۆمدا وتم، ڕاستە، وایە. خێرا کەوتمە دوای قسەکانی:

- لیزا، ئەوانە تەنیا لەناو ئەو خێزانە نەفرەتلێکراوانەدا ڕوو دەدەن کە نە خوایان هەیە و نە خۆشەویستی. ئەو شوێنەی خۆشەویستیی تیا نییە، هەرگیز نە بیری تیایە و نە ئەقڵ. لەو جۆرە خێزانانە هەن، خۆیشم دەیزانم، لێ من باس لەوان ناکەم. دیارە تۆ لە خێزانەکەی خۆتدا خۆشی و میهرەبانیت کەم دیوە، بۆیە وا دەڵێیت. منیش تەواو دڵنیام و باوەڕت پێ

دەکەم کە تۆ بەختەوەر نییت. ڕەنگە بەدبەختییش بیت. هوم م... زۆربەی ئەم شتانەیش بەرئەنجامی هەژاری و داماوییە.

– جا بۆ لەناو دەوڵەمەند و گەورەماڵاندا دۆخەکە چاکترە؟ کەسانێک هەن لەوپەڕی هەژاری و کلۆڵیدان و زۆر شەرافەتمەندانە دەژین.

– وایە، ڕەنگە، بەڵام لیزا ئەوە بزانە، مرۆڤ پێی خۆشە تەنیا ڕەنج و ئازارەکان ببینێت، نەک خۆشی و بەختەوەرییەکانی. لێ ئەگەر بتوانێت بە چاکی هەڵیان بسەنگێنێت و لە بەرچاویان بگرێت، تێدەگات لە هەموو شوێنێکدا بەختەوەری هەیە. بۆ هەموو کەسێک خۆشی و شادمانی هەیە و دەتوانێت وەک دیارییەک قبووڵی بکات. چەند خۆشە لەناو خیزانێکدا هەموو شتێک بە خۆشی و ئارامی بگوزەرێت و خوایش یارمەتییان بدات، بۆ نموونە تۆ، ئەگەر مێردێکت هەبێت، خۆشی بوویێت، دڵت بداتەوە و نازت هەڵبگرێت، بەردەوام بیری لات بێت و چرکەساتێک لێت جیانەبێتەوە، ئەمە چەند خۆش و ناوازەیە. خێزانێکی لەو جۆرە شاد و بەختەوەرە. بەڵێ، تەنانەت ئەگەر کەمێکیش ڕەنج و ئازاری تیا بێت، لەگەڵیدا ڕادێت و پێی ناخۆش نییە. جا بۆ کوێ هەیە ڕەنج و ئازاری تیا نەبێت؟ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان شووت کرد، ئەزموونی ئەمە دەکەیت و دەزانیت کە وایە. بیر لە ساتە بەراییەکانی زەماوەندەکەت بکەرەوە: مێردێکت دەستکەوتووە بە دڵی خۆت و خۆشت دەوێت. چەند خۆشبەختیت! چەند شاد و بەختەوەریت و چۆن کاتەکانت شکۆمەندانە بەسەردەبەیت. شادی و بەختەوەریت بەردەوام بۆ پێشەوە دەڕوات و زیاد دەکات. هەر جیاوازی و دڕدۆنگییەک لە سەرەتادا لەنێوان ژن و مێرددا دروست بێت، بە هۆی

خۆشەویستییەوە لەناودەچێت و کۆتایی پێ دێت. تەنانەت هەندێک ژن چەند لەگەڵ مێردیاندا ڕێک بن، لەوە زیاتر لەگەڵیاندا بەشەڕدێن. نا، نا ئەمە ڕاستە. من خۆم ژنێکم دەناسی بە مێردەکەی دەگوت: "من تۆم زۆر خۆش دەوێت، هەر لەبەر ئەو عیشق و خۆشەویستییە زۆرەیە کە ئازارت دەدەمێ و دڵت دێشێنم، دەبێت تۆ لەمە تێبگەیت" ئایا هیچ بیرت لەوە کردووەتەوە کە ڕەنگە لەبەر خۆشەویستیی زۆری کەسێک دڵی بشکێنیت و ئازاری بدەیت؟ زیاتر ژنان ئەمە دەکەن. ژنان لای خۆیانەوە دەڵێن: "لەباتی ئەو کارە ناخۆشانەی کردم، ئیتر بە جۆرێک تۆم خۆش دەوێت و دڵت ڕادەگرم، قەرەبووی ئەو کەمە خەمە بکاتەوە کە پێم دایت" ئەوسا هەر کەسێک بتانبینێت دڵخۆش دەبێت. خۆیشتان بە خۆشی و شادی و ئاسوودەییەوە ژیان بەسەردەبەن. بێگومان کەسانێکیش هەن ئیرەییتان پێ بەرن، بۆ نموونە ئەگەر شەوێک پیاوەکە لە دەرەوە بێت، ژنەکە خۆی ناگرێت (من ژنێکی وا دەناسم) تەنانەت شەوانە دەڕواتە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێت مێردەکەی لە کوێیە، لەم ماڵ، لەو ماڵ؟ لەگەڵ ئەمدایە یان لەگەڵ ئەودا؟ لێ ئەمە باش نییە. دیارە خودی ژنەکەیش دەزانێت ئەمە چاک نییە. سەرکۆنەی خۆی دەکات و دڵی دەگیرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆشی دەوێت. ئەمەیش بۆیە دەکات، چونکە ئازیزیەتی. ئەوسا وا چاکە لە یەکتر خۆشبن. ژنەکە داوای لێبوردنی لێ بکات و سەرلەنوێ لەگەڵ یەکتردا گەرموگوڕ و یەکدڵ بن. ئەوسا خۆشەویستییەکان تازە دەبێتەوە و وەک ئەوە وایە لە سەرەتاوە دەست بە ژیان بکەنەوە و عیشقە ونبووەکەیان دۆزیبێتەوە، بەڵام نابێت هیچ کەسێک بزانێت چی لەنێوان ژن و مێردا ڕوو دەدات. ئەگەر

یەکتریان خۆش بوێت، هەر کێشەیەکیان لەنێواندا بۆ دروست بێت، تەنانەت نابێت بە دایکیان بڵێن و پێویستە خۆیان چارەسەری بکەن. دەبێت خۆیان دادوەری بکەن، نەک کەسێکی دی. خۆشەویستی ڕازێکی خوداییە، پێویستە بێگانە نەیبینێت. هەر شتێک ڕوو بدات، دەبێت خۆشەویستی هەر بە جوانی و پیرۆزی بمێنێتەوە. ژن و مێرد ڕێز لە یەکتر بگرن و ئەوەیش یەکسانە بە زۆر شت. ئەگەر خۆشەویستی یەکجار لەنێوانیاندا ڕووی داوە، بۆیە هاوسەرگیرییان کردووە، ئیتر بۆ دەبێت خۆشەویستییەکە بمرێت؟ ئایا ناکرێت تێبکۆشن بۆ هێشتنەوەی؟ بە دەگمەن ڕێدەکەوێت نەتوانیت پارێزگاری لەو یەکەم خۆشەویستییە بکەیت و مانەوەی بە مەحاڵ بزانیت. ئەگەر پیاو شەریف و چاک بێت، بۆ دەبێت خۆشەویستییەکە لەناوبچێت؟ یەکەمین خۆشەویستی هەر ئاوا بە ئاسانی لەناو ناچێت و کاتی زۆری دەوێت. دوای ئەوە خۆشەویستییەکی دی جێی دەگرێتەوە، بە هەمان ڕادە جوان و دلۆڤانە. ئەو دوو گیانە زیاد لە جاران لە یەکتر نزیک دەبنەوە و نهێنییەکانی دڵیان بۆ یەکدی هەڵدەڕێژن و هەرچییەکیان هەیە دەیڵێن. دوای ماوەیەک منداڵیان دەبێت و ئەمەیش ئەوپەڕی خۆشبەختییە. ئەوان کە یەکتریان خۆش بوێت و ئازایانە پەرەی پێ بدەن، ئیدی هەوڵ و ڕەنجی کاری ڕۆژانەیان ئاسان و شادیبەخش دەبێت، تەنانەت هەندێک جار لەوانەیە تیکەنانەکەی خۆی بدات بە منداڵە برسییەکەی. ئەمەی پێ خۆشە و منداڵەکانیشت تۆیان خۆش دەوێت. منداڵ گەورە دەبن، تۆیش هەست بەوە دەکەیت کە بۆ ئەوان نموونە و سەرمەشق و پەنایانیت. دەزانیت دوای ئەوەی دەمریت، هەموو بیر و هەست و تەواوی ژیانی تۆ لای ئەوان دەمێنێتەوە و

دەیپارێزن و پەیڕەویی لێ دەکەن. بە هۆی ئەو بیر و بۆچوون و هەستانەی تۆ بەوانت بەخشیوە، ئەوانیش وەک تۆ دەبن. وەک دەبینیت ئەمە ئەرکێکی گەورەیە. چۆن دەکرێت باوک و دایکی ئەم منداڵە زیاتر لە جاران لە یەکتر نزیک نەبنەوە؟ دەڵێن پەروەردەکردنی منداڵ گەلێک سەختە. ئەمە چ قسەیەکە دەیکەن! منداڵ لەگەڵ خۆیدا لای خوداوە خۆشی و شادمانی دێنێت. لیزا، تۆ منداڵت خۆش دەوێت؟ من بێئەندازە خۆشم دەوێن. دەزانیت، بوونەوەرێکی بچکۆلانە و دلۆڤان کە ڕەنگی لە گوڵ دەچێت، مەمکت دەمژێت. ئای خوا گیان! چ پیاوێک ئەوەندە دڵی ڕەقە لەم حاڵەدا دڵی بۆ ژنەکەی لێ نەدات و وەک مێو نەرم نەبێت. لەو کاتەدا کە دەبینێت چۆن شیر بە منداڵەکەی دەدات و ئەملا و ئەولای پێ دەکات و لە ئامێزی دەگرێت. چۆن ئەو منداڵە چکۆڵە خڕوخەپانە دەکەوێتە گڕوگاڵ و قاچ و دەستە ناسک و بچووکەکانی ڕادەوەشێنێت و باڵت بۆ دەکاتەوە، دەشنێتەوە و بەرەو لات دێت. نینۆکەکانی هێند پاک و وردیلە و بێگەردن، ئای خودایە، پێکەنینت لێ دەپژێت. وایش چاوت تێدەبڕێت، وەک ئەوەی هەموو شتێک بزانێت و تێبگات. کە شیر دەخوات بە دەستە چکۆڵەکانی مەمکت دەگرێت، ڕایدەکێشێت و گازی لێ دەگرێت و یاریی پێ دەکات. کە باوکی لێی نزیک دەبێتەوە، واز لە مەمکی دایکی دەهێنێت و ئاوڕ دەداتەوە، باوکی دەبینێت، دەشنێتەوە و پێدەکەنێت. خوا خۆی دەزانێت لەبەرچی پێدەکەنێت. دیسانەوە دەکەوێتەوە مژینی شیری دایکی. ئەگەر حەزی لێ بێت بە ئاستەم گاز لە مەمکی دایکی دەگرێت. دیارە ئەمە ئەو کاتەیە کە ددانی شیری دەردەکات. بەڵام دیارە ئەوە گازی درۆزنانەیە و بە گاڵتەیەتی، بە چاوە گەشەکانیدا دیارە کە بە زمانە بێدەنگەکەی دەڵێت:

"بینیت چۆن گازم لێ گرتیت!" بەڵێ، ئایا ئەمە بەختەوەری نییە کە سێ کەس پێکەوەبن، مێرد، ژن، منداڵ؟ بۆ بەدیهاتنی خۆشبەختی، دەبێت چاوپۆشی لە زۆر شتی ناهەموار بکەین. نا، لیزا، دەزانیت پێویستە مرۆڤ لەپێشدا خۆی ئەزموونی ژیان بکات، ئەوسا لە تۆمەت دانە پاڵ ژیانی کەسانی دی تێبگات.

خوا خۆی دەزانێت، کە بەو هەست و سۆزە قووڵەوە ئەو قسانەم دەکرد ڕەنگم سوور داگەڕابوو، لە هەمان کاتدا بیریشم لەوە دەکردەوە کە: "بەم وێنە بچووک و جوانانە و بەم شێوازی وتنە، دەبێت کارم تێکردبێت" ئەی ئەگەر بداتە قاقای پێکەنین، چۆن؟ ئەوسا چی بکەم؟ لە کوێدا خۆم بشارمەوە؟

ئەم بیرۆکەیە گەلێک تووڕەی کردم. لە ڕاستیدا دوای تەواوبوونی وتەکانم، خۆیشم هەوای قسەکان لێیان دابووم، بۆیە کە بینیم هیچ قسەی نەکرد، هەستی فیز و خۆبەزلزانیم ڕوشا.

بێدەنگییەکە درێژەی کێشا، تا گەیشتە ئەوەی خەریک بوو تێوەی بژەنم. لەپڕ کەوتە قسە:

– نا، تۆ... کەوتە منگەمنگکردن.

بەڵام من لە هەموو شتێک تێگەیشتم. دەنگی لەرەیەکی تێکەوت لە دەنگی پێشووی نەدەچوو، ئیدی دەنگێکی وشک و زبر و ڕەق نەبوو، ئەمجارەیان دەنگێکی نەرم و شەرمنانە بوو. هێند شەرمنانە کە منیش یەکسەر هەستی شەرمنیم لێ پژا. هەستم کرد لە بەردەم ئەودا هەڵەم کردبێت و قەرزارباری بم. بە کونپشکنییەکی ناسکەوە پرسیم:

– چی؟

– تۆ...

– من چی؟

- تۆ، وەک کتێب قسە دەکەیت.

قسەکەی بۆنی گاڵتەپێکردنی لێ دەهات. قسەیەکی زۆر ناخۆش بوو. چاوەڕێی کاردانەوەیەکی وام لێ نەدەکرد، بەڵام ئەگەر ڕاستت دەوێت وام نەزانی بە دەستی ئانقەست هەستی خۆی لەژێر پەردەی گاڵتەپێکردندا شاردبێتەوە. وام هەست نەکرد کاردانەوەیەکی سروشتیی بێت، واتا دوا پەنای هەموو کەسە شەرمن و دڵپاکەکان، کاتێک هەست دەکەن خەریکە بە ناڕەوا ڕق و توندوتیژی خۆی دەخزێنێتە ناو ڕۆحیانەوە. من بەوەم نەزانی کە ئەو تا دوا چرکەسات نەیویستووە نەفسبەرزییەکەی بشکێت و خۆی بەدەستەوە بدات. ئەو دەترسا هەستی خۆی پیشانی بێگانەیەک بدات. ئەو خۆڕاگرتنەی لە گفتوگۆدا، لە ئێستایشدا کە چەند وشەیەکی بەسەر زماندا هات و دەیویست گاڵتە بکات. دەبوو لە مانەوە لە باری دەروونی و ڕۆحیی ئەو تێبگەیشتمایە، بەڵام تێنەگەیشتم، بۆیە هەستێکی شەڕئەنگێزانە بەرکی گرتم، لێ بە خۆم وت: کەمێک چاوەڕێ بە.

- ٧ -

ئای خودایە! ئەگەر من لە ژیانی خۆمدا خراپی و ناشیرینیم دیبێت، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە کتێبەوە هەیە، وەک لیزا دەڵێت؟ نا، ئەمە یادەوەریی کۆنی لای من زیندووکردەوە...

- بەڕاست ئەم ماڵ و کارە تۆ بێزار ناکات؟ نا، خوا خۆی دەزانێت خووگرتن و ڕاهاتن لەگەڵ شتێکدا چ بەڵایەکە. نەفرەت لە شەیتان، ڕاهاتن چ بەدبەختییەکە بۆ مرۆڤ و چیی لێ دەکات! تۆ وا دەزانیت هەر ئاوا بە گەنجی و جوانی دەمێنیتەوە؟ هەمیشە لێرەدا پێشوازیت لێ دەکەن، ئاگایان لێت دەبێت و پارەت دەدەنێ؟ ئەگەر واز لەوەیش بێنین کە ئێرە جگە لە کوێرەوەری و پۆخڵی هیچی تر نییە... دەزانیت لەبارەی ژیانی ڕاستەقینەی تۆوە من چۆن بیردەکەمەوە؟ بڕوانە، تۆ گەنجیت، جوانیت، گەشاوە و پەسەندیت، گیانێکی زیندووت تێدایە، لەگەڵ ئەمانەیشدا حەز دەکەم پێت بڵێم چەند سەعاتێک لەمەوبەر کە لە خەو بەئاگاهاتم، زۆر بێزار و بێتاقەت بووم، کاتێک بینیم لەگەڵ تۆدا لەناو جێگەدا نووستبووم! چونکە لەوانەیە تەنیا لە حاڵەتی سەرخۆشی و بێئاگاییدا مرۆ ڕێگەی بکەوێتە شوێنێکی وەک ئێرە، بەڵام ئەگەر تۆ لە شوێنێکی تر بویتایە و وەک کەسێکی بەڕێز و شەرافەتمەند بژیایتایە (دیارە مەبەستم خودی تۆ نییە، من ئەمە بە گشتی دەڵێم) ڕەنگە لەو کاتەدا زۆر ئاسایی عاشقت بوومایە. خۆ ئەگەر نیگایەکت بکردمایە، هەستم بە شادی و بەختەوەری دەکرد. ئەگەر یەک

تاقە وشەیش لەگەڵمدا بدوایتایە، لە هۆش خۆم دەچووم. ئەوسا لە بەردەرگای ماڵەکەتدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەوەستام و چاوەڕێم دەکردیت. لە بەردەمتدا دەکەوتمە سەر ئەژنۆ. وەک تازەبووکێک ڕێز و خۆشەویستیم پێشکەش دەکردیت. ئەگەر لەگەڵمدا میهرەبان بوویتایە، هەستم بە ڕێز و شەرەف دەکرد. تەنانەت بە خەیاڵیش ڕێگەم بە خۆم نەدەدا ناپاکیت لەگەڵدا بکەم، بەڵام لێرەدا، لەم ژوورەدا، باشە، تەنیا ئەوەندە بەسە فیکەیەک لێ بدەم، یان بانگت بکەم، ئیتر تۆ حەز بکەیت یان نا، دەبێت. بێیتە پێشەوە و خۆت بدەیت بە دەستەوە. بەبێ ئەوەی من هیچ گوێ بە ویست و حەزی تۆ بدەم. هەرچییەکم لێت بوێت پێویستە بەقسەم بکەیت، تەنانەت ڕسواترین بەکرێگیراو ئامادە نییە خۆی بە تۆ بگۆڕێتەوە. ئامادەنین ڕۆح و جەستەیان بفرۆشن، چونکە ئەو کەسەی بەکرێ کار دەکات دەزانێت ئەو کارەی لە بەرانبەریدا هەقدەست وەردەگرێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە، کۆتایی دێت و ئازاد دەبێت، لێ پێم بڵێ کاری تۆ کەی تەواو دەبێت؟ تەنیا بیر لەمە بکەرەوە چۆن خۆتت کردووەتە شتێکی بێئیرادە! چۆن لێرە بوویتەتە کارەکەر! چۆن ئەوینی خۆت بە پیاوێکی سەرخۆش و دەمپیس دەفرۆشیت کە یەکەمین جارە دێتە لات! خۆشەویستییەکەت! دلۆڤانییەکەت! کە دار و نەداری تۆیە، خۆشەویستی هەموو شتێکی تۆیە، تاقە گەوهەر و سەرمایەی هەر کچێکە. خۆشەویستی! کەسانێک هەن ئامادەن خۆیان بکەن بە قوربانی بۆ ئەوەی پێی بگەن، بەڵام لێرەدا چ بەهایەکیان بۆ خۆش ویستنی تۆ هەیە؟ بوونت، جەستە و ڕۆحت دەکڕن. ئیتر چ مەبەستیانە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستیی تۆ، خۆیان ماندوو بکەن. لێرەدا بەبێ خۆشەوسیتیش هەموو کارێک ڕەوایە. بۆ

کچێک سووک و ڕسوایی لەمە زیاتر هەیە؟ تێدەگەیت؟ شتێکی تریشم بیستووە، بیستوومە ڕێگەیان پێ داون عاشقی تایبەتیتان هەبێت، ئەمەیش تەنیا بۆ ڕابواردن و کاتبەسەربردن. ئەمە جگە لە فڕوفێڵ، هیچی تر نییە. قسەیەکی گاڵتەجاڕانەیە! تۆ دەڵێی چی؟ ئەو عاشقە تایبەتییە تۆی خۆش دەوێت؟ بڕوا ناکەم. کە بزانێت دەتوانن لە هەر چرکەساتێکدا بێت تۆی لێ جیابکەنەوە و بتبەن بۆ خۆیان، ئیتر چۆن دەکرێت تۆی خۆش بوێت؟ نا، ئەمە گاڵتەپێکردنە. ئەو پیاوە "عاشقە" کەسێکی سووکوچرووکە و هیچی تر نا! ئەو تۆ بە هیچ نازانێت. تۆ و ئەو چی کۆتان دەکاتەوە؟ ئەو بە تۆ پێدەکەنێت، بە خۆت و بە خۆشەویستییەکەت. ئەم عاشقە چەند بتوانێت لێت دەدزێت. ئەمە هەموو سۆز و خۆشەویستییەکەیەتی. تازە، دەبێت زۆر سوپاس خوا بکەیت کە دارکاریی نەکردوویت. ئەگەر هاوڕێیەکی لەم جۆرەت هەیە، جارێک تاقیی بکەرەوە، لێی بپرسە ئامادەیە هاوسەرگیریت لەگەڵدا بکات؟ ئەگەر ئەو کاتە تفی لێ نەکردیت و لێی نەدایت، بێگومان قاقا پێت پێدەکەنێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو عاشقە درۆزنە، لەوانەیە خۆی پولێکی قەڵب نەهێنێت. بۆ، بۆ دەبێت خۆت لەم ماڵە شوومەدا لەناوبەریت؟ هەر لەبەر ئەوەی لێرە چا و قاوەت دەدەنێ و تێرنان دەخۆیت؟ بزانە بۆ چ مەبەستێک خواردن بە کەسانی وەک تۆ دەدەن. مرۆڤی بەشەرەف دەست بۆ تیکەیەکی ئێرە درێژ ناکات، چونکە لەوە گەیشتووە ئەو نانەی بۆ دەدەنێ. تۆ قەرزاری خاوەن ماڵەکەیت و هەر بە قەرزارییش دەمێنیتەوە. تا ئەو ڕۆژەی میوانەکان تۆیان ناوێت و ئەو ڕۆژەیش نزیکە. زۆر بە گەنجی و جوانییەکەت مەنازە، لەم جۆرە شوێنانەدا، گەنجی هەنگاوی زۆر خێرا دەنێت و لە چاوتروکانێکدا ون

دەبێت. ئەوسا زۆر بە ئاسانی وەدەرت دەنێن. لەپێشدا سەرکۆنەت دەکەن، یەکەمین جار بە ئاماژە و درکە، پاشان بە ئاشکرا جوێنت پێ دەدەن. هیچ بە سەرخۆیشیاندا ناهێنن. تۆ لێرەدا گەنجی و ڕۆح و جەستەی خۆتت لەدەست داوە و کردووتەتە قوربانی، کەچی ئەوان بە پێچەوانەوە دەڵێن تۆ خەڵکت لەناوبردووە و دزیت لێ کردوون و سووکایەتیت پێ کردوون. بەتەمای ئەوە مەبە کەس پشتگیریت بکات. ئەوانی تریش، واتا کچە هاوکارەکانت، پەلامارت دەدەن. بۆ ئەوەی سەرنجی خاوەن ماڵ و ژنە دەلاڵەکانی دی ڕابکێشن، چونکە هەموویان لێرەدا کۆیلە و کارەکەرن و لە دەمێکەوە هەستی هاودەردی و ویژدانیان لەدەست داوە، ئەو جوێن و سووکایەتییەی بە تۆی دەکەن، لە هیچ جێگەیەکی ئەم دنیایەدا وێنەی نییە. هەرچییەکت هەیە لێرە لەدەستی دەدەیت و نایهێڵیت... هەموو شتەکانت: تەندروستیت، گەنجیت، جوانی و گشت حەز و ئارەزووەکانت لێرە دەنێیتە چاڵ. ئەوسا لە تەمەنی بیستودوو ساڵیتدا وەک سیوپێنج ساڵەیی دێیتە بەرچاو. ئەگەر تا ئێستا تووشی نەخۆشی نەهاتبیت، دەبێت ڕۆژی هەزار جار سوپاسی خوا بکەیت. تۆ ئێستا وا بیردەکەیتەوە لێرە کاری قورس ناکەیت، بۆ خۆت بە ڕابواردن تەمەن بەسەردەبەیت، بەڵام پێویستە لەوە بزانیت لە هەموو دنیادا کارێکی سووک و ڕسوا و لە هەمان کاتیشدا قورستر لەم کارەی ئێرەی تۆ نییە. کە بیانەوێت لێرە دەرت بکەن، ناتوانیت یەک وشە چییە بیڵێیت، یان بەرەنگاری بکەیت. وەک تاوانبارێک دەتکەنە دەرەوە. یەکەم جار دەڕۆیتە ماڵێکی تر، لەوێوە ماڵ بە ماڵ دەگەڕێیت. تا لە دواییدا ڕێت دەکەوێتە سنایا و ئەم جۆرە ژێرزەوییانە، بەڵام ئیتر ئەوێ وەک ئێرە

نییە. لەوێ لێت دەدەن، ڕێز و خۆشەوسیتییان تێهەڵدانە. لەوێ ئەوانەی دەبنە میوان و سەردانتان دەکەن، ئەگەر لەپێشدا تێرتان لێ نەدەن، ناتوانن ئەوەتان بۆ دەربخەن کە خۆشیان دەوێن. ڕەنگە بڕوا نەکەیت. بۆ تاقە جارێک سەر لەوێ بدە، زەرەر ناکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بە چاوی خۆت بیبینیت. جارێکیان جەژنی سەری ساڵ بوو. یەکێک لەو ژنانەم لە پشت دەرگای ماڵەکەیان بینی. هاوماڵەکانی دەریان کردبوو، چونکە زۆری هاوار کردبوو. ویستبوویان کەمێک لەبەر سەرما ڕایبگرن. کردبوویانە دەرەوە و دەرگایان لە سەر داخستبوو. سەعات نۆی بەیانی بوو کە بینیم، زۆر مەست بوو. بە دەوری خۆیدا گێژی دەخوارد. نیمچەڕووتێک بوو. ئەوەندەیان لێ دابوو هەموو لەشی شین داگەڕابوو. لەگەڵ ئەوەدا ئارایشێکی خەستی کردبوو. بە ئاشکرا دەوری چاوی هەڵئاوساو و شین داگەڕابوو. لە دەم و لووتیەوە خوێن دەهاتە خوارێ. لەوە دەچوو گالێسکەوانێک وای لێ کردبێت. لەسەر پلیکانەیەکی بچووکی بەردین دانیشتبوو. ماسییەکی بە دەستەوە بوو، وەک لە بیرم بێت ماسییەکی بۆنکادو بوو. بەردەوام ماسییەکەی بە بەردەکەدا دەکێشا و زۆر دەگریا، لەبەرخۆیەوە دەدوا وەک ئەوەی سکاڵا لە "بەختی ڕەشی" خۆی بکات وا بوو. گالێسکەوان و سەربازە سەرخۆشەکان بە دەوریدا کۆبووبوونەوە و گاڵتەیان پێ دەکرد. ئایا باوەڕناکەیت تۆیش ڕۆژێک وەک ئەوت لێ دێت و هیچی پێ نامێنێت؟ نەمدەویست بڕوا بکەم، لێ کێ چووزانێت. لەوانەیە ئەو کچە، ئەو کچەی ماسییەکەی بە دەستەوە و بە پلەکەیدا دەکێشا، دە ساڵ، یان هەشت ساڵ لەوەوبەر، پاک و بێگەرد، وەک فریشتەیەکی دلۆڤان هاتبێتە ئەوێ. ڕەنگە ئەوسا بە بچووکترین وشە و

ئاماژەیەکی ناخۆش لە شەرما سوور داگەڕابێت. لەوانەیە ئەویش وەک تۆ وا بووبێت: بە فیز و بە هەست لە کەسی تری نەکردبێت. ڕەنگە وەک شازادە لە خەڵکی ڕوانیبێت و وای زانیبێت هەموو خۆشیان دەوێت و ئەویش هەر وا. دەبێت هەردوو لایان خۆشی و شادمانیی زۆر گەورە لە بەرچاو بگرن. وا ئێستایش ئەو کچە ببینە کە ئەو هەموو حەز و خۆشەویستییەی بە کوێ گەیشتووە! لەوانەیە هەر لەو کاتەدا کە ماسییەکەی بە پلەکەدا دەکوتا و خوێن لە لووتی دەهات، بیری لە سەردەمی لاویەتی و منداڵی و ماڵی باوکی کردبێتەوە، بیری لە کوڕی دراوسێکەیان کردبێتەوە، ئەو کاتەی کچەکە بۆ ماڵ گەڕاوەتەوە ئەو وەستاوە، چاوەڕێی کردووە و پێی وتووە هەتا مابێت خۆشی دەوێت، بڕیاریشیان دابێت لە ئایندەدا هاوسەرگیری بکەن. نا، لیزا، تۆ ئەو کاتە دەتوانیت باسی بەختەوەری بکەیت کە لەنێو کونێکی ئەم ژێرزەوییەدا، تووشی سیل هاتبیت و چاوەڕێی مەرگێکی نزیک بکەیت. وەک ئەو کچەی دوێنێ بە خاکیان سپارد. وتت دەبوایە بۆ نەخۆشخانەیان ببردایە. نەخۆشیی سیل، هەڵامەت نییە. ئەو کەسەی تووشی نەخۆشیی سیل دەبێت تا دوا چرکەی ژیانی خۆی تەواو بە تەندروست دەزانێت، بەم خەیاڵەوە دڵی خۆی خۆش دەکات، یان با بڵێین خۆی دەخەڵەتێنێت، بەڵام ئەم نەخۆشییە بۆ خاوەن ماڵەکە کە ژنە دەویتەکانن، بەسوودە. باوەڕ بکە، تۆ ڕۆحی خۆتت فرۆشتووە، کەچی هێشتا قەرزاریت! کەواتە هەقی ئەوەت نییە تووڕە بیت، یان ناوچاوان بەیەکدا بدەیت. کە نەخۆشییەکە خستیتە ناو جێگە، یان لە پێ کەوتیت، هەموویان وازت لێ دەهێنن و پشتت تێدەکەن. ئیدی ئەوە ئەو کاتەیە تازە کار لە کار ترازاوە و ناتوانیت هیچیان

بدەیتێ. دیسانەوە دەکەونەوە سەرکۆنەکردن و جوێنپێدانت، چونکە کەڵکت نەماوە و هیچیان بۆ پەیدا ناکەیت. جێگەت پێ تەنگ کردوون و دەڵێن بۆ زوو نامریت. تەنانەت بەبێ لۆمە و جوێنپێدان، ئاویشت نادەنێ. پێت دەڵێن: "دەی کەی دەمریت؟ ناهێڵیت بخەوین، شەوانە ئاهوناڵەتە، ئەوانەی سەردانمان دەکەن، بێزت لێ دەکەنەوە" بەڵێ... بەڵێ ئەمە وایە. ئەم جوێنانەم لێ بیستوون کە بە کەسانی وەک تۆیان داوە. لە کاتی سەرەمەرگدا، لە سووچێکی هەرە پیسدا فڕێت دەدەن: تاریکی، شێ، مێروو، کۆنی و داڕزاوی و چەپەڵییەکانی دیوار... چیت بە خەیاڵدا دێت؟ کە لەو شوێنەدا بە تەنیا مایتەوە، بیر لە چی دەکەیتەوە؟ کەس هەناسەیەک بۆ مردنت هەڵناکێشێت، بەڵکو گشتیان خۆشحاڵن کە زووتر لە شەڕی تۆ ڕزگاریان بووە. دوایی، تەرمەکەت دەبەنە دەرەوە، وەک ئەو بەدبەختەی ئەم بەیانییە بردیانە دەرەوە، پاشان دەچن بۆ مەیخانە بۆ ئەوەی پرسەتی تیا بگێڕن! ئاوی پیس و چڵکاو لە گۆڕەکەتدا کۆبووەتەوە. ئەو بەفرە تەڕەیش کە لەبەر پیسی ڕەنگی خۆڵەمێشی گرتووە و قەڵاپەچنە. گۆڕهەڵکەنەکان دەڵێن: "ها! هوپ! ڤانیا دەی بیخەرە خوارێ! هە هە! دیارە چییە؟ لێرەیشدا هەر تەکان دەدات! دەی بە خۆڵ پڕی بکەنەوە. تەواو" هاوڕێکەی دەڵێت: "نابینیت وەک کەسانی تر خۆڵی بەسەردا دەکەن، ئاخر خۆ ئەمیش مرۆڤە" ئەوی دی وەڵامی دەداتەوە: "بۆ ئەم جۆرە کەسانە وا باشە"

– باشە، دە باشە دەی...

– تەنانەت بە شایانی جوێنپێدانیشی نازانن. بە خۆڵی شێدار چاڵەکە پڕدەکەنەوە و گۆڕێکی لێ هەڵدەبەستن، پاشان بەرەو مەیخانە دەکەونە ڕێ... ئیتر ئا بەو جۆرە و بۆ هەمیشە

دەفتەری تەمەنت بە یەکجاری دادەخرێت. منداڵ، باوک، دایک، کەسانی تری خێزانەکە، بەسەر گۆڕەکانی ترەوە کۆدەبنەوە و گوڵیان دەخەنە سەر. بەسەر گۆڕەکەی تۆوە نە تاقە فرمێسک دەڕژێت و نە هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشرێت. هیچ کەس، هیچ کەس نایەتە سەر گۆڕەکەت، تەنانەت یەک کەسیش. بۆ هەمیشە ناوت لەسەر زەوی دەسڕێتەوە. وەک ئەوەی هەرگیز لەسەر زەوی نەژیابیت و هەر لەدایکیش نەبووبیت! پیسی و لیتە هەموو لایەکت دادەگرن. ئەگەر بە تابووت و بەردەکاندا بکێشیت و هاوار بکەیت: "ئای پیاوچاکان، بهێڵن بۆ تاقە چرکەساتێک خۆر ببینم! ئاخر ڕۆژانێک من لەناوتاندا بووم و ژیاوم. وا ئێستا مردووم. مردووم بەبێ ئەوەی هیچ خۆشییەکم لە ژیان دیبێت، یان هەر دیبێتم و ناسیبێتم. لە سنایا ژیانم بە هەدەر چوو. ئەی مرۆ گەورە و جوامێرەکان، لێم بگەڕێن تەنیا جارێکی تر دنیا و ژیان ببینمەوە" هیچ کەسێک وەڵامت ناداتەوە. تەنیا هەر خۆت گوێت لە ئاهوناڵەی خۆتە و کەسی تر نا.

خەم و خەفەتێک دایگرتبووم خەریک بوو بخنکێم... بە جارێ بێدەنگ بووم. بە ترسەوە لە شوێنەکەم هەستام، سەرم لە تاوا هێنابووە خوارێ و گوێم لە دەنگی دڵم گرتبوو کە بە توندی لێی دەدا. من بەڵگەم بۆ ترسەکەم هەبوو. هەستم کرد سەعاتێکە تەواوی ڕۆحی ئەوم ئاوەژوو کردووە. چەند زیاتر قەناعەتم بەمە پەیدا دەکرد، بە هەمان ئەندازە دەمویست چەند بکرێت خێراتر بە ئامانجەکەم بگەم. ئەم یارییە، بەڵێ ئەم یارییە، بەرەو لای خۆی بەکێشی دەکردم و فریوی دەدام... بێگومان ئەمە تەنیا یاری نەبوو. دەمزانی زۆر بە ناسروشتی و توند قسەم کردووە. قسەی ناو کتێبیانە وەک خۆی دەیوت،

بەڵام نەمدەتوانی بە جۆرێکی تری بڵێم، لێ دەمزانی ئەمە هۆی پەشێوی و شپرزەیی من نییە. بەڵێ چاک دەمزانی لە ئەنجامدا سەردەکەوم. ئەم دەربڕینی "وەک کتێبە" مەبەستەکە بە لاڕێدا دەبات. لێ دوای ئەوەی لەپڕێکدا گەیشتبوومە دوا قۆناغ، واتا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ، دووچاری وەحشەت بووم. نا، هیچ کاتێک و لە هیچ چرکەساتێکدا، تووشی دوودڵی و پەشیمانیی وا نەبووم. لیزا دەموچاوی بە سەرینەکەوە قرساندبوو، بە هەردوو دەستیشی گوشاری خستبووە سەر. لەشە ناسکەکەی بە تەواوی کەتبووە لەرزین. لە کەسێکی دەکرد فێی لێ هاتبێت. بە جۆرێک هەنسکی هەڵدەدا، کە دەیویست ڕای بگرێت نزیک بوو بخنکێت و سنگ و گەرووی بدڕێت. تا لەناکاوێکدا هاوار و گریان و شیوەنێکی سەختی دەست پێ کرد. زیاتر دەموچاوی بە سەرینەکەوە قرساندبوو. حەزی نەدەکرد کەس، هیچ بوونەوەرێکی زیندوو، چاوی بە داماوی و فرمێسکەکەی بکەوێت. گازی لە سەرینەکە دەگرت، لە ئەنجامی گازگرتنی دەستیدا خوێنی لێ دەچۆڕا، پاشان پەنجەکانی بە ناو قژە ئاڵۆزەکەیدا کرد و هەوڵی دا ڕێ لە هەنسکەکانی بگرێت و خەریک بوو بخنکێت. ویستم شتێک بڵێم، تکای ئاسوودەیی و بێدەنگیی لێ بکەم، بەڵام زانیم ناتوانم ئەو کارە بکەم. لەپڕ هەستم بە سەرمایەکی زۆر کرد. لە تەختەخەوەکە هاتمە خوارەوە و بە پەلە کەوتمە کۆکردنەوەی جلوبەرگەکەم. ژوورەکە گەلێک تاریک بوو. لەگەڵ خێراکردنەکەیشمدا نەمتوانی زوو شقارتەیەک بدۆزمەوە. تا لە دواییدا پەیدام کرد. مۆمێکی نیوەسووتاو لە پاڵ هەمان چراوگی سەرمێزەکە دانرابوو. هێشتا دەنکەشقارتەکەم بە تەواوی نەگەیاندبووە بەر مۆمەکە، لیزا بە شڵەژاوی لە جێگەکەی هەستا و لەسەر

کەناری تەختی نووستنەکە دانیشت. دەموچاوی زۆر سەیر داگەڕابوو. زەردەخەنەیەکی نیمچەشێتانەی لەسەر لێو بوو. وەک شێت لێی دەڕوانیم. لەپاڵیدا دانیشتم و دەستیم خستە ناو دەستمەوە. هاتەوە سەرخۆی و پاڵی پێوەدام. وا بزانم دەیویست لە ئامێزیم بگرێت، کەچی هەر لەو کاتەدا خۆی کێشایە دواوە و نەیوێرا ئەوە بکات. پاشان سەری داخست و من دەستم بە قسان کردەوە:

– لیزا، هاوڕێی ئازیز، من تەنیا ویستم... بمبوورە!

دەستمی لەنێو پەنجەکانیدا ئەوەندە توند گوشی، زانیم ئیدی قسەکردنی من زۆر نابەجێیە، بێدەنگ بووم.

– ئەمە ناونیشانی ماڵەکەمە، لیزا، وەرە بۆ لام.

لەسەرخۆ، بەڵام بە پێداگیرییەوە، لە کاتێکدا چاوی لە زەوییەکە بڕیبوو، وتی:

– دێم...

– ئیتر دەبێت من بڕۆم، خوات لەگەڵ، بە ئومێدی دیدار.

هەستام، ئەویش لەسەرخۆ هەستا: زیاد لە جاران ڕەنگی سوور داگەڕا. خۆی کۆکردەوە و سەرپۆشەکەی کە بەسەر کورسییەکەوە بوو، هەڵگرت و دوو لای بە ژێر چەناگەیەوە گرێ دا، هێشتا زەردەخەنە سەیرەکەی هەر لەسەر لێو بوو، ڕوویشی گەشابووەوە. پاشان بە نیگایەکی نامۆوە تەماشای کردم. ئەمەم پێ خۆش نەبوو. کەوتمە پەلە تا زووتر لەوێ بڕۆم و خۆم ئاودیو بکەم. وتی:

– ڕاوەستە!

هەردووکمان گەیشتبووینە بەردەم دەرگای ژوورەکە. بە حەیا و شەرمەوە قۆڵی گرتم و بەرەو لای خۆی ڕایکێشام. مۆمەکەی هەڵگرت، خستیە سەر زەوییەکە و گەڕایەوە.

لەوەدەچوو بیەوێت شتێکم پیشان بدات. کە وەستاندمی، دیسان سوور داگەڕا، چاوی دەدرەوشایەوە و زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو. چیی گەرەکە؟ لەخۆوە کەوتمە چاوەڕوانی. لەپڕا گەڕایەوە و بە داوای لێبوردنەوە لێی ڕوانیم. هەرگیز ئەو دەموچاوە، دەموچاوەکەی دوێنێشەو نەبوو. ئەو دەموچاوەی نیگایەکی هێرشاوی و ڕقاوی و بەدگومانی و مۆڕەکەری تیابوو، گۆڕابوو بە نیگایەکی نەرم و نیان و پڕ لە خۆزگە و متمانە و سۆز و خۆشەویستی. ڕێک وەک نیگای منداڵێک کە داوای شتێک لە کەسێکی زۆر خۆشەویستی خۆی بکات. چاوی وەک ڕەنگی شین دەدرەوشایەوە. دوو چاوی ڕوون و بێگەرد و شکۆمەند. دوو چاو کە لە خۆشەویستی، یان لە نەفرەت تێدەگەیشتن و دەیانتوانی دەریان ببڕن. بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک، وەک ئەوەی من بە دانایی و زانایی خۆم لە سەرووی ئەوەوە بم، شتم بۆ ڕوون بکەنەوە و خۆم لە هەموو شتێک تێبگەم، نامەیەکی دایە دەستم. ڕووی هەم لە لووتبەرزی و خۆشحاڵی و هەم لە خۆشەویستیدا، وەک دەموچاوی منداڵ دەدرەوشایەوە. نامەکەم کردەوە. خوێندکارێکی پزیشکی، یان کەسێکی لەو بابەتە نامەکەی نووسیبوو. بە وشەی زۆر جوان و دلۆڤانی و خۆشەویستی ڕازابووەوە. بە شێوەیەکی گەلێک هێژایانە مەبەستەکەی خۆی تیا دەربڕیبوو. تا ڕادەیەک ناوەرۆکی نامەکەم لە بیر چووە، بەڵام لە بیرمە هەستە پاک و ڕاستەقینەکەی نووسەر لە شێوازێکی تا ڕادەیەک ئاڵۆز و بە پێچوپەنادا تەواو دیاربوو. نەدەکرا ئەو قسانە دووڕووییان تیابێت. کە لە خوێندنەوەی بوومەوە، نیگام بەر نیگا گەرم و کونجکۆڵییەکەی کەوت، کە وەک منداڵێکی ئاراملێبڕاو تەماشای دەکردم. چاوی تێبڕیبووم

و بە کوڵ و دڵەوە چاوەڕێم بوو بزانێت چی دەڵێم. بە کورتی و کەمتەرخەمییەوە -لە هەمان کاتدا بە متمانە و لەخۆباییبوونەوە- وتی لە ئاهەنگێکی سەمای شەوانەی خێزانیدا ئەو کوڕەی دیوە. کوڕەکە لە خێزانێکی فرەخاسە. خێزانەکەی لەبارەی ئەم و هەروەها لە بەسەرهاتەکەیشی هیچ نازانن، چونکە ئەم تازە هاتووتە ئێرە و هێشتا بۆ مانەوە بڕیاری تەواوی نەداوە. بە پێچەوانەوە، بێگومان لێرە نامێنێتەوە و دەڕوات. هەر ئەوەندەی قەرزەکە بداتەوە، ئیتر لێرە نامێنێت. وتی: ئەو شەوە ئەم خوێنکارەیش لەوێ بوو. لیزا بە درێژایی ئەو شەوە سەمای لەگەڵدا کردووە و پێکەوە دواون. لە قسەکانیاندا دەرکەوتووە کە لاوەکە لە "ڕێگە" لەدایک بووە، بە منداڵی ئەم دوانە یەکتریان ناسیوە و گەمەیان پێکەوە کردووە. لێ ساڵانێک بەسەر ئەوەدا تێپەڕیوە. تەنانەت باوک و دایکی لیزا لاوە ڕیگاییەکە دەناسن. بەڵام لە بارەی کاری ئێستای لیزاوە، بە هیچ جۆرێک کوڕەکە هیچی لێ نازانێت، تەنانەت گومانیشی نییە. دوای ئەوە... ڕۆژی دوای شەوی سەماکردنەکە، سێ ڕۆژ لەمەوبەر، بە هۆی هاوڕێیەکی لیزاوە، واتا ئەو کەسەی لەگەڵیدا هاتووەتە ئەم ماڵە، خوێندکارە ڕێگەییەکە ئەم نامەیەی بەودا بۆ لیزا ناردووە. پاشان، چاکە، شتەکان ڕوویان دا.

دوای ئەوەی قسەکانی تەواو کرد، چاوە درەوشاوەکانی بە کەمێک شەرمەوە لەسەر هەڵگرتم و لە زەوییەکەی بڕی. ئەم کچە بەدبەختە نامە عاشقانەکەی ئەو خوێندکارەی وەک گەنجینەیەک پاراستووە و هەڵیگرتووە. بەو ئومێدە زۆرەی کە من نەڕۆم و لەوە ئاگادار بم کە یەکێک ویستوویەتی بە ڕێگەیەکی ڕاست و شەرافەتمەندانەوە خۆشەویستیی خۆی بۆ

دەربخات و بە ڕێزەوە لەگەڵیدا بدوێت. من دەزانم چارەنووسی ئەو نامە بێئاکامە لەوە زیاتر نییە کە بۆ هەمیشە لە چەکمەجەی ئەو کچەدا زیندانی بێت. نامەکە چ دەڵێت؟ من قەناعەتی تەواوم هەیە کە ئەو نامەیە وەک گەنجینەیەک تا ئەو لە ژیاندا مابێت، دەیپارێزێت، وەک ئەوەی مایەی شانازی و پاکژیی خۆی بێت. لە چرکەساتگەلێکدا، لەو کاتانەدا کە پەشیمانی دایدەگرێت، لەپڕێکدا نامەکەی بیردەکەوێتەوە و پیشانی کەسێکی وەک منی دەدات. بۆ ئەوەی غرووره ڕوشاوەکەی قایل بکات و ڕێز و متمانە لە بەرچاوی ئەودا بۆ خۆی بگێڕیتەوە. ئیتر وشەیەکم نەوت، دەستیم گوشی و هاتمە دەرەوە. کلو کلو بەفره درشت و تەڕەکە دەباری. تا ڕادەی مەرگ شەکەت و شەمزاو بووم. پرزەبڕاو و گومان و دوودڵی لە جووڵەی خستبووم، لێ لەگەڵ ئەمەیشدا، دوای ئەو هەموو گومان و دوودڵییە، تروسکەیەکی هەقیقەت بەرچاوم دەکەوت. هەقیقەتێکی نەفرەتی.

- ٨ -

ماوەیەکی زۆری برد تا توانیم خۆم قایل بکەم. سەرئەنجام قایل بووم بە ناسینی هەقیقەت. بەیانیی ڕۆژی دواتر، پاش خەونێکی کەم و قووڵ، کە لە خەو هەستام تەواوی ڕووداوەکانی ڕۆژی پێشترم هێنایەوە یاد. زۆر سەرسام بووم لەو "سۆزداریەتییە"ی خۆم بەرانبەر بە لیزا، هەروەها لە هەموو ئەو "شێتایەتییەی دوێنێ" کردبووم. بە دڵتەنگی و تووڕەییەوە بیرم دەکردەوە. چۆن ڕق و پەشێوییەکی ژنانە بەرکی پیاو دەگرێت! تف. باشە بۆ ناونیشانی ماڵەکەمم دایە؟ ئەی ئەگەر هات، چۆن؟ باشە با بێت. ئەمەیش کە وتم دیسان دوور بوو لەو هەقیقەتەوەی باسم کرد، کەواتە گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە تا زووە ناو و ئابڕووی خۆم لای سۆرکۆف و سیمۆلۆف بپارێزم. ئەمەیان شتی سەرەکییە. ئەو بەیانییە بە هۆی سەرقاڵیی زۆری کارەوە لیزام لە یاد کرد. دەبوو پێش هەر شتێک ئەو پارەیەی لە سیمۆنۆفم قەرز کردبوو، بیدەمەوە، بەڵام بەگومان بووم لەسەر گرتنی ئەو شتەی بڕیارم دابوو. دەمویست پانزە ڕۆبڵ لە ئانتۆن ئانتۆنیڤیچ قەرز بکەم.

خۆشبەختانە ئەو بەیانییە ئانتۆن ساز و کەیفخۆش بوو. داواکەمی بێ هیچ بڕوبیانوویەک قبووڵ کرد. دەست و دڵە کراوەکەی بە جۆرێک دڵخۆشیان کردم لە کاتی واژووکردنی چەکی قەرزەکەدا بەبێ ئەوەی چ پرسیارێکم لێ بکات، باسی

ئەوەم بۆ کرد کە دوێنێ بۆ بەڕێکردنی هاوڕێیەکمان لە هۆتێل پاریس ئاهەنگێکمان سازکرد.

– بەڵێ، حەز دەکەم پێت بڵێم ئەو کەسە هاوڕێی دێرینی منداڵیم بوو، دەزانیت، کەسێکی زۆر زرنگ و جوامێرە. لە کاری خۆی و کاری تریشدا گەلێک بەتوانا و دەستڕەنگینە. لە خێزانێکی تا بڵێی خانەدان و میهرەبان و هۆشیارە. خۆشەویستە و پەیوەندیی لەگەڵ ژندا زۆرە. باشە! هەڵبەت دەزانیت هەمیشە دوو دەرزەن خەڵکی سەرسەریی لایە و هەرچییەکی بوێت بۆی دەکەن.

قسەکانم زۆر بە سادەیی و ڕەوان دەکرد و ئەویش گوێی گرتبوو. دوای ئەوەی گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، یەکسەر لە پشت مێزەکەمەوە دانیشتم و نامەیەکم بۆ سیمۆنۆف نووسی. ئێستایش کە بیر لە شێوازی نووسینی ئەو نامە پیاوانە و والایە دەکەمەوە، دڵم خۆش دەبێت و پێدەکەنم. لێزانانە و بە ئەدەبەوە نووسیبووم. جگە لەمانە، یەک وشەی زیادم بەکار نەهێنابوو. ڕوونکردنەوەکانم بۆ ئەوە بوون کە تەواوی لۆمە و گلەییەکانم خستبووە ئەستۆی خۆم. لە هەمان کاتیشدا پاکانەم بۆ خۆم دەکرد (بۆ نموونە بەم ڕستەیە "ئەگەر بتوانم خۆی لێ بپەڕێنمەوە") بۆم ڕوون کردبووەوە لەگەڵ یەکەم پێکدا کە پێش هاتنی ئەوان لە هۆتێلەکە خواردبوومەوە، ئیتر من مەست بووبووم و ئەقڵم لەدەست دابوو. هۆکەیشی ئەوە بوو من لەسەر خواردنەوە ڕانەهاتووم. لە ڕاستیدا، داوای لێبوردنم تەنیا لە سیمۆنۆف کردبوو. لە کۆتایی نامەکەدا ئەوەیشم نووسیبوو کە من زۆر سوپاسی ئەو دەکەم و هیوادارم ئەم داوایەم بە برادەرانی تریش بگەیەنێت، بەتایبەتی بە سۆرکۆف کە وا بزانم (چونکە ناتوانم هەموو ئەو شتانەی دوێنێ ڕوویان

دا بە چاکی وەبیر خۆم بهێنمەوە) دڵم ڕەنجاندووە. ئەوەیشم نووسی ئەگەر ئازاری زۆری سەرم نەبوایە، خۆم دەهاتمە خزمەتی هەریەکێکیان و داوای لێبوردنم لێ دەکردن. بەڕاستی لەو پێشهاتە تەریق دەبمەوە. لەم نامەیەدا، بەتایبەتی لە زمانە "نەرم و نیانەکەی" کە تا ڕادەیەک لایەنێکی بێباکانەی لەخۆ گرتبوو، چێژم وەردەگرت (هەڵبەت بێباکییەکی پەسەند و ماقووڵ، نەک بازاڕییانە) بێباکییەک کە بە شێوازێکی تایبەتی نووسیبووم و بە بەڵگەیەکی چاک پێم وتبوون کە تا ڕادەیەک "چیرۆکەکەی دوێنێ"م فەرامۆش کردووە. نەک ئەو بەڕێزانە وا بزانن، ئەو پێشهاتە بە تەواوی منی خستووە و لەناویبردووم. بەو مانایەی من ڕووداوەکەم وەک کەسێکی هێژا و بەشەرەف وەرگرتووە. کاتێک جارێکی دی نامەکەم خوێندەوە، بە خۆم وت:

– بڕوانە... چ گاڵتەجاڕییەک لە پشت ئەم وتانەوە هەیە! شتێکە هیچ یەکێک لەو یاریکەرە خۆبەخانەدانزانانە ناتوانن لاسایی بکەنەوە، ئەمەیش لەوەوە هاتووە کە من کەسێکی بە پەروەردە و ڕووناکبیرم. ئەگەر کەسانی دی لە جێگەی من بوونایە، نەیاندەزانی چۆن خۆیان لەم تەنگژەیە ڕزگار بکەن. لە کاتێکدا ئێستا من لە دۆخێکی باشدام و بەڵکو لە جاران چاکترم، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەیە کە من "پیاوێکی پەروەردەکراو و ڕووناکبیری ئەم سەردەمەم" کێ دەزانێت، ڕەنگە هەموو ڕووداوەکەی دوێنێ بە هۆی مەیخواردنەوەوە بووبێت. ها!... بۆ ئەوەی هەقیقەت نەشارێتەوە، دەبێت بڵێم کە ئەم قسەیە هیچ ڕاستیی تیا نییە، چونکە لەنێوان سەعات پێنج و شەشدا کە چاوەڕوانیان بووم، من هەر عەرەقم نەخواردبوەوە. بەڵام لە نامەکەی سیمۆنۆفدا وام نووسی. درۆ

کارێکی ناشیرین و دزێوە. بەڵێ، ئێستایش درۆکردن باش نییە... ئاخ، ئیتر وا کراوە. شتی سەرەکی ئەوەیە ئەم چیرۆکە کۆتایی بێت.

شەش ڕۆبڵەکەم خستە زەرفێکەوە و سەریم داخست. داوام لە ئاپۆلۆن کرد بیگەیەنێتە دەست سیمۆنۆف. ئاپۆلۆن کە زانیی پارە لەناو زەرفەکەدا هەیە، زوو خۆی گورج کردەوە و ئامادەبوو بۆ ڕۆیشتن. ئێوارە لە ماڵ چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی کەمێک پیاسە بکەم. هێشتا سەرئێشەکەم مابوو. چەند شەو دەڕۆیشت و دنیا تاریکتر دەبوو، خەمی منیش زیاتر و بیرم ئاڵۆز و ناجێگیرتر دەبوو. شتێک لە دەروونمدا هێور نەدەبووەوە. شتێک بوو لە قووڵایی ڕۆح و ویژدانمدا، نە بێدەنگ بوو، نە دەمرد. هەستێک بوو تا ئەوپەڕی سووتان و ئازاردان. کە گەیشتمە ئاپوورەترین شەقامی شار، زۆرم حەز بە پیاسەی شەقامەکانی ئەوسەر لە ئێوارەیە کرد، بەتایبەتی کە ئاپوورەکە جەنجاڵ و تا دەهات زیاتر دەبوو، کاتێک پیشەوەر و دەستفرۆش و ئەو کرێکارانەم دەبینی کە لەتاو چەوساندنەوە و داماوی سەروچاویان وەک تاوانباری لێ هاتبوو، پەلەی ئەوەیان بوو زوو بگەنەوە ماڵەوە. بەتایبەتی حەزم لەو جووڵە بێدەنگ و سووکایەتیپێکردنی ژیان و هەڵپەهەڵپە ئاژەڵییە بوو. ئەو شەوە، لەو جەنجاڵی و هەراوزەنای ناو شەقامدا، بەتایبەتی خەمێک دایگرتم. نەمدەتوانی بە هیچ جۆرێک لە خۆم تێبگەم. شتێک لە گیانمدا ئازاری دەدام. دەخرۆشا و دەخرۆشایەوە و ئارامی لەبەر بڕابوو. زۆر شەکەت و نائارام و بەدحاڵ گەڕامەوە ماڵەوە. لە کەسێک دەچووم یەکێکی کوشتبێت و تووشی ئازاری ویژدان هاتبێت. بەردەوام بیرم دەکردەوە و شپرزەتر دەبووم. ئایا لیزا

دێت بۆ لام؟ سەیربوو کە لە هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە سەیروسەمەرانەی دوێنێ، ئەوەی لیزا زیاتر نیگەران و بێتاقەتی دەکردم، بەڵام خۆشبەختانە تا شەوی داهاتوو لە بیر خۆمم بردەوە، واتا هەموویم نایە خانەی لەبیرچوونەوە و تفم تێکردن و تەواو.

ئەو نامەیەی بۆ سیمۆنۆفم نووسیبوو، تەواو دڵنیای کردبووم، بەڵام نەمدەتوانی واز لە بەسەرهاتەکەی لیزا بهێنم، لەمیان دڵنیا نەبووم. نا، بیرکردنەوە لە لیزا ئازاری دەدام. یەکەم جار بەتەمای ئەمە نەبووم، لێ وا وای لێ هات. بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە. ئەگەر بێت چی ڕوو دەدات؟ چا با بێت، چییە؟ ها! لێ ئەگەر بزانێت چۆن دەژیم، ئای خودایە! تا دوێنێ لە بەرچاویدا قارەمان بووم، ئەی ئەمڕۆ! بە هەرحاڵ، گەلێک قێزەونە ئاوا من بەم سووکی و وێرانییەوە ببینێت. ئەمماڵەی من لە ماڵی سواڵکەر دەچێت! دوێنێ بەم جلە نابووتانەوە چووم بۆ هۆتێل پاریس، ئەمڕۆیش... ئەم قەنەفە کۆن و شکاوانەی هەموو لایەکی هەڵتەکیو و داڕزاوە. بیجامە دڕاوەکەیشم کە دوگمەی پێوە نەماوە و پشتێنەکەی لە کەڵک کەوتووە. لیزا هەموو ئەمانە دەبینێت، ئاپۆلۆنیش دەبینێت. بێگومان ئاپۆلۆن بێئەدەبانە لەگەڵیدا دەجووڵێتەوە. ئەم زەلامە وەحشییە بۆ ئەوەی تووڕەم بکات قسەی قۆڕی پێ دەڵێت. خۆیشم: دیارە وەک هەمیشە دەشڵەژێم، بۆ نموونە بە داوێنی بیجامەکەم دەموچاوم دەشارمەوە، لەوانەیە پێشبکەنم... درۆ دەکەم. تف لەم هەموو سووکی و ڕسواییە! سووک و ڕسوایی گەورە ئەمە نییە، بەڵکو لەوە پیس و قێزەونتر هەیە، بەڵێ، قێزەونتر هەیە: دیسانەوە، دەبێت دیسانەوە لە پشت دەمامکی فێڵ و درۆ و دووڕووییەوە خۆم بشارمەوە...

که گەیشتمە ئەم دوا بڕیارە، تەریقبوومەوە. بە خۆم وت: ئەم درۆ و فڕوفێڵە بۆ؟ کام فڕوفێڵ؟ من دوێنێ زۆر بە ڕاستگۆییەوە قسەم لەگەڵ کرد. بە چاکی هەموویم لە بیرە. هەستێکی پاکی بێڕتووش و ڕاستگۆیانە ئەو قسانەی پێ کردم. دەمویست ویژدانی ئەو ژنە بە هەستێکی جوان ئاگادار بکەمەوە... ئەگەر گریا، چاکە، گریان هەتوانی ئازارەکانیەتی... لێ نەمدەتوانی بەم خەیالاتانەوە ئاسوودە بم.

بە درێژایی شەو، دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، لەدوای سەعات نۆوە، واتا ئەو سەعاتەی زۆر دوور بوو لیزا بێت بۆ لام، بەردەوام دەهاتە پێش چاوم و دەمبینی. هەر بەو جۆرە دەمبینی، وەک ئەو کاتەی لەپڕێکدا شقارتەکەم لێ دا و ژوورەکە تەواو ڕووناک بووەوە. دەموچاوە تێک قوپاو و چاوە ماندووەکانی، ئەو زەردەخەنە بێگیانەی ئەوسا لەسەر لێوی بوو. هەموو ئەمانەم لە بەرچاو بوو. ئەوسا نەمدەزانی کە دوای پانزە ساڵ، بەڵێ، دوای پانزە ساڵ، هەمان ئەو دەموچاوە ناجۆر و ئەو زەردەخەنە دروستکراو و بێپاساوەی وەبیر خۆم دێنمەوە.

ڕۆژی دوایی، دیسان ئامادەبووم ڕابووردووگەلێک بە بێمانا دابنێم و هەموو ئەوەی ڕووی دابوو بە بەرئەنجامی تووڕەبوونێکی کاتی بزانم. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو زیادەڕۆیم تیا کردبوو. من بەردەوام ئەم خاڵە لاوازەم تیا بووە. هەندێک جار لێی دەترسام: من هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە بەردەوام لە کارەکاندا زیادەڕۆیی دەکەم. ئەمە چارەنووسی منە. بەمەیشەوە، دوا بیرۆکەی من ئەوە بوو کە "لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا لیزا هەر دێت" لە کۆتایی گشت بیر و خەیاڵەکانمدا ئەم ڕستەیە دووبارە دەبووەوە. نەمدەزانی چی بکەم، ئەمە

تەواو نائارامی کردبووم. لە ژوورەکەمدا دەهاتم و دەچووم و هاوارم دەکرد: "دێت، هەر دێت!" ئەمە نەریتی شاعیرانە و هەستە ڕۆمانتیکە نەفرەتییەکانی ڕۆحی پاکەکانە. هەموو ئەو کەسانە وان. ئاهـ لەم لاوازییە! ئاهـ لەم گەمژەیی و کورتبینییەی ئەوانەی پێیان دەڵێن دڵپاک! ئای خودایە، بۆ شتێک ماوە دەرک نەکرێت؟ چۆن دەبێت من تێی نەگەم؟. لێرەدا زمانم دەیگرت و زیاتر خەیاڵ پەرت و شپرزە دەبووم. دوای چرکەساتێک بیرم لەوە کردەوە دەمتوانی بە چەند واژەیەک سەرنجی ڕابکێشم. بە هەندێک ڕوونکردنەوە و نموونەهێنانەوە کارەکە بە ئاسانی دەکرا. تازە، بە هیچ جۆرێک قسە و بۆچوونەکانم ڕاست و دروست دەرناچن، چونکە زیاتر بە لایەنی ئەدەبی و خەیاڵیدا دەچوو. بۆ ئەوە بوو کە ژیانی مرۆڤێک تەواو بگۆڕێت بە ژیانی من. بەڵێ، بەڵێ، لاویەتی و جوانی، خۆشباوەڕی، وەک دەڵێن زەوییەکی بەپیتی هێشتا نەکێڵراو بەرهەمێکی وا دەخاتەوە. بیرێکی تریشم کردەوە: خۆم بڕۆم بۆ لای و هەموو شتێکی بۆ باس بکەم، داوایشی لێ بکەم نەیەت بۆ لام. کە ئەمەم کەوتە دڵەوە، تووشی دردۆنگییەک هاتم، ئەگەر ئەو لیزا نەفرەتلێکراوە لام بوایە، دەکەوتمە جوێنپێدان و کوتانی، تفم لێ دەکرد و فڕێم دەدایە دەرەوە.

ڕۆژی دووەمیشم هەر بەو ناخۆشییە بەسەربرد. ڕۆژێکی تر و ڕۆژانی تریش... ئەو هەر نەهات. کەمێک هێور بووبوومەوە، کاتێک بوو بە سەعات نۆی دواینیوەڕۆ، وردەوردە خەیاڵات دەستی پێ کردەوە... خەیاڵەکان زۆر خراپ نەبوون، تەنانەت گەلێک ئاقڵانەیش بوون، بۆ نموونە لەڕێی پەیوەندیی بەردەوامم بە لیزاوە بتوانم ڕزگاری بکەم،

پێی بڵێم دیدەنیم بکات. لە کاتی پێویستدا ڕێنمایی و پەروەردەی بکەم. تا ئەو شوێنەی هەست بکەم وابەستەمە و زۆر خۆشی دەدوێم. لێ من وای دەربخەم کە لە هەستی ئەو بێئاگام. جا بۆ وای دەربخەم؟ خۆیشم نەمدەزانی، بەڵام دەبوو وا بکەم. لەوانەیە تەنیا بۆ جوانی و چێژی زیاتری ڕووداوەکە بێت. تا ئەو ساتەی ڕۆژێک وەک خوای جوانی، لە هەڵچوونێکی گەلێک سەختیدا، هەستێت و بە شڵەژاوی و پاڕانەوەوە بکەوێت بەسەر پێمدا و بڵێت تۆ فریادڕەسی من بوویت. من تۆم لە هەموو کەسێکی تری ئەم دنیایە خۆشتر دەوێت. من سەرسام بم و پێی بڵێم... لیزا، بەڕاستی تۆ بڕوا دەکەیت کە من هەستم بە خۆشەویستیی تۆ نەکردووە؟ من لە هەموو شتێک گەیشتبووم، بەڵام نەمدەتوانی یەکەم هەنگاوی خۆشەویستیت بۆ لا بنێم، چونکە بە جۆرێک ڕۆچووبوومە بوونی تۆوە، دەترسام لە ڕووی وەفاوە بە ئەرکی خۆتی بزانیت خۆشت بوێم، یان هەستێک لە خۆتدا دروست بکەیت کە لە واقیعدا هیی من نییە. من ئەوەم نەدەویست، چونکە ئەمە جۆرە دیکتاتۆریەتێکی ڕۆحییە... جوانییش نییە...

لێرەدا خەیاڵم لە باڵگرتندا بوو. خۆم دابووە دەست خەیاڵاتێکی گەلێک جوان و بێوێنەی ئەورووپاییانەی لە شێوەی جورج ساند[1]. خەونەکانیشم بەم شێوەیە بەردەوام بوون: لێ، لیزا تۆ هیی منیت، خەون و حەزەکانمیت، تۆ پاکژ و جوانیت، تۆ هاوسەرە میهرەبان و خاسەکەی منیت. وەرە بۆ ماڵەکەم، ئازا و بوێرانە، تۆ ئازاد و سەرفرازیت، ژیان لەمەودوا دەست پێ دەکات، دەڕۆین بۆ هەندەران و... شتی تریش.

---

[1] ناوێکی خوازراوی ژنە شاعیرێکی فەرەنسایی بەناوبانگە، کە عاشقی شوپانی موزیکزان بوو.

به کورتی شەرمم بە خۆم دەهات، گاڵتەم بە خۆم دەکرد. پاشان بۆ ئەوەی دڵخۆشیی خۆم بدەمەوە و ئاسوودە بم، بیرم کردەوە: هەرگیز ڕێگەی چوونە دەرەوەی پێ نادەن. تەنانەت لەوانەیە بۆ گەڕانیش نەهێڵم زۆر بڕواتە دەرەوە. شەوانە ئەوە هەر هیچ... بەڵام خۆی دەیگوت بە تەواوی نیشتەجێی ئەوێ نییە و زۆریش لەژێر دەسەڵاتی خاوەن ماڵەکەدا نییە. هێشتا مافە ڕەواکانی خۆی لەدەست نەداوە و ملکەچیان نابێت. واتا، ها، نەفرەت لە شەیتان! کەواتە دێت! کەواتە هەر دێت.

باش بوو لەو کاتەدا، ئاپۆلۆن بەو شەڕئەنگێزییە هەمیشەییەوە کەمێک ئەوی لە بیر بردمەوە. بەڕاستی ئەم پیاوە ئارامی لێ بڕیوم. ئەم کابرایە پەتایەکە بۆ خۆی، ڕقێکی خوداوەندەوە و بەتایبەتی ڕەوانەی لای من کراوە. ساڵانێکە هەریەکەمان هەوڵی ئەوەیەتی بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێت و ویستی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت. من هەمیشە نەفرەتم لێ کردووە. خودایە، چەند ڕقم لێی بوو! بڕوا ناکەم تا ئێستا بوونەوەرێک بووبێت وەک ئەو، بەتایبەتی لە هەندێک چرکەساتدا، ئەمەندە ڕق و نەفرەتی منی لە خۆی وروووژاندبێت. تا ڕادەیەک لێکەوتووە. کەمێک درێژە و هەندێک جاریش بەرگدروویەتی دەکات. ئەوەی تاهەتاهەتایە بە شارەوەیی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئەم پیاوە بۆ ڕقی لە منە و سووکایەتیی زۆرم پێ دەکات! لەخۆباییبوونێکی سەیر کە پێم قبووڵ نەدەکرا. لە سەرەوە تا خوارەوە پیامدا هەڵیدەڕوانی، بۆ خەڵکی تریش هەر وا بوو. تەنیا بینینێکی بیچمی ئەو کابرایە، برۆ و مژۆڵە سپییەکانی، قژە لووسەکەی کە بەرەو سەرەوە داهێنرابوو. ئەو تاڵە قژانەی کەوتبوونە ناوچاوانی و بە زەیتی هەرزان چەوری کردبوو. دەمە گیرەکەی بە لێوە دەرپەڕیو و

چاڵەکانی دەوروبەریەوە، کە ڕێک لە پیتی ۷ دەچوو. تەنیا تەماشاکردنێکی ئەم بیچمە - بەڕێزان ئەمە بەڕاستی دەڵێم بەس بوو بۆ ئەوەی بەرانبەرتان بوونەوەرێک ببینن کە بەدرێژایی تەمەنی تەنانەت جارێکیش گومانی لە خۆی نەکردووە. بە لای خۆیەوە مرۆڤێک بوو بە تەواوی مانا بەئاگا و بەرزەفڕ، هێند بەئاگا و بەرزەفڕ کە لە تەمەنمدا کەسی تری وام نەدیوە. ئەم گایە هێند خۆپەرست بوو، خۆی بە ئەسکەندەری مەکدونی نەدەگۆڕییەوە. عاشقی دوگمەی کراسەکەی بوو. نینووکە پۆخڵەکانی خۆی خۆش دەویست! وا بوو، تەواو شەیدای خۆی بوو. دەتتوانی لە سەری لووتیەوە بە ڕوونی ئەمە ببینیت. لەگەڵ مندا بەردەوام ڕەفتاری ستەمکارانەی هەبوو. بە دەگمەن لەگەڵمدا دەدوا. بە جۆرێک لەگەڵ مندا مامەڵەیەکی ستەمکارانە و گاڵتەجاڕانەی دەکرد، خەریک بوو شێت بم. ئەرکەکانی هێند بە ڕوویەکی ترشاو و ناخۆشەوە بەجێ دەهێنا وەک ئەوە وا بوو گەورەترین خێرم پێ بکات. هەندێک جار هەر دەستی لە هیچ نەدەدا، هەرگیز کارەکانی منی بە ئەرکی خۆی نەدەزانی. منی بە گەوجترین کەسی دنیا دادەنا. وای دەزانی ئەو منی لای خۆی ڕاگرتووە. من مانگی حەوت ڕۆبڵم دەدایە، ئیتر هیچ گومانی لەوە نەبوو کە ئەو حەوت ڕۆبڵە تەنیا بۆ ئەوەیە بە میهرەبانیی خۆی لام بمێنێتەوە و (هیچ کارێک نەکات) من زۆر بێگومانم کە ڕۆژی قیامەت خوا لە گەلێک لە گوناهەکانم خۆش دەبێت، چونکە لەگەڵ ئەو کابرایەدا هەڵمکردووە. هەندێک جار ئەوەندەی لێ بێزار دەبووم، لەشم دەکەوتە لەرزین. بەتایبەتی خۆشیم لە قسەکردنی نەدەهات. کەمێک زماندرێژییشی دەکرد. لەبەر ئەوە هەندێک لە پیتەکانی وەک "س" و "ز" درێژ دەکردەوە کە من

زۆرم لا ناخۆش بوو. پێدەچوو بەم کەم و کاسیەی خۆیشی قایل بێت و شانازیی پێوە بکات. وای دادەنا ئەو جۆرە قسەکردنە پێگە و ویقارێکی تایبەتیی پێ دەبەخشێت. لەسەرخۆ و بە کێشەوە دەدوا. لە کاتی قسەکردندا دەستی دەنایە پشت سەری و ڕاست لە زەویی دەڕوانی. شەوانە لە ژوورە بچکۆلەکەیدا، کە دیوارێکی باریک لە ژوورەکەی منی جیادەکردەوە بە تەنیا ئینجیلی دەخوێند. لە بیستنی دەنگی ئەوەندە وەڕز دەبووم هەستم دەکرد دەبێت بۆ ئەمە داوای بەخشین لە خوا بکەم. گەلێک حەزی لێ بوو هەموو شەوێک بە هەمان ئەو دەنگە یەک تۆنی و بێزارکەر و لەسەر خۆیە، کە هەندێک جار ئاوازێکی تێدەخست، ئینجیل بخوێنێتەوە. ڕێک لەوەدەچوو بەسەر تابووتێکەوە دانیشتبێت و ئینجیل بۆ مردوو بخوێنێتەوە. ئەو شەوەیش بووبوو بە ئینجیلخوێن و شەوخوێنیی بۆ مردوو دەکرد. کەس نازانێت بۆ لە نیوەشەودا دەکەوتە ڕاوەمشک و لەناوی دەبردن. بۆیاخی پێڵاوی دەکرد. دەیکردە هەراوزەنا و کەچی نەمدەتوانی بیکەمە دەرەوە. بوونی لەگەڵ بوونی مندا وەک دوو ڕەگەزی کیمیایی تێکەڵ بە یەکتر بووبوون. جگە لەوە، هەرگیز ئامادەنەبوو دەستبەردارم بێت. منیش نەمدەتوانی لە ناوەڕاستی شاردا خانوویەک بگرم کە هەموو شتێکی تیابێت. شوێنەکەی ئێستام بچووک و تەریک بوو. جیاواز بوو لە خانووە بەکرێگیراوەکانی تر. ئەم ماڵە بووبوو بە هەموو شتێکم، بە هۆی مانەوە و بە پێستی لەشم. دەخزامە ناوی تا خۆم لە چاوی خەڵکی و تەواوی مرۆڤایەتیی وەشارم. خوا خۆی دەزانێت بۆ پێم وا بوو ئاپالۆنیش تەواو وابەستەی ئەم ماڵەیە، هەر لەبەر ئەوەیشە کە حەوت ساڵی ڕێکە نەمتوانیوە دەری بکەم. مەحاڵ بوو بتوانم کرێی

مانگانەکەی سێ ڕۆژ دوابخەم. ئەگەر ڕێکەوتی بکردایە، هێند بە تەنگی دەهێنام نەمدەزانی بۆ کوێ لە دەستی هەڵبێم. ئەو ڕۆژانە ئەمەندە ڕقم لە هەموو دنیا دەبووەوە، بڕیارم دابوو بیانوویەک بدۆزمەوە و ئاپالۆن تەمێ بکەم: دەموسیت دوو هەفتە کرێکەی دوابخەم. دەمێک بوو ئەم بڕیارەم دابوو، لە دوو ساڵ لەوەوبەرەوە. تا بۆی بسەلمێنم بۆی نییە خۆی لە من بە گەورەتر بزانێت، لەوەیش تێبگات کە "هەر کاتێک خۆم بمەوێت" کرێکەی دەدەمێ، نەک هەر کاتێک ئەو بیەوێت. بڕیارم دابوو هەرگیز باسی پارەی لەگەڵدا نەکەم. ئەمەندەیش پشتگوێی بخەم تا بەسەر فیز و لەخۆباییبوونەکەیدا زاڵ بم و وای لێ بکەم خۆی داوای کرێکەم لێ بکات. ئەوسا حەوت ڕۆبڵ لە جزدانەکەم دەردەهێنم و پیشانی دەدەم و دەڵێم: "ئەم پارەیە! بە تۆی نادەم، چونکە نامەوێت بتدەمێ، نامەوێت... نامەوێت، بۆ؟ بەکورتی، چونکە خۆم وام پێ خۆشە... چونکە ئەمە ویستی گەورەی خۆمە. لەبەر ئەوەی وەک پێویست خاوەن ڕێز و ئەدەب نییە و کابرایەکی تووڕە و تڕۆیە. ئەگەر ئەمجارە بە ڕێزەوە داوای مووچەکەی بکات، ئەوسا ئارام و نەرمتر دەبم لەگەڵیدا و حەوت ڕۆبڵەکەی دەدەمێ. ئەگینا دەبێت دوو هەفتەی تریش چاوەڕێ بێت، یان مانگێکی تر...

زۆر سەیرە! چەند تووڕە دەبووم و ڕق ئەوکی دەگرتم، هێشتا هەر ئاپالۆن بەسەر مندا سەردەکەوت. لە چوار ڕۆژ زیاتر خۆم بۆ نەگیرا. ئەوەی هەمیشە لەو جۆرە حاڵەتانەدا ڕوو دەدات، ڕووی دا. پێشتریش لەو بابەتە ڕووی دابوو. من چاک دەمزانی لە حاڵەتی وادا چ پەرچەکردار و ڕەفتارێکی دەبێت. لە وردەکاریی ڕەوش و تاکتیکە ناهەموارەکانیم دەزانی. دەمزانی چی دەکات: یەکەم نیگایەکی توند و سەختم دەکات و

بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک لێم مۆڕ دەبێتەوە. کاتێک ئەمە دەکات کە بمەوێت لە ماڵ بچمە دەرەوە، یان تازە گەڕابێتمەوە، واتا لەو دوو حاڵەتەدا ئەو نیگا ئازیزەیان بەڕێیان دەکردم، یان پێشوازی. منیش خۆم لە گێلی دەدا. وەک ئەوەی نە خۆیم دیبێت نە نیگای. ئەو سەرلەنوێ، بە هێوری، بۆ ئەوەی جارێکی دی ئەزموونی بکات و ئازارم پێ بگەیەنێت، تەماشای دەکردم. زۆر لەسەرخۆ و کتوپڕ خۆی بە ژوورەکەمدا دەکرد. ئاسایی من لەو کاتانەدا پیاسەم بەناو ژوورەکەمدا دەکرد، یان کتێبم دەخوێندەوە. لای لاشیپانی دەرگاکە دەوەستا، دەستێکی بە پشتیەوە و هەنگاوێکی بۆ پێشەوە دەنا و لێی دەڕوانیم. بەڵام ئیدی ئەمجارەیان نیگاکەی نەک تەنیا سەخت و ناجۆر نەبوو، بەڵکو تێکەڵەیەک بوو لە هەستێکی گاڵتەپێکردنیش. ئەگەر لەپڕێکدا لێم بپرسیایە چیی دەوێت و بۆ لەخۆوە دێتە ژووری؟ هیچ وەڵامی نەدەدامەوە. بەڵکو هەر لێی دەڕوانیم. پاشان لە کاتێکدا لێوی خۆی دەگەست، هەستم بە مانایەکی تایبەتی دەکرد. هەر لەو شوێنەدا کە وەستابوو، دەسووڕا و لەسەرخۆ لە ژوورەکەم دەچووە دەرەوە. دوای نزیکەی دوو سەعات، جارێکی تر دەرگای دەکردەوە و دەردەکەوت. هەندێک جار لەتاو تووڕەیی لێم نەدەپرسی چیی دەوێت، بەڵکو سەرم بەرز دەکردەوە و بێ هیچ جووڵەیەک لێم دەڕوانی. بۆ ماوەیەک تەماشای یەکترمان دەکرد. تا دیسانەوە بە هێوری بەرەو دوا دەگەڕایەوە و تا دوو سەعاتی تر نەدەهاتەوە. بەڵام ئەگەر هەموو ئەمانە کاریگەرییان نەبوایە و منیان نەهێنایەتەوە سەر خۆم، ئەوسا لەپڕێکدا دەیکردە ئاهوناڵە. تەماشای دەکردم و هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا. وەک ئەوەی بەو هەناسە قووڵانە پێم بڵێت کە من چەند بێڕەوشتم. باشە، دیارە ئەمە بەوە

کۆتایی دێت که ئەو سەرکەوتووە و من تەواو شکستخواردووم. ئیتر خۆم پێ نەدەگیرا، هاوارم بەسەردا دەکرد و جوێنم پێ دەدا. لێ وەک ئەنجام هەموو ئەم کارانە لەسەر شتێک بوون، که دەبوو ئەنجامی بدەم، پارەکەم پێ دەدا.

لێ ئەمجارەیان، که ویستی وەک جاران "نیگا سەختە"کەیم تێببڕێت، یەکسەر لەخۆوە و لە کاتێکدا ڕق هەموو گیانمی خستبووە لەرزین، پەلاماریم دا. ئەمجارەیان خۆم هێند بێحاڵ و تووڕە بووم، پێویستی بەوە نەدەکرد هیچ شتێکی ئەو بمجووڵێنێت. کاتێک هەر بە بێدەنگی وەستابوو، دەستێکی نابووە کەمەری و ویستی بسووڕێت و بچێتە دەرەوە، هاوارم لێ کرد:

– ڕاوەستە، بگەڕێ دواوە، دەی... پێم وتیت دەی...

هێند ڕقم هەساتبوو لە تاوا گەڕایەوە. ماوەیەک بە سەرسامییەوە تەماشای کردم و هیچی نەوت، بێدەنگییەکەی ئەوەندەی تر شێتی کردم.

– تۆ خۆت بە چی دەزانیت؟ بۆ لە خۆتەوە دێیتە ژووری؟ بۆ وا تەماشام دەکەیت؟ دەی وەڵامم بدەرەوە با بزانم...

بۆ ماوەی سێ چرکە لێم ڕاما، دیسان ویستی بڕوات، گەیشتمە لای و هاوارم کرد:

– لە شوێنی خۆتدا بوەستە! نەجووڵێیت! ها، ئاوا، دەی، ئێستا وەڵامم بدەرەوە. بۆ هاتوویت بۆ ئێرە و چیت دەوێت؟

دوای چرکەساتێک بێدەنگی، بە هەمان ڕاهاتنەکەی جارانیەوە، هێدی هێدی، لە کاتێکدا کەمێک برۆکانی هەڵدەکشان و سەری بە لایەکی تردا دەخست، وتی:

– وتم بەڵکو کارێک یان فەرمانێکت هەبێت، هەقمە بپرسم و هەرچییەکت بوێ جێبەجێی بکەم.

زۆر سەرم لە هەڵسوکەوتە ئارام و لەسەرخۆکەی سوورِ ما.

– ها جەللاد! وا نییە، خۆم دەزانم بۆ هاتوویت، زاڵم، دەزانێت مانگانەکەت دواکەوتووە، فیز و خۆبەزلزانییەکەیشت رێگەت پێ نادات بپاڕێیتەوە و داوای بکەیت، هاتوویت بەم نیگا گەوجانەیەتەوە، لەبەر نەدانی مانگانەکەت تۆڵەم لێ بکەیتەوە و ئازارم بدەیت، تەنانەت تاقە جارێک بیرت لەوە نەکردووەتەوە، هەی جەللاد، کە ئەمە کارێکی گەوجانەیە! زۆریش گەوجانە، گەوجە!

ویستی بڕوات و من نەمهێشت، هاوارم کرد:

– گوێ بگرە! بڕوانە، ئەوە پارەکەت، دەیبینیت؟ ئەوە تا لێرەدایە. چەکمەجەی مێزەکەم ڕاکێشا و پارەکەم دەرهێنا:

– ئەمە حەوت ڕۆبڵەکەیە، بەڵام ناتدەمێ، دەستی لێ ناخشێنیت! هەر لێرەدا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بەڕێزەوە سەر نەوی دەکەیت و دێیت بۆ لام و داوای لێبوردنم لێ دەکەیت، تێگەیشتی؟

بە دڵنیاییەکی زۆر سەیرەوە وەڵامی دایەوە:

– هەرگیز شتی وا نابێت.

هاوارم لێ هەستا:

– دەبێت، بە شەرەفم هەر دەبێت ببێت!

وەک هەر گوێی لە داد و هاوارەکەی من نەبووبێت، وتی:

– بۆ داوای لێبوردنت لێ بکەم؟ تۆ بە منت وت "جەللاد" من دەتوانم لەسەر ئەم سووکایەتیپێکردنە لای پۆلیس سکاڵات لەسەر تۆمار بکەم.

بە ڕوویدا تەقیمەوە:

- بڕۆ، هەر ئێستا بڕۆ بۆ لای پۆلیس، دەی، هەر ئێستا بڕۆ، گوێت لێمە! تۆ جەللادیت! جەللاد، جەللاد.

تەماشایەکی کردم و پاشان بە هەنگاوی لەسەرخۆ چووە دەرەوە. کە هاتمەوە سەرخۆم، بیرم کردەوە کە "ئەگەر لێزان بوایە، هەرگیز ئەمە ڕووی نەدەدا" دوای چەند دەقیقەیەک. لەو کاتەدا کە دەمویست سیمایەکی بەڕێز و جوامێرانە لە خۆم بگرم و دڵم توند لێی دەدا، چووم بۆ ژوورەکەی ئاپۆلۆن، بە هێوری و ئاماژەیەکی ماناداراوە وتم:

- ئاپۆلۆن، هەستە، دەی زوو بڕۆ بۆ لای ئەفسەری پۆلیس.

لە کاتێکدا ئەم قسەیەم کرد، جگە لە ئارامی، هەموو شتێکت لە مندا دەبینی. ئەو لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو، چاویلکەکەی هێنابووە سەر لووتی و خەریکی شتدرووین بوو. کە بێ هیچ پێشەکییەک گوێی لە داواکارییەکەم بوو، دایە پڕمەی پێکەنین.

- هەستە دەی! هەر ئێستا بڕۆ، دەی، ئەگینا ئۆباڵی خۆت لە ئەستۆی خۆتە!

بەبێ ئەوەی سەر بەرزبکاتەوە، ڕێک لەو کاتەدا کە دەرزیی پێوە دەکرد، لەسەرخۆ و بە هێوری وتی:

- شێت بوویت؟ کێت دیوە بەدوای پۆلیسدا بگەڕێت بۆ ئەوەی خۆی بگرێت؟ لەبارەی ترسیشەوە ئەوە خۆتی کە دەترسیت و لەرزت لە خۆت هێناوە. ئەگینا! دڵنیا بە هیچ ڕوو نادات.

دیسان پیای هەڵشاخامەوە: "دەی هەستە و بڕۆ!" شانیم گرت و لەوەدابوو لێی بدەم. هیچ ئاگام لەوە نەبوو کە لەو چرکەساتەدا یەکێک هاتووەتە ژوورەوە و بە واقوڕماوییەوە

تەماشامان دەکات. لەپڕ بەئاگا هاتم و بەرانبەر بەو تەریقییە لە شوێنی خۆمدا وشک بووم. پاشان خێرا بەرەو ژوورەکەی خۆم چووم. دەستم لەناو قژمدا و سەرم نا بە دیوارەکەوە، بۆ چەند دەقیقەیەک وا مامەوە. پاشان گوێم لە هەنگاوە خاووخلیچکەکانی ئاپالۆن بوو. بە هەمان مۆڕەکردنەوە لێی دەڕوانیم، وتی:

– ژنێک دەیەوێت بت بینێت.

ئینجا خۆی لادا و لیزا هاتە ژوورەوە. ئاپۆلۆن نەیدەویست بڕوات و تەماشایەکی گاڵتەجاڕانەی کردم. بەڕاستی نەمدەزانی چی بکەم، تا لە پڕ تێم خوڕی و پێم وت:

– دەی بۆ دەرەوە.

هەر لەو چرکەساتەدا سەعاتە دیوارییەکە دەنگی لێ بەرزبووەوە و حەوت جار زەنگی لێدا.

- ٩ -

"وەرە ماڵەکەم، ئازاد و شادمانم، وەک پڕ ویقار و سەرفرازێک" ڕێک بەرانبەری وەستابووم: تێکشکاو، لەخۆبێزرا و وێران، زۆریش شپرزە دەهاتمە بەرچاو. لە بیرمە پێدەکەنیم، دەمویست هەر چۆنێک بووە هەردوو شەلاقی ئەو جلە پیسانەی پێوەی دەنووستم، ڕێکیان بخەم. بەکورتی سەعاتێک لەمەوبەر چۆنم خەیاڵ لێ کردبووەوە، بە تەواوی وا دەرچوو. تەنانەت دوای یەک دوو دەقیقە لە ڕۆیشتنی ئاپۆلۆنیش، من هەر چاک نەبووم. لە هەمووی گەنتر ئەوە بوو کە لیزایش وەک من شپرزە بوو، بە جۆرێک هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم لێ نەدەکرد. دیار بوو نیگا لێڵوپێڵەکانم کاریان تێکردووە.

لەخۆوە پێم وت: "دابنیشە". کورسییەکەم لە پاڵ مێزەکە دانا و خۆم لەسەر قەنەفەکە دانیشتم، ئەویش بە قسەی کردم و دانیشت. وا چاوی تێبڕیبووم لەوەدەچوو چاوەڕێ بێت کارێکی نائاساییم لێ بوەشێتەوە. ئەو چاوەڕوانییە سست و ساکارە لەباری ئاسایی دەریکردم و ڕقی هەستاندم. پێم باش بوو بە جۆرێک ڕەفتار بکەم، گوایە هیچ ڕووی نەداوە و ئاگاداری هیچیش نیم، هەموو شتەکان وەک خۆیانن، بەڵام ئەو... لای خۆمەوە هەستم کرد دەبێت لە دواییدا ئەو باجی هەموو ئەم شتانە بدات. دەیشمزانی نابێت بەم جۆرە دەست بە قسان بکەم. بە گنەگنەوە پێم وت:

- لیزا، لە بارێکی سەیروسەمەرەدا هاتوویت بۆ لام.

به قسەکانم ڕەنگی سوور داگەڕا، هاوارم لێ کرد:
– نا، نا! خراپ تێمەگە. من بەوە تەریق نابمەوە کە هەژارم... بە پێچەوانەوە، شانازی بە هەژارییەکەمەوە دەکەم. ڕاستە هەژارم، بەڵام نەجیبم. دەشێت... دەشێت... هەژاریش بیت و نەجیبیش.
دیسانەوە بە گنەگنەوە پێم وت:
– حەزت لە چای نییە؟
– نا...
ویستی شتێک بڵێت، پێم وت:
– ڕاوەستە.
ڕاپەڕیم و چووم بۆ ژوورەکەی ئاپۆلۆن. دەبوو هەر چۆنێکە، کارێک بۆ بۆنەکە بکەم. بە دەنگێکی زۆر لەسەرخۆ و بە شپرزەیی وتم.
– ئاپۆلۆن، مانگانەکەت لێرەدایە، بڕوانە، هیی خۆتە. پارەکانم فڕێدایە سەر مێزەکەی و وتم:
– لێ دەبێت تۆیش من ڕزگار بکەیت، هەر ئێستا بڕۆ بۆ ئەو ڕیستورانتە نزیکە و چا و پسکویتمان بۆ بکڕە... یەڵڵا دەی، ئەگەر نەڕۆیت، زۆرت لێ زویر دەبم. تۆ نازانیت ئەو ژنە کێیە... مرۆڤێکە بە تەواوی مانا. ڕەنگە خەیاڵی خراپت لێ کردبێتەوە... نا، تۆ نازانیت چ ژنێکە...
ئاپۆلۆن سەرگەرمی بەرگدرووینەکەی بوو. چاویلکەکەی هێنابووە سەر نووکی لووتی. لەژێرەوە و بە گومانەوە لە پارەکەی ڕوانی. پاشان بەبێ ئەوەی گوێ بە من بدات کەوتەوە دەرزی و دەزوو پێوەکردن. نزیکەی سێ دەقیقەیەک

لەسەر شێوازی a la napoleon[1] چاوەڕێم کرد. ئارەقەیەکی سارد کەوتبووە لاجانگم، هەستم دەکرد ڕەنگ لە ڕووم بڕاوە. لە دواییدا سوپاس بۆ یەزدان، ڕەگی هاوکاریکردنی جووڵا. دەستی لە تەقەڵلێدان هەڵگرت و لەسەرخۆ هەستا، کورسییەکەی خستە لاوە و چاویلکەکەی بە هێوری هەڵگرت، لەسەرخۆ کەوتە ژماردنی پارەکە، ئینجا بە هێواشی لێی پرسیم کە ئایا ژەمێکی عەسرانەی تەواو بهێنێت؟ دوای ئەوە هێدی هێدی لە ژوورەکەی چووە دەرێ.

کە گەڕامەوە لای لیزا، شتێکم بە بیردا هات، بە هەمان جلی خەوەوە هەڵبێم! بەڵام بۆ کوێ؟ چی دەبێت با ببێت، ڕێگە لەبەر دەگرم و دەڕۆم. گەڕامەوە ژوورەکەم و لەسەر قەنەفەکە دانیشتم. لیزا بێدەنگ و بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانیم. لەپڕێکدا مشتێکی وام بەسەر مێزەکەدا کێشا، کە مەرەکەبی ناو مەرەکەبدانەکە دەرپەڕی. هاوارم کرد:

– دەیکوژم! هەر دەیکوژم!

لیزا لە ترسا ڕاچەنی و هاواری لێ هەستا:

– ئای خودا گیان! چییە؟ چی بووە؟

دیسانەوە قیژاندم:

– دەیکوژم! وەک مشک دەیکوژم! هەر بەدەم هەڕەشەکردنەوە بە مێزەکەمدا دەکێشا. لە هەمان کاتدا بە باشی دەمزانی ئەو کارەی لە بەردەمی ئەودا دەمکرد، گەلێک گەوجانەیە.

– لیزا، تۆ نازانیت ئەمە چ جانەوەرێکە! جەللاد، جەللادێکە بۆ من! وا ئێستا چووە چا و پسکیت بکڕێت و...

---

[1] واتا هات و نەهات. ئاماژەیە بە دوا چرکەساتەکانی شەڕی واتەرلۆ کە ناپلیۆن چاوەڕێی بەرئەنجامی دوا هێزە شەڕکەرە تایبەتییەکانی خۆی بوو.

هەر لە خۆمەوە کەوتمە فرمێسکڕشتن، هۆیەکەی تووڕەییە لەڕادەبەدەرەکەم بوو. کە گریانەکەم دایە هەنسکدان، زۆر تەریق بوومەوە، بەڵام خۆم پێ نەدەگیرا. لیزا ترسا و بە شڵەژاوییەوە وتی:

– چی بووە؟ چیتە؟

کڕوزامەوە و وتم:

– ئاوم دەوێت، ئاوم بدەرێ، سوراحییەکە لەوێیە، لەسەر مێزەکە.

لەگەڵ ئەوەی چاک دەمزانی کە بەبێ ئاویش دەمتوانی ئارام و ئاسوودە بم و پێویست بەم کڕوزانەوە و پاڕانەوەیە نەکات، بەڵام بەپێی نەریتە باوەکە و ئەوەی لای هەموان مەقبووڵە، بەتایبەتی خۆم کردبووە نەخۆش بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆم بکەم و لە شانوشەوکەتم نەیەتە خوارێ، گوایە ئەو تووڕەبوونە زۆرەی هێرشی بۆ هێنابووم، هەر لەخۆوە و دروستکراو نەبووە.

لیزا بەدەم نیگا لێڵوپێڵەکەیەوە کاسە ئاوەکەی دامێ. لەو ساتەیشدا ئاپوڵۆن بە سینییەک چاوە هاتە ژوورێ. هەر زوو بۆم دەرکەوت ئامادەکردنی ئەم چا سارد و ئاساییە، بەتایبەتی دوای ئەم ڕووداوانە، چەند کارێکی نەشیاو و نادروستە، بۆیە سوور داگەڕام. لیزا بە بێزارییەوە گەڕایەوە و چاوی بە ئاپۆلۆن کەوت. ئاپۆلۆن وەک ئەوەی کەسی لە ژوورەکەدا نەدیبێت، چووە دەرەوە. پرسیم:

– لیزا، تۆ سووکایەتیم پێ دەکەیت؟

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە ئەم پرسیارەم لێ کرد. لەبەر ئەوەی دەمویست هەر چۆنێکە بزانم ڕای بەرانبەر بە من

چۆنە. لیزا تیا مابوو، نەیدەزانی چ وەڵامێک بداتەوە. بە تووڕەییەوە پێم وت:

- چایەکەت بخۆرەوە.

زۆر ڕقم لە خۆم هەستابوو. ئاسایی ئەوەی دەبووە قوربانی، ئەم تووڕەییە ئەو بوو، بۆیە هەستم بە ڕقێکی زۆر کرد بەرانبەری. تا ئەو ڕادەیەی دەموسیت ئەوەندەی لێ بدەم تا دەمرێت. بۆ تۆڵەلێکردنەوەی، بڕیارم دا چەند لام بمێنێتەوە بێدەنگ بم و تاقە وشەیەکم بەسەر زماندا نەیەت. هەر بەردەوام بووم لەسەر ئەوە کە: "هەرچییەک ڕووی داوە، سووچی ئەم ژنەیە"

بێدەنگییەکە ماوەیەکی کێشا. چای سەر مێزەکە وەک خۆی مابووەوە و دەستی لێ نەدرابوو. منیش بە ئانقەست نەمدەخواردەوە بۆ ئەوەی زیاتر پەستی بکەم. ئەو لە ڕووی پەیڕەویکردنی ئەتەکێتەوە نەیدەویست یەکەم جار چایەکە تێبکات و بیخواتەوە. چەند جارێک تەماشای کردم. وەک ئەوەی سەر لە هیچ دەرنەکات، وا بوو. لێ من لاسارانە بێدەنگوسەنگ بووم. بێگومان ئەوەی زۆر کاریگەریی ئەم دیمەنە ناخۆش و تاقەتپڕوکێنەی لەسەر بوو، خودی من بووم، چونکە بە چاکی هەستم بە پەستی و گەوجایەتی ڕق و تووڕەبوونەکەی خۆم دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا، نەمدەتوانی کۆنترۆڵی خۆم بکەم. تا لە دواییدا بە زمانێکی لاڵەپەتانەوە، تەنیا هەر بۆ ئەوەی شتێک بڵێت و بێدەنگییەکە نەهێڵێت، وتی:

- دەمەوێت... بە ئێجگاری... لێرە بڕۆم.

ئای نەگبەت! بەتایبەتی لەم کاتەدا کە گەوجایەتی لە ئارادایە. بۆ یەکێکی وەک منیش کە دەستم دابووە گەلۆرییەکی گەلێک سەیر، نەدەبوو بەتایبەتی لە کاتێکی وادا ئەو قسەیە

بکات. دڵم پێی سووتا، بۆ ئەو ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەی کە پێویستیان نەدەکرد، بەڵام هەر لەو چرکەساتەدا، شتێکی قێزەون و نەفرەتلێکراو، ئەو هەستی هاودەردییەی لە مندا کوشت. بەڵێ، تەنانەت ئەو هەستە بۆ دژایەتیکردنی هەڵێنام. جا چی دەبێت با ببێت... قیری سیا...

پێنج دەقیقە تێپەڕی، لەسەر کورسییەکەی هەستا، بە شەرمێکی زۆرەوە کە بە حاڵ گوێت لە دەنگی دەبوو، وتی:

– وا ئەزانم بێتاقەتم کردبێتیت؟

کە هەستی ئەو گاڵتە و سووکایەتیپێکردنەم بەتایبەتی لەو ساتەدا تیا بینی، بە تەواوەتی کۆنترۆڵی خۆمم لەدەست دا، ڕقم هەستا و هاوارم بەسەریدا کرد:

– تکایە تۆ جارێ پێم بڵێ بۆ هاتوویتەتە ئێرە؟

خوێن بەرچاوی گرتبووم، بەبێ ئەوەی بزانم چی دەڵێم، دەمویست هەرچییەکم لە دڵدایە پێی بڕێژم و بە لایشمەوە ئاسایی بوو لە هەر کوێیەکەوە دەست پێ بکەم. تەنیا ئەوەم لا گرنگ بوو نەکەومە هەناسەبڕکێ و تەنگەنەفەس نەبم. لە کاتێکدا کە بەڕاستی نەمدەزانی چی دەڵێم، بەسەریدا شیڕاندم:

– بۆ هاتوویت بۆ لام؟ دەی، قسە بکە؟ ئێستا خۆم پێت دەڵێم! مامزە چاوڕەشەکەم! تۆ هاتوویت بۆ لام، چونکە ئەو شەوە و لەو شوێنەدا چەند قسەیەکم بۆ کردیت کە هەستی هاوخەمیمان بوو. وا ئێستا دیسانەوە هاتوویتەتە ئێرە کە گوێ لەو "قسە هاوخەمییانە" بگریتەوە. هەنووکە پێت دەڵێم تا بیزانیت! ئەوە بزانە کە من ئەوسا گاڵتەم پێ کردیت، لە دڵەوە پێت پێدەکەنیم. ئێستایش هەر گاڵتەت پێ دەکەم و پێت پێدەکەنم. بۆ دەلەرزیت؟ وایە، من پێت پێدەکەنیم! ئەو شەوە، پێش ئەوەی بێم بۆ لات، چەند کەسێک ئازاریان دابووم.

ئەوانەی کەمەکێک پێش هاتنی من لە ڕستۆرانتەوە هاتبوون بۆ ئەوێ. من بۆیە هاتم بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی زللەیەک بە پەناگوێی یەکێک لەوانە، ئەفسەرەکەیاندا، بکێشم. نەمکرد، چونکە لەوێ نەمبینین، بۆیە دەمویست داخی ئەوە بەسەر یەکێکی تردا بڕێژم. تۆیش ئەو کاتە بەرەوڕووم بوویتەوە، بۆیە ڕقەکەم بە تۆ ڕشت و کەوتمە گاڵتەپێکردنت. من سووک و ڕسوا کرابووم و دەمویست یەکێکی تر وەک خۆم لێ بکەم. منیان کردبوو بە پوولێکی قەڵب و منیش دەمویست خۆم بنوێنم و توانای خۆم دەربخەم. تەنیا لەبەر ئەوە و هیچی تر، بەڵام بە خەیاڵی تۆ من هاتووم ڕزگارت بکەم! وا نییە؟ وا بیرت دەکردەوە، نا؟ بەڵێ وات دەزانی بۆ ڕزگارکردنت هاتووم.

لە کاتی ئەم قسانەدا باش دەمزانی ڕەنگە لە هەموو وردەکارییەکانی مەبەستەکە تێنەگات، بەڵام لە شتە سەرەکییەکانی چاک تێدەگات. هەر وایش بوو. ڕەنگی پەڕیبوو، دەیویست شتێک بڵێت، لێوی جووڵا و هیچی نەوت. لەناکاوێکدا وەک یەکێک بە تەور لە قاچی درابێت، بەسەر کورسییەکەدا کەوت. دوای ئەوە، لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە قسەم بۆ دەکرد، بە دەمی نیوەکراوەوە گوێی لێ دەگرتم. چاوی زەق و لە ترسا دەلەرزی. قسە قۆڕەکانی من بە تەواوی وێرانیان کردبوو.

لەسەر قەنەفەکە ڕاپەڕیم، بە پەشۆکاوییەوە بەناو ژوورەکەدا کەوتمە هاتوچۆ. گاڵتەجاڕانە پێم وت:

– ها ها! بەڕاست دەتویست ڕزگارت بکەم؟! لە چی ڕزگارت بکەم؟ ڕەنگە خۆم پێویستم بە جەستەی تۆ بووبێت، ویستبێتم دڵداری لەگەڵ ژنێکدا بکەم. ئەو کاتەی من کەوتبوومە ئامۆژگاریکردنت بۆ لێت نەپرسیم: "ئەی تۆ بۆ هاتوویتەتە ئێرە؟ هاتوویت ئامۆژگاریم بکەیت تا فێری ڕەوشت

بم؟" نەخێر! ئەمە نەبوو. دەسەڵات! بەڵێ، من لەو کاتەدا پێویستم بە دەسەڵاتدەرخستن بوو. دەمویست یاریت پێ بکەم! ئەوەم دەویست. فرمێسکتم دەویست. دەمویست بە چاوی خۆم سووکی و ڕسواییەکەت ببینم. حەزم دەکرد چاوم لە گریانە شێتووێتانەکەت بێت. دەزانیت! من لەو کاتەدا پێویستم بە هەموو ئەم شتانە بوو، بەڵام لە دواییدا خۆم پێ نەگیرا و نەمتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ بم، چونکە خودی خۆیشم پێکهاتەیەکی سەیروسەمەرە و ناقۆڵام. نازانم ترس بوو یان کەریەتی کە لە خۆمەوە ناونیشانی ماڵەکەمم دایتێ. هەر بۆیە کە لە ماڵەکەت دەگەڕامەوە، هەرچی جوێنێکی ناوبازاڕییانە هەیە پێم دایت! لەبەر ئەوەی فریوم دابوویت و درۆم لەگەڵدا کردبوویت، تەواو لێت بێزار بووم. من توانای ئەوەم هەیە یاری بە وشە بکەم، خەون دروست بکەم، بەڵام تۆ نازانیت من چیم گەرەکە. من دەمەوێت کەسانی وەک تۆ لە قوڕەڕەش بنێم و بۆ دۆزەخیان بنێرم! بەڵێ. ئەوەم دەوێت. من پێویستم بە ئاسوودەییە. من لەپێناوی ئاسوودەیی و ئارامیی خۆمدا ئامادەم هەموو دنیا بە پولێکی قەڵب بفرۆشم، ئەگەر قەرار بێت هەموو دنیا کاول بێت و داری بەسەر بەردیەوە نەمێنێت، یان من چایەکەم نەخۆمەوە. دەڵێم ئەگەر مانەوەی دنیا بە چا خواردنەوەکەی منەوە بەستراوە، با دنیا کاول بێت و من چایەکەم دەخۆمەوە، چونکە حەزم لە چایە. تۆ ئەمەت دەزانی یان نا؟ من خۆم دەزانم کابرایەکی ناجسن و بێگارە و پەست و خۆپەرستم. هەموو ئەم ڕۆژانە، لە ترسی هاتنی تۆ لەرزم لێ هاتبوو. دەزانیت لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا چ شتێک زیاد لە هەموو شتەکانی دی ئازاری دەدام؟ ئەوەی تۆ و من بەم جۆرەی ئێستا ببینیت. ئەو شەوە من خۆم وەک قارەمان و

پاڵەوانێک پیشانی تۆ دا، بەڵام وا تۆ ئێستا لەمماڵەدا من بەم جلە پیس و ناشیرین و سواڵکەرانەوەیەوە دەبینیت! ئەوسا پێم وتیت شەرمەزاری دەست هەژاری و نەدارای نیم، بەڵام حەز دەکەم بزانیت ئەمە وا نییە. من تەریق دەبمەوە کە هەژارم! هەژاریم لە هەموو خەوشەکانی دی پێ شەرمترە، تەنانەت لێی دەترسم. لە دزیکردن زیاتری لێ دەترسم، چونکە من زۆر هەستیارم بەرانبەر بەو وشەیە، وەک ئەو کەسە وام بە زیندوویی کەوڵی بکەن. هەندێک جار هەوا تەنیاییەکەی دەوروبەرم ئەوەندەم گوشار بۆ دێنێت کە تەواو ئازارم دەدات. تۆ لەوە تێناگەیت، کاتێک منت بەم جلکە کۆن و پیسانەوە بینی چۆن وەک سەگی هار پەلاماری ئاپۆلۆنم دا، هەرگیز لێت خۆش نابم. فریشتەی فریادڕەس و پاڵەوان و سوارچاکی جاران چۆن وەک سەگی هار، دڕندانە پەلاماری نۆکەرەکەی دەدات و ئەویش گاڵتەی پێ دێت و پێی پێدەکەنێت! هەروەها ئەو فرمێسکانەی چەند چرکەساتێک لەمەوبەر، وەک پیرێژن ڕشتم و نەمتوانی لە تۆیان وەشارم، بەڵێ، لەبەر هەموو ئەم شتانە هەرگیز لێت خۆش نابم. بەڵێ تۆ، تەنیا تۆ، بەرپرسیاری هەموو ئەم ڕەنج و ئازارانەی منیت. لەبەر ئەوەی من کابرایەکی سووکوچرووکم! کرمێکم، لە هەموو کرمەکانی ئەم دنیایە سووکتر و ڕسواتر و گەلۆرتر و دزێوتر و پیسکەتر! بەڵام ئەوانیش لە من چاکتر نین. جیاوازییەکەمان لەوەدایە کە شتی ئەوان بۆ کەس دەرناکەوێت، تەنیا خوایش دەزانێت بۆ هیچ کاتێک هەست بە شەرمەزاری ناکەن، خەجاڵەت نابن، وەک من مات و سەرگەردان نابن، بەڵام من لە هەموو ژیانمدا، دەشێت لە مێشوولەیەک، لە هەموو بێنەوبەردە و بەدبەختییەکدا تووشی گاشەیەک ببم. باشە، ئەمە وایە. ئیتر

ئەمە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە تۆ لەو کاولەدا وێران دەبیت، یان دەمریت؟ وایە، تێگەیشتیت. هەنووکە لە پێشی تۆدا ددانم بە هەموو شتێکدا نا و ڕاشکاوانە وتم. بۆیە ڕقم لێتە. ڕقم لێتە، چونکە لێرە ئامادەبوویت و گوێت لە قسەکانم بوو. مرۆڤ لە هەموو تەمەنیدا تەنیا یەک جار دەتوانێت ئاوا بە ڕاشکاوی قسە بکات، ئەوەیش تەنیا بە هۆی نەخۆشیی ئەعسابەوەیە. ئیدی چیی ترت گەرەکە؟ بۆ وا لە بەردەممدا قوت بوویتەتەوە؟ بۆ ئازارم دەدەیت؟ چاکە، ئەی بۆ لێرە ناڕۆیت؟

لێرەدا شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا، دوور لەوەی من چاوەڕێم دەکرد. من هەمیشە وا ڕاهاتبووم، وەک دەڵێن ئەدیبانە بیر بکەمەوە و وەک کتێب قسە بکەم. وا بیر لە شتەکان بکەمەوە کە بە خەیاڵ دروستم کردوون، بۆیە لە بەراییدا نەمتوانی لەم بەسەرهاتە تێبگەم، یان هەر بیری لێ بکەمەوە: ئەم لیزایەی کە من سووکایەتیم پێ کرد، هەر ئەم لیزایە زۆر لەوە زیاتر لە شتەکان دەگەیشت کە من لای خۆمەوە وێنام کردبوو. پێش هەر شتێک، هەستی بە بابەتێک کرد کە هەر ژنێک، ئەگەر تەنیا جارێک خۆشەویستیی کردبێت، زۆر خێرا تێی دەگات. ئەوەیش ئەوە بوو کە منیش وەک ئەو نائومێد و بەدبەختم. سیمای لیزا، کە پێشتر شەمزاو و هەراسان بوو، هێدی هێدی نیشانەی خەم و سەرسامیی تیا دەرکەوت. لەو ساتەدا کە من خۆم بە سووکوچرووک ناودێر کرد و فرمێسک لە چاومدا قەتیس مابوو (لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ئەم وتارەم دا و قسەم دەردەپەڕاند، چاوم بە فرمێسک بوو) دەموچاوی بە جۆرێک شەمزابوو، وەک ئەوەی تووشی نۆبەتێکی ئەعساب هاتبێت، وا بوو. لەو ساتەدا ویستی

هەستێت و قسەم پێ ببڕێت، بەڵام کە من قسەکانم تەواو کرد و پێم وت: "بۆ وا بەرانبەرم وەستاویت و بۆ لێرە ناڕۆیت؟" ئیدی گوێی بە هاوار و دەنگەدەنگەکەم نەدا. زۆر چاک دەیزانی کە ئەو قسانە بۆ من گەلێک سەخت و دژوارە و هەر ئاوا بە ئاسانی ناکرێن. بەڵێ، ئەو داماوە هێند وێران و تێکشکاو بوو، کە خۆی زۆر لە خوار منەوە دەبینی. ئیتر چۆن دەتوانێت ڕقەبەرایەتیم بکات، یان لێم بتۆرێت؟ بۆیە لەپڕێکدا، زۆر ئازادانە و بەبێ ئەوەی ناچار کرابێت، لەسەر کورسییەکەی ڕاپەڕی، لەبەر ئەوەی نەیدەوێرا بجووڵێت، یان بێت بۆ لام. بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، دەستی درێژ کرد بۆ لام. زۆر دڵم پێی سووتا، ئینجا بەرەو لام هات، دەستی لە ملم کرد و دایە پڕمەی گریان. منیش خۆم پێ نەگیرا و دەستم بە گریان کرد. لە ژیانمدا وا نەگریابووم. هەر بەدەم گریانەوە وتم:

- وازم لێ ناهێنن، ناتوانم، ناتوانم چاک بم!

هەستام و خۆم بەسەر قەنەفەکەدا کێشا. ڕووم خستە سەر سەرینێکی کۆنەی چەرمین، نزیکەی چارەکە سەعاتێک تووشی نۆرەیەکی ئەعساب هاتمەوە و وەک ئەوانەی فێیان لێ دێت، وا بووم. فرمێسک هەموو دەموچاومی تەڕ کردبوو. لیزا لێم نزیککەوتەوە، لە ئامێزی گرتم و هەر وایش مایەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە گریانیش سنووری هەیە و دەبێت کۆتایی بێت، هەر وایش کەوتەوە. بۆیە (هەنووکە هەقیقەتێکی زۆر دزێو دەنووسم) هەر لەو کاتی هەنسک و گریانەدا کە لەسەر قەنەفەکە کەوتبووم و ڕووم بە سەرینە کۆنە چەرمینەکەوە قرساندبوو، وردەوردە دەستم کرد... —یەکەم جار بێ ویست و پاشان بە ویستی خۆم- دەستم بەم بیرکردنەوەیە کرد: ئەگەر سەر بەرز بکەمەوە و لە لیزا بڕوانم، ناخۆشە و بەتەنگ دێم.

بۆ شەرمم پێ دەهات، نازانم، تەنیا ئەوە دەزانم پێم شەرم بوو. هەر لەوێدا بیرۆکەیەکی نادروست بە مێشکە پەشێوەکەمدا تێپەڕی، بریتی بوو لەوەی کە ڕۆڵی ئەم دوانە هەڵگەڕاوەتەوە. لە ئێستادا لیزا پاڵەوانە، نەک من. هەروەک چوار شەو لەمەوبەر کە ئەو وردوخاش بووبوو، وا ئێستا من وام لێ هاتووە. لەو چرکانەدا کە هێشتا ڕووم بە سەرینەکەوە قرساندبوو، دەگریام، بیرم لەمە دەکردەوە. خودایە! تۆ بڵێی لەو کاتەدا بەڕاستی من ئیرەییم پێ بردبێت؟ ئیرەیی ئەوە کە بۆ ئەو ڕۆڵی پێشووی من دەبینێت؟ نازانم، تا ئێستایش هەر نایزانم بۆ. چ جای ئەوسا کە لە ئەمڕۆ کەمتر شتم دەزانی.

بەڵام من، ئەگەر خاوەن دەسەڵات نەبم و نەتوانم ستەم لە کەسێک بکەم -ئیتر هەر کەسێک بێت- ناتوانم بژیم. لێ... لێ... ئەم هەستە بە ئاماژەی نادیار و پەڕاگەندەیی ڕوون ناکرێتەوە، کەواتە لەم لایەنەوە بیرکردنەوەی زیاترم هیچ بەهایەکی نییە.

سەرم لەسەر سەرینەکە بەرز کردەوە و ڕووم تێکرد. ئیدی دەبوو کارەکە بکرێت... بڕوانە، من تەواو دڵنیام کە لەبەر ئەوەی شەرمم دەکرد سەیری چاوی بکەم، هەر لەبەر ئەوە، هەستێکی دی لە مندا بەئاگا هات و بڵێسەی سەند... ئارەزوو... ئارەزووی داگیرکردنی. چاوم لە ئارەزوودا بڵێسەی دەسەند. هەردوو دەستیم گرت و زۆر توند و ناجۆر گوشیمن. چەند ڕقم لێی بوو! چەندیش لەو چرکەساتەدا بەپەرۆشەوە بۆ لای خۆی بەکێشی دەکردم! لەو ساتەدا هەستێک بەسەر هەستێکی تردا زاڵ دەبوو. ئەم کارەی من زیاتر لە تۆڵەکردنەوە دەچوو. سامێک دەموچاوی داگرتبوو، یان ڕەنگە ترس بووبێت. بەڵام هەرچییەک بێت، چرکەساتێک دەوامی کرد و تێپەڕی. پاشان بێهۆشوگۆش لە ئامێزی گرتم و بە خۆیەوە نووساندم.

دوای چـــــارەکە ســـــەعاتێک، وەک ئەفـــــسوونلێکراوێک ســـەروخواری ژوورەکەم دەکــرد. بێئــۆقرە دەچــوومە پــاڵ دیوارەکە بۆ ئەوەی لە درزی پەردەکەوە لە لیزا بڕوانم. لەسەر زەویـــیەکە دانیـــشتبوو. ســـەری نـــابووە ســـەر کەنـــاری تەختەخەوەکە و لەوەدەچوو بگری، بەڵام لە بیری ڕۆیشتندا نەبــوو. نەدەڕۆیــشت، ئەمەیــش تــووڕەی دەکــردم. ئیــدی ئەو لیـزاکەی جـاران نەبـوو، لە ئێـستادا هەمـوو شـتێکی دەزانـی. دواجاریش دڵیم ڕەنجاند. ئاهـ.. باسی چی بکەم و چۆن. لەوە تێگەیـشتبوو کە ئـارەزووە هەڵچـووەکەی مـن بـۆ تۆڵەسـەندن بووە، نەک لەبەر خۆشەویستی. ئەمەیش سـووکایەتیکردن بـوو بەو. زانیـی نەفـرەتە زۆرەکەی مـن بەرانـبەر بە هەمـوان، وەک نەفرەتە تـایبەتییەکە، تـێکەڵ بە دڵڕەقی و ئیرەییپێبـردن بـووە... من ناڵێم موو بە مووی ئەم شـتانەی زانیوە، بەڵام بە تەواوی لەوە گەیشتبوو کە مـن کـابرایەکی سـووکوچرووکم. بەتـایبەتی کە ناتوانم ئەوم خۆش بوێت.

دەزانم ئێوە پیامدا هەڵدەشاخێن و دەڵێن کە بە ئەقڵی کەسدا نایەت یەکێکی وەک تۆ هەبێت ئەمەندە ستەمکار و شەڕانی و گەوج بێت، ڕەنگە ئەوەیش بڵێن کە تەنانەت مەحاڵە لە دۆخێکی لەو جۆرەدا تۆ ئەوت خۆش نەوێت، یان هیچ نەبێت لەوە تێنەگەیشتبیت کە ئەو تۆی خۆش دەوێت و دەبێت ڕێز لەو خۆشەویستییە بگریت. ئەی بۆ دەبێت ئەمە بە ئەقڵی

کەسدا نەچێت و شیاوی قبووڵکردن نەبێت؟ یەکەم لەبەر ئەوەی من ناتوانم کەسم خۆش بوێت، چونکە بە لای منەوە خۆشەویستی جگە لە دەستبەسەراگرتن و ستەمکاری، هیچی تر نییە، واتا داگیرکردنی ئەوی تر و بە گەورەزانینی خۆت. لە هەموو ژیانمدا تەنانەت نەمتوانیوە خەیاڵ لە خۆشەویستییەکی جیاواز لەم جۆرە بکەمەوە. ئێستایش بڕوام وایە خۆشەویستی بریتییە لە مافی ستەملێکردن کە دڵخواز بە ویستی خۆی دەیبەخشێت بە دڵدارەکەی. لە خەونە تەنیاییەکانماندا، لە ژێرزەوی، هەرگیز نەمتوانیوە جگە لەمە، خۆشەویستی بە جۆرێکی تر وێنا بکەم. بەردەوام کە بیرم لە خۆشویستنی لیزا کردووەتەوە، وەک ململانێیەک هاتووەتە بەرچاوم کە بە ڕقلێبوونەوە دەستی پێ کردووە و بە کۆیلایەتییەکی ئەخلاقی کۆتایی هاتووە. بۆیە بۆ من مەحاڵ بووە تەنانەت بیر لە خۆشویستنی یەکێک بکەمەوە کە شکستخواردوو بووە. هەنووکە فەرموو پێم بڵێ چ شتێک لێرەدا هەیە کە نائەقڵانی و مەحاڵ بێت؟ ئەگەر من لە لایەنی ئاکارییەوە گەیشتبمە ئەوەی کە "لە ژیانی ڕاستەقینە" بە تەواوی دووربکەومەوە، هەروەها بە پێچەوانەی هەر دابونەریتێکەوە بمەوێت دڵخوازەکەم تەریق بکەمەوە، یان بوختانی بۆ هەڵبەستم کە بۆیە هاتووە بۆ لای من تا "هاوخەمی"ی بکەم، تەنانەت جارێکیش دەرکی ئەوە نەکەم کە بۆ ئەوە نەهاتووە گوێی لە قسەی خۆشی من بگرێت، بەڵکو لەبەر خۆشویستنی من هاتووە، ئیتر چی دەمێنێتەوە؟ بەڵێ، ڕابوونی ژن لە عیشق و خۆشەویستییەکەیایەتی، عیشق ژن لە هەموو گەندەڵی و خەوشێک ڕزگار دەکات، عیشق لەدایکبوونەوەیەکی تازەی

ئەوە. مەحاڵە ژن بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و لە هەقیقەتی ڕاستەقینەی خۆی بگات، تەنیا لە خۆشەویستیدا نەبێت.

لەو کاتەدا کە بەناو ژوورەکەدا دەهاتم و دەچووم و لە درزی پەردەکەوە تەماشام دەکرد، درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم بەم جۆشوخرۆشەی دەینووسم، ڕقم لە لیزا بووبێت. تەنیا ئەوە بوو دەترسام، ترسنۆک بووم، لە ڕادەبەدەر ترسنۆک بووم. خۆم پێ نەدەگیرا، لەبەر ئەوەی لەوێ مابووەوە و لەگەڵمدا بوو، دەمویست لە ژوورەکە بڕواتە دەرەوە و ئاسەواریشی نەمێنێت. ئەو کاتە پێویستم بە ئاسوودەیی بوو، دەمویست لە سووچێکدا بە تەنیا بژیم. "ژیانی ڕاستەقینە" دایدەڕزاندم، چونکە پێی ڕانەهاتبووم. بە جۆرێک لە تەنگژەی نابووم، توانای هەناسەدانم نەمابوو.

چەند دەقیقەیەک تێپەڕی و ئەو هەر هەڵنەستا، نەیدەویست بڕوات. وەک ئەوەی هەموو شتێکی لە بیر کردبێت. جارێکی دی قەڵسی و بێزاریی خۆم بەکار هێنایەوە. بۆ بەئاگاهێنانەوەی بە تەختەی پەردەکەمدا کێشا، ترسا و لە جێگەکەی ڕاپەڕی. بە پەلە کەوتە گەڕان بەدوای شتەکانیدا. ملپێچ و کڵاو و پاڵتاوەکەی، هەمووی تەپاندە جێگەیەکەوە. لەوەدەچوو بیەوێت بڕوات و خۆی ڕزگار بکات... دوای چەند دەقیقەیەک، لە پشت پەردەکەوە هاتە دەرەوە و نیگایەکی قورسی تێگرتم. بە تەوسەوە پێکەنیم، پێکەنینێکی ئانقەست و ناچاری، تەنیا بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکە. پاشان ڕووم لێ وەرگێڕا "ماڵئاوایی"ی کرد و بەرەو لای دەرگاکە چوو. لەپڕێک بەدوایدا ڕامکرد و دەستیم گرت. پارەیەکی کاغەزینی گرمۆڵەکراوم خستە ناو دەستی و نووقاندم. بە پەلە گەڕامەوە سووچێکی تری ژوورەکەم بۆ ئەوەی لانیکەم نەیبینیم...

هەر ئێستایش دەمویست درۆ بکەم! بەڵێ، دەمویست بڵێم ئەم کارەم لە هەرزەیی و نیوەهۆشیاری و گەوجی و نەزانییەوە بوو. لێ نامەوێت درۆ بکەم. بۆیە بە ئاشکرا دەڵێم کە من ئەو کارەم... لەبەر دڵڕەقی و شەڕئەنگێزی و ناپەسەندی کرد. هەر لەو کاتەدا کە بەناو ژوورەکەدا دەگەڕام و ئەوم لە پشت پەردەکەوە دەبینی، ئەم بیرۆکەیەم بەسەردا هات، بەڵام شتێکی تریش هەیە کە بە ڕاشکاوی دەبێت بیڵێم. ئەویش ئەوەیە کە من ویستبووم ڕەفتارێکی شەڕئەنگێزانەی لەگەڵدا بکەم، لێ لە کانی دڵمەوە حەزم بەو توندوتیژییە نەبوو. چەند بیرۆکەیەکی چەپەڵ بوون و بەرەو ئەوەیان دەبردم. شەڕئەنگێزییەکەم هێند ناسروشتی و دوور لە ئاوەز و بێبایەخ و وەک دەڵێن "ئەدەبیاتی" بوو کە خۆیشم تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش بەرگەیم نەدەگرت. چوومە سووچێکی ژوورەکەوە تا نەیبینم. لێ لە دواییدا بە شەرم و دوودڵییەکی هەرە زۆرەوە بەرەو دالانەکە دوایکەوتم. گوێم لە دەنگی پێی گرت. تا ڕادەیەک بە دەنگی بەرز پێم وت: "لیزا! لیزا!" نەمدەوێرا لەوە زیاتر دەنگ هەڵبڕم. وەڵامی نەدایەوە. پاشان گوێم لە دەنگی کرانەوەی دەرگای دەرەوە بوو کە دەچووەوە سەر شەقامەکە. هەر دوای ئەوەیش گوێم لە داخستنە توندەکەی بوو کە دەنگی دایەوە.

کەواتە ڕۆیشتووە، بەدەم بیرکردنەوەوە گەڕامەوە ژوورەکەم. دڵم گیرابوو. خەم و ئازار دایگرتبووم. بەرانبەر بە مێزەکە وەستام کە نزیک بوو لە کورسییەکە و چەند دەقیقەیەک لەوەوبەر ئەو لەسەری دانیشتبوو. لەخۆوە چاوم تێبڕی. ڕەنگە دەقیقەیەکی خایاندبێت. لەپڕ هاتمەوە سەرخۆم. ڕێک بەرانبەرم، لەسەر مێزەکە... پارە گرمۆڵەکراوە شینەکە کە

پێنج ڕۆبڵییەک بوو، کەوتە بەرچاوم. چۆن خستبوومە ناو لەپی دەستیەوە، هەر بەو جۆرە لەسەر مێزەکە کەوتبوو. بێگومان ئەمە هەمان ئەو بڕە پارەیەیە و مەحاڵە پارەی تر بێت. هەموو ماڵەکە بگەڕێیت، جگە لەمە هیچ پارەیەکی تری تیا نییە! چاکە. کەواتە لەو ساتەدا کە من خێرا بەرەو لای سووچێکی ژوورەکە ڕۆیشتووم، ئەو پارەکەی هەڵداوەتە سەر مێزەکە. چۆن؟ دەبوو بمزانیایە، ئایا دەبوو هەستی پێ بکەم؟ نا! هێند بێباک لە خەڵک و خۆپەرست بووم، هەرگیز چاوەڕێی کارێکی وام نە لە ئەو و نە لە کەسی تر نەدەکرد. خۆم نەگرت. وەک شێت بەرەو جلئاوێزەکە چووم، هەرچییەکم دەستکەوت لە بەرم کرد و بەدەم هەناسەبڕکێوە هاتمە دەرەوە. نەدەبوو زیاد لە دووسەد مەتر لە ماڵەکەی منەوە دوورکەوتبێتەوە. شەقام بێدەنگ و بەفر دەباری. کلو بەفرەکان تا ڕادەیەک بە ستوونی دەهاتنە خوارێ. شۆستە و شەقامە کڕەکان بە تارای بەفر داپۆشرابوون. کەس بەسەر شەقامەوە نەبوو. دنیایەکی بێدەنگ و کشومات. تەنیا هەر بەفر. چرای سەرشەقامەکان نائومێد و غەمبار دەسووتان. دووسەد مەتر تا چوار ڕای یەکەم بە ڕاکردن چووم و پاشان وەستام.

بۆ کوێ چوو؟ بۆ بەهەڵەداوان دوایکەوتم؟ بۆ؟ بۆ ئەوەی بەسەر خۆڵی بەر پێیدا بکەوم و لە شەرم و پەشیمانیدا زارزار بگریم و قاچی ماچ بکەم. لێی بپاڕێمەوە و داوای لێبوردنی لێ بکەم. بەڵێ، ئەوە، ڕێک هەر ئەوەم دەویست. خەریک بوو سنگم دەتەقی. لەوساوە ئیدی هیچ کاتێک، هیچ کات نەمتوانیوە ئەو چرکەساتە بەبێ هەڵچوون بە یاد بهێنمەوە. لە خۆم دەپرسی: "بەڵام بۆ؟ کێ دەڵێ بەیانی دیسانەوە ناکەومەوە ئازاردانی کە بۆچی ئەمڕۆ قاچم ماچ کردووە؟ بۆ من دەتوانم

بەختەوەری بکەم؟ بۆ هەر ئەمڕۆ نەبوو، بۆ سەدهەمین جار بزانم من چ کارەم و بەهام چەندە؟ ئایا تا سنووری مردن ئازاری نادەم؟"

لەسەر بەفرەکە وەستاوم، چاوم لە دیمەنەکە بڕیوە، بیر دەکەمەوە. لە دواییدا، ئەو کاتەی لە ماڵەوە تەنیا بووم و دەمویست بە خەیاڵ ئەو دەرد و ئازارەی دڵمی هێنابووە جۆش و خوێنی لێ دەڕژاند، نەیهێڵم و ئاسوودە بم، گەلێک جار لە خۆم پرسی: "چاکتر نییە بۆ هەمیشە ئەم سووکایەتیپێکردنەی منی لەگەڵدا بێت؟"

وتم: سووکایەتی؟ تۆ بڵێ پاکبوونەوە، یان بەهۆشهێنانەوەیەک کە لە هەموو شتەکانی دی بەئازارترە. ئەگەر جارێکی دی بەیانیی ئەو ڕۆژە بگەڕایەتەوە، گیانیم پیس و دڵیم دەڕەنجاند و بریندارم دەکرد. ئاگری ئەم سووکایەتیپێکردن و ڕەنجاندنە، هیچ کاتێک لەودا ناکوژێتەوە. چەند ژیانی خراپ و پۆخڵتر بێت، ئەم سووکایەتییەی هەر لە بیر دەمێنێت. ئەگەر بیەوێت لەگەڵ تۆدا بژی، پیشانت دەدات... ئەو ڕق و قینە... ها!... یان ڕەنگە لە ڕێگەی بەخشین و لێبوردەییەوە... بەڵام ئایا ئەمانە هێوری دەکەنەوە؟ ئاسوودەی دەکەن؟

بڕوانن (من ئێستا بەرپرسیارم لەوەی بمەوێت ئەم پرسیارە بکەم) ئایا لەم دوو شتە کامیان چاکترە. بەختەوەرییەک کە بە ئاسانی و هەرزان بەدەست هاتبێت، یان بە ڕەنج و ئازارێکی بەژنزراف؟ دەی وەڵامم بدەنەوە، کامیان باشترە؟

ئەو شەوە، کە لە ماڵەوە کەوتبووم و لەتاو دەرد و ئازاری گیانی خۆم نیوەمردوو بووم، وردەوردە کەوتمەوە

یادکردنەوەی. ئیتر هیچ کاتێک وەک ئەمجارە هەستم بە ئازار و پەشیمانی نەکرد. ئەو کاتەی دوایکەوتم و لە ماڵ چوومە دەرەوە، دەشیا گومانم لە خۆم بکردایە، تۆ بڵێی لە نیوەی ڕێگەدا نەگەڕێمەوە؟

لەوەودوا ئیدی هەرگیز نە لیزام بینی و نە هەواڵێکم بیست. ماوەیەکیشە خۆم لە شەڕی ئەو سووکایەتی و ڕق و قینە دوور خستووەتەوە. بەڵام لەوساوە تا ڕادەیەک ئازار و ئەشکەنجە نەخۆشیان خستووم.

تا ئێستا، دوای ساڵانێکی دوورودرێژ، هێشتا لە یادەوەریی مندا بیری ناشیرین و ناڕەوا زۆرن. ئایا ناکرێت لێرەدا یادەوەرییەکانم تەواو بکەم؟ من وا دەزانم هەر لە سەرەتاوە نووسینی ئەم یادەوەرییانە هەڵەبوو. بەڵام ئەوەندەم بەسە بە درێژایی نووسینەکە سەرم نەوی و بەردەوام شەرم دەیگرتم. ئیدی ئەم کارە ئەدەبیات نییە، ڕۆچوونە بە وجوودی خۆمدا، دەرد و ئازاری خۆمە. چیرۆکێکی درێژی کەسێکە چۆن لە ئەنجامی بەدڕەوشتیدا ژیانی لە تاریکیدا گوزەراندووە. چۆن بۆ نموونە بێئابڕوویی کردووە، لە ژیانی ئاسایی دوورکەوتووەتەوە، ڕق و شەڕئەنگێزیی دروست کردووە. بەڵێ، دەشێت ئەمە هەموو شتێک بێت، جگە لە چیرۆک. هەموو چیرۆکێک پێویستی بە پاڵەوانە، کەچی لەم چیرۆکەدا خەسڵەتەکانی دژەقارەمان دەبینیت. مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم جۆرە قسانە کاریگەرییەکی نادروستیان لەسەر گوێگر هەیە. ئێمە هەموومان تا ڕادەیەک وازمان لە ژیان هێناوە، هەموو ئیفلیجین، هەندێکمان زۆر و هەندێکمان کەم، بەڵام نەک تا ئەو ڕادەیەی بێز لە "ژیانە ڕاستەقینەکە" بکەینەوە. نەک تا ئەو ڕادەیەی بە بیرلێکردنەوەی ئازار بچێژین. ئێمە کارەکەمان

هێناوەتە ئەو ئاستەی کە "ژیانە ڕاستەقینەکە"مان کردووەتە بارێکی قورس بە کۆڵمانەوە و ئەرکێکی تەواو گرانە، بۆیە لە ناوەوەی خۆماندا وا ڕێککەوتووین کە چاکترە ئەدیبانە بژیین. بۆ بە دەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە؟ بەڕاست چیمان دەوێت؟ خۆیشمان نازانین. خۆ ئەگەر ڕۆژێک هەموو ئەو شتانەی بە بیرماندا دێت بێنە دی، دەبێت چی بقەومێت و چ داخ و خەفەتێک بچێژین؟! باشە، تاقیی بکەنەوە، ئەگەر جارێک ویستیان ئازادیی زیاترمان پێ ببەخشن -ئیتر بە هەر کامێکمان بێت- دەستی فلان کەس بکەنەوە و قەڵەمڕەویی چالاکییەکانی فراوانتر بکەن. کوێخایەتیی بە سەرەوە نەکەن و... من دڵنیاتان دەکەم، بەڕێزان، کە یەکسەر دوای بەدەستهێنانی ئەم ئازادییە، سەرلەنوێ خۆمان داوای ئەوە دەکەین کە بە سەرمانەوە ببنەوە بە کوێخا و سەرپەرشتیمان بکەن.

دەزانم لەبەر ئەم شتانەی کە دەیڵێم بێئەندازە قینتان لە من هەستاوە و دەتانەوێت بە سەرمدا بقیژێنن کە: "تۆ هەر چییەک لە بارەی خۆت و بەدبەختییەکانتەوە دەڵێیت، بیڵێ، بەڵام نابێت ڕێگە بە خۆت بدەیت وشەی (ئێمە) بەکار بهێنیت"

بەڕێزان، داوای لێبوردنتان لێ دەکەم! من هەرگیز نەمویستووە بە بەکارهێنانی وشەی "ئێمە" خۆم بپەڕێمەوە، یان بمەوێت پاکانە بکەم. ئەوەی پەیوەندیی بە خۆمەوە هەبێت، ئەو دەرد و ئازارەی بە درێژایی تەمەنی خۆم چەشتوومە، ئێوە ناتوانن تەنانەت نیوەیشی بچێژن، چونکە ترسنۆکن. ئێوە ئازادییەکەتان بە بەرهەمی ئاوەز و هۆشیاری دەزانن و دڵی خۆتان بەوە خۆش دەکەن، بەڵام ئەوە خۆهەڵخەڵەتاندنە. بۆیە بەڕێزان، هێشتا من لە ئێوە زیندووترم. لەگەڵ ئەوەیشدا وردتر

و بەئاگاتر لە دەوروبەری خۆتان بڕوانن. ئێمە تەنانەت نازانین ئەو "ژیانە ڕاستەقینەیە" لە کوێدایە، یان خۆی چییە و ناوی چییە. با تاقیی بکەینەوە: لێمان بگەڕێن بە تەنیا بین، کتێبمان لا مەهێڵن. ئەوسا دەزانن چ سەرلێشێواو و تاوانکارێک دەردەچین، نازانین پەنا بۆ کێ ببەین و ڕوو لە کوێ بکەین. چیمان خۆش بوێت و ڕقمان لە چی بێت، چیمان لا پەسەند بێت و ڕێزی لێ بگرین و چی بە سووک بزانین. مرۆڤبوون بۆ ئێمە ئەستەمە: مرۆڤێکی ئاسایی کە لە گۆشت و خوێن دروست بووە، گۆشت و خوێنێکی ڕاستەقینە. ئێمە لە بوونێکی وا شەرمەزارین، بە عەیبوعاری دەزانین. بەردەوام لە هەوڵی ئەوەداین سیمای ڕاسیەقینەی "مرۆڤ" لەخۆبگرین. ئێمە بە مردوویی لەدایک دەبین. زۆر دەمێکە نەوەی ئێمە لە دایک و باوکێکی زیندوو نایەنە دنیاوە. ئەمەمان بەدڵە و پێمان خۆشە کە واین. ئێمە دەستکردین و تا بێت ئەمە زیاتر دەبێت. لە کۆنەوە لەگەڵ ئەمەدا ڕاهاتووین. وا دەزنم بەم زوانە شتێک گەلاڵە دەکەین بۆ ئەوەی لە شێوەی بیرۆکەیەکی ڕووتدا لەدایک بین.

ئێستا ئەمە بەسە. نامەوێت لەمە زیاتر لە ژێرزەویدا بنووسم.

یادەوەرییەکانی ئەم نووسەرە ناکۆک و دژخوازەمان کۆتایی نەهاتووە. وازی لە نووسینیش نەهێناوە و هەر بەردەوامە، بەڵام بە لامانەوە وا چاکترە لێرەدا کۆتایی بەم یادەوەرییانە بهێنین.

## ژیان و کارنامەی ڕەووف بێگەرد:

*١٩٤٢ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە و هەر بە منداڵی خێزانەکەی گەڕاونەتەوە سلێمانی.

*١٩٦٠ دەورەی تەربەویی مامۆستایانی تەواو کردووە و بووە بە مامۆستای سەرەتایی.

*١٩٦٦ خێزانی پێکەوە ناوە و چوار کچ و کوڕێکی هەیە.

*١٩٧٠ دەستی کردووە بە چیرۆکنووسین.

*١٩٧٧ کۆمەڵەچیرۆکی (بوار).

*١٩٨١ کۆمەڵەچیرۆکی (هەوار).

*١٩٨٤ کۆمەڵەچیرۆکی (ئانتوان چیخۆف)ی لە فارسییەوە کردووەتە کوردی.

*١٩٨٥ کۆمەڵەچیرۆکی (بەرەو چیا)ی بە ناوی (ڕێبوار عەبدوڵلا ئەحمەد)ەوە لە چیا بڵاو کراوەتەوە.

*١٩٨٦ کتێبی (سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی)ی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی.

*١٩٨٧ وەرگێڕانی (سێ شانۆگەری) لە عەرەبییەوە.

*١٩٨٩ کۆمەڵەچیرۆکی (هەڵۆ).

*١٩٩١ بووە بە سەرۆکی نووسەرانی کورد، لقی سلێمانی.

*١٩٩٤ کۆمەڵەچیرۆکی (کۆڵان)ی لە وڵاتی سوید چاپ کراوە.

*١٩٩٧ بووە بە سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ.

*١٩٩٨ کۆمەڵەچیرۆکی (سەما).

*١٩٩٨ کۆمەڵەچیرۆکی (دڵۆپە خوێنەکانی سەر بەفر) کۆمەڵێک چیرۆکی بیانین لە فارسی و عەرەبییەوە کردوونی بە کوردی.

*١٩٩٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیان دامەزراندووە و بووە بە سەرنووسەری گۆڤاری (سەردەم) کە تایبەتە بە وەرگێڕان.

*١٩٩٩ چاپکردنی شانۆنامەی (ئیڤانۆڤ)ی چیخۆف لە فارسییەوە.

*٢٠٠١ چاپکردنی ڕۆمانی (زۆربا)ی نیکۆس کازانتزاکیس لە فارسییەوە.

*٢٠٠٢ چاپکردنی کتێبی گیرفان (دیکارت) لە فارسییەوە.

*٢٠٠٢ چاپکردنی ڕۆمانی (ئاهەنگی ماڵئاوایی)ی میلان کوندیرا لە فارسییەوە.

*٢٠٠٣ چاپکردنی کتێبی گیرفان (چۆن ڕۆمان دەنووسرێ؟) نووسینی گابریل گارسیا مارکیز، وەرگێڕانی لە فارسییەوە.

*٢٠٠٤ چاپکردنی کۆمەڵەچیرۆکی (دەستی خودا).

*٢٠٠٤ چاپکردنی (دوا گفتوگۆکانی بۆرخیس) وەرگێڕانی لە فارسییەوە.

*٢٠٠٥ چاپکردنی (سێ دەقی شانۆیی) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە.

*٢٠٠٥ چاپکردنی کتێبی (یەکەمین ترپەی عاشقانەی دڵم) کۆمەڵێک نامەی ژنە شاعیری ئێرانی (فروغ فەروخزاد)ە، بە هاوکاریی شەیدا سەلاح لە فارسییەوە.

*٢٠٠٦ وەرگێڕانی ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی دۆستۆیڤسکی لە فارسییەوە.

*٢٠٠٧ چاپکردنی کۆمەڵێک وتاری ئەدەبی بە ناوی (بێدەنگی و شتی تر).

*٢٠٠٧ چاپکردنی شانۆگەریی (ترێ و ڕێوی) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە.

*٢٠٠٨ چاپكردنی كتێبی (دڵداره هەره ئازیزەكەم) كه كۆمەڵێك نامەی خۆشەویستیی نێوان ئەنتۆن چیخۆف وئۆلگا كنیبەره له فارسییەوە.

*٢٠٠٩ چاپكردنی كتێبی (بەرەو كەناری شپرزەیی) دەقێكی كراوەیە.

*٢٠١٠ چاپكردنی كۆمەڵەچیرۆكی (فڕین بە مەرزی حەرامدا).

*٢٠١١ كتێبی فرانتس كافكا (كۆمەڵێك چیرۆكی كافكا)، له فارسییەوە.

*٢٠١٢ ئانتۆن چیخۆف (ژیانی له وێنەدا) له عەرەبیەوە.

*٢٠١٤ ڕۆمانی (شەیتان)ەكانی دۆستۆیڤسكی له فارسییەوە.

* ٢٠١٤ ئەفسانەی گەلانەی دنیا. كۆمەڵێك چیرۆكی منداڵان، له فارسییەوە.

* ٢٠١٥ نووسینەكانی كەنار دەریا، گابریل گارسیا ماركیز، له فارسییەوە.

* ٢٠١٥ سڵاو له كافكا (كۆمەڵەچیرۆك)

* ٢٠١٦ نامەنكانی كافكا بۆ میلنا له فارسییەوە.

* ٢٠١٦ گۆنتەر گراس – كینزا بورەواوئە، له فارسییەوە.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێران |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عیراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | میجەر شیخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاڤ یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ . ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا |
| ٨١٨ | دوستۆیفسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| | | | |
| | | | |